# شازدەی چوار

ژمارە ١٠
بەهاری (٢٠٢٤)

گۆڤارێکی تایبەتە ساڵانە لە یادی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان دەردەچێت



## لە زمانی خۆیانەوە: قوربانیەکان چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە

» ئەنفال لە تێکستەوە بۆ واقیع، لەواقیعەوە بۆ تێکست.

» شازدەی چوار رۆژی تاوانکاری.

» ئەشکەوتەکان وەک سەنگەری بەرگری.

» کیمیاباران وئەنفالی دۆڵی مەلەکان ودۆڵی ئالانە.

» با ئیکۆساید وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسێنین.



# ژنەفتن!

سی و حەفت ساڵە مرۆی بریندارو خاک و ژینواری بریندار، ناڵەیان دەگاتە حەوت تەبەقەی ئاسمانان، لێ ژنەوتنی ئەو هاوارانە گوێ ی دڵسۆزی و نەتەوەیی گەرەکە، کە بەداخەوە رۆژ بە رۆژ زێتر بیستنی لاواز تر دەبێ... ئەو هاوارانە دەرێن: گەر ئەوێ دەمێ  کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەڕو لاڵ بوبێ، ئەدی خۆ زێتر لە سی ساڵە خۆمانین...! لۆ هەوڵ نەدراوە کەمێک لە برینەکان سارێژبکرێن؟ بۆ بەشێوەیەکی رێکخراو هەوڵی بەدۆکیۆمێنت کردنی ئەو هەموو تاوانکاریانە نەدراوە، بۆ مەگەر دونیایەک زانکۆ لەو وولاتەدا نین، کوا ئەو تێزو توێژینەوە زانستیانەی کە لایان لە کاریگەری تەندروستی، ژینگەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ....هتد ئەو زنجیرە تاوانکاریانەی جینۆساید کردۆتەوە؟

ئەدی حکومەت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی نیە، ئەی کوا ئەو کارە ئەکادیمی و رێکخراوانەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لۆ ناساندنی جینۆساید گروتونیەتەبەر؟

نەحکومەت و نەرۆشنبیران و سیاسیەکانیش نەیانتوانیوە ئەنفال کیمیاباران بکەن بە پرسێکی نەتەوەیی، نەیانتوانیوە شەهیدان و قوربانیان لە چوارچێوەی خێزان و ناوچەو شار رزگار بکەن و بیان کەن بە موڵکی گشتی...  دەزانن رۆژانە برینداران و شایەدحالانی جینۆساید لەبەرچاومان هەڵدەوەرێن، بە کۆچی دوایی هەر شایەدحاڵێک بەڵگەو چیرۆکگەلی زۆر پێویست بۆ داهاتووی ئەو کەیسە دەمرن و لەناو دەچن، کە هەمووومان لە فەوتانی ئەو بەڵگەو چیرۆکانە بەرپرسین...

پێویست بوو حکومەتی عیراقی قەرەبووی کەس و کاری جینۆسایدکراوان و زیانلێکەوتوانی سەردەمی رژێمی پێشوو بکاتەوە..! پێویست بوو حکومەتی هەرێم، رێکخراوە ناحکومیە راستەقینەکان (ئەگەر هەبن)، کەسایەتی و دڵسۆزانی ئەو بوارە لە هەرچی دادگایە سکاڵایان تۆمار کردبا، لە دژی حکومەتی پێشووی عیراقی، ئەو وولاتانەی چەکی کیمیاییان پێ فرۆشتوون، ئەو جاش و موستەشارانەی لە کەیسەکەدا دەستیان هەبوو... هتد! هەر بەراست خۆ دەیان ساڵە هەر ئەوانە دەڵێینەوە، دەبێ گوێیەک نەبێ بۆ لەمەودوا ئەو راستیانەو هەزارانی دی بژنەوێ..؟

سەرنوسەر

# شازدەی چوار

**ژمارە 10ی بەهاری** 2024

**خاوەنی ئیمتیاز:**

**کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفالی خۆشناوەتی**

**سەرنوسەر:**

**توانا موسلیح موحەممەد**

07501090661

07711743737

**ستافی نوسین:**

**صالح ئەکرەم حەیدەری**

**سەردار عەبدولرەحمان شێخوەسانی**

**کەریم عەبدوڵڵا هەرتەلی**

**ئەحمەد زەکی زادە**

**موحەممەد جەمال توتمەیی**

**دیزاینی بەرگ: هەڵوان ئەژی گۆران**

**فۆتۆی بەرگ: زریان شینکۆ**

**لەم ژمارەیەدا:**

**تراژیدیای بوون و بوونی تراژیدی**
**ل21**

**هۆکارەکانی پەلاماری چەکی کیمیاوی لەناوچەکەدا**
**ل35**

**تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی لای بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی**
**ل75**

ئەشکەوتەکان وەك سەنگەری بەرگری
ل82

**تێکدانی ژینگەی کوردستان بەناوی جەنگەوە لە ڕوانگەی یاسایی نێودەڵەتی**
**ل110**

## پەیڤێکی پێویست

شازدەی چوار، وەك یەکەم هەوڵی رۆژنامەگەری لە دەڤەری خۆشناوەتی بەهەوڵ و دڵسۆزی کۆمەڵێکی زۆر لە رۆشنبیران و غەم خۆرانی بواری رۆژنامەگەری لە ساڵی 2005 چاوی بە دونیا هەڵێنا... لە ژمارەکانی رابردودا سەدان بابەتگەلی پڕگرنگ بە دۆکیۆمێنت کراون، دەیان چیرۆکی جۆراو جۆر ساغ کرانەوە، هەمیشەیش هەوڵ دراوە دەرگا بۆ دیدگای نوێ و خوێنی نوێ ئاوەڵا بێ....

لە ژمارەکانی بەرێ، بەهۆکاری جۆراو جۆر چەند جارێك ستاف و خاوەندارێتی گۆڤارەکە گۆرانکاری بەسەرداهاتووە، سێ ژمارەی کۆتایی زێتر بابەتی ژینگەیی گرنگی پێدراوە، چونکە دوای ئەوەی 4/16 بوو بە رۆژی ژینگەی کوردستان، پێویست بوو تێکهەڵکێش بکرێ و هۆکاری دیاری کردنی ئەم رۆژە بە رۆژی ژینگە گرنگی پێبدرێ...

ئەم ژمارەیە لەسەر داوای ستافی گۆڤار، خاوەندارێتی بەخشرا بە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفالی خۆشناوەتی، بەهیواین لەمەودوا بتوانرێ بەشێوەیەکی باشترو گشتگیرتر کار لەسەر پرسی جینۆساید لە ناوچەکەو بزاڤی رۆشنبیری بکرێ..

**ستافی گۆڤاری شازدەی چوار**

## سوپاس و پێزانین

:

- **بەناوی ستافی گۆڤارەکەمان، سوپاسی بێ پایانی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەین کە بەناردنی بابەت و سەرنج و تێبینیەکانیان هاوکارمان بوون لە دەرکردنی ئەم ژمارەیە...**

**زۆر سوپاسی بەرێز م. خدر مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی 6 ی سۆرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەین کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆگرت...**

1987/4/16 ........ ل4

کیمیابارانی ساڵی 1987 و دۆڵی بالیسان........ ل5

بریندارانی 4/16 لە بیرەوەرییەکانی د.عەتیە حەمەسەعید ساڵحی دا........ ل14

شازدەی چوار رۆژی تاوانکاری........ ل17

**یادەوەریەك لە رۆژی کیمیابارانی گوندەکانی شێخ وەسان و بالیسان**........ ل19

تراژیدیای بوون و بوونی تراژیدی ........ ل21

ئەنفال لە تێکستەوە بۆ واقیع........ ل25

ئەدەب ، پانتاییەک بۆ خەمۆکی تاک دوای قوربانی........ ل28

**کۆژانەوەی جراکـــان**........ ل29

یاد........ ل31

.هۆکارەکانی پەلاماری چەکی کیمیاوی لەناوچەکەدا........ ل35

١٩٨٧ = ٣٧ ساڵ و چەپکە گوڵە مردووەکان........ ل39

**بیرەوەریەکانم لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو**........ ل41

**لە سال رۆژی 4/16 دا**........ ل45

لەزمانی خۆیانەوە ........ ........ ل46

خێزانەکەمان چۆن لە ئەنفالکردن رزگار بوون؟........ ل55

کیمباباران وئەنفالی دۆڵی مەلەکان ودۆڵی ئالانە........ ل57

ئەو ئازارەی گێڕانەوە دەرەقەتی نایەت........ ل61

چەند چریەیەک لە یادی شەهید بوون و کیمیاباران کردنماندا........ ل63

ئەو رۆژەم قەت لەیاد ناچێ........ ل66

داکم ئەوها گرایەوە........ ل68

لەیادی کیمیا بارانی دۆڵی بالیسان و مەلەکان........ ل70

دەبێت ئەم پیاوە چ ئازارێکی چەشتبێت!........ ل71

4/16تاوانێک ناتوانین لە بیری بکەین ........ ل72

مرۆڤ و کەرامەت........ ل74

تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی لای بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی ........ ل75

رەنج بە خەسار........ ل77.

لە یادی 37 ەمین سالیادی کیمیارانکردنی شێخ وەسان بالیساندا........ ل79

شانزەی چوار و یایراخەکانی دایکم........ ل80

# ١٦-٤-١٩٨٧



ئاریز عەبدوڵلا

یەکەمینجار لە ١٦-٤-١٩٨٧ دۆڵی بالیسان بەتایبەت گوندی شێخوەسان، کانی بەرد، بێراوە و بالیسان بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بوردومانکران. لەبەر ئەوەی زووتر ئەو چەکە بەکارنەهاتبوو خەڵکەکە هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لەسەری نەبوو، بۆیە تا بەکاریگەریەکانی کوێر نەبوون و لەدەست و پێ نەکەوتن تەنیا بۆنی سێویان دەکرد .

ئەو ڕۆژە بۆ خەڵکی ئەو دۆڵە مەرگەساتێکی گەورە بوو، ئەگەر تەنیا چیرۆکە ناخهەژێنەکانی خەڵکەکە بنوسرێنەوە، ڕەنگە دەیان فیلم و ڕۆمانی تراژیدیان لێ دەرچێ .

تۆ بێنە بەرچاوت یەکێک چۆتە شاخ و لە پڕ بینایی چاوەکانی تاریك دادێن و کەسیش نییە بەهاوارییەوە بچێ. منداڵان لەبەرماڵان لە یاریدان و لە پڕ هەست دەکەن ماڵەکانی خۆیان پێ نابینرێتەوە و دایک و باوکەکانیشیان لە شوێنێکی تر لەسەر چاوان کەوتوون، ئەو هاواری ئەوی دی دەکات و کەسیش ناتوانێ بەهانی کەسێکی ترەوە بچێ، ئاژەڵ و باڵندەکانیش بەهەمان شێوەی مرۆڤەکان گرفتار دەبن و لەیەکتری دادەبڕێن و لێرە و لەوێ دەکەون و بەدەم ئازارەوە دەنوزێننەوە کەس نییە ئاوڕیشیان لێبداتەوە.

نامەوێ لێرەدا ئەو چیرۆکانە بگێڕمەوە کە لەو کەسانەم بیستون کە ئەو ڕۆژە بەر ئەو چەکە کەوتبوون یان هی ئەوانەی بەهانایانەوە چووبوون و بەچاوەکانی خۆیان ئەو ڕۆژە ڕەشەیان دیبوو، بەڵام بەو بۆنەیەوە دەڵێم بەکارهێنانی ئەو چەکە ترسناکە چەند دژوار و بێ دەرەتان، چەند نامرۆڤانە و درندانە، چەند ئازار بەخش و وەسف نەکراو بوون بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی ئەو سێوسێنان، مەلەکان، بادینان، ئارانە و دواجاریش هەڵەبجە بەکاری بێنێ .

تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفالکردن هێندە گەورەن تەنیا بەرامبەر بە گەلی کوردستان نا، بەڵکو بەرامبەر بەتەواوی مرۆڤایەتی کراون، بۆیە لەسەرمانە کە مێژووی ئەو ڕووداوە تراژیدیانە لە خوێندنگاکان بەنەوەکانی داهاتوومان بناسێنین و بەهەر شێوەیەکیش بتوانین لەناو ناوەندە جیهانیەکان وەبیریان بێنینەوە، چونکە هێشتاش گەلی کوردستان مەترسی دووبارە بوونەوەی تراژیدیایی تری لەسەرە.

بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەو ڕۆژە و لەبیر نەکردنی ئەو تاوانە گەورانە ١٦-٤ کراوەتە

> **بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی ئەو ڕۆژگارەی ڕژێمی سەددام حسین بەرامبەر بە گەلە بێدادەکەی کوردستان ئەوەندە و بگرە زیاتریش بە ئازار و نامرۆڤانەتر بوو.**

ڕۆژگارەی ڕژێمی سەددام حسین بەرامبەر بە گەلە بێدادەکەی کوردستان ئەوەندە و بگرە زیاتریش بە ئازار و نامرۆڤانەتر بوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە یەکەمجار بوو ئەو چەکە کۆمەڵکوژە لە دۆڵی بالیسان تاقی بکرێتەوە، بەڵام بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هانی ڕژێمی سەددام حسینیدا تاکو هەر ڕۆژی دواتر بۆ ماوەی یەکساڵ ڕۆژانە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیلی دۆڵەکانی جافایەتی، ڕۆژی ژینگەی کوردستان، ئەوە کارێکی زۆر باشە، بەڵام ئەوە بەس نییە، بەڵکو لەسەر دامودەزگاکانی ڕەسمی و خەڵکیش پێویستە ساڵانە بەو بۆنەیەوە سەرەڕای یادکردنەوە گرنگی زیاتر بە سەوزکردنەوەی وڵات و ژینگە پارێزی بدەین.

درود بۆ گیانی پاکی هەموو قوربانیانی دۆڵی بالیسان و سەرتاسەری کوردستان.

# کیمیابارانی ساڵی 1987 و دۆڵیبالیسان





## شاسوار هەرشەمی

وابزانم ساڵی 1982ز بوو، کە بۆ یەکەمین جار وەک پێشمەرگە، هاتمە ئەو ناوچەیە. لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری ی.ن.ک، لە (وەرتێ)وە ڕوومان لە کوێستانی (مەکێ) کرد، کە کوێستانێکی جوان و دڵڕفێنی بناری شاخی کارۆخە. کەژی هاوین بوو. خەڵکی وەرتێ، وەک باو بوو، ناو گوندیان چۆڵ کردبوو و، لە هۆبە و هەوارەکانی مەکێ، کەپر و ڕەشماڵیان هەڵدابوو. ئینجا بە پەنا کێوی (کارۆخ) و دۆڵی (ساوسێوکان)دا تێپەڕین. دوای کەمێک پشو، لە شاخی سەخت و هەڵەموندی (دەرەشیر) شۆڕبووینەوە خوار. ڕێگایەکی شاقوڵی سەخت و بە دەست دروستکراو بوو. بە هەردوو گوندی (شیرێ)دا تێپەڕین و، لە (بێراوە) لاماندا تا پشویەک بدەین. لەوێشەوە هاتینە (کانی بەرد) و ئینجا (بالیسان). بۆ نانخواردن، پێشمەرگەکانمان بەسەر ماڵەکاندا دابەش کرد. من و شەهید حەسەن کوێستانی، لە هیچ ماڵێک ڕانەگیراین. ڕوومان لە دوکانێکی بچکۆڵە کرد و، هەندێک بسکویتمان کڕی، تا ڕەگی هاری برسیەتیمان دابمرکێنینەوە.

تا ساڵی 1988ز، شوێن نەما لەو دۆڵە کە نەبووبێتە پێخوستم. لانی کەم لە بەرپەچدانەوەی دوو هێرشی دوژمنیشدا بەشداریم کرد. لە بەرپەچدانەوە گەورەکەی ساڵی 1983شدا، وەک گوشار خستنە سەر بێتواتە، لە دیوی (دۆڵە ڕەقە) بەشداری جموجۆڵەکان بووم، کە بە تێکشکانی دوژمن و ڕزگارکردنی بێتواتە کۆتایی هات.

پەیوەنیەکی فراوانم لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەبوو. بە تایبەت دانیشتوانی بالیسان، شێخ وەسانان، توتمە، بێرۆ، خەتێ، هەرتەل، هەرمک و ... هەندێک لە لاوانی ئەم گوندانە ببوونە پێشمەرگەش. ئەوانەی باش لەبیرم ماون: شەهید مەلا نەجم. شەهید مەلا خالید. شەهید سلێمان خەتی. سالح توتمەیی. موحسینی توتمەیی. وەهاب هەرتەلی. فەتاح هەرمکی. کاک فەقێی شێخ وەسانان. و زۆری دیش. بە داوای لێبوردنەوە، کە ئێستا ناوەکانیانم لە بیر نەماون .

* * *

دۆڵی بالیسان، ژمارەیەکی زۆر گوندی لەخۆ گرتووە. بەشی هەرە زۆریان خۆشناون (جگە لە هەروتیەکان) کە تیرەیەکی دی جیاوازن. لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتیەوە، دۆڵی بالیسان، بەسەر هەردوو قەزای شەقڵاوە (هەولێر) و ڕانیە (سلێمانی) دابەش بووە. سنوری نێوان هەردوو پارێزگاکە، بە هەردوو گوندی مێرگەسەر و چیوەی سەرەوەدا تێدەپەڕێت. واتا خۆشناو، لە دوای ساڵی ١٩٥٤ز، کە ڕانیە خرایە سەر سلێمانی، بوونەتە خۆشناوی هەولێر و

خۆشناوی سلێمانی. بەشی زۆری خەڵکەکە، بە کاری جوتیاری خەریکن. وەک ڕەز و باخداری. گەنم و جۆ و نیسک و نۆک چاندن. هەروەک بە پیاز چاندن ناسراون. هەردوو جۆری زەوی بەراو و دێمی هەن. مەڕدارییش (بزن و مەڕ و گاو گۆتەڵ) لە هەموو گوندەکان باوە. بەشێکی خەڵکی، لە سەردەمی شەڕی نێوان ئێراق- ئێران، خەریکی کاروانچیەتی بوون لە نێوان شارە سنوریەکاندا. خەڵکی هەردوو چیوە بەم کارە زۆر ناسراو بوون. سەیر نەبوو کە لە سەردەشت، هەر کەسێکیان ببینی بایە، کورتەک و شەروالی تەسکی شێوە و دەستوری هەولێری بپۆشیبایە، پێیان دەگوت چیوەیی . دۆڵی بالیسان، بە بوونی جادەیەکی قیرتاو کراو، کە بەری ڕواندزی، لە خەلیفانەوە، بە بەری بیتوێنەوە گرێدەدا لە سەروچاوە، واتا یەکێک لەو ڕێگا دەگمەنانە بوو کە دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی بەیەکەوە دەبەستەوە، بۆیە دۆڵەکە، بایەخێکی گرنگی سەربازی و ڕایەڵیی پەیوەندی هەبوو. دوژمن، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی ئێران و نەختێک زووتریش، وەک خۆ ئامادە کردنێک بۆ ئەو شەڕە، لەو دۆڵە و زۆر شوێنی دی پاشەکشەی کرد، چونکە ئەوان دڵنیا بوون، کە لە توانایاندا نەماوە بەرگری لێ بکەن. لە دوای ساڵی 1987ز، باری بەرەی شەڕ لەگەڵ ئێران گۆڕا و، ناهاوسەنگی ئێرانیەکان بە ئاشکرا دەردەکەوت. ئەوانە هەموو، وایان کرد کە ڕژێمی فاشیستی عارەبی لە ئێراق، جارێکی دی نەخشەی داگیرکردنەوەی شوێنە ستراتیژیەکان لە کوردستان بکێشێتەوە. دیارە بیانوی ئامادەش لە گۆڕێ بوون. لە زۆر شوێنی سنوریی، جموجۆڵی ئێرانیەکان، لەگەڵ چالاکی پێشمەرگایەتی، وەک یەک کاری درێژبووەوە و، تەواوکەری یەکدی دەبیندران. پێشمەرگەی هەردوو دیوی کوردستان، بە گوێرەی پەندە کوردیەکەی (دوژمنی دوژمنت دۆستە)، ڕەفتاریان لەگەڵ بارو دۆخەکە دەکرد، بێ ئەوەی دوژمن بتوانێت لە دژی یەکدی بەکاریان بێنێت. دیارە بنەماڵەی بارزانی، لەم کۆدەنگیەدا دەرچووبوون. ئەوان هەموو بنکەکانیان لە ناو ئێران هێشتبووەوە و، هاوکاری پاسدارانی ئێرانیشیان دەکرد، لە دژی پێشمەرگە . جادەی بالیسان، سنوری دوو فەیلەقی پێنج و دووی پێکەوە گرێ دەدا. هەردوو فەیلەق، کەوتبوونە شەڕێکی بەرەیی توند لەگەڵ ئێرانیەکان. یەکەمیان لە قوڵی حاجی ئۆمەران و دووەمیش لە قوڵی قەڵادزە. هەردوو لا پێویستیان بە هاوکاری لۆجیستیکی و سەربازی یەکدی هەبوو. ئەو ڕێگایە بۆ گەیاندنی هاوکاریەکان، گرنگ و ستراتیژی بوو. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئێرانیەکان، لە بەرامبەر هێشتنەوەی سنور بە کراوەیی و کۆمەکی سەربازی، گوشاریان خستبووە سەر یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، تا چالاکیەکی هاوبەش لەو سنورەدا ئەنجام بدەن. چالاکیەکە بریتی بوو لە پەلاماری ڕوانگەکانی سەر شاخی (کۆڕەک). ڕوانگەکان بەهۆی بۆردومانی زووتری فڕۆکە ئێرانیەکان، لەکار کەوتبوون و چ سودێکیان لێ نەدەبیندرا. هەرچی هەبوو، بەهۆی بەرزی لوتکەی کۆڕەک و، شوێنە ستراتیژیەکەی، کرابووە بنکەیەکی سەربازی و، لەوێوە ئاراستەی فڕۆکەکان دەکرا. پەلاماری ئێرانیەکان بۆ سەر کۆڕەک ڕێککخرا. وا بزانم هەندێک زیانی کەمی لێ کەوتەوە. کاربەدەستانی بەعسی ئێراق، ئەم ڕووداوەشیان کەوتە بەردەست، تا وەک بیانوویەک بەکاری بێنن بۆ تۆڵە کردنەوە .

* * *

بۆ داگیرکەر، ڕۆژی 16ی نیسانی 1987 ی هەڵبژارد بۆ تاوانەکەی؟

نازانم تا ئێستا کەس پرسیارێکی ئاوای ئاراستە کراوە؟ یاخود کەسێک پێش ئێستا بە دوای وەڵامی پرسیارێکی ئاوادا گەڕاوە یان نا!؟

ئەوەندەی من بیتەوە بیرم، ماوەیەک پێش ئەو ڕۆژە، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە نزیکەی تەنیا دەستەڵاتداری

> "وا پێدەچوو دوای کیمیاوی بارانەکە، ئەوەی دەست دوژمن کەوتبوو، چ زیندوو، و چ مردوو، هەموویان بردبوو. هەروەک جاشەکان ماڵی خەڵکیشیان تاڵان کردبوو"

هەموو ناوچەکە بوو، داوای لە مەڵبەندی سێ کرد تا هەموو هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە، بنێرێتە دۆڵی جافایەتی. وا دیار بوو نەخشەی ڕزگار کردنی پانتاییە سنورییەکانی ناوچەی ماوەت تا کارێزە و دەوروبەری کێشرابوو .

من کردبووم بە پیشە کە ڕۆژانە بیرەوەرییەکانم بنوسمەوە. هەروەک دەفتەرێکی دیشم هەمیشە لە هەگبەی دابوو، بۆ تۆمار کردنی وشەی پێشتر نەبیستراو، یان سەربوردە و ڕووداوی مێژوویی نەناسراو و، داب و نەریت و ....هەر شتێکی دی کە شایانی تۆمارکردن بایە. هەمیشە و بۆ هەر کوێیەک چووبام، دەفتەرەکانیشم دەبرد. ژیانی پێشمەرگایەتیمان وابوو... نەمدەزانی ئاخۆ کەی، جارێکی دی ڕێم دەکەوێتەوە هەمان شوێنی جاران. ئەمجارە، بۆ یەکەمینجار بوو کە بە بیرم داهات، ڕەنگە لەم شەڕەدا بە زیندوویی نەگەڕێمەوە، بۆیە دەفتەرەکانم لە ماڵێکی گوندی (بێرۆ) شاردەوە، بەڵکو دوای خۆم سودی لێ وەربگیرێت.

ئێمە، هێزێکی زۆر کەمی، دەزگا و نەخۆشخانە و، پاراستنی بنکەکانمان، لە دۆڵی بالیسان هێشتەوە و، ئەوەی دی هەمووی، بەرەو نازەنین بەڕێ کەوتین، لەوێش بێ وەستان چووینە دۆڵی سماقولی. ئینجا شەو بۆ دەشتی کۆیە بەڕێکەوتین. بەیانیەکەی، لە دەشتی کۆیە، چەند هەلیکۆپتەرێک هاتنە سەرمان و ناپالمیان بەردایەوە. وەک بیرم بێتەوە پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو. لە دێیەکیش، لە بەری ئاغجەلەر، هەیدەر بەگ یان ئەسکەندەر بەگی ناو بوو، هاوڵاتیەک شەهید بوو. بۆ ئێوارە لە ڕووبار، یان زێی گچکە پەڕینەوە و بە ناو دێی (عەسکەر)دا، چووینە (چەمی ڕێزان). نەختێک لە سورقاوشان ماینەوە، تا تاریک داهات. ئینجا چووینە تەلان. دواتریش هەموو هێزەکە، لە شوێنێکی نزیک سورداش، لە جادەی دۆکان پەڕینەوە و، چووینە ناو گوندی (قەمچوغە)، لەوێش بە ڕێگای کوێستانی (مێرگەپان)دا چووینە سەرگەڵو .

ئەو ناسیاوەم هەموو جار داخ بۆ ئەو ژنە هەڵدەکێشێت کە داوای دەکرد کپەکەی بۆ بدۆزنەوە و بیهێننە کۆشی. چونکە ئەو چاوی نەدەبینی، بۆیە هەر دەتلایەوە و دەیگوت: کپەکەم کراسێکی سۆری گوڵ سپی لەبەرە، ناتوانێت بمبینێتەوە، چونکە چاوێ ویش، وەکو دایکی کوێر بووە، خێرتان دەگاتێ بۆمی بدۆزنەوە .

دیارە دوژمن لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە، دڵنیا بوو لەوەی کە پێشمەرگە لە دۆڵەکەدا زۆر کەمن، بۆیەش بوو کە ئەو کاتەی هەڵبژارد، تا دۆڵەکە سوتماک بکات و، خەڵکەکەیشی کوشت و بڕ. واتا بڕیاری سزادانی گشتی خەڵکی کوردستان، دەمێک بوو لە لایەن سەرانی ناسیۆنالیستی سوننەی عارەب درابوو، بەڵام هەڵبژاردنی کاتی لێدانی دۆڵی بالیسان، پشتی بەستبوو بوو بە ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانەوە. با بەسەر شەڕ و گەشتەکەماندا لەولا، باز بدەم. ئێمە هەر لەو گەشتە بووین، کە بیستمان دۆڵەکە کیمیاوی باران کراوە. هەموومان خەم و پەژارە دایگرتبووین. هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە، ئاشنایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکەکە گەیشبووە ئاستێک کە، هەموومان خۆمان بە خەڵکی دۆڵی بالیسان دەزانی.

* * *

دەستەیەکی 14 تا 15 کەسی ڕێکخراوی دوو، هەر بە ڕێگای جاراندا، گەڕاینەوە دۆڵی بالیسان. چەند پێشمەرگەیەکی دەستەکەمان خەڵکی ناوچەکە بوون، بۆیە بە درێژایی ڕێگا، ئەوان پەشێو و ئاارام و بە پەرۆش بوون و، ئێمەش بیرمان لە هەموو سەرەنجامێکی ناخۆش دەکردەوە. بە ڕوونی نەماندەزانی قەوارەی کارەساتەکە چەندە و چۆنە. با ئەوەش بڵێم کە لە دۆڵی جافایەتی، ئێمە بۆ یەکەمین جار، بەکارهێنانی چەکی کیمیاویمان بینی. لە (سەرگەڵو) بریندارمان هەبوو. لە (سنگر)یش شەهیدێک. ئێمە لە شاخی دوبرای پشت کارێزە و گوندی (مێولاکە) بووین و، ئێوارەیەک بە کیمیاوی تۆپباران

کراین. چەند کەسێکمان توشی هەناسە تەنگی بووین، من خۆم یەکێکیان بووم لەوانە و، ڕۆژی دوایی چووینە نەخۆشخانەکەی (بەرگەلۆ)، بۆ وەرگرتنی چارەسەر. بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت، کە کاریگەری چەکی کیمیاوی، بە ڕێگای تۆپباران کردن، زۆر زۆر کەمترە لە بۆردومانی کیمیاوی بە فڕۆکە .

دەستەکەمان، لە ڕێگای گەڕانەوە، بە ڕێگای (کونەفلوسە)وە، شاخی هەورێمان تێپەڕاند و، بۆ هەردوو (چیوە)کە هاتین. ئێمە کە لە (چیوە) شۆڕبووینەوە خوارێ، هەستمان بە کش و ماتیەکی سامناک کرد. هەموو شت بێ دەنگ بوو، بە سروشتیشەوە. هاتینە سەر جادە. لەوێوە بڵاوەمان لێک کرد و، بە شێوەی ڕۆیشتنی باوی پێشمەرگانە، بە دوای یەکەوە داکشاین و، ڕووە و توتمێ هاتین. واتا لامان نەدا ناو بالیسان. لەو ڕێگایەوە هیچ شتێکمان توش نەبوو. تا دەنگی سەگێکیش نەهاتە بەر گوێمان. هەموو ئەو بێ دەنگیە، پتر و پتر، توشی خەم و پەژارەی دەکردین. هەر کەسە و، بۆ خۆی و لەگەڵ خۆی جۆرە هەڵهێنجانێکی بۆ بارو دۆخەکە دەکرد. لە جادە سەردەکەوتینە ناو گوندی توتمێ، لەپڕ چاومان بە کاروانێکی سەربازی و شۆفل کەوت، کە دیار بوو هاتبوون خانوە ماوەکان تێکبدەن.

زووتر سوپا هاتبوونە ناوچەکە، بە نیازی گرتن و کوشتنی ئەوانەی کە هێشتا مابوون. وا پێدەچوو کە، بۆ خۆپاراستن لە کاریگەری گازی کیمیاوی، نەهاتبنە ناو ئەو گوندانەی، کە بە خەستی کیمیا باران کرابوون، وەک شێخ وەسانان، بالیسان و کانی بەرد. هەمان شتیش بۆ بێڵاوە و هەردوو گوندی شیرێ. لە گوندەکانی دی، شوێنەواری تێکدان و، ناو ماڵ فڕێدانە دەرەوە و، تاڵان و بڕۆش دەبیندرا. لەو هاتنەدا بوو کە دەفتەرەکانی منیشیان دۆزیبووە و بردبوویان. گوایا وەک دواتر بیستم، هەندێک جاش، دەفتەرەکانیان دۆزیبووەوە و، وایان زانی بوو کە ناوی ڕێکخستنەکانی شاری تێدایە، بۆیە بۆ وەرگرتنی شاباشیەک، بە دیاری دابوویاننە دەزگای (ئەمن)ی (هەریر) .

ئێمە کە سەربازەکانمان دیت، وا بە پیادە لە پێش کاروانەکە دەڕۆیشتن و ڕووە و ئێمە دەهاتن، بە پەلە خۆمان گەیاندە سەر ئەو بەرزاییەی، کە بەسەر ڕێی بالیسانی دا دەڕوانی. کە سەربازەکان نزیک بوونەوە، تەقەمان لێیان کرد. دیار بوو ئەوان زانیاری وایان هەبوو کە هیچ پێشمەرگەیەک لەوێ نیە، بۆیە ئامادەیی شەڕیان تێدا نەبوو. ئەوان زوو پاشەکشەیان کرد و، ڕووە و سەروچاوە کشانەوە. لەبیرمە کە شەهید تاهیر، لە پەلەپەلیان، لولەی داغی بی کەی سی یەکەی، بە لەپی دەستی گرت و، ناو لەپی سوتا
.

* * *

تا چەند کاتژمێرێکیش، ئێمە هەر خۆمان بووین. نەماندەزانی چارەنوسی خەڵکەکە و ئەو کەمە پێشمەرگانەشمان کە لەوێ بەجێمابوون چیە. بڕیارمان دا پەرت بین و، بکەوینە سەر و سۆراغی هەرچی زیندووە. هەندێک پێشمەرگەمان دۆزینەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کیمیاویان بەسەرەوە نەمابوو. لەوانەوە زانیمان کە شتێکی هاوبەش، لە نێوان هەموو بەرکەوتووان، بریتی بوو لە چاو کوێربوونی کاتی و دریژخایەن، لەگەڵ هەناسە تەنگی. هەروەک زانیمان کە کاریگەری پەلامار و بۆردومانەکە زۆر زۆر لەوە گەورەتر و بەرفراوانتر بووە، کە ئێمە وێرابووین بە خەیاڵیش بیری لێ بکەینەوە. ڕەشەکوژیەکی بێ



ویژدانانە لەو دۆڵە کرابوو. تاوانێکی وا گەورەمان نەبیستبوو کە پێشتر بەو شێوەیە دژ بە هاوڵاتیانی بێ چەک و، ژینگە و سروشتیش ئەنجام درابێت .

* * *

فەقێ شێخ وەسانی، یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە کوڕی ناوچەکە بوو. فەقێ خەڵکی شێخ وەسانان بوو. ئەو کاتی بۆردومانەکە لەگەڵ ئێمە بوو. دیارە هەر لەو کاتەوە کە هەواڵەکەمان زانیبوو، فەقێ توشی پەژارەیەکی گران و خەمۆکی ببوو. دایک و باوکی، خوشک و براکانی،خێزانی و کەسو کاری دی، هەر هەموو دێیەکەش، کەسی وی بوون. ئەوهێشتا هیچ زانیاریەکی لە بارەیانەوە نەدەزانی. کە گەیشتینەوە ناوچەکە، هەواڵە هەرە ناخۆشەکەمان بیست. دێی شێخ وەسانان، لە هەموو شوێنەکانی دی خەستتر، بەر بۆردومان کەوتبوو. ئەوانەی دەماندواندن، دەیانگوت کەسی بە ساغی لێ دەرنەچووە. فەقێ، چیدی نەیتوانی خۆی ڕابگرێت. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دی، بۆ شێخ وەسانان بەڕێ کەوتن. دوای درەنگانێک بە بێ ئومێدی گەڕانەوە. زۆر زەحمەت بوو لەوێ هەڵی سەنگێنیت چی قەوماوە. دێیەکە و دەوروبەری، هیچ شوێنەوارێکی ژیانیان لێوە دیار نەبوو. نەک هەر شوێنەواری مرۆڤ، بەڵکو شوێنەواری هەرچیەک کە زیندووە و دەبوا لە دێیەکە هەبا، دیار نەمابوو. هەروەک وەک ڕاهاتبووین ببینین، شوێنەواری خراپکاری و خوێنڕشتنیش لە ناو دێ و دەوروبەریدا نەبوو. هەموو شتێک کش و مات و بێدەنگ بوون. فەقێ دوای گەڕانەوەی بۆ لامان، توشی ویژدان ئازاردان بوون هاتبوو. ئەو لای وابوو کە ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا نەهاتباو لێرە مابایەوە، دەیتوانی بێ بە سوپەرمان و، لانی کەم کەس و کاری خۆی ڕزگار بکات. ئێمە دڵنیا بووین کە ڕووداوەکان لە چاوەڕوانی چ سوپەرمانانیش دا نەبووە. بۆیە دڵنیا بووین لەوەی کە، فەقێ بۆیە تەنیا زیندووی خێزانەکەیەتی، چونکە لەگەڵ ئێمە بووە. بەڵام ساڵانێکی زۆری دەوێت، تا برینەکان سارێژ دەبن و، مرۆڤ لە گرێکوێرەی ئازاری ویژدان دەردەچێت و ڕاستیەکان وەکو خۆی بە ڕووتی دەبینێت. فەقێ هەوڵی زۆری دا تا لە ڕێگای ڕێکخستن، خزم و دۆستانی دەربازبووی ناوچەکە، هەواڵی کەس و کاری بزانێت، بەڵام بێ هودە بوو.... ئەو تا کۆچی دوایی کرد هەر بەدەم ئەو ئازارانەی دەتلایەوە.

فەقێ شێخوەسانی، لە کورتە نوسینێکیدا، ئاوا ئەو ڕۆژە ڕەشەمان وەبیر دێنێتەوە: (ڕۆژێک لە ڕۆژانی بەهار، لای ئێوارە. هەورێکی ڕەشی تۆزاوی، قەت نەدیتراو و نەزانراو، بەرەو ناوچەکە هات و، خەڵکیش وایان زانی، وەك زۆر جاری دی، هەورەو باران دەبارێت. لە پڕ گەیشتە گوندەکەمان. ڕۆژی ڕووناکی کردە شەوە زەنگ. منیش لەترسان بەردێك لە نزیك ماڵمان بوو، ژێرەوەی کونێکی قایم بوو. خۆم لەوێ مات کرد و، زۆریش ترسام. گرمەی هەورو باران، دەستی پێکرد. دواتر هەورو گرمە نەما، بەڵام کارەساتی خوڵقاند. گوند گوندی جاران نەما. خەڵك خەڵکی جاران نەما. دایك ئاگای لە کوڕ نەما. خوشك ئاگای لە برا نەما. کوڕ ئاگای لە باوك نەما. بزن ئاگای لە کاریلە نەما. مریشك ئاگای لە جوجەڵە نەما. چاو ئاگای لە دونیا نەما. حاجی ئاگای لە قیبلە نەما. گەڵا ئاگای لە دار نەما. چێڵ ئاگایان لە کابان و گۆلك و شیر نەما. بولبول و چۆلەکە، ئاگایان لە هێلانە نەما. هەموو شت پیس بوو. هەموو شت ویران بوو. لە ماوەیەکی کەمدا، باوک و زڕدایك و خوشك و براشم، لەو کارەساتە لەناو چوون و، من بە تەنیا مامەوە. گوند چۆڵ بوو...)

* * *

ئەوەی بیستمان:

ئێمە دوو سەرچاوەمان هەبوو تا بزانین چی ڕوویداوە. ئەو پێشمەرگانەی کە خۆیان شاردبووەوە و، دوای گەڕانەوەمان، هاتنەوە لامان. هەروەها ڕێکخستنەکانمان لە بیتوێن، کە لە ڕێگای دۆڵی نازەنینەوە، زانیبوویان ئێمە گەڕاوینەتەوە ناوچەکە. بۆیە ئەوان یەکەم جار بە ڕێگای (دۆڵی شاورێ)وە هاتنە لامان و، هەواڵی دڵتەزێنی ئەو هەموو ئاوارە و بریندارانەیان بۆ هێنابن، کە لە ماڵی خەڵکی شارەکانی ڕانیە و سەروچاوە شاردرابوونەوە و، پیاوانی ڕژێمیش بە دوایاندا دەگەڕان تا بیانبەن و شوێنبزریان بکەن .

پێشمەرگەکانیشمان، کە بە تەنیایی و دوو دوو، یان سێ سێ، بە برسیەتی و چاو تۆزانەوە و هەناسە تەنگیەوە، لەو ناوانە دەسوڕانەوە و، ببوونە بینەری بە ناچاری، ئەو هەموو دەرد و مەینەتیانە، بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە شتەکانیان بۆمان دەگێڕایەوە. ئەو سیناریۆیەی کە یەکجار کاریگەر بوو بۆ ئێمە، ئەوە بوو کە باسی ڕێچکەی هاوڵاتیانیان دەکرد، کە هەموویان وەک کوێر دەستی یەکدیان

ڕادەکێشا و، ڕووە و هەورازی (شێخ مەمودیان) بەڕێوە بوون، بەڵکو بگەنە ئاوەدانیەک و، یارمەتی بدرێن. ئەو هاوڕێیانەی مە، پێشمەرگە بریندارەکانیشیان، بە شان و پیل و دەست ڕاکێشان، گەیاندبووە (مەلەکان). لەوێوە بە ئەسپ و هێستری ماڵە ڕەوەندەکانی وێ، گەیاندرابوونە وەرتێ و، دواییش ناردرابوونە ئێران، بۆ وەرگرتنی چارەسەری .

ئێمە بە دەستەی بچووک بچووکەوە، کەوتینە گەڕان بە ناو گوندە چۆڵ بووەکان، بەڵکو کەسانێکی زیندو مابنەوە و بتوانین یارمەتیان بدەین. ئەو کاتە هێشتا لە پەناو پەسیوان، تەرمی بەجێماو مابوون. وا پێدەچوو دوای کیمیاوی بارانەکە، ئەوەی دەست دوژمن کەوتبوو، چ زیندوو، و چ مردوو، هەموویان بردبوو. هەروەک جاشەکان ماڵی خەڵکیشیان تاڵان کردبوو .

بە گوێرەی زانیاری ڕێکخستن، ڕێژەیەکی باش لە خەڵکەکە، ڕوویان لە سەروچاوە و گوندەکانی ئەو ناوە کردبوو، کە زۆریان خزمایەتیان لەگەڵ یەکدی هەبوو. بەشێکی دیاریش گەیاندرابوونە ناو شاری ڕانیە. بە تایبەت بریندارەکان، لە ڕانیە و بە دزی لە ماڵان چارەسەری سەرەتاییان بۆ دەکرا. بە گشتی ئەوانەی گەیشتنە بیتوێن، نەکەوتنە دەست دوژمن. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە بریندارە مەترسیدارەکان گیانیان لە دەست دا .

* * *

ئەی ئەوانەی بەرەو شێخ مەمودیان ڕێچکەیان گرتبوو، چیان بەسەر هات؟

شێخ مەمودیان ناوی گوندێکە لەسەر ڕێگای سیساوە، بۆ دۆڵی بالیسان. ئەو کات گوندەکە ڕاگوێزرابوو. تەنانەت شوێنەواریشی لێ نەمابوو. ڕێگاکە خۆڵ و شاخاوی بوو. زینوێک بە نێوان (کەپکی حەمەدئاغا) و شاخی (بەنی هەریر)و لوتکەی (کڵاو قاسم)ی شاخی هەورێ دا ڕەت دەبوو، کە بە (زینوێ شێخ مەمودیان) ناودەبردرا، ڕێگاکەی دۆڵی بالیسانی پێدا تێدەپەڕی، تا دەگەیشتە سەر ڕێگای سەرەکی هەریر- شەقڵاوە. ئێستا شێخ مەمودیان ئاوەدانە و، ڕێگاکەش قیرتاو کراوە.

ئای لەو ڕێیە، کە هەر نەدەبڕایەوە. بێنە بەرچاوت بە چاوی بەستراو و لاشەی داهێزراو و زگی برسی، بەناو ئەو بەردەڵانە بکەویت و لە چەمە بچوکەکەی سەر ڕێگاش بدەیت! تەنیا زەین قیبلەنومای دۆزینەوەی ڕێگا بوو. چ ڕێگایەک؟ ڕێگای هات و نەهات. ڕێگای مەرگ. ئەو کاروانە شپرزەیە کێ بوون؟ گەنج و پیر. منداڵانیش، هەر لە شیرە خۆرەی پێ نەگرتوو تا مێردمنداڵی چاو نەکراوەی نەشارەزا لە ڕێکردن، لە هەردوو ڕەگەزەکە. بەشێکیان توانیان لە زینوێ ئاودیو بن. ڕەنگە هەندێک لەوانە هێشتا لە ژیاندا مابن و ئەو ڕۆژە ڕەشەیان لەبیر بێت. کەچی زۆریان هەرگیز نەگەیشتنە چ شوێنێک. بە گوێرەی دیتنی ئەو پێشمەرگانەی کە لە پشت بەردە زلەکانی نێوان خەتێ و بێرۆ خۆیان شاردبووەوە، هەلیکۆپتەر دەگەنە سەر ئاسمانی ناوچەکە. هەلیکۆپتەرەکان، وەک بۆ ڕاوە مامز هاتبن، نزم دەبوونەوە و تەقەیان لە کاروانە ماندوو و شەکەتەکە دەکرد. هەر جارە و هەندێکیان لێ لە خوێن دەگەوزاندن .

ئەوانەش کە بە دەم ڕێگاوە مابوونەوە، یان لە ناو ماڵ و لا ڕێگای گوندەکان گیریان خواردبوو، و نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن، کەوتنە داوی ئەو هێزەی دوژمن کە لە ڕێگای خەلیفانەوە هاتبوون. دیارە هێزەکە جاشی لەگەڵ بوو. جاشەکان بوون کە خەڵکەکەیان کۆ دەکردەوە. بەشی هەرە زۆری ئەوانە، هەر بە ئۆتۆمبێلی جاشەکان گواسترانەوە .

* * *

من ناسیاوێکم هەبوو بەناوی (شوکریە حەمەدەمین) کە لە نەخۆشخانەی منداڵ بوونی هەولێر کاری دەکرد. نەخۆشخانەکە بە تەک نەخۆشخانەی (حمی، تاو لەرز)ەوە بوو لە گەڕەکی شۆڕش. ( وا بزانم ئێستا ناوی نەخۆشخانەکە بۆتە نەخۆشخانەی دکتۆر نازدار). کاتێک کە ویستم ڕووداوەکانی ئەوێی پێ بگێڕمەوە، بە دەم هەنسکی گریانەوە گوتی: کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی جاش هاتنە ناو نەخۆشخانە و، خەڵکێکی زۆریان، لەگەڵ خۆیاندا، بە تراکتۆر هێنابوو. ئێمە یەکەم نەخۆشخانەی سەر ڕێگا بووین، بۆیە هەر بە خێرایی لای ئێمە لایاندا و، خەڵکەکەیان لەناو چیمەنی نەخۆشخانە دانا. گوتیان ئەمانە بەر چەکی کیمیاوی ئێران کەوتوون و چاویان کوێر بووە، هێناومانن تا چارەسەریان بکەن. ئەو ناسیاوەم گوتی چاک لە بیرمە ئەو ڕۆژە پێنجشەمە بوو، ئێمە خەریک بوو بچینەوە ماڵەوە،



کۆمەڵێک پێشمەرگەی دێرین

چونکە پێنجشەمان لە دوازدە و نیو تەواو دەبووین. ئێمە هەموو، بە دکتۆر و سستەر، ڕامان کردو و، هاتینە دیاریان. کە ئەوانمان بەو پەرێشانیە دی، هەموومان دەستمان بە گریان کرد. ئەوان دەیان ناڵاند و داوای ئاویان دەکرد. چووین ئاومان بۆ هێنان. کەوتینە پاککردنەوەیان. زوربەیان ژن و منداڵ بوون. بەشی هەرە زۆریان چاویان کوێر ببوو. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: هەبوون داوای دۆزینەوەی منداڵەکانیان دەکرد. چونکە چاویان نەدەبینی، بۆمانیان وەسف دەکرد، کە ڕەنگی جلەکانیان چۆنە. ئەو ناسیاوەم هەموو جار داخ بۆ ئەو ژنە هەڵدەکێشێت کە داوای دەکرد کچەکەی بۆ بدۆزنەوە و بیهێننە کۆشی. چونکە ئەو چاوی نەدەبینی، بۆیە هەر دەتلایەوە و دەیگوت: کچەکەم کراسێکی سۆری گوڵ سپی لەبەرە، ناتوانێت بمبینێتەوە، چونکە چاوێ وێش، وەکو دایکێ کوێر بووە، خێرتان دەگاتێ بۆمی بدۆزنەوە .

من لێم پرسی کە ناوی کەسی لە بیر ماوە لەوانەی بۆ یارمەتی دان هاتن؟ گوتی هەموومان هاتینە لایان و کەوتینە پاک کردنەوەی دەموچاویان. ئەو ناوی زۆربەیانی دەزانی و لەبیری ماون، کە ئەو ڕۆژە لەوێ بوون. یەکێک لەوانە کە دەمەوێت ناوی بێنم، دکتۆر ڕێزانی کچی شەهید حوسێن شێروانی بوو. وەک ناسیاوەکەم بە بیری دێتەوە، هەندێک لە دانیشتوی گەڕەکی شۆڕش، کاتێک لە ڕێگای جاشەکانەوە ئاگادار دەکرێنەوە، دێنە نەخۆشخانەکە و، ئەوەی خزم و ناسیاوی خۆی لە ناو بریندارەکان دیتەوە، توانی لەوێ دەربازی بکات و لە مەرگ ڕزگاری بکات. ئەو دڵنیایە کە هەندێکیان بەو ڕێگایە دەرباز بوون، بەڵام ژمارەیان نازانێت. ناسیاوەکەم درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: ویستمان قاوشەکانیان بۆ چۆڵ بکەین، تا ڕایان گوێزین، لە پڕ بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دێتە لایان و پێیان دەڵێ لە (دائیرەی ئەمن)ەوە تەلەفۆنمان بۆ کراوە کە کەس نابێت لێیان نزیک بێتەوە. وەک ئەو ناسیاوەم دەگێڕێتەوە، ئەوان لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە، بە داخ و فرمێسک ڕشتنەوە سەیریان دەکردن، تا لە پڕێک کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی داخراو هاتن و، هەموو خەڵکەکەیان بە زۆر تێپەستاندن و بردنیانە دەرەوە. بە گوێرەی ئەو کرێکارانەی شارەوانی کە گۆڕیان لێدەدا، دواتر تەرمی ئەوانە هێندراونەتە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ناو هەولێر (کە بە داخەوە من ناوی گۆڕستانەکەم

بیستبوو، بەڵام ئێستا ناوەکەییم لە بیر نەماوە) و، لە لایەن ئەو کرێکارانەوە نێژراون. کەواتە یان لە سەربازخانەی هەولێر گوللە باران کراون، یان لێیان گەڕاون تا مردوون، ئینجا لەو شوێنە نێژراون.

ئەوەی کە پێویستە بکرێت ئەوەیە کە لە هەولێر ناوی ئەو کرێکارە گۆڕهەڵکەنانەی شارەوانی پەیدا بکرێن و زانیاری لەوان وەربگیرێت، تا شوێنی ناشتنی ئەو شەهیدانە دەدۆزرێنەوە. هەروەک زۆر کەسی دیش دەزانێت کە شارەوانی، ئەو سەردەمە کەسانی بێخاوەنی لە چ گۆڕستانێک دەناشت.

* * *

ئەوەی من بە چاوی خۆم دیم:

من دەمەویت کەمێک بیمە سەر

**بە کورتی دەڵێم کە، لە دوای 16 ی نیسانەوە، ژیان لە دۆڵی بالیسان باری کردبوو.**

باسی سروشتی ناوچەکە لە دوای کیمیاوی بارانەکە، کە ڕەنگە کەمتر ئاوڕی لێ درابێتەوە. وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو، تا ئاستی بێرۆ ڕاستەوخۆ نەکەوتبووە بەر بۆردوومانە کیمیاوییەکە، بۆیەشە سوپا تا ئەو ناوچانە پێشڕەوی کردبوو، بۆ گرتن و کوشتن و خاپور کردنی خانوی خەڵک. تا ئەو ڕاستانەش دەستی تالانی سوپا و جاشی گەیشتبوێ. بۆیە لە بێرۆ بەرەو خوار وەک خرابگەی لێهاتبوو. تۆتمە، بالیسان، کانی بەرد، شێخ وەسانان، بێراوە و هەردوو شێرێی سەرێ و خوارێ، چیوەکان هەردووکیان، لەگەڵ مێرگەسەر، وەک بوکی خەوتوو، بە پێوە مابوون. کە بۆ ناو دێی بالیسان هەڵدەکشاین، بە دەم ڕێگاوە، باڵندەی جۆراو جۆرمان دەدیت کە لەسەر دارەکانەوە، یان لەوانەشە لە ئاسمانەوە کەوتبنە خوارەوە و، بێ گیان لەو ناوە کەوتبوون. بە دووری نازانم کە پەلەوەری شاخەکانی دەوروبەریش، وەک کەو و پۆڕ، زیانی گەورەیان بەر کەوتبێت. لاشەی تۆپیوی ئاژەڵان، لە هەموو شوێنێک دەبیندران. لە زۆر جێگا، بە بۆنی گەنیوی لاشەوە، دەمانزانی کە ئاژەڵی لێ مردووە. لە نێوان هەردوو گوندی شێرێ، بۆ یەکەمین جار ئەسپێکم دیت کە چاوەکانی کوێر ببوون و کێم و زوخاویان لێ دەهاتە دەرێ.

لەگەڵ هاوڕێیەکم لێی نزیک کەوتینەوە و، کورتانەکەمان لێ کردەوە. بردمانە سەر ئاو و ئاومان داێ. دوای ئەوە هەر لەوێ بەجێمان هێشت. دواتر دوو بزنمان بینین کە ئەوانیش چاویان کوێر ببوو. نەماندەزانی چیان لێ بکەین. ئەو پێشمەرگانەی کە لە دۆڵەکە مابوونەوە و خۆیان شاردبۆوە، بۆیان باس کردم کە بزنێکی کوێریان بینیوە و، لە برسان و نان نەخواردنی چەند ڕۆژیان، سەریان بریوە و خواردوویانە. لە دکتۆر زریانم پرسی کە ئەو کات دکتۆری نەخۆشخانەمان بوو، دواتر بوو بە وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، کە ئەگەری مەترسی چەند زۆرە، لەسەر ئەو پێشمەرگانەی گۆشتی ئاژەڵی کیمیاوی بوویان خواردووە؟ ئەویش مەترسی شتەکەی زۆر کەم کردەوە و گوتی منیش خواردم و، دەشبینی هیچیشم لێ نەهاتووە. دەبێ ئەوەش بڵێم، کە لای ئێمە وا باوە، تەنیا زیانە دیتراوە بەرچاوەکان، بە زیان ئەژمار دەکرێن. واتا زیانی دی لاوەکی، یان درێژ خایەن، کە دواتر وەک بەرەنجامی بەرکەوتن، دەردەکەون، بە هیچ دادەندرێن. هەروەک زیانی دی دەروونی، کۆمەڵایەتی و... بایەخی ئەوتۆی پێ نەدەدرا.

من دڵنیا بووم کە ئاژەڵی کێوی بچوک، زیانی گەورەیان بەر کەوتبوو، بەڵام بە ئاسانی بە چاو نەدەبیندران. وەک سمۆرە و ژوشک و تاد. ناخۆشترین شت ئەوە بوو کە ڕۆژێک بە ناو ڕەزەکانی خوار بێرۆدا دەڕۆیشتم، دیتم گورگێک وا ڕووبەڕووم دێت، بێ ئەوەی لێم بترسێت. باش سەرنجم دا لە ڕۆیشتندا وەلا دادەهات و جار جارە خۆی لە پاردە و پەرژینی باخچەکان دەدا. وا دیار بوو کە چاوەکانی کوێر ببوو. دیارە خواردنێکیشی دەست نەکەوتبوو تا بیخوات.

دیارە زیندەوەرانیش توشی قڕان و نەمان هاتبوون. ڕێچکەی شارە مێرولە لە تەنیشت ڕێگاکان، کە دیمەنێکی ئاسایی جاران بوو، بە یەکجاری ون ببوون. بە بیرم نایەت سەرم لە چ غلێفەی مێشان دابێت، بەڵام دڵنیام ئەوانیش گیانیان بە ساغی دەرنەبردبوو.

بە کورتی دەڵێم کە، لە دوای 16 ی نیسانەوە، ژیان لە دۆڵی بالیسان باری کردبوو. هەموو

شتێک وەستابوو، تا کزەباش وەک جاران هەڵی نەدەکرد. نە گەرموگوڕی هاتوچۆی خەڵک. نە ئەو دوکانە بچوکانەی کە لە سەرە کۆڵانی گوندەکانی دا هەبوون، کە هەمیشە لە خەڵک جمەیان دەهات. نە دەنگی بانگی بەیانیانی کەڵەشێر مابوو. نە حەپە حەپی سەگان دەبیسترا. تا کەسو کاری پێشمەرگەش، وەک جاران و بە ئاسانی، نەیاندەتوانی سەردانی ڕۆڵەکانیان بکەن. ڕەز و باخەکان بێ خاوەن مابوونەوە. کەس نەبوو جۆگەکان جۆماڵ بکات. ئێمە ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگە، هەمووان هەستمان بە تەنیاییەکی بێ کۆتایی دەکرد .

تا 16ی نیسانی ساڵی 1987ز، وەک ئەفسانە گرێکیەکان ئاماژەیان بۆ کردووە و، لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەر سەگەکەی (ئەسحابی کەهف و گۆلکەکەی عوزێر پێغەمبەر، لە لایەن خوداوە ڕێزیان لێ گیرابوو و، چووبوونە بەهەشتێ، لە دوای ئەو ڕۆژەوە، هەموو ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی دۆڵی بالیسانیش، بێ لێپێچینەوە و ڕاگرتن، چوونە بەهەشت .

* * *

من سروشتم وایە کە هەرگیز بێ هیوا نابم. دەزانم لە دوای ڕۆژە ناخۆشەکاندا، ڕۆژانی گەش هەن و چاوەڕێمان دەکەن. جوتیارێکی توتمەیی، لە ڕێچکەیەکی باریکی نزیک (نزرۆکە)ی دەرەوەی گوند، کۆمەڵێک بنە گوێزی چاندبوو. شوێنەکەی بێ ئاو بوو. گوێز دەبێت لە شوێنی بە ئاو بچێندرێت. من نەمدەزانی خاوەنەکەی کێیە، بەڵام خۆبەخشانە، ڕۆژێک نا ڕۆژێک، لە کانیەکەی نزرۆکە ئاوم دەهێنا و ئاویانم دەدا. هاوڕێکانم گاڵتەیان بەو کارەم دەهات، بەڵام من وەک بۆخۆمی بکەم، ئاوا بە تەنگەوە بووم، تا ئەو بنە گوێزانە وشک نەبن. بە داخەوە ئێستا نازانم چیان لێ هاتووە. ئەگەر بە پێوە مابن و، ڕۆژێک بە زمان بێن، گەواهی ئەو ڕۆژە سەختانە دەدەن. هەروەک هەندێک بنە شەنگە بیم لە (هەرتەل) بۆ هاتبوو. هاوڕێی هەمیشە زیندو، مەلا نەریمانی کانی مارانی، بۆمی هێنابوون. شەنگە بیەکانم لە دەم حەوزی ئاوەکەی نزرۆکە چاندن. بینیمن گەڵایان دەرکرد، بەڵام بە ناچاری بەجێمهێشتن و بە گەورەیی نەمدیتن. هیوادارم ئێستاش هەر مابن و، کەسانێکیش هەبن لە ژێریاندا بحەسێنەوە و چێژ لەو دارە جوانە وەربگرن. لە بیرم ناچێت، ڕۆژێک کە خەریکی ئاودانی بنە گوێزەکان بووم، داکانە کەوێکم بینی، بە کۆمەڵێک بەچکەوە، کە تەنیا چەند مەترێک لێمەوە دوور بوون. من بە بێ ئاگایی بۆ لایان چووم، لەپڕ بینیم کە کەوە دایکانەکە، وەک کیمیاوی بەر کەوتبێت، باڵەکانی لێک کشاند و کەوت. منیش بۆ لای چووم، کەچی چەند هەنگاوێک لێم دوورتر بووەوە. کە ئەمجارە ویستم نزیک ببمەوە، ئیدی فڕی. کاتێک ئاوڕم لە دواوەم داوە، باڕە کەوەکانیش خۆیان شاردبووەوە و ( لە دەست ڕاوکەری بێ بەزەیی) دەربازیان ببوو. ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە دایکە کەو، بەو یاری باڵ شکاویی و کەوتنەی، منی بە خۆیەوە خەریک کرد، تا بەچکەکانی فریای خۆشاردنەوە بکەون. ئەو ڕۆژە بەو دیمەنە جوانەی باڕە کەوەکان و دایکە خۆبەختکەرەکەیان، دڵم زۆر خۆش بوو. دیتم کە ئەو کەوە بۆ ڕزگار کردنی بەچکەکانی، بێ ترس و بێ پەروا، ژیانی خۆی دەخستە ناو چنگی منەوە. زانیم هێشتا ژیان لە ناو شاخ و داخەکان، بە هەموو بزە و جوانیەکانی ماوە و دوژمن پێی نەوێراوە. دڵنیاشم کە نەوەکانی قوربانیانی ئەو ڕۆژە، ئێستا باڕە کەوەکانی ئەمڕۆن و بە ژیان پێدەکەنن، کە بە قوربانی دایک و باوکیان بەدیهاتووە.

* *
*

ژیان، بەرگەی هەموو ستەم و ناخۆشیەک دەگرێت. نەوەی قوربانیەکانی دوێنێ، وا ئەمڕۆ گەورەن و، خەونی زەردو سور بە دواڕۆژێکی گەشەوە دەبینن. ژیانێک کە ئەوان لە هەموو کەس پتر شایانین. سەرم بۆ گیانی هەموو ئەوانە دادەنەوێنم، کە بوونە قوربانی. خۆزگە منیش جارێکی دی لە دوورە وڵاتەوە دەگەڕامەوە ئەو ناوچە خۆشەویستە و بە ئاوەدانتر دەمدیت. لەسەر هەر بەردێکی بیرەوەریەکم بەجێماوە. ئەو ڕۆژانەم دێتەوە یاد کە لەگەڵ مامۆستای شۆڕشگێڕ (مەلا ئەحمەدی وەرتی)، لە ژێر دارگوێزەکانی (خەتێ) دادەنیشتم و، قسەی خۆشمان دەکرد. یادی مامۆستا خۆشەویستەکانی دی، شەهید مەلا نەجم و مەلا حیسام. بە داخەوە پۆلێک هاوڕێی هەرە خۆشەویستی ئەوێم لە دەست دان و، لە نەبەردیەکاندا شەهید بوون. بەلای منەوە گیانی ئەوانیش وا لەوێ گیرساونەتەوە.

# بریندارانی 4/16 لە
# بیرەوەرییەکانی د.عەتیە حەمەسەعید ساڵحی دا

ئامادەکردنی
**هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی**

کاتێک گوندی شێخ وەسان و بالیسان لە 1987/4/16 کەوتە بەر هێرشی کیمیاوی خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار بوو، بریندارەکان بە مەبەستی ئەنفالکردن زۆربەیان گواسترانەوە بۆ شاری هەولێر و بردنیان بۆ نەخۆشخانەی جمهوری. بەشێک لە خەڵکی دڵسۆزی هەولێر بەهانای بریندارەکانەوە چووە، بەڵام لەبەر ڕێگری کردنی پیاوەکانی بەعس نەتواندراوە یارمەتییەکی باشی خەڵکی بدرێت و بریندارەکان بگوازنەوە بۆ شوێنی سەلامەت.

دکتۆر عەتیە حەمەسەعید یەکێک بووە لە دکتۆرەکانی هەولێر، کە کاتێک ئاگادارکراوەتەوە لە بوونی برینداریکی زۆر کیمیاوی خێرا دەگات پێیان. لە بارەوە دکتۆر عەتییە لە کتێبەکەی (گەشتی ژیانم لە کۆیەوە بۆ لەندەن) لە باسی ئەم کارەساتە بەم شێوەیە دەنووسێت:

کاتێک لە 4/16 ساڵی 1987دا ڕژێمی بەعس ناوچەی خۆشناوەتیی دۆڵی بالیسان، بە تایبەتی گوندی شێخ وەسانی بە چەکی کیمیایی بۆردوومان کرد، بەشێک لە بریندارەکان هێنابوویان بۆ شەقڵاوە و ژمارەیان 83 کەس بوو، ئەو خەڵکە لێقەوماوە هانای بۆ ماڵی عوسمان بەگی میران بردبوو، ئەوانیش بۆ نەخۆشخانەی جمهوری (فریاکەوتن) هەولێریان گواستنەوە، دکتۆر هادی نەقشبەندی پزیشکی پسپۆڕی چاو تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی وەرە بەشی فریاکەوتن، کاتێک گەیشتم ئاماژەی بۆ کردم بچم بۆ قاوشەکە، دکتۆر سەلاح جەمالیش لەوێ بوو، ئەوەی من بینیم یاخوا کەس نەیبینێت! ژن و منداڵ بەسەریەکەوە کەوتبوون، هەموو لەسەر ئەرزەکە هەناسەتەنگ و منداڵ بەلادا کەوتبوو، زیاتر لە 80 ژن و منداڵی لێ بوو، من هاتمە دەرەوە گوتم دکتۆر هادی ئەمانە چی لێ بکەین؟ ئەفسەرێکی ئەمن هاتە پێشەوە و گوتی چی دەکەیت تۆ دکتۆری فریاکەوتن نیت، گوتم یارمەتیی ئەو برادەرانەم دەدەم، یاریدەدەری پزیشکەکان خەریک بوون ئاوی موقەتەریان بە چاودا دەکردن، ئەمنەکان نەیانهێشت ئەم کارە بکەن. ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بە چاوی خۆی نەیبینیبێت هەرگیز نازانێت ئەم میللەتە هەژارە چیی بەسەر هاتووە...؟! چونکە ئەوانەی لەنێو جێگەی گەرم پاڵیان داوەتەوە و ئێستاش لەسەر کورسینە و بە تێری نووستوون، گوێیان لەم قسانە هەر نییە و نەشیانبیینیوە، ڕەنگە بڕواش نەکەن! دوو–سێ زیلی عەسکەری هات و هەموویان خستنە نێو زیلەکان، ئەوکات وامان زانی بۆ چارەسەر بۆ نەخۆشخانەی عەسکەرییان دەبەن، دوایی بەدواداچوونم بۆی کرد زانیم بردوویان بۆ نەخۆشخانەی 'عەزلی منداڵان' پشت نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی ئێستا.




بۆ ڕۆژی دواتر بە ڕەحمەت بێت عەلی حەسەن سماقەم لەگەڵ خۆم برد و بۆ ئەو



**ساڵی 1988 سەردانێکی دۆڵی بالیسانم کرد، بە چاوی خۆم بینیم چ کاریگەرییەکی لەسەر دارودرەخت هەبووە، هەتا ڕووەکەکانیش مردبوون**

نەخۆشخانەیە چووین، دەرگاکە کلیل درابوو، یاریدەدەرێکی پزیشکی هات و گوتی:

- خێرە لێرەیت دکتۆر؟
- ڕاستە دوێنێ ئەو ژن و منداڵانەیان بۆ ئێرە هێناوە؟
- (بە ئەسپایی) بەڵێ، بەڵام قەدەغەیە کەس بێتە ژوورەوە.
- تکایە دەرگاکە بکەرەوە تەنها سەیریان دەکەم.

کردیەوە و چووم بۆ قاوشەکە، بە هەزاران وشە بە یەک وێنە نییە کە ئەو کات گرتم، دایک هەبوو سێ منداڵی لەسەر یەک قەرەوێڵە لەگەڵ بوو و دەگریان، ئەوانی تریش دووددو لەسەر قەرەوێڵە بوون، چاویان زەق و لێویان ئێشک و دەلەرزین، وەک ئەوەی دوا هەناسەی ژیانیان بێت! دوو-سێ خولەک لەوێ بووم و هاتمە دەرەوە، کەڵکی ئەوەی نەبوو پرسیاریان لێ بکەم، بەت یاریدەدەرکە گوت زوو برۆین، با چونکە پەرستارەکە گوتی تخوا دکتۆرە ئێرە جێ بهێڵە ئەگەر نا من دەستگیر دەکەن.

هاتینەوە ماڵ دوو-سێ جانتام پڕ کرد لە جلی منداڵان و پێداویستیی ژنان، بە پێکابێک بە عەلی حەسەن سماقمە نارد، ئەویش دابووی بە پەرستار و چاودێرەکەی بەردەگا، بەڵام نەیانگوتبوو کەسی لێ نەماوە، هەمان ڕۆژ بەدواداچوونم کرد گوتیان بە ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ سەربازگەیان بردن. دەنگ و ڕەنگیان نەما تاکو لە ڕاپەڕینی 1991 بۆمان دەرکەوت لە مەعەسکەر زیندەبەچاڵ کرابوون،

دواتر ئەم شوێنە بوو بە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، بە داخەوە پارچەیەک جل یان گوارەیەک، یان خشڵێکی زیویان هەڵنەگرتەوە، کە هەندێکیان خرخاڵی زیویان لە پێ بوو تاکو لەم شوێنە بیکەن بە مۆزەخانە، وەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو دوای هەزار ساڵیش شوێنەوار ئەو کەل و پەلانە دەبینێتەوە کە شەڕی لێ هەڵگیرساوە.

ئەوکات چەند وێنەیەکی ئەو بریندارانەم گرت، کاتێک چووم بۆ کۆرسی منداڵی لوولە لەنێو جانتای جلەکانم شاردنەوە و لەگەڵ خۆم بۆ لەندەنم بردن، بە مەبەستی ناساندنی کارەساتەکە ساڵی 1987، ئەمە دەنگۆیەکی گەورەی بەرپا کرد، بەڵام وەک پێویست بەدەم وێنەکانەوە نەهاتن، چونکە سیاسەتی دەوڵەتان وای دەخواست ئەم کارەساتە بشارێتەوە. بە داخەوە ئەم وێنانەم لەدەست چوو، دوای چەند ساڵێک بۆم بە دەرکەوت کەسانێک سوودیان لە وێنەکان بینیبوو، بێ ئەوەی باسی سەرچاوەکەی بکەن.

دیارە ئەم کارەساتە کاریگەریی زۆری لەسەر ژنان و پیاوانی ئەم دەڤەرە هەبوو، ئەوانەی وەک بریندارێ کیمیایی مانەوە، ساڵی 1988 سەردانێکی دۆڵی بالیسانم کرد، بە چاوی خۆم بینیم چ کاریگەرییەکی لەسەر

دارودرەخت هەبووە، هەتا ڕووەکەکانیش مردبوون، ئەوکات هەمووم بە کامێرای ڤیدیۆ گرت، بەڵام بە داخەوە لە 31ی ئابی 1996 ماڵیان تاڵان کردم، لەگەڵ کەلوپەلەکان بردبوویان.

هەروەها دکتۆر عەتیە لە باسی برینداریکی گوندی وەری دا بە ناوی رابیعە مستەفا بەم شێوەیەکی سەرجڕاکێش باسی کارەساتەکەی دەکات و دەنووسێت: ژنێکی جوان گوارەی سێگۆ و ملەگۆی کوردەواری (زێڕ) لە ملی، لە ڕۆژێکی زۆر سەخت و باران گەیشتە نەخۆشخانەی جمهوریی بەشی منداڵبوون، بە حاڵ هەناسەی دەهات، ڕوحمی تەقیبوو، منداڵەکەی لە سکدا مردبوو، بە خێرایی خستمانە هۆڵی نەشتەرگەری، مەبەستمان ئەوە بوو ژیانی بپارێزین، دوای دوو کاتژمێر نەشتەرگەری و دروونەوەی میزڵدانی تەقیوی، لەگەڵ ڕوحمەکەی و لایەک هێلکەدانی ڕۆیشت، حاڵی جێگیر بوو، ئینجا بۆ قاوشمان هێنایەوە. تا سێ مانگ لە نەخۆشخانەی جمهوری و مەدینەی توب لە لام بوو، وردەوردە هاتەوە سەر خۆی، ڕۆژێکیان بینیم بە کوڵ دەرگیا، بە ئەسپایی گوتم ڕابی چییە؟ گوتی: نازانم بەڵام کەسوکارمان کوژراون و چەند خزمێکمان نەجات بووە و هاتوون بۆ کەلاوەکانی قەڵات و چاویان نابینێت، برسییانە و یارمەتیمان بۆ ناردن، کە سەرمایانە و بریندارن! بۆمان پێکهاتبوو لە دەرمانی چاو و دەرکەوت گوندی وەرێ مەرهەمی برینان، ڕابی سەرێکی



وێنەی منداڵێکی برینداری کیمیاوی
فۆتۆ: دکتۆرە عەتیە

کیمیابیباران کراوە، دڵم دایەوە و لێ دان و دواتر هاتەوە گوتم کێتان لێرەیە؟ گوتی نەخۆشخانە، چونکە میزڵدانی عوسمان و منداڵەکان لەگەڵ کون بوو، بە سێ قۆناغ چەند خزمێکمان لە قەڵاتن، بە نەشتەرگەریم بۆ کرد و دواتر قوربانت بم کەس نازانێت دەنگ چاک بووەوە.
مەکە!

# شازدەی چوار
# ڕۆژی تاوانکاری



د.زریان عوسمان*

**ئەوەی لەگوندی شێخ وەسان مان دیت هەرگیز نەدیترایە ونەبیسترایە لە مێژوی مرۆڤایەتی**

با بێمە باسی ڕۆژگارێکی ڕەش وهەندێك یادگاری ئەو ڕۆژە شومەی ١٦ ی چواری ١٩٨٧تان بۆ بەیان بکەم. ئێوارەکی بەهاری وڕۆژێکی وەك ڕۆژان بو تەنها ئەوە نەبیت وەلی ڕەحمەتی بە تراکتۆرەکەی لە سەروچاوە دەگەڕاوە وهەواڵی کۆبونەوەی هێزێکی زۆری جەیش وجاشی پێبو ،لە هەردوو دیوی بێتواتە وخەلیفان. ئێوارەکی زوو هێشتا دونیا تاریك دانەهاتبو تازە گاڕان دەگەڕانەوە ناو گوندی، ئاسمان ساماڵبو تەنها چەند پارچە هەورێك هەبو، بەندە لە نەخۆشخانەی خەتێ بوم لەگەڵ هاوڕێیانی دەستەی نەخۆشخانەکەمان کە لەسەر کانی سماندارێمان دروست کردبو. ئەو چیرۆکەم لە زۆر کۆڕ وکۆبونەوەی کوردستان ودەرەوەی وولات بە زمانی انگلیزی گێڕاوەتەوە لەوانەش لەنێو پەرلەمانی بەریتانیا بە ئامادەبونی چەندین ئەندام پەرلەمان وشارەزای چەکی کیمیاوی وکەسایەتی جیهانی. هەر وەها لە دادگایی کردنی دکتاتۆری تاوانبار سەدام حسین لە کەیسی ئەنفال.

لەو ئێوارە ڕەشە لەناکاو چەندین هەلیکۆبتەر لە زینەتیر پەیدابون، لەسەر ڕێیە خۆڵەکەی ئەوکات بۆمبیان بەردەدایەوە دەنگیان کەمبو بەڵام دوکەڵێکی ڕەشیان هەبو، نەمانزانی چی ڕوو دەدات. کۆبتەرەکان زۆربون ٦-٨ بەیەکەوە بون هاتنە ناو دۆڵی بالیسان وبەرەو بالیسان وشێخ وەسان چون وەسوڕانەوە ، بۆمبەکانیان لە ئێمەوە دیار نەبون. پاش چەند خولەکێك ٤ فڕۆکەی جەنگیش پەیدابون لە کۆبتەرەکان بڵندتر دەفڕین بەڵام خۆیان نەویدەکردەوە بەنۆبەت، بە ئاڕاستەی بالیسان وکانی بەرد وشێخ وەسانان دەچوون . من وامزانی حکومەت انزال دەکات لە دۆڵەکە بەتایبەت هێزی کەم لێ مابو تەنها شەهید حەسەن کوێستانی ودەستەکەیی و پێشمەرگەی بەندیخانە ونەخۆشخانە ڕاگەیاندن و دادگا. باقی هێزە شەڕکەرەکە بەرەو دۆڵی جافایەتی چوبون بۆ شەڕەکانی ئەو سنورە وبەرگری لە سەرکردایەتی.

گشت فڕۆکەکان وکۆبتەرەکان بەرەو هەولێر گەڕانەوە ودونیا تاریك وبێ دەنگ داهات. ئەو ڕۆژە شنە بایەکی بەهاری لە ڕۆژهەڵاتەوە کە لای سەرو چاوەیە بەرەو خەلیفان دەهات وبۆنەکی لێدەهات وەك بۆنی گیا و سیر یان دەڵێن سێوی بۆگەنی ئەوناوەی پڕ دەکرد وبۆنەکە لە هەوابو، ئەو کات گومانمان کرد کیمیای لێداوە. ئەوە یەکەمجاربو کیمیا لە سنوری ئێمە بەکاربێت وهیچ شارەزاییەکمان نەبو لێی. دونیا تاریك داهاتبو، بەخۆم وکاك سەلام کە پێشمەرگەی نەخۆشخانە بو بەڕێکەوتین بۆ لای بارەگای کوێستانی ئەوکات لە سەر ئاوێك بو لەخوار توتمە. لە ڕێچکەی پیادە بەناو سپیلکە دا چوین وئاودیو بوین بۆ لای شەهید کوێستانی. ئەوانیش گومانیان هەبو کیمیای لێدایە، وجیهازی ڕاکاڵیان کردەوە لەگەڵ مام جەلالی ڕەحمەتی قسەمان کرد وگوتمان سنورەکەمان کیمیا باران کراوە، گوتی ئاگاداری بکەینەوە لە ڕوداوەکان. دواتر ئێمە گەڕاینەوە خەتێ وهیچ دەنگ وباس نەبو. من چوم هەندەك پاڵدەمەوە وشەو درەنگبو بەخەبەر هاتم لەگەر گریان وهاوار وگرەگری تراکتۆر، وەك ڕۆژی حەشربو. خەڵکێکی زۆری شێخ وەسان وبالیسان وکانی بەرد ڕوویان لە نەخۆشخانەکەمان کردبو بۆ عیلاج. زۆریان کوێربون وچاویان هەڵئاهات وپێستیان سوتابو وپڵۆقی گەورەیان پێوەبو ،خوێن دەڕشانەوە، هەندەگ گیانیان دەدا وهەناسەیان دەرناچو ئافرەتێك منداڵی لەبارچوبو ووووو نازانم چۆن باسی ئەو شەوە بکەم. خەڵکی پەشۆکاو سەرلێشێواو بون کەس نەیدەزانی چی ڕویداوە؟. ئەوەندەی پێمانکرا جلکەکانمان گۆڕین وهەندەك جلکی نوێمان لە گوندی خەتێ وەرگرتن وهەندەك سەروچاومان شوشن لە ئاوە ساردەکەی کانی سماندارە وقەترەیەم بەخۆم تێکەڵ کرد ولەچاومان دەکردن. ئەو هەرا ومشەوەشیە بەردەوامبو هەتا دونیا ڕۆژ بووەوە ،ئەوکات حکومەت بێ بەرگریەکی ئەوتۆ پێشکەوتبو ولەجادەی خەلیفان هاتبوە پێش ودەنگی دەبابەکان دەهاتن وتۆپ بارانیش بێ ژمارەرەبو . ئێمە دەستەی نەخۆشخانە ٧-٨ کەسەێك بوین وئەو بریندارانەی ویستیان لەگەڵمان بێن هەوراز ڕۆیشتین ولەو دۆڵی پشتی نەخۆشخانەکە بەسەرکەوتین. ئەو



خەڵکەی نەیهەویست یان نەیدەتوانی بەرەو خوار وجادەی قیڕ وهێزی حکومەت شۆڕ بونەوە ونەمانزانی چیان بەسەرهات. ئەوانی لەگەڵ ئێمە هاتن چەند بریندارەك بون وهەندەكیان چاویان هەڵناهات ودەبوایە لەو سەرباری خەتێ ولەناو ئەو ڕێیە ناخۆشان هەڵیان بگرین لە هەندەك شوێن. ئەو ڕۆژەی چوینە ئەشکەوتەك ناوی کونە ئاوە لە زینوی بەینی خەتە وشێخ وەسانان. شەوێ لەوێ ماینەوە و هیچ خواردنمان لا نەبو، بەڵام ئەشکەفتەکە ئاوەکی تێدابو دڵۆپ دڵۆپ لە یەرێ دەهاتە خۆار. لێمان دیاربو هاتنە ناو خەتێ وپشت خەتێ،گوێمان لە دەنگە دەنگیان بو بەرەو لای ئێمە سەردەکەوتن بەڵام نەگەییتنە ئەشکەوتەکەی، ئێمە تفەنگمان حازر کردبو ئەگەر لێمان نزیکتر بکەونەوە، بەڵام ئەوان زۆر بون بۆیە پێمان باشبو خۆمان دەرنەخەین بەتایبەت ئەو بریندارانەمان لەگەر بون. شەوێ دیار بو خەتێ وگوندەکانی ئەو دۆڵەیان سوتاند بەتەواوی ودۆڵەکە ڕەنگی سووربو وەك پشکۆیەك دەگەشایەوە وبۆنی دوکەڵ دۆڵەکەی پڕکردبو. هێزی حکومەت نەچونە ناو ئەوگوندانەی کیمیاباران کرابون وەك بالیسان وشێخ وەسان بۆیە نەدەسوتان. بووە ڕۆژی دووهەم وشەو بەسەرچو دونیا بەرەو ڕوونی دەچو دەرکەوتین لە ئەشکەوتەکە و لە زینوەکەی ئاودیوبوینە ناو شێخ وەسانان. ئەوکات بریندارەکان لێمان جیابونەوە وپێیان باشبو شۆڕبنەوە بەرەرەو کانی بەرد وبالیسان. ئەوەی لەگوندی شێخ وەسان مان دیت هەرگیز نەدیترایە ونەبیسترایە لە مێژوی مرۆڤایەتی . چەندین چێی بۆمب وچاڵەکی دەوری یەك مەتر قوڵ ودوو مەتر پانایی لەناو گوندی هەبون. قۆڵتەکان شتێکی سپی وەك گەچیان تێدابو ، دار وبەرد لەو گوندە مردبون. وهەرچی بزن وچێڵ وماڵات وتەیرومریشك وزیندەوەر گشتی مردبون هەندەك ماڵ خەڵکی مردوی تێدابون بەڵام ئێمە زۆر نەماینەوە وسەرکەوتین بەرەو پشتی گوندی وهەوراز چوین بەرەو شاخی پشت شێخ وەسانان ئەوکات لەسەرێ دانیشتین وتەماشەی ئەو هێزە گەورەی حکومەت لە جیش وجاش ودەبابە کە دۆڵەکەیان پڕ کردبو لە سەرتاسەری جادەی قیڕەکە. پاش نیوەڕان بو ئاودیو بوینە مەلەکان، شەهید کوێستانی وپێشمەرگەکانی دیکە هەمو لەوێ بون. لەوێش تۆپ باران دەکراین لە مەعەسکەری سپیلکەوە. خەڵکی مەلەکان زۆربەیان لەوێ بون وخواردنیان داینێ. یەك شەو لەوێ ماینەوە ڕۆژی دواتر بەسەرکەوتینەوە بەرەو خەتێ، گوند یەکپارچە سوتابو وبەنەخۆشخانەشەوە. دەستمانکرد بە دروستکردنەوەی نەخۆشخانەکە ،دیوارە بلۆکەکانی ڕەشبون بەڵام هەربەپێوەبون . ووردە ووردە خەڵکی گوندی خەتێش گەڕانەوە وژیان بەردەوامبو. پێویستی نەوەکانی داهاتی ڕاستی دڕندەیی ڕژێمی سەدام بزانن وئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورد هاتون وهەر وەها ئازایەتی قوربانیدانی جوتیاران بزانن . بەداخەوە لەوەتی کورد هەیە وەزعی وەك ئێستا ناتەبا نەبووە بەتایبەت لە باشور. لاوان هەستی نیشتیمانپەروەری و کوردپەروەریان کەمبوە و زۆر کەس تەمەنا بە گەڕانەوە سەدام دەکەن" ئەویش ڕەشبینی وبێ هیواییە لە گەندەڵی وکلکایەتی دەستەڵاتی کوردی وشەڕی ناوخۆ و برسیکردنی خەڵکی و بێ کاری و...هتد. هەربۆیەش بە هەق وبەناهەق هەندێك خەبات و ماندوبوون قوربانیدانی شۆڕش وپێشمەرگە وجوتیاران بە هەند نازانن هەمووی بەیەکەوە دەبینن .لەکاتێکدا دەبوایە ئەو جینۆسایدە بەسەر کورد هات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکاربێ بۆپشتیوانی لە دۆزی کورد بەرەو سەربەخۆیی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم بەداخەوە ئەو دۆڵەی کە قارەمان، شەهید بەخش، پڕ لە سەخاوەت ونیشتیمان پەروەری، ئەزیەتی ساڵانێکی قات وقڕی وقەسفی تۆپخانە و فرۆکەی دوژمن نەیڕوخاندن، بەڵام نا ئومێدی وبێ هیوایی دەسەڵاتی کوردی شەرمەزاری کردین ولەڕوومان نایەت روو لەو ناوچانەش بکەینەوە کە بەڵێنی بەدرۆی زۆرمان پێدان وهیچیان نەهاتنە دی. من بەش بەحاڵی خۆم داوای لێبوردن لە میللەتی خۆم دەکەم کە ماوەك بەناو وەزیری تەندروستی بوم وبەژداربوم لەو دەسەڵاتە ونەمتوانی لە ئاستی داخوازیەکانی میللەتەکەم بم.

*وەزیری پێشوتری تەندروستی
حکومەتی هەرێمی کوردستان

# یادەوەریەك لە ڕۆژی كیمیابارانی گوندەكانی شێخ وەسان و بالیسان



**عەبدوڵلا كانیبەردی**

ئێوارەی ڕۆژی 1987/4/16 لە پێش بارەگای تیپی (83) ی هەوری بووم لە گوندی كانی بەرد، دەنگی فرۆكە هات و سەیری ئاسمانم كرد دوو فرۆكە بوون بەسەر گوندی شێخ وەسان سورانەوە دەنگی چەند بۆمبێك هات و دوكەڵێكی زۆری بۆمبەكان لەپشت گوندی شێخ وەسان بڵاو بۆوە كە دواتر زانیمان ئەو بۆمبانە بۆمبی دووكەڵ بوونە، دواتریش دوو فرۆكەی تر پەیدابوون و دووی تریش لەسەر شاخی هەوری دەركەوتن و ئەو ئاسمانەی دۆڵی بالیسان پڕبوون لە فرۆكەی جەنگی كە ژمارەیان لەنێوان(8– 12) فرۆكە ئەبوون و بەردەوام بۆمبیان بەسەر گوندەكانی شێخ وەسان و بالیسان و كانی بەرد دەباراند.

پاش تەواوبوونی بۆردومانەكە لەگەڵ مام بەكر ( كانی بەردی )و كاك كیفی ( شەقڵاوەیی) بەپەلە بەرەو گوندی شێخ وەسان بەڕێكەوتین بۆ بەهاناوەچونیان، پێش ئەوەی بگەینە ناو گوند هەستمان بە بۆنێكی زۆر قورس و ناخۆش كرد كە پێمان وابوو ئەو بۆنە هی زۆری بۆمبەكانە . گەیشتینە ماڵەكانی پێشەوەی گوند شەهید (جلال حاجی ئەحمد) لەپێش هەیوانی ماڵەكەیدا ئەهات و ئەچوو، هەواڵی خۆی و گوندمان لێپرسی ووتی: خەڵكی گوند هەموو سەلامەتن تەنها (كاك زاهیر) بەسوكی بریندابووە، بەڵام من ژانە سەرێكی زۆرم هەیە هەرچی ئەكەم هەر خراپتر ئەبم . دواتر چووینە ناو گوند و كۆمەڵێك گەنج لەبەر دوكانی شەهید یوسف وەستابوون و زۆر ئاسایی بوون و بۆ ئێمەش جێی دڵخۆشی بوو كە بە و هەموو بۆردومانە تەنها یەك بریندار هەیە. دواتر سەردانی شەهید حاجی مان كرد بۆ هەواڵپرسین و كەمێك لای دانیشتین ئینجا من و كاك كەیفی گەڕاینەوە كانی بەرد و مام بەكریش ووتی من درەنگانی شەو ئەگەڕێمەوە.

كە دونیا تاریكی كرد دەنگی كۆپتەر ئەهات و بۆردومانی چیاكانی دەرەشیر و دەرەدار و ئاراسنی ئەكرد .

دوای سێ كات ژمێر هەستمان بە ئازاری چاوو قورگ و خورانی پێست كرد كە نەشمان ئەزانی هۆكاری ئەو ئازارە چی یە . درەنگانی شەو كاك د. جلیل دكتۆری شۆرش بوو كە خەڵكی بەغدا بوو ماڵی لە كانی بەرد بوو و هاتە لامان و ووتی ئەم بۆردومانە گازی كیمیاوی بووە . قەترەو مەرهەمی پێداین و ووتی هەرئێستا جلەكانتان فڕێ بدەن و خۆتان بشۆن . ئێمەش بەقسەمان كردوو تارادەیەك ئازارمان كەم بووەوە.

بەداخەوە ئەو شەوە بوو بە كارەسات و ڕۆژی حەشر، هەموو ئەوانەی كەبەر گازی كیمیاوی كەوتبون بریندارببوون.

بۆ بەیانیش ڕژێم لە دوو قۆڵەوە هێرشێكی بەر بڵاوی كردە سەر دۆڵی بالیسان كە ئەو كات زۆربەی پێشمەرگەكانی مەڵبەندی سێ لە دۆڵی جافایەتی (سەركردایەتی) بوون بۆ تۆماركردنی داستانی ڕزگاری لەبەر ئەوە بەو ژمارە پێشمەرگەی لە بارەگاكان مابوون لە توانای ئەو هێرشە گەورەو بەربڵاوە نەبوون.

دیارە كە هەواڵی بۆردوومانەكە بڵاو بۆوە خەڵكی دڵسۆز ڕویان لەو گوندانە كرد بۆ ڕزگار كردنی بریندارەكان و بردنیان بۆ نەخۆشخانە بەمەبەستی چارەسەر، بەڵام بەداخەوە نەك هەر چارەسەر نەكران بەڵكو لە نەخۆشخانەی ڕانیە كرابوون بە دوو بەش بەشێكیان بۆ هەولێر ڕەوان كرابوون كە دائیرەی ئەمنی هەولێر چاودێری دەكردن و پیاوەكانیان لە ژنەكان جیاكرابونەوە و دواتر هەموویان زیندەبەچاڵ كرابوون، بەشەكەی تریش بۆ سلێمانی ڕەوان كرابوون كە لە نەخۆشخانەی سلێمانی پێ یان زانی بوو كە دائیرەی ئەمن بە دوایانەوەیە لە لایەن دكتۆر و كارمەند و خەڵكی دڵسۆز بریندارەكانیان دوور خستبۆوە و بردبویانە ماڵی خۆیان و چارەسەری سەرەتاییان بۆ كردبوون و

دواتر پەیوەندیان بە کەسوکاریان کردبوو و گەڕانەوە بۆ سنوری خۆیان.

دیارە بەشێك لە بریندارەکان لە ناو گوند و دەورو بەری گوند و ئەشکەوتەکان مابوونەوە. ئێمەش من و کاك تەها کانی بەردی و کاك کەیفی شەقڵاوەیی و مام بەکر و کاك جمال شەهید عبدالله بادینی ڕۆژی دوایی بۆردومانەکە چوینە سەر شاخی سەرەوار و بۆ شەویش چوینە ناو چادری حاجی سمایل شێخ وەسانی لە دۆڵی شێخێر.

پاش نیوە شەو دەنگی دوو کەس هات کە هاتنە پێشەوە خوالێخۆش بوو مام بایز شێخ وەسانی کاك ئازادی حاجی سمایل بوون، مام بایز کە براو براژن و ئامۆزاو کەس و کار و خزمەکانی لە هەولێر بینیبوون کە لە چ دۆخێکی تەندروستی خراپدا بوون، بۆیە لەوێ بڕیاری دابوو ببێت بە پێشمەرگە ئەو شەوە یەکەم شەوی پێشمەرگایەتی مام بایز بوو کە بە حەق پێشمەرگەیەکی دڵسۆز ونیشتمان پەروەر بوو .
پاش ئەوەی ڕژێم ئەو گوندانەی دەست پێگەیشتن سوتاندن و بەتاڵانی بردن و کشایەوە.

ئێمەش لەگەڵ مام بایز و کاك ملا مغدید شێخ وەسانی کە ماڵی لە مەلەکان بوو هاتبو هەموومان پێکەوە چوینە ناو گوندی شێخ وەسان, بەڵام چ ببینین ئەو گوندە ئاوەدانە بوبوە گوندێکی چۆڵ لە ناو گوند سەدان کۆتر و چۆلەکە بە گازەکە مردبوون . ئاژەڵەکانیش کوێر ببوو ن و چەند ماڵێك گەڕاین ووتمان بەڵکو خەڵکی لێمابێ و هاوکاری بکەین بەڵام هەموو گوند ئەوەندە چۆڵ بوو بۆنی ژیانی لێ نەمابوو تەنها مام حاجی کریم مان لە ژورێکدا دۆزیەوە لەسەر جێگا راکشابوو, کەچوینە ژورەوە و زوو خۆمان پێناساند دیار بوو تەندروستی زۆر ناجێگیر بوو تکای لێ کردین کە نەیجولێنین ئێمە هەندێك نان و ئاومان لە تەنیشت دانا وتمان

# لە ناو گوند سەدان کۆتر و چۆلەکە بە گازەکە مردبوون

دواتر سەردانی ئەکەینەوە بەڵام بە داخەوە پاش ئێمە گیانی سپاردبوو . دواتر هاتینەوە کانی بەرد .
دوای چەندین ڕۆژ د.جلیل شوێنی هەموو بۆمبەکانی سوتاند بۆ ئەوەی کاریگەری گازەکە نەمێنێ . کە ئەو ووتی تەنها لە گوندی شێخ وەسان (48) بۆمبی لێداوە . لە کانی بەرد دوو بۆمب کەوتبوونە ناو مێرگ لە خوار گوند و نەتەقیبونەوە، لە بالیسانیش ژمارەیەکی زۆر بۆمبی لێدابوو کاریگەری گازەکە ئەوەندە بەهێزو زۆر بوو کە حەفتەیەك دوای بۆردومانەکە لە گوندی شێخ وەسان تا دەشتی بالیسان بە بەرینی نزیکەی (500) مەتر هەموو ئەو گیا سەوزەی بەهار زەرد هەڵگەڕابوو .

دیارە برینی گازی کمیاوی چاك بونەوەی بۆ نییە تەنها بە داو دەرمان کەمێك لە ئازارەکان کەم دەکاتەوە، هەر ئەو کاریگەریەشە کە ساڵ نی یە چەند بریندارێکی گازی کیمیاوی شەهید نەبێت. بریندارى کیمیاوی ناتوانێت پڕ بەسیەکانی هەناسە هەڵمژێ بەشێکیشیان بە ئامێری ئۆکسجین هەناسە وەرئەگرن کە ئەمەشیان ژیانێکی پڕ لە ئازاری مەمری و مەژی یە و هیچ کاتێك بریندارەکان ناتوانن نیو کاتژمێر بەرێگادا بڕۆن.
دیارە پاش ڕاپەڕین دەرکەوت کە ئەوپیاوانەی لە هەولێر جیاکرابونەوە لە گۆڕستانی مەعمەل قیڕ لە هەولێر زیندەبەچاڵ کراون و بە هیمەتی دڵسۆزان تەرمی پیرۆزیان گەیاندرایەوە زێدی خۆیان و لە گۆرستانێکی تایبەت لە بالیسان بەخاك سپێردانەوە .

هەزاران درود بۆگیانی پاکی شەهیدانی کیمیاوی و گشت شەهیدانی کوردستان و هیوای زوو چاك بونەوەی بۆ بریندارەکان دەخوازم.

# تراژیدیای بوون و بوونی تراژیدی





**هاوڕێ توانا- ئارام محمد**

قسەکردن لەبارەی ئەنفال و کیمیاباران و ڕیشەکێشکردنی ڕەگەزیی (جینۆساید) خۆی قسەکردنە لەسەر هاوکێشەی بوون و نەبوون. مەرگ و ژیان، قوربانی و جەلاد یان دروستتر بیلێم: ئامادەیی و نائامادەیی ئێمە لە چ ئاستێکە چ وەك مرۆڤێك و چ وەك نەتەوەیەك؟ هەڵبەت بوونی مرۆڤی کورد بوونێکی تراژیدیە. بوونێکی ترسێندرا و تاسێندراوە. واتا بوونێکە لێوانلێوە لە قەیران، تەنگەژەی بوون و نەبوون، وەك پرسێکی هەڵپەسێردرا، مێژوویەکی درێژی هەیە.

تراژیدیا بە مانای ئەوە نا ئێمەی کورد بوونی خۆمان وەك پرسە و شێوەنێك بگێڕین. وەك کراوەتە نەریتێك، زۆرتر چێژ لە نووزانەوە دەبینین و بەردەوامیش خۆ بەزوڵملێکراو پێشان دەدەین. مەبەستمان ئەوەیە ناسنامەی بوونی ئەم مرۆڤە(کورد) سەرلەبەری تراژیدیایەکە و پێویستی بە هۆشیاری و ئاگامەندی هەیە. قوربانیبوونی کورد دەشێت ڕەنگە زەقەکەی ئەو تراژیدیایە بێت. تۆختر بڵێین مرۆڤی کورد هەمیشە دیلی تراژیدیاییەکی سیاسییە، کە بریتیە لە چەوسانەوە و هەڕەشە لەسەربوون، خۆی هەر ئەمەش بووەتە ناسنامەی بوون و هۆشیاری ئەو تاکە(کورد). هاوکات تراژیدیا سیاسییەکەش جۆرە داگیرکردنێکی دیکەی نێوخۆی ئەم مرۆڤە بووە. مرۆڤێك ناچارکراوە و دەشکرێت سازش لە بوونی خۆی و مافەکانی بکات، لە کاتێکدا قایلیش نەبێت بە بڕیارە سەختە نامرۆییەکانی دەوروبەری(عەرەب و فارس و تورك).

لەوە تراژیدیتر ئەوەیە: ئەم مرۆڤە خۆی بە داماو دەزانێت کە داگیرکراوە، بی ئەوەی ڕیشەکانی داگیرکەر لە خۆی داماڵێت. گومانی تێدا نیە دەشێت زانینی بارودۆخی خۆی هەماهەنگ بێت بۆ ڕزگار بوون لەم دۆخە تراژیدیە. بەڵام ئەوەش مەرج نیە هەموو زانینێك هەنگاوی پراکتیکی بەدواوە بێت، چونکی خۆڕزگارکردن پێویستی نەك هەر بەزانینێکی ڕووتە، بەڵکو پێویستی بە ویست و خواستێکیشە کە لە ئەنجامی باوەڕبوون بە گۆڕانکاری دروست بووبێت. لێرەدا پرس و پرسیار ئەوەیە: ئایە بوونێك دەبێت بە قوربانی ئەگەر ئەو بوونە بۆ بوون بە قوربانی ئامادەیی نەبێت؟ یان قەبووڵکردنی بۆ بوون بە قوربانی نەبێت؟ یان ئەگەر ئیشتیهای باوەشکردنەوەی نەبێت بۆ بوون بە قوربانی و هەڵکردن نەبێت لەگەڵ دۆخی تراژیدیی خۆی. ئەگەر وانیە بۆ دەبێت دوای چەند دەیەك لە مەرگەساتی ئەنفال و کیمیابارانکردن، هێشتا لەژێر هەمان هەڕەشە و مەترسیدا ژیان بگوزەرێنین؟

خاڵێک یان پنتێک کەوا دەکرێت لێیەوە دەست پێ بکەین و وەک دەرگایەک بە ڕووی ئەو قەیرانە و کێشە وجودیەدا بکرێتەوە بریتیە یادگەیەکی لاوازو و کول، لای تاکی ئێمە. دەستپێکی ئەم فۆرمە لە کوردبوون، کە وەک بوونێکی تراژیدی یان وەک بوونێکی قوربانی دەردەکەوێت، پێوەندی بە نەبوونی یادەوەرییەوە هەیە. بۆیە تا بارگۆڕانێک لە بونیاد و ئالۆگۆڕێک لە تێفکرین ڕوونەدات، هەر قسەکردنێکی کلێشەیی و چەندبارەی گێڕانەوەی پچڕ پچڕی ڕووداوەکان و ژماردنی قوربانیەکان هیچ کۆمەکێک بە ئێستا و ئایندەی ئێمە ناکات. ئیدی نابێت لامان سەیر بێت کاتێک پرسی بە نەتەوەبوون یان یەکێک لە کۆڵەکەکانی بە نەتەوەبوون پەیوەست کراوە بە خەیاڵدان و یادگەی هاوبەش.

بەشێک لە تیۆریست و بیرمەندان، پێیان وایە یەکێک لە پایەکانی نەتەوە بریتیە لە بوونی یادگەیەگی بەهێزی هاوبەش جا ئەوە یادگەیە مەرج نییە هەر یادگەیەکی بریندار و کارەساتاوی بێت، کە بە داخەوە لەو ڕووەوە ڕووبەری گەورەی مێژووی ئێمەی داگیرکردووە. بەڵکوو شینوشایی سەرکەتنەکان و ژێرکەوتنەکان، سیمبۆڵ و هێما مێژووییەکان تەقەڵێکن بۆ گرێدانی جڤات و نەتەوە. هەڵبەت بە ڕوونی کۆی ڕژێمە کۆکوژوو سەردەستەکانی کورد، گەرەنتی بەردەوام بوونیان لە تاوانەکانیان بەوە کردووە، لە سایکۆلۆژیا و لاوازی یادگەی ئێمە شارەزان. لەو ڕێگەوە بە پرۆژە کار کراوە و دەستکاریەکی ڕیشەی ئەو یادگەی ئێمەیان کردووە، بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت. بۆ نموونە شێواندنی مێژووی ئێمە ڕوونادات ئەگەر لە شێواندن و ونکرنی یادەوەری ئێمەوە دەست پێ نەکرێت. بۆیە ئەرکی گرنگ و گران و سەرەتای ئێمە وەک نەتەوە دەبێت بارگۆڕانەکە لەو یادگە شێوێندراوەوە ڕووبدات. ئەوەش بەوە نابێت کە ئێمە ساڵانە لە ڕۆژێکی دیارکراودا چەند چرکەیەک بیرمان بێتەوە و بیرمان بکەوێتەوە، چیمان بەسەر هاتووە. هەر بە مۆدەبوون و بە مۆدەکردنی یادەکان لە ساڵێکدا، چەند خولەکێک و شیوەنگێری بۆڕابردوو، ڕێئەوەی ئەو شیوەنە دەستکاری ژیان و بوونمان بکات، ئەمە لە بەرژەوەندی هێزە سەردەستەکانی دەوروبەرمانە. دەبێت لە ڕیشەوە ئەو تێگەیشتنە بگۆڕین، لە جیاتیی نووزانەوە و یادکردنەوەی بەم جۆرە، دەبێت مەرگەسات و کارەساتەکان تەوزیفی ژین و ژیانێکی شکۆمەندانەمان بکەن. ئەوە ئاشکرایە نەتەوە قوربانیدەر و جینۆسایدکراوەکان زۆر لێزان و هونەرمەندانە تەوزیفی کارەساتەکانیان کردووە. کارێکی زەحمەت نییە، سوود لەو مێژوو و ئەزموونە گرنگانە وەربگرین.

**لە بارەی نەبوونی کۆ- یادەوەرییەوە**

(لە هەولێر گەنجێک بە پێش یەکێک لە کافیتریاکانی شەقامی ئیسکاندا تێپەڕ دەبێت. گوێی لە گۆرانییەک دەبێت، کە پیاهەڵدانە بە سەدامی گۆربەگۆڕچوو. لە شوێنی خۆی دەوەستێت. تەماشای ناوەوەی کافیتریاکە دەکات. خەڵکێکی زۆر سەرمەستانە خەریکی یاری جۆراوجۆر و خواردنەوەی چا و قاوە و نێرگەلەکێشانن. دیقەت دەدات تەمەنی جیاواز جیاوازیان تێدایە. تاک تاک نەبێت، هەموویان کوردن. هەیانە تەمەنی نزیکەی پەنجایە،هەشە لە دەوروبەری سییە. زۆرینەیش ئەوانەن کە بن بیست ساڵن. هەمووان پێکەوە چێژ لەو ئەتمۆسفێرە وەردەگرن.)

ئەمە لە ڕووکەشدا ڕووداوێکە، یان ڕەنگە لە چیرۆکێکی سادە بچێت، بەڵام ئەگەر بە دیقەت و دیاردەناسیانە لەم گێڕانەوەیە وردبینەوە، تێدەگەین ئەمە مانیفێستی شکستی نەتەوەیەکە کە زیاد لە سی ساڵە نەیتوانیوە شتێک دروست بکات بە ناوی کۆ- یادەوەری هاوبەش لەسەر پرسی جینۆساید. پێش ئەوەی باسی بایەخ و گرنگی یادەوەری هاوبەش بکەین بۆ دۆخی هەر نەتەوەیەک، لەم ڕووداوەدا دەپرسین: تۆ بڵێی ئەم خەڵکانە ئاگادار نەبن، کە ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی و سەدامی خوێنڕێژ، بڕیاری قڕکردن و

کیمیاباران و ئەنفالی کوردی دا؟ ئایا ئەو چیرۆکانەیان نەبیستووە ئەو هەموو ژن و منداڵە تەنیا مانەوە. ئەو هەموو دایکە چاویان لە چاوەڕوانیدا کوێر بوون. ئایا ئەنفال و کیمیاباران و جێنوساید چووە مێژووەوە و ئیدی نەوەی نوێ هیچ پێویستی بەم مێژووە نییە؟ ڕۆڵی پەروەردە لەم پرسەدا بە پلەی یەکەم دێت. لە جیاتی خوێندنی مێژووی هەموو جیهان، مێژووی کۆن و نوێ، دەبوو بە پلان لە هەموو قۆناغەکان وانەیەك هەبێت دژ بە لێخۆشبوون و لە بیرچوونەوەی ئەوەی بەسەرمان هات. ئەو ئاگایی و ڕۆحە سەرکەشە لە منداڵدا دەبێت چەکەرە بکات. دەبێت هەموو ئەوانە لە خۆیان بترسن کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئەرێنی وشەیەك لە بارەی بەعسەوە دەڵێن. لە پاڵ پەروەردەدا، بە پلەی دووەم، دەبوایە بەردەوام پرس و باسی ئەو ڕووداوانە لەبەر چاوان بووان. مەبەستم بایەخدانە بە ئەدەب و هونەر بەگشتی. ئایا کارێکی زەحمەت بوو سالانە خەلاتێك هەبێت تایبەت بەو کورتە فیلمانەی باس لە جینوساید دەکەن؟ یان لە سی ساڵی ڕابردوودا ئەگەر خەلاتێك هەبووایە بۆ ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی باس لە تراژیدیای ئەنفال و کیمیاباران دەکەن، ئێستا خاوەنی دەیان بەرهەمی گرنگ دەبووین. هەڵبەت ئەم پرسە دەبێت هەمووان بە پرسی خۆمان بیزانین. بابەتەکە پێوەندی بە



## شێواندنی مێژووی ئێمە ڕوونادات ئەگەر لە شێواندن و ونکرنی یادەوەری ئێمەوە دەست پێ نەکرێت

شکۆمەندی نەتەوەیەکەوە هەیە. پرسی مان و نەمانە. ئەم باسە نابێت تێکەڵی هیچ پرسوباسێکی ئایدۆلۆژی و ململانێی نێوخۆیی بکرێت.

یادەوەری لە ڕووبەری تاك و کۆدا جۆرێکە لە هێز، ئەم هێزە لە بەکارهێناندا خۆی بە زیاد لە شێوەیەك دەگۆڕێت. تێکەڵبوونی ئێمە بە ڕووداوەکان، سەرقاڵی و جۆری بیرکردنەوەمان، وا دەکات ئەم هێزە بجووڵێت و کارا بێت، یان بمێنێتەوە. هەموو ئەو شتانەی خۆشمان ویستوون، یان ڕقمان لێ بوونەتەوە، لە پاڵ ئەو شتانەی خۆشمان دەوێن و ڕقمان لێیان دەبێتەوە، هێزێك ڕابەرایەتیان دەکات. ئەم ئەزموونە گەشە دەکات و لە ناو چوارچێوەیەکدا مانیفێست دەبێت، کە ناوی جیاوازجیاوازی لی دەنرێت. ئێمە لێرەدا بە ڕۆح پێناسەی دەکەین. ئەو ڕۆحە کۆکراوەی یادەوەرییەکانە. دواجار وەك ئەوەی ئەرستۆ دەیڵێت، یادەوەرییەکان دانەری ڕۆحن. لێرەوە هەر یەکێك دەکرێ لە یادەوەرییەکانی ڕابمێنێت، تا پێناسەی ڕۆحی خۆی بکات. ئایا خاوەنی ڕۆحێکی بریندارە و هەژارە؟ یان خاوەنی ڕۆحێکی سەرمەست و سەردارە. لە ڕوانگەی یادەوەرییەکانمانەوە، دەکرێ خۆمان بە قووڵی بناسین. ئامانج لەم قسانە وردبوونەوەیە لە ڕیشە و

کاریگەری هەبوون و نەبوونی یادەوەری وەك هێزێکی کاریگەر لە ئاراستەکردنی ژیاندا.

لەم دەرگەیەوە، تەماشای ڕۆحی کورد دەکەین. سەرەتا لە یادەوەری تاکەوە، پاشان دەپەڕینەوە بۆ ڕوانین لە یادەوەری کۆمەڵگە. لێرەوە چەند پرسیارێك دەکەین. ئێمە چەند بە ئاگاین لە بەرانبەر هێزی ڕۆح؟ چی وای کردووە، ئەو ڕۆحە لە جووڵە بکەوێت؟ کاتێك پرسیار دەکرێت دوای ئەو هەموو کارەساتە تراژیدی و ترسناکانەی لە ڕابردوودا ڕوویاندا و ڕۆحی تاك بە تاکی هەلا هەلا کرد، چۆن ئەو ڕۆحە بریندارە وا خێرا تیمار بوو؟ چۆن ئەو ڕۆحە وا خێرا جەلادەکانی لە یاد کرد؟ ئایا ئێمە یادگەمان سروشتییە؟ چۆن وا خێرا دوێنێمان بە هەموو برینەکانەوە جێهێشت و خەریکین لە سەرەتاوە کۆشش دەست پێ دەکەینەوە. ئایا تا کەی و تا چەند ساڵی دیکە بەرگەی ئەو بێئەزموونییە دەگرین؟ ئایە ئەو دۆخە پەیوەندی بە بوونی ئێمەوە هەیە و ئەم دۆخە گریمانەی گۆڕانی کۆتایی هاتووە؟ لێرەوە دەکرێ تەماشای مێژوو بکەین. کورد لە پێگەی تاك نا، چونکە وەك تاك زۆر کات و زەمان وەك تاك خۆی لەناو بوونێکی یونیڤێرساڵ بینیوەتەوە. بەو مانایەی ئەو تاکە بوونی خۆی بەستووەتەوە بە بوونی ئەوانی دیکە، لە دەرەوەی پێکهاتە نەتەوەییەکەی خۆی، بە نموونە سەلاحەدینی ئەیوبی، یان هەر کوردێکی دیکە وەك تاك، ئەو کۆششە دەبینین، بەڵام ئایا ئەو هەڵاتنە لە ڕووبەری هاوبەشی کوردبوون چییە؟ بۆ ئەو شانازییە، یان ئەو ڕۆحە بەرگرییە گشتییە دروست نەبووە و نایێت؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕووداوەی لە سەرەتاوە گێرامانەوە. تۆ بڵێی ئەو گەنجانە گەرمی و ساردی ڕۆژگاریان نەچێشتووە. نازانن بەعس و دارودەستەکەی چی لەگەڵ باب و باپیرانمان کردووە، بۆیە بە لایانەوە گرنگ نییە ئەو سترانە بە سەدامدا هەڵدەڵێت یان هەر کەسێکی دیکە. ڕەنگە هەم مانای گۆڕانییەکە نەزانن، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر چەند کەسێك هەن، لەو باسە تێدەگەن و دەشزانن ئەمە ترسناکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانن یادگەی تاك چۆنە و هیچ ڕوونادات، چونکە ڕۆحێکی خاڵی لە بەها دەرکەوتووە. ڕۆحێك کە هیچ بایەخ بە دوێنێ نادات، بە لایەوە گرنگ نییە لە ڕابردوودا چی ڕوویداوە. بە مانایەکی گشتی، گەنجێکی پێباکمان دروست کردووە. گەنجێك زیاد لە سی ساڵە کە لەژێر سیستەم و سایەی دەسەڵاتێکی کوردییدایە. ئەو کیانە سیاسییە ڕۆژێك ئاوڕی لەو ڕابردووە نەدایەوە. هیچ بەرنامەیەکی نەبوو بۆ دروست بوونی یادگەی هاوبەش. ئێمە بۆ ئەوەی لە بایەخی یادگەی هاوبەش تێبگەین، دەبێت سەرنج لە جووەکان بدەین. بێگومان مەبەستمان بەراوردکاری نییە. دەزانین چەند لێك دوورین و چەند جیاوازین. ئاگاییمان ئەرز و ئاسمانە، بەڵام ئیدی ئەوە ئەزموون و مێژووە و لەبەر دەستمانە. ئایا گەنجێکی جوو هۆشیاری و یادگەی چۆنە بەرانبەر ئەوانەی بە وشەیەك یان بە ناڕاستەوخۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان بە وشەیەك یان ئاماژەیەك بە ئەرێنی باسی نازیزم دەکەن؟ یادگەی هاوبەش وای کردووە، لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە جوویەك هەبێت، وەك پارێزەرێك و مێژووناس و سیاسییەك دژ بە نازیزم قسە و کرداری هەیە. لێرەوە تێدەگەین گرفت لە هۆشیاری تاك، گرفتە لە چارەنووسی نەتەوەیەك.

یادگەی هاوبەش وای کردووە، لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە جوویەك هەبێت، وەك پارێزەرێك و مێژووناس و سیاسییەك دژ بە نازیزم قسە و کرداری هەیە.

# ئەنفال لە تێکستەوە بۆ واقیع... لە واقیعەوە بۆ تێکست



**کاروان کاکەسوور**

ئایا ئەدەب توانیویەتی لە ناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاوازبێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندووین؟ تایبەمەتمەندیی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێت زمانێک بێت بۆ بەجیهانیکردنی کردەی ئەنفال؟ لە بارەی ئەم پرسەوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە سایتی دەنگەکانەوە بەم جۆرە روانین و تێگەیشتنی خۆم بۆ ئەو پرسیارانە خستە ڕوو.

ئەو پرسیارە بە هەر شێوەیەک و لە هەر ئاستێکدا بکرێت، ئەوە هەر دەمانخاتەوە بەردەم بیرکردنەوە لە پێوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو. ئەنفال وەکوو ئیرادەیەکی ئایدیۆلۆجی بەسەر واقیعی ئێمەدا سەپێنراوە. ئەو ئیرادەیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی داوە هەموو بیرکردنەوە و خەیاڵێک بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. ئەمە تەنیا پێوەندیی بە ئەنفالەوە نییە، بەڵکوو هەموو ڕووداوە گەورەکانی مێژوو ئاوان. پێوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیعیش هەمیشە پێوەندییەکی شەڕانگێز بووە. مەرج نییە خەیاڵ تەنیا ئەدەب و هونەر بەرهەم بهێنێت، بەڵکوو زۆر جار واقیع بەرهەم دێنێتەوە. دەشێ خەیاڵێکی جوان لە جیاتیی ئەوەی ببێتە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان یان تابلۆیەکی هونەری، ببێتە دروستکردنی تفەنگێکی دوورهاوێژ، تۆپێکی گەورە، یان ڕۆکێتێکی سەرسووڕهێنەر. کەواتە سەرچاوەی هەموویان هەر خەیاڵە. پێم وایە بە هەڵەدا دەچین، کاتێک دەمانەوێت ئەنفال و هەر ڕووداوێکی دیکەی مرۆیی لە خەیاڵ و فەنتازیا دابب‌ڕین. ئەنفال پێش ئەوەی بکرێتە واقیع، تێکست بوو. پێش ئەوەی بکرێتە تێکستیش، خەیاڵ بوو. کاتێک خەیاڵ و ئایدیۆلۆجیا ئاوێتە دەبن، ڕووداوی وەکوو ئەنفال دەهێننە کایەوە. مەبەست لە ئایدیۆلۆجیا هەر سەرچاوەیەکی زانراوە، کە لە ڕێیەوە بیر دەکرێتەوە و دەڕوانرێت. واتە کلێشەی ئامادە هەن و وا خۆیان دەردەخەن بۆ هەموو دۆخەکان دەست دەدەن. کێشەی گەورە لێرەدایە، کاتێک نووسەر دەیەوێت ئەو واقیعە بکاتەوە خەیاڵ. ئەو تێگەیشتنە هەتا ئێستایش بەسەر ئەدەبی ئێمەدا زاڵە. دەبێت لێرە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەنفال بە نهێنی لەناو بەشێکی زۆری تێکستەکانماندا کار دەکات، بۆیە کاتێک دەمانەوێت قسە لەبارەی ئەنفالەوە بکەین، مەبەستمان ناوی ئەنفال نییە، مەبەستمان ئەو تێکستە ئەدەبی و هونەرییانە نین، کە باس لە ئۆپەراشیۆنی ئەنفال دەکەن، بەڵکوو مەبەستمان ئەو دیسکۆرسەیە، کە لە پشت بیرکردنەوەی نووسەرەوە ئامادەیی هەیە. مەبەستمان گرێی ئەنفالە، کە بە درێژایی تەمەنی خۆی خەیاڵمانی ڕەنگرێژ کردووە. ئەنفال دۆستایەتییەکی زۆر بەتینی لەنێوان نووسەر و مێژوودا پێک هێناوە. ئیشی ئەو نووسەرە بەردەوام ئەوە بووە دڵنەوایی ئەو مێژووە برینداره بداتەوە. لێرەوە زمانی نووسەری ئەدەبی نەک هەر تێکەڵی زمانی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت دەبێت، بەڵکوو ڕەوایەتییشیان پێ دەدات. سەیر نییە کاتێک دەبینین هەموو ساڵێک شیعر و

پەخشان شانبەشانی گوتاری سیاسی یادی ئەنفال، هەڵەبجە و ڕاپەڕین دەکەنەوە. بە هەمان تێڕوانین و بە هەمان زمان. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە، کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە واقیع دیاری بکات، یان بە مانایەکی دیکە بیخاتە ناو چوارچێوەیەکی سنووردارەوە، بەو مەبەستەی سەری لە ئەرکەکانی خۆی دەربچێت، بەڵام نووسەری ئەدەبی، ئەو نووسەرەی ویستی تێپەڕاندنی هەیە، بە پێچەوانەوە واقیعێکی گریمانەیی دەخوڵقێنێت، کە تەواو جیاواز بێت لەو واقیعەی ئایدیۆلۆجیا دیاری دەکات. لای ئێمە مەسەلەکە ڕێچکەیەکی دیکەی گرتووە. بەگشتی نووسەران یارمەتییەکی گەورەی ئایدیۆلۆجیایان داوە، کە واقیع پێناسە بکات. بە مانایەکی دیکە، ئەو لە ڕێگەی ئایدیۆلۆجیاوە پێوەندی بە واقیعەوە دەکات. ئەو نووسەرە وا بۆ بیست ساڵ دەچێت خۆشحاڵانە لەناو ئەو واقیعەدا دەژی، کە ئایدیۆلۆجیا خوڵقاندوویەتی، بە ڕادەیەک، جیاوازی لەنیوان خودی نووسەر و ئەو واقیعەدا نەماوە. بە مانایەکی دیکە، هەموو تەعبیرکردنێک لە خودی خۆیشی، هەر تەعبیرە لەو واقیعە چەسپاوە. لێرەوەیە ئەو نووسەرە ئیشی بە داهێنانی زمان نامێنێت، کە گرنگترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە نهێنییەکانی مێژوو. ئەمە هۆیەکە لەو هۆیانەی، کە وای کردووە تێکستەکان ئەوەندە لە یەک بچن، چونکە وەک گوتمان هەموو خودەکان لەناو ئەو واقیعەدا بوونەتە یەک خودی هاوبەش. گوتیشمان ئەو واقیعە پێناسە کراوە و لەلایەن ئایدیۆلۆجیاوە سنوورەکانی بۆ کێشراون. لە تێڕوانینی ئەریستۆوە مێژوو خۆی ناتەواوە، چونکە بەشێک لە واقیع دەردەخات، نەوەک هەمووی. بەم شێوەیە ئەو مامەڵە میکانیکییەی نووسەری ئێمە لەگەڵ ڕووداو، هەر لە بنەڕەتەوە مامەڵەیەکی دروست نییە و ناتوانێت هیچ نهێنییەک لە مێژوو دەربخات. تاکە ڕێگەی ئەو نووسەرەمان بۆ هێنانەوەی ئەنفال وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی، تەنیا تراجیدیایە. تراجیدیا بە مانا میللییەکەی، نەوەک بە مانا فەلسەفییەکەی. بەمەیش لە لایەک سنوورێکی تەسک بۆ خەیاڵ دادەنێت و لە لایەکی دیکەیش هەموو جیاوازییەکان لەنێوان ئەنفالی فاکتوال و ئەنفالی هونەریدا دەسڕێتەوە. لێرەوە نووسین نابێتە پرۆسێسێک بۆ تێکشکانی واقیع، چونکە هەڵگری هیچ دژایەتییەکی واقیع نییە، بەڵکوو هەر خۆی دەبێتەوە بەشێکی جیانەکراوەی ئەو واقیعە. هەر ئەمەیش دیسان پێوەندیی بە ئایدیۆلۆجیاوە هەیە، چونکە ئایدیۆلۆجیا بەپێی ئەرکەکانی خۆی سیمای واقیع پیشان دەدات. سەردەمێک ئەو واقیعە بە شێوەیەکی زۆر تاریک دەردەخات، بەو مەبەستەی کۆمەڵگا بخاتە حاڵەتێکی نیگەرانییەوە و داوای خێراترین چارەسەری لێ بکات. هەر ئەو ئایدیۆلۆجیایە لە سەردەمێکی دیکەدا ئەم سیما پەشێوییەی واقیع بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە

> **هێندەی ئێمە لە دوای ئەنفالەوە سەرنجمان لە ئەدەبی خۆمان داوە، هەر ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە ئەوەی لە پشت ئەو ئەدەبەوەیە ئایدیۆلۆجیایەکی هەژارە، نەوەک فکری ڕەخنەیی و فەلسەفە.**

پیشان دەدات، بە ڕادەیەک وای دەردەخات هەر بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە خۆی و هەر گۆڕانکارییەک، کە بەبێ ئەو بکرێت، جارێکی دیکە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ویرانی دەباتەوە. ئەگەر لە جیاتیی ئەنفال هەر ڕووداوێکی دیکەیش دابنێین، ئەوە هیچ لە

مەسەلەکە ناگۆڕێت. مەبەستمانە بڵێین ئەو نووسەرە لە ڕێگەی تراجیدیایەکی هەژارانەوە، کە تەنیا پشت بە یادەوەری و بینینێکی ڕووکەش دەبەستێت، نەک بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە، بۆ ناو مێژوو دەگەڕێتەوە. لەوێیشەوە مژدەی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرمان دەداتێ.

سەرنج دەدەین تێڕوانین و ئیشکردنی ئەو نووسەرە هەمان تێڕوانین و ئیشکردنی ئایدیۆلۆجیایە. ئەو نووسەرە بە هەمان زەمەنی فیزیکی بۆ ناو مێژوو دەگەڕێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا دەبێت زەمەنێکی پێچەوانە بخولقێنێت، کە ئەمەیان خۆی لە کۆمەڵێک تەکنیک و فێڵی هونەریدا دەبینێتەوە. لێرە جارێکی دیکەیش هەست بە پاشکۆیەتیی ئەدەب دەکەین، چونکە ئەمە لاساییکردنەوەی کتومتی ئایدیۆلۆجیایە، کە هەمیشە خێراترین ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ لێکدانەوەی واقیع. لێرەیشەوەیە ڕووداو تەنیا لە ئاستی هەقایەتدا دەمێنێتەوە و ناگاتە ئاستی چیرۆک، کە هەر یەکەیان خاوەنی زەمەنی خۆیانن و لای ئێمە تێکەڵی یەکتر کراون. من پێشتریش لەم بارەیەوە گوتوومە، گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناو مێژوو زۆر جار گەڕانەوەیەکی نۆستالژییانەیە، نەوەک دڵڕەقانە. گەڕانەوەیەکە پڕە لە سۆز و میهرەبانی، بۆیە ناتوانین مێژوویەکی جیاواز لەو مێژووە فەرمییە بخولقێنین. ئەو گەڕانەوەیە هەڵگری چاوێکە، کە هەموو ڕابردوو بە پیرۆز دەبینێت، بگرە زۆر جار ئەو نووسەرە هەر خودی نووسین بە شتێکی گڵاو دەزانێت و ڕێگەی نادات بەبێ پاککردنەوە لە گومان و پرسیارە بەدەکان بچێتە ناو هەندێک زۆنەوە، کە لای ئەو پیرۆزن و بە تابوو دادەنرێن. ئەو تەماهیکردنە لەگەڵ مێژوو ئەدەبی نووسراوی ئێمەی کردووەتە پاشکۆی ئەدەبی زارەکی. بەکورتی تێکڕای ئەرکی ئەو نووسەرە لەوەدا کۆ دەبێتەوە، کە پێمان بڵێت ڕووداوێک هەیە بە ناوی ئەنفال، ڕووداوێکی دیکە هەیە بە ناوی هەرەس، ڕووداوێکی دیکەیش هەیە بە ناوی کۆڕەو. ئەگەر بمانەوێت ئەو پرۆسێسە بە زمانی ئەلیکترۆنی بنووسینەوە، ئاوای لێ دێت: نووسەر کۆپییەک لە لینکی واقیع وەردەگرێت و بۆمانی پەیست دەکات. لێرە ناکرێت نەڵێین ئەو نووسەرە تەنیا کاتێک دەزانێت لە کۆمەڵگادا چەوسانەوە هەیە، کە زمان زۆر ئاسان و شەفاف دەکرێتەوە و شتەکان لە شێوەی کۆمەڵێک ئایکۆندا دەردەخرێن.

ئەگەر ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە زمانی ئەدەبیمان بووەتە پاشکۆی زمانی سیاسەت، ئەوە دەبێ بزانین ئاست و مەودای زمانی سیاسەتمان چۆنە، بەو مەبەستەی بزانین سەرچاوەی ئەو نووسەرە ئەدەبییە چەند هەژارە. من پێم وایە ئەو زمانەی سیاسەت ئەگەر هەر بە پێوەرەکانی سیاسەت خۆیشیەوە لێک بدەینەوە، هەر زمانێکی لاوازە. زمانێکە تەنیا لە سنووری ناسینەوەی لایەنگر و دەستنیشانکردنی دوژمندا بە کار هاتووە. هێندەی ئێمە لە دوای ئەنفالەوە سەرنجمان لە ئەدەبی خۆمان داوە، هەر ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، کە ئەوەی لە پشت ئەو ئەدەبەوەیە ئایدیۆلۆجیایەکی هەژارە، نەوەک فکری ڕەخنەیی و فەلسەفە. ئەوەی ناهێڵێت ئەنفال و هەر ڕووداوێکی دیکەی مێژوویی بسوێنەوە، ئەو گوتار و لێکۆڵینەوانەن، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە و باس لە گەورەییی ئەو تێکستانە دەکەن، ئەو تێکستانەی ئەنفال و ڕووداوەکانی دیکەی مێژوویان وەک خۆی گوێزاوەتەوە. هەتا ئەمڕۆیش لێکۆڵینەوەی ئێمە هەموو جوانییەکانی تێکستێک لەوەدا کۆ دەکاتەوە، کە پڕیەتی لە ئێش و ئازار. ئازار بە مانا میللییەکەی، نەوەک بە مانا فەلسەفییەکەی. لێرەوەیە من باوەڕم نییە، کە مەسەلەکە تەنیا نەبوونی تێڕوانینی قووڵ بێت بۆ خوێندنەوەی واقیع، بەڵکوو بە پلەی یەکەم نەبوونی شێوازێکی جیاواز و سەربەخۆی هەر نووسەرێکی ئەدەبییە. ئەگەر ئەنفال لە واقیعدا کۆمەڵگەی ئێمەی تێک شکاندبێت، ئەوە لەناو نووسیندا بەردەوام ئیستاتیکامانی شێواندووە.

# ئەدەب ، پانتاییەك بۆ خەمۆكی تاك دوای قوربانی شێخ وەسانان . بالیسان وەك نمونە



**ئەحمەد مستەفا زەکی**

هێشتان بۆنی بێ هیوایی و دڵە راوکێ دەکەم ، و وەسوەسەی دڵم دەگاتە ئەو ئاستەی کە هێشتان نیشتمان هیچ زەمانەتێکی یاسایی و سیاسی بەخۆیەوە نابینێت ، وەک ئەوەی تائێستا ئەو میللەتە نەچوبێتە ناو ئازار و برینەوە ، وەک ئەم میللەتە فرمێسک نەرژابێتە چاوانیەوە ، ئای کە خەم ساردیەکی لەرادەبەدەری حوکمرانی و هەستی بەرپرسیارێتیەوە هەیە و هیچ کۆششێکی نیشتمانی و مێژووی لەو وڵاتەدا بوونی نیە بۆ ئاستکردنی ئەم کۆمەڵکوژیەی ١٦/٤/١٩٨٧ ی دۆڵی بالیسان و ناوچەکانی تری کوردستان ، دەبێ من لەتاریکیەوە نەبێ منگەمنگم بێ؟ یادکردنەوە چ برینێکی تاکی ئەم ناوچەیە چارەسەر دەکات ؟ بەدڵنیاییەوە رێ بە خۆم دەدەم قسەم لەسەر ئەو پرسیارەوە هەبێت و یاد و نوزانەوە و گریە و ناڵەمان بۆ قوربانیەکان و پاشماوەکانی کارەسات و تەنانەت بۆ خودی بریندارەکانیش هیچ مانایەک ناگەیەنێت! و ناتوانین بە لاواز بوونمان ئەو کارەساتە بگەیەنینە دونیای دەرەوە و سکاڵامان لەسەر ئەو پرسە تراژیدیە و مێژووییە هەبێت .

ساڵ بە ساڵ بەڵگەکانی ئەو رووداوە ترسناکە کاڵ و وەپاش دەکەونەوە و شوێنەوارەکانیش لە سایکۆلۆژیای تاکەکانی ئەم ناوچەیە دەمێنێتەوە ، و هێمایەکانی کیمیا باران تەنها وەک یادەوەریەکی سادە و ئاسایی دەمێننەوە بۆیە گرینگە بە بەرپرسیارێتیەک چ لە ئاستی حوکمرانی هەرێمی کوردستان و عێراق بێت چ لە ناو کۆمەڵگەی مەدەنیەوە هاوڵاتیان و رێکخراوەکانی تایبەت بەم رووداوانە هەوڵ و تواناکانیان بە چڕی بخەنە گەڕ ،. بۆ راستەرێکردنی مەلەفی ئەو کۆمەڵکوژیەوە .

دەگەڕێمەوە سەر ناونیشانی باسەکەم ، رووداوی کیمیا بارانکردن و هەموو ئەو کارەساتە خەمۆکیانەی کوردستان چ کاریگەریەکی لەسەر هەست و نەست و هۆشیاری ئەدیبی کورد بەجێهێشتووە و چۆن لە دەقە ئەدەبیەکانیان رەنگ داوەتەوە؟ تاوانی کیمیا باران هەزاران چیرۆک و سیناریۆی بۆ ئەدیب و هونەرمەندانی کوردی دروست کردووە کە شایستەن بەرەو شاکار هەنگاویان بۆ بنرێت، من نامەوە هیچ ناو و ئاماژەیەک بە شاعیر و نوسەر و هونەرمەندێک بدەم کە بۆ زیندوو مانەوەی ئەو رووداوانە قەڵەمەکانیان لەو بوارەدا وەشاندووە ، چونکە دەرفەتی تر بۆ ئەوە دێتە پێشەوە قسەی لەسەر بکرێت .

ئەدەب رەگەزێکە هەمیشە لە بەرامبەر ئەو پرسانە دەکەوێتە داڕژان و دەگگرتن، لە دوو پانتاییەوە دەبوو ئەم پرسەی رووداوی کیمیاباران و تەنانەت پرۆسە تراژیدی ئەنفالیش هاوتەریب بەرەو ئامانج و داواکاریەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بچنە پێشەوە و لە باڵاترین دەسەڵاتی یاسایی و نێونەتەوەیی خۆیان ببیننەوە ، دەتوانین لە پانتایی ئەدەبدا شانازیەک بکەین کە ئەدەیب و هونەرمەندان لە گرینگیدانیان بەو رووداوە نەک هەر کەمتر خەم نەبووینە بگرە دەقی جوان و شایستە و کاریگەریش بەدەست هاتوون ، ئەوەی تێبینی دەکرێ تەمبەڵی و بێئاگابوونی دەسەڵاتی کوردیە کە نەک هەر هەوڵیان نەداوە و نەیانتوانیوە ئەم پرسە ببەنە پێشەوە بەڵکو پاشەکشەشیان کردووە و غەدرێکی گەورەیان لەو رووداوانە و خودی قوربانیەکانیش کردووە ، چونکە دەسەڵاتی کوردی هیچ خزمەتێکی بەم پرسە نەکرد و هەر خەریکی دەستکەوتی سادە و کەسی بووینە ، کوا پەئامی یەکگرتووی نەتەوەیی تا بەوە رابگات لایان بۆ قوربانی و کیمیا باران و ئەنفالەوە هەبێت ، جێی داخە نوسینەوەی مێژوو باز بە سەر ئەو پانتاییە داوێت و پانتایی ئەدەبیش خاوەنداریتی لەو رووداوانە کردووە و بەردەوامیش ئەو تراژیدیایە بە مولکی خۆی دەزانێت و داهێنانی ئەدەبی و هونەریان تیا دەکات، تاکی دوای قوربانی تا دەگاتە ئێستاش خەمۆکە و لە دڵەراوکێی دایە ، نازانێت لە کوێی ژیاندایە ، دەبێ ئەمە چارەنوس بێت یا کەمتر خەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ دەبێ ئەمە رێکەوت بێت یا سەپاندنی زوڵم ؟ دەبێ ئەمە شانس بێ یاخود هەستی سڕینەوەی ویژدان؟

دوا جار دەپرسین ئەرکی کێیە ئەو رووداوە خەمناکە بەرەو دادگایەکی باڵا ئاراستە بکات و بە جینۆساید بناسێنرێت و قوربانیانی کیمیا باران قەرەبووی مادای و دەروونی بکرێنەوە.

# کوژانەوەی چراکـــان



سەردار شێخ وەسانی

مەرگەسات و تاوانی کیمیاباران و ئەنفال، تابلێی جەرگ برو پڕ ئازارە لەرووی هەست و سۆزەوە، لەلایەکی تر یەکجار فرە رەهەند و هەمەلایەنە، لەهەر گۆشە نیگایەك و کونج و کەلە بەرێکی بروانین دەبینین چەندین بەسەرهاتی دڵ تەزێنی لەخۆ گرتووە.

لێرەدا دەمەوێت تیشك بخەمەسەر لایەنێکی شاراوەی مەرگەسات و تاوانی کیمیابارانی (1987/4/16) ی گوندی (شێخ وەسانان)، نامەوێت باسی کات و سات و چۆنیەتی روودانی ئەم مەرگە ساتەو ژمارەی شەهیدان و قوربانیانی بکەم.

ئەوەی تائێستا لای بەشێکی زۆری خەڵك بەگشتی و کەس و کاری شەهیدان بەتایبەتی و خزم و کەس و کار و خەڵکی گوند بیری لێ دەکەنەوە (برینێکی سارێژ نەبووی هەتاهەتایەی کیمیابارانەکەیە).

ئەوەی من مەبەستمە و دەمەوێت داتا و سەرژمێری بەر لە کیمیابارانکردن گوندی (شێخ وەسانان) بخەمەڕوو، کە ئەوکات گوندی (شێخ وەسانان) (95) ماڵی جێنیشی لێ ماوەتەوە، بەڵام لەم رێژەیە (22) ماڵیان بەتەواوی لەناوچوون و هیچ کەسێکیان لەدوای خۆیان بەجێ نەماوەو ژیانیان کۆتایی هات و بۆ دواجار چراکانیان کوژایەوە.

ئەگەر بەراورد و شیکاریەکی زانستی نێوان ئەم دوو ژمارەیە بکەین، دەبینین ژمارەی ئەو ماڵانەی لەناوچوون بریتی یە لە رێژەی نزیکەی (23٪) ی ماڵەکانی گوند، ئەمە بۆ کەسانی شارەزا و ئەکادیمی و تایبەت مەند بەم بوارە جێدەهێڵین، کە ئەوان دەتوانن بە دواداچوونی زیاتر و بەراوردکاری و شیکاری زانستی بۆ بکەن.

لە راستیدا هەرچەندە لەرووی چەمك و واتا (ماڵ هەر ماڵە)، بەڵام ئەگەر ئەم ماڵانە پۆلێن بکرێن لەرووی ژمارەی ئەندامانی خێزانەوە جیاوازیان هەیە، لەناوچوونی چەند خێزانێك و گەورە ماڵانی گوندەکە کەبەهۆی ئەم تاوانە نامرۆڤانەیەوە بەتەواوی لەناوچوونە، وەك ئەوەی لە خۆشناوەتی خۆمان دەڵێن.. (لۆ هەتاهەتایێ چرایان کوژایەوە).

لەراستیدا هیچ ماڵێك نەبووە لەم گوندەدا نەبووبێتە قوربانی ئەم تاوانە درندانەیە، بەڵام قوربانیەکان بەپێی ماڵ جیاوازیان هەیە، ماڵ هەیە قوربانی زۆری داوە، ماڵ هەیە قوربانیەکەی کەمترەو هەشیانە مام ناوەندە، بەهەرحاڵ ئەگەر کەسێك لە خێزانێکدا مابێتەوە گەورەبێ یان بچوك، خۆی لەخۆیدا جێگا هیواو ئومێد بووە بۆ کەس و کارو ئازیزانی.

ئەوەی جێی سەرنجە چەند گەورەماڵێك یاخود خانەدان و ناوداری گوندەکە بەتەواوی لەناوچوون و بوونە قوربانی و هیچ کەسێکیان لەئەندامانی خێزانەکەیان نەماوە بۆئەوەی ببێتە جێگرەوەیان لەداهاتوو، لەکۆتاییدا بەخشتەیەك ئاماژەمان بە ناو و تەمەن و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکان و قوربانیەکان کردووە.

رەنگە لەبەشێکی ئەم خێزانانەی کەباسمان کردوون تیایاندابێت، کە یەك منداڵ یان دوو منداڵی (کچ) یان لەدوای خۆیان جێ مابێت، کە کەسەنزیکەکانیان ئەوکات گرتوونیانە خۆیان، بەڵام لە ئێستادا ئەوانیش گەورە بوون و شویان کردووەو بێبەش بوون لەماڵی (باوانیان)، بۆیە ئەم خێزانانە هیچ جێگرەوەیەکیان بۆ نەمایەوە.

هەریەك لە پاشماوەی ئەو خێزانانە، چیرۆکێکی تراژیدیای پڕ مەرگەسات و ناخۆش و نامرۆڤانەی لەخۆگرتووە، کەرۆژانێك ئەمانە لەماڵێکی رووناك و پڕ لە ئاسودەیی و لەباوەشی گەرمی دایك و باوکیان حەسابوونەوە.

تائێستاش پاشماوەو بیرەوەری ئەو خێزانانە تەنها کەلاوەیەکی رووخاوە، لەبەرئەوەی هیچ کەسێکیان نەماوە تا ئاوەدانی بکاتەوە، بەڕای من کارەساتێکی وا گەورە کەبووە هۆی نەمان و لەناوچوونی ئەو خێزانانە بەیەکجاری تەواو پێچەوانەی یاسا و رێسا ئاسمانیەکان و زەمینیەکانە، کە (جینۆساید) کردنی گەلێکی بەش مەینەت بووە.

لێرەدا بەبیر لایەنە پەیوەند دارەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی دەهێنمەوە، کە رێزلێنان لە شەهیدان و قوربانیانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران، تەنها برینەوەی مووچە بۆ وارسەکانیان و یان دروستکردنی خانو بۆ کەس و کاریان یاخود برینەوەی (منحە) یەکی کەم بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بەس نیەو سارێژی برینەکانیان ناکات، بەڵکو کارکردن بۆ بە (جینۆساید) ناساندنی ئەم کەیسە لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆ، هەروەها قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بۆ کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی ئەم تاوانە بە جدی کاری لەسەر بکرێت.

رەنگە ئەم خشتەو داتا و ئامار و زانیاریانەی قوربانیانی گوندی (شێخ وەسانان) مشتێ بێ لە خەرواری، بەش بەحاڵی خۆم تەنها زانیاری و داتای راست و دروستی گوندی (شێخ وەسانان)م لایە، کە دڵنیام لە سەرجەم

گوندەکانی تری ناوچە کارەسات باراکانی تری خۆشناوەتی و کوردستان لەم جۆرە قوربانیانە زۆر هەن، کە هەڵوێستەیان لەسەر نەکرابێت، بۆیە رووی دەمم دەکەمە لێکۆڵەر و یاساناس و خەم خۆرانان و چالاك وانانی تایبەت بەم بوارە، کە بەدواداچوونی وردتر و زیاتری لەسەربکەن.
لەکۆتاییدا لەیادی (37) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم کارەساتە نامرۆڤانەیەدا جگە لەسەری ڕێزو نەوازش (22) چەپکە گوڵی ڕێز و وەفاش دەکەمە دیاری بۆ گڵکۆی پیرۆزی ئەو خێزانە خێر لەخۆ نەدیوانە.

**ناو و ناونیشانی ئەو 22 خێزانەی کە لەکیمیاباران کردنی (1987/4/16) ی گوندی شێخ وەسانان کەبەتەواوی لەناوچوون**

| ژ | ناوی سیانی سەرۆك خێزان | موالید | ژ. خێزان | نێر | مێ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | حمدامین اسماعیل وسوو | 1937 | 12 | 5 | 7 | (2) کچی لە ژیاندا ماون |
| 2 | زاهیر حمدامین اسماعیل | 1968 | 2 | 1 | 1 | |
| 3 | حسێن اسماعیل وسوو | 1947 | 7 | 1 | 6 | (1) کچی لە ژیاندا ماوە |
| 4 | عبداللە حمدامین ابراهیم | 1935 | 8 | 5 | 3 | |
| 5 | زرار حمدامین ابراهیم | 1937 | 5 | 3 | 2 | |
| 6 | عوسمان کەریم محمود | 1952 | 9 | 5 | 4 | |
| 7 | مجید سلیم محمود | 1948 | 10 | 4 | 6 | |
| 8 | خورشید سلیم محمود | 1937 | 8 | 3 | 5 | |
| 9 | تەها علی محمود | 1969 | 2 | 1 | 1 | |
| 10 | سعید کوێخا خدر | 1942 | 3 | 2 | 1 | (2) کچی لە ژیاندا ماون، پێشتر شویان کردبوو. |
| 11 | خدر سلێمان کوێخا خدر | 1966 | 3 | 2 | 1 | |
| 12 | علی رسوڵ کوێخا خدر | 1960 | 4 | 2 | 2 | ناسرابوو بە دکتۆر علی |
| 13 | محمد سلێمان مستەفا | 1932 | 8 | 5 | 3 | (2) کچی لە ژیاندا ماون |
| 14 | حمدامین عبداللە محمود | 1927 | 4 | 2 | 2 | (1) کوری لەژیان ماوە، بەڵام پێشتر لەگەڵ باوکی نەبووە. |
| 15 | عبداللە حمدامین عبداللە | 1962 | 4 | 2 | 2 | |
| 16 | مغدید قادر محمود | 1968 | 2 | 1 | 1 | |
| 17 | حسن مستەفا عزیز | 1958 | 6 | 2 | 4 | (2) کچی لە ژیاندا ماون |
| 18 | حسێن مستەفا عزیز | 1960 | 4 | 1 | 3 | |
| 19 | احمد مستەفا عزیز | 1964 | 4 | 1 | 3 | (2) کچی لە ژیاندا ماون |
| 20 | رسول باپیر علی | 1940 | 3 | 2 | 1 | |
| 21 | حمد رسوڵ باپیر | 1964 | 6 | 1 | 5 | (4) کچی لە ژیاندا ماون |
| 22 | علی حاجی علی | 1933 | 5 | 2 | 3 | (2) کچی لە ژیاندا ماون |

# یـــــــاد...





**صالح ئەکرەم حەیدەری**

یاد، ووشەیەکە بۆ سەرلەنوێ بەبیر هێنانەوەی تاکە بۆ رابردوویێک کە بەسەر خۆی یان دەوروبەری هاتووە، ئەم رابردووە ئەکرێ شتێکی خۆش ، وەک رۆژی لە دایک بوون، رۆژی هاوسەرگیری، رۆژی وەرگرتنی بڕوانامەیەکی بەرز، یاخود وەرگرتنی پایە و ناونیشانێک، کە سەرتاپای ژیانی ئەم مرۆڤە دەگۆرێ، هەندێ جاریش یادەوەری ناخۆشن وەک لەدەست دانی ئازیزان و رۆژگارە ناخۆش و پر شکەستەکان.

لەو کۆمەلگایەی تیایدا دەژی، هەندێ یادەوەری گشتین، وەک سەربەخۆیی نیشتمان و رۆژە پر سەروەریەکانی کۆمەلگا، ئەو رۆژانەن کە هاونیشتمانیان بە تێکرا ئاهەنگ و خۆشی دەگێرن و کاتێکی تایبەتی بۆ دیار دەکەن بە مەبەستی یاد کردنەوە، وەروداوە ناخۆش و جەرگ بڕەکانی کە بەسەر نیشتمان دێت بەشێوەیەکی گشتی یاخودلە نێو نێشتمان بەسەر کەمەنەتەوەیەک، ئاینێ، مەزهەبێ لە مەزهەبەکانی ئایین دێت دەبن بە بەشێکی دیاری یاد کردنەوەبۆ تاک و کۆ.

گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی رووبەرووی داگیرکاری و پرۆسەی لەناوبردنی رێکخراو بووەتەوە لەلایەن دوژمنەکانی، بە تایبەتی لەسەر دەستی دوژمنە دیارەکانی عوسمانی و سەفەوی کە هەردووکیان دراوسێ ی جوگرافین و بەلام تا دوا ترۆپکە دراوسێ ی بێزارکەرن و ئەو میراتەی بێزار و دەستدرێژییان لە باب و باپیرە هەر دێرینەکانی خۆیان بۆ بە جێ ماوە، ئەلحەق منالی بەوەفان بۆ ئەم میراتە قێزەونەی سەبارەت بە تێروانینیان بۆ دراوسێ کانیان . لە شەری جالدێرانی سالی ١٥١٤ کە کوردستان دابەشی سەر ئەم دوو بەرەیە بوو وەتا رێککەوتن سایکس-بیکۆ کە ئەمجارە عەربەکانیشی هاتنە سەر، چی لە تواناياندا دابوبێت بۆ سرینەوەی کورد درێغیان نەکردووە، جۆرها کێشەی سنوور و رەگەز وئایین و مەزهەب لە نێوان تورک و فارس و عەرەب دا هەیە و قەت کۆک نین، تاکە شت کۆکیان دەکات دژایەتی کردنی کوردە.

هەموویان یەک تێروانینیان هەیە بۆ مافەکانی کورد، سیاسەتەکانیان لە شێوە و سەوداجیاوازە، گەر نا خاوەنی یەک بەرنامە ن، بۆ ئەو گەلەی کە لەوان دێرینتر و پر شارستانی ترە.

کەس حەسودی بە جوگرافیایی کوردستان نابات چونکە نەدەریای هەیە نە دراوسێ ی چاک و بەویژدان، ئەوەی زیاتر کوردیش مال وێران کردووە، خۆخۆری و بەکەم زانینی یەکتر و دابەش بوونیەتی بەسەر نەوەکانی عوسمانی و سەفەوی و کەمتریش عەرەبەکان، بۆ خۆبەهێز کردن و لە ناوبردنی براکەی.

بۆ راستی ئەم قسەیەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان کام حزب و جولانەوە دەبینی کە راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ نەکەوتبێتە ژێر هەژموونی ئێران و تورکیا و بە سیاسەت و قسەیان ئەوان جوولە سیاسی نەکردبێت، ئەگەر هەشبێت ئەوە بۆ ماوەیەک جوولەی سیاسی و عەسکەری هەبووە، ئەنجام وا دژایەتی کراوە لە بەرەیەک لە بەرەکان مریشکە رووتە پاشا بووە لە چاویان، ناو ناهێنم بەلام زۆر کەس هاتە مەیدان و پاشانیش یان تەسلیم بوو یان بوو بەسەلیم بۆ دوژمنەکان.

گەر لاپەرەکانی مێژوو هەلبدەینەوە دەبینین، هەموو میللەتانی دونیا عاقل بوون و دەرسیان لە دوێنێ وەرگرت تەنیا کورد نەبێت، هەموو یان بوون بە خاوەن دەولەت و ئاڵا لە نەتەوەیەکگرتووەکان تەنیا کورد لەم کاروانە بێ بەش بووە، ئەم دوو هۆیەی سەرەوە کە خۆی و

دوژمنەکانی هۆکار بووینە بۆ ئەوەی نەبین بە دەولەت، کە دەڵێن خەونە، راستە، ستەمە لەو خەوە بێداربببینەوە، بە داخەوە.

دوایی جێ بەجێ کردنی رێککەوتنامەی سایکس -بیکۆ لە واقیع دا، کورد هەروا دانەنیشت چەندین شۆرش و جولانەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان سەریان هەڵدا، بەهۆکاری جیا و وەک رێککەوتنی دوژمنەکانی کورد و هۆکارە ئیقلیمی و دەولیەکان ئەم شۆرش و جولانەوانە سەرکووتکراون، مالی مالی کوردیش ئاوا هۆکارە ناوخۆییەکان بارتەقای هەموو هۆکارەکانی ترن.

باشووری کوردستان، بە بەراورد بە پارچەکانی تر زیاتر جوولەی سیاسی و شۆرش تێدا سەرهەڵداوە، شەرەکانی شێخ محمودی حەفید و دروست کردنی پایەی حکمرانی لە سلێمانی و جوولانەوەکانی بارزان و دروست بوونی پارتی لە سالی ١٩٤٦و شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ نسکۆی ١٩٧٥چۆکی بە کورد دا نەدا و شۆرشێکی تری بەرپا کرد بەس بەداخەوە بوو بە خاوەنی دوو ناو شۆرشی نوێ و شۆرشی گولان، ئینجاراپەرینی ١٩٩١.

جگە لە حزبەکان، کە سایەتیەکانیش چ ئەوانەی لە نێو حزبە عیراقیەکان، ئەوانەی بەشێک بووینە لە حوکمداری لە عیراق لە زەمانی پاشایەتی و کۆماری، وە بەشێک لە وانەی پێگەی دیاری کۆمەلایەتی و سیاسی و بازرگانی وزانستی یان هەبووە، کاری دلسۆزانەیان کردووە بۆ گەیاندنی پەیامی کوردانەی خۆیان و ووشیار کردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری بە رامبەر ئەو زولم و ستەمەی کە دەرحەقمان دەکرا، کۆی جولانەوە و راپەرین و شۆرش و جولە کەسیەکان بوون بە رووداو، کەپرن لە رۆژانی سەربەرزی و شکەست، بووە هۆی بەدیارکەوتنی کەسایەتییە مێژوویەکان.

حکومەتی عیراق لە دوایی دامەزراندنی و لەسەردەمی پاشایەتی و کۆماری دا، دەستە وەستان دانەنیشتوون، و چیان لە دەست هاتبێ بۆ سەرکوت کردنی شۆرش و راپەرین و جولانەوەکان، ولەناو بردنی کەسایەتیە دیار وکاریگەرەکان درێغیان نەکرد، جگەلەمەش پاکتاوکردنی خاک و گەلی کوردیان بەبەرنامە جێبەجێکردووە.

لە نێو رژێمەکان، بەعسیەکان بەگشتی و صدام حسین دیکتاتۆری گۆر بە گۆر، تاوانەکانی دژ بە کورد گەیاندە لوتکە، پرۆسەکانی راگواستنی فەیلیەکان و ئەنفالی بارزانیەکان وراگواستنی گوند و شارۆچکەکان بۆ ئۆردیگا زۆرەملێیەکان و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیابارانی گوند و شارو

**گەر کیمیا باران و ئەنفال و جینۆسایدی کورد کاری چاکتری لەسەر کرابایە ،ئەوا لە رووی نەتەوەی سوودی زۆرمان لێ دەبینی**

شارۆچکەکان و تەخت کردنی بەشێکی دیاری باشووری کوردستان، دیارترین تاوانەکانن بۆ سرینەوەی پێناسەی کورد لە باشووری کوردستان ئەم تاوانانە هەزاران قوربانی و هەزاران چیرۆکی تراژیدی ناخ هەژێنی بەدوای خۆی داهێناوە

کۆی ئەم تاوانانەی بەعس و سەدام دەرحەق بەکوردیان کردووە لە ٣٥سالی حوکمیان لە عیراقدا، ئەگەر حوکمی حەرەس قەومیەکانیش بخەینە سەر ئەوالیستێکی دوورودرێژ بە مێژووی جیا جیا دەکەوێتە بەرچاومان کەسال و مانگ و هەفتە نیە، یادەوەریەکی تال و جەرگ بر بەسەر ئێمەی کورد دا نەهاتبێ.

خوێنەری ئازیز....

ئەبێ پرسیار لە خۆمان بکەیین بۆ دەبێ ئەم یادەوەرییانە پێویستە بەرز رابگرین؟

یەکێ لەو تاوانە دیارانەی بەعس و سەدام ئەنجامیان دا، رۆژی ١٦-٤-١٩٨٧بۆ یەکەم جار کیمیا بارانی شێخ وەسان -بالیسانی کرد، شەهید و بریندار وچیرۆکی ناخ هەژێنی لە دوایی خۆی جێهێشت، راستە رۆژێک بەر لەم بەرواره، بە تۆپ کیمیا بارانی ناوچەی قەرداغی کرد بەلام خۆش بەختانە هیچ زیانی گیانی بەدوا نەبوو، کیمیا بارانی خۆشناوەتی لە رێگای فرۆکە بووەو بریندار و شەهیدی زۆری هەبووە، گەر سەرژمێریەکانی ئەوکات لە بەرچاو بگرین تەنیا لە گوندی شێخ وەسان نیوەی زیاتری دانیشتوانی بوونەتە قوربانی ئەم چەکە قەدەغەکراوەی جیهانی.

قەت پرسیارم نەکردووە کە دوایی سالی ١٩٩١رای خەلکی خۆشناوەتی چۆن بووە، بەلام دوایی ئەوەی بووم بە بەرێوەبەری ناحیەی بالیسان و بەدیارکراویش پاش سالی ٢٠٠٢، هەر کاتێ ئەم یادە نزیک دەبووەوە، ئەوا خەلکی ناوچەکە دەبوون بە دووبەش هەندێکیان بە گیان لەگەل یاد کردنەوەکە بوون، وەهەندێکیش دژی یادەکە دەبوون بە پاساوی نەبوونی خزمەتگوزاری و خزمەتە پێویستەکانی بنەماڵەی شەهیدەکان و چارسەری بریندارەکان، کە بیانوو و پاساوی حەق بوون.

من ئێستاش و کاتی خۆشی زۆر جار، رام وابوو پێویستە ئەگەر

دەستەلاتی کوردی بە حکومەت و حزبیش خۆیان لەم یادە بدزنەوە بەهەر بیانوویەک بێت، حەقە خەلکی ناوچەکە قبول نەکەن، گەر بەسادەیش بیت ئەم یادە بەرز رابگرن، چونکە دەرەنجامە باشەکانی لە یاد کردنەوە دەستەبەر دەبێت و یادنەکردنەوەشی دەبێتە هۆی زیاتری پەراوێزخستنی ناوچەکە و کەیسەکە بەگشتی خوێنەری بەرێز....

ناچار دەبوون بریار لەسەر کۆمەلێک پرۆژە بدەن، کە ئەوێ رۆژێ بۆ خۆشناوەتی زۆر پێویست بوون، وای لێ هاتبوو لەم رۆژە راگەیاندنە زیندووەکان حزووری تایبەتیان هەبێت و هەروەها کەوتبونە ململانێ ی دیار بۆ گواستنەوەی باشتر و گەیاندنی دەردە دلێ خەلکی بەشمەینەتی ئەم ناوچەیە بە بینەرەکانی، بۆیە

دلسۆزیەوە بەخۆی و خانەوادەکەی ئەم رۆژە دەکات بە هی خۆی و خواردن و پێویستیەکانی خۆی دەهێنێ لە وادەی دیارکراویش لە شوێنی بۆنەکە ئامادە دەبێ، چەند سالێ تەنیا بلاوکردنەوەی ئاگاداری لە شریتی هەوالی تەلفزیۆنەکان بەس بوو بۆئەوەئ خەلک بەشدرای ئەم یادە مەزنە بکات.

گەر حزبە ئۆپۆزیسۆن و کەسە توند ڕەوەکان نە بووایە، قەت ئەوە نەدەهاتە ئارا کە خەلک مۆنمینت و شوێنە پیرۆزەکانی یادەوەریەکانیان خراپ بکەن و بیسووتین، لەم چەند سالەی کۆتایی دیاردەیەک دروست ببوو کە حکومەت دەترسا لە ترسی گێرەشێوێنی و خراپەکاران کەمتر بەلای ئەوە دابچێ یادی ئەو تاوانە گەورانە بکاتەوە کە دەرحەق بە باشوور کرابوون،


یادی کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان 1993

یادەکان کە نەدەکران لە ترسی رشتنی خوێن و دروست بوونی توند و تیژی، کەس و کاری شەهیدان و بریندارانی گللەی ئەوەیان دەکرد رێز لە قوربانیان ناگیرێ، ئەوانیش ناحەق نەبوون.
ئەم نەریتە ناشیرینە تەنیا بۆ دەست خستنی چەند دەنگێ لە هەلبژاردنەکان و یاخود راکێشانی خەلک بۆ ناو حزبەکانیان، هەولدان بوو بۆ لە بار بردنی کەیسەکە و تەسک کردنەوەی لە چەمکە نەتەوەییەکەی بۆ هەندێ خزمەت گوزاری سەرەتایی و دەستکەوتنی هەندێ ئیمتیازاتی کەسی.
باواز لەمە بێنین، یادکردنەوەکان بە شێوەیەکی گشتی، جگە لەم

گەر بە مێژووی یادەوەری ١٦-٤دابچینەوە، دەبینن پاش ٢٠٠٢کۆمەلێ گۆرانکاری دروست بوو، بە هۆی ململانێ ی حزبی و کەسی، مکوڕ بوونی حکومەت بۆ بەرز راگرتنی ئەم یادەوەرەیە، سەیر دەکەیت لە بواری خزمەتگوزاری و فەرهەنگی و بەرچاوبوونی ئەم یادەوەرییە.
بوونی رۆژی ١٦-٤بە رۆژی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، بلاوکردنەوەی چەندین بلاوکراوەو گۆڤار و کتێب بۆ ئەم یادە بێتە بوون، کە هەریەکەیان رۆلی خۆی هەبوو بە زیاتر ناساندنی خۆشناوەتی و بەتایبەت شێخ وەسان و بالیسان و یادی ١٦-٤، جگەلەمەش چەندین سال کە بەرپرسی گەورەی هەرێم دەهاتن،

دەنگمان باشتر دەگەیشت و کار و پرۆژەی باشتر ئەنجام دەدران و خەلکیش بە شانازیەوە کە دەیگوت خەلکی ئەم شوێنەم باشتر و جوانتر رێزی لێ دەگیرا و کارە کەسیەکانیان بۆ فەراهەم دەکرا.
بەلێ یاد کردنەوەکە، سەرەرای کەم و کوڕیەکانی، کێشە و گرفتەکانی، نەبونی بودجە، هەندێ جار ئیستغلال کردنی، هێشتا باشتر بوو لەوەی کەیاد نەکرێتەوە، سالێکیان لەگەل قایمقامی شەقلاوە کێشەی داوات نامەمان هەبوو، بۆئەوەی زۆرترین خەلک ئامادە بیت، من پێم گووت، خەلکی ئەم ناوچەیە وا راهاتووە گەر زانی یادە دەکرێتەوە، گەر لەهەر شوێن بێ و دەستی دە هەر کارێ دابێت، بە



سوودانەی سەرەوە باسمان کرد، وا لە نەوەکانی داهاتوو دەکات، ئەم تاوانانە باشتر بناسێ و هاوسۆزبێت لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی بەسەر خانەوادە و کەس و کار و خەڵکی ناوچەکەی هاتووە، هۆکاریشە بۆ زیاتر رق لێبوونەوە لە دوژمنە سەرسەختەکانی نیشتمانەکەی، کە چیان بە خاک و خەڵکەکەی کردووە.

هەمیشە وەک کارتێکی سەربەرز بەدەستی دەبێت بۆ گێرانەوەی نەهامەتیەکانی بۆ میوانە بیانیەکانی و راکێشانی زیاتری هەست و سۆزی بریار بەدەستانی جیهان و لەم رێگایەشدا گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانمان، گەر کیمیا باران و ئەنفال و جینۆسایدی کورد کاری چاکتری لەسەر کرابایە و بەنێو نەتەوەیی کرابایە وەکو ئەرمەنی و جوولەکەکان کە کردویانە، ئەوا لە رووی نەتەوەی سوودی زۆرمان لێ دەبینی، بەس حەیف ئەم کەیسەش وەک هەموو کەیسەکانی تر لە بەر حزبایەتی و ململانێ ی کەسی و گۆرین وەزیر لە کابینەکانی حکومەتە یەک لە دوایی یەکەکانی هەرێمی کوردستان ئەم کەیسە شل و شەپی تێکەوتووە و تاکو ئێستاش نەتوانراوە لە پێناو مەسەلەی نەتەوەی سوودی لێ ببینرێ.

لە کۆتاییدا پەیامی من ئەوەیە پێویستە هەموومان بە کەس و کاری شەهید و بریندارەکان، حکومەت، حزبەکان بە دەستەلاتدار و ئۆپۆزیسیۆن، کەسایەتیەکان، رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان، خەڵک بەگشتی، هەمیشە وا لەم تاوانانە بروانێ کە مەزنترە لە هەموو ئەو بەرژەوەندیە حکومی و حزبی و کەسیانە، وە پێویستە هەموولایەک لەم یادەندا هاوکار و یارمەتی دەری یەکتر بۆ زیاتر ناساند و کردنی بە کارتی فشار بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و لەسەر ئاستی ناوچەکانیش چەندە بە هێمنی و تەبایی ئەم یادانە بەرز رابگیرێن، زیاتر دەناسرێن و دەستکەوت و پرۆژەی زیاتر و خزمەتی زیاتر لە کۆتاییدا دەچننەوە، بە پێچەوانە یادەکان دەبوکێنەوە و ناوچەکان پەراوێز دەبن زیاتر و کەس و کاری شەهید و بریندارەکانیش زیاتر بێ خزمەت دەبن.

لە یادی ٣٧ساڵەی کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و تەواوی خۆشناوەتی، دروود بۆ گیانی شەهیدان و ساغی بۆ بریندااران و سەرفرزای بۆکەس و کاریان و سڵاوی تایبەتیش بۆ ئەو جوامێرانەی لە رۆژی یەکەمی ئەم تاوانە تاکو ئێمرۆ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانیان کردووە بۆ ناساندن و بەرز و پیرۆزراگرتنی ئەم یادە مەزنە .

# هۆکارەکانی پەلاماری چەکی کیمیاوی لەناوچەکەدا.



**هۆمەر محەمەد**

٢٠٢٤/٣/٣٠ -سلێمانی

کیمیابارانی دۆڵی بالیسان لەچاو ناوچەکانی تر، بۆنمونە لەچاو هەڵەبجە کەمتر قسەی لەبارەوە کراوە، ئەمە نەدەبوو وابێت، بەلای کەمەوە خوێندەوارانی ناوچەکە دەبوو زیاتریان لەبارەوە بکردایەو بووتایە، لەهەموو لایەنەکانیان بکۆڵیبایەوەو هەتا ئێستا بەتایبەتیش کە کامێرا بەدەست هەموو کەسەوەیە، هیچ کەسی بەرکەوتوو یان شایەتحاڵی ڕوداوەکە نەمایە چیرۆکەکەی تۆمارنەکرایە، بۆنەکراوە ئەوەباسێکی ترەو هەویرێکی ئاوکێشە. لەم وتارەدا هەوڵدەدەم تەنها لەسەر یەک ڕەهەندی بدوێم ئەویش هۆکارەکانی کیمیابارانکردنی ناوچەکەیە بەتایبەتیش کیمیابارانی هەردوک گوندی بالیسان و شێخ وەسان، بێگومان کەسانی تریش قسەیان لەمەڕ ئەم لایەنە کردووەو ئارگۆمێنت و بەڵگەیان لەمەڕ هۆکارەکانی گازبارانی دۆڵی بالیسان خستووەتەڕوو بەڵام بەگشتی ئەوەندەی بەرچاوم کەوتووە گەراندوویانەتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، سەرباری ڕاستی قسەکانیشیان دەشێت ئەو هۆکارانەی دەستنیشانیان کردوون، گشتین، زۆربەیان دەیگەڕێننەوە بۆ توندرەوی بەعس و شۆرشگێڕی خەڵکی ناوچەکە. بەڵام ئەمانە هۆکارنین بەڵکو دەرئەنجامی توندرەفتاری و پەرچەکرداری ڕژێمە دکتاتۆرەکانن. دەنا ڕژێمێک دکتاتۆر نەبێت، گازبارانی نەیارەکانی خۆی دەکات ؟ چ جای منداڵ بەدوژمن بزانێت؟ دەسەڵاتدار دەوڵەتداری بزانێت خەڵکی بێچەک بۆمباران ناکات. من هەوڵدەدەم بەجیا لەو هۆکارانە کیمیابارانی خۆشناوەتی بەگشتی و هەردوو گوندی بالیسان و شێخ وەسان بەتایبەتی بدوێم، بێگومان بەتاکە هۆکارێکەوە نایبەستمەوە، لەبەرئەوەی چەندین هۆکاری سەرەکی هەبووبن، لێرەدا جگەلەو هۆکارانەی باسکراون وەک درندایەتی ودڵرەقی بەعسیەکان بۆ ژیانی کۆمەلایتی و سیاسی بە هێزبوونی پێشمەرگەو هاوپەیمانێتی حزبەکان لەگەڵ ئێران و پێگەی بەهێزی جەماوەری ناوچەکەو لێخوێندنی خراپی سیخورەکانی ڕژێم ، چەند هۆکاری تریش هەبووبن کە لێرە بەدوا هەوڵدەدەم بەچەند خاڵێک بەو شێوەیەی لە خوارەوە ڕیزبەندیان دەکەم هۆکارەکان پۆلێن بکەم .

**هۆکاری سیاسی:** بەعس دەیویست بەم تاوانە، وەک چۆن لە پەرچەکرداری بەرەی جەنگی حاجی ئۆمەراندا کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی ئێرانیەکانی کرد، لەبەرانبەردا بەعس کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی کرد، بەهەمان شێوە هێزەکانی یەکێتیش تەمبێ بکات، لە زۆنی ئەویشدا کۆمەڵکوژیی بکات و تۆڵەیان لێبکاتەوە، لە پاڵ ئەم تاوانەدا چەند ئامانجێکی زیاتر بپێکێ، هەم ڕۆڵی تاقیکردنەوەی گاز ببینێ و لە بیدەنگیشدا خەڵکی کوردستاندا بەکۆمەڵ بکوژێت و ئەوانی تر بتۆقێنێت و لە ئاشکرابوونیشدا ئێران تاوانبار بکات، بەتایبەتی کەسانێک لە برنیدارەکان قایل بکات بەوەی پاگەندەی ئەوە بکەن کە ئێران بە گازی کیمیایی لە عیراقی داوەو عیراقیش وەک قوربانی پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات و سۆزی ئەنجومەنی ئاسایش زیاتر بۆلای خۆی رابکێشێ لە دژی ئێران. دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا سەرباری گەمژەیی عێراق کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە دژی ئێران سەریان بۆ هەموو درۆکانی سەرانی عێراق دەلەقاندو بەلای کەمەوە تاوانەکانیان دەخستە تەمومژەوە.

**هۆکاری سەربازی :** سوپای عێراق جگەلەوەی لەبەرەکانی جەنگی عێراق – ئێراندا شەکەت و ماندوو بوو، خەڵکێکی زۆر لە سوپا هەڵدەهاتن ولادێکانی کوردستان ببونە پەناگای هەزاران سەربازی هەڵاتوو، هێزی پێشمەرگەش لە کوردستانەوە


گوندی شێخ وەسان

ناوچەیەکی زۆریان کۆنترۆڵکرد بوو، بەشیوەیەکی بەرچاو ببوونە هەڕەشە بۆ حکومەت، وەک عەلی حەسەن مەجید، دانی پیدانابوو (پێش ئەم پەلامارانە تێکدەران جادەگشتیەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو، کەستان نەتان دەتوانی دوای نیوەڕۆ بەهێزێکی زۆرەوە لەکەرکوکەوە بچن بۆ سلێمانی یان بۆ هەولیر، ئەوان بەچەند ڕەشاشێکەوە پێشیان بەفرقەیەک دەگرت )[1]دەبوو کاردانەوەکانی بەشیوەک بن تۆقێنەربن، سەرکردایەتیەکەی سەرباری ئەوەی سەرکێش‌و چەواشەبوو، سەرباری ئەوەی سوپایەکی هارودرندەی بەردابووە گیانی خەڵک و خەڵکێکی زۆریشی بەجاش گرتبوو، کەچی هەمیشە شکستیان دەهێناو لەبەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا شتێکی ئەوتۆیان لەدەست نەدەهات بۆیە کە دەکەوتنە تەنگژەو تەنگانەوە پەنایان بۆ توندوتیژی دەبردو تاوانی دژە مرۆڤانەو تاوانی جەنگیان ئەنجام دەدا، لەشەردا پابەند نەدەبوون بەیاسای شەرەوەو ئەفسەرو سەربازانی سوپایان لە هەموو بەهایەکی ئینسانی و هۆشیاری مافی مرۆڤ و هۆشیاری پاراستنی مافی مەدەنی داماڵیبوو، بە لۆژیکی تۆڵەو تەمبێ کردن دەجولانەوە، زۆر ناچار نەبوونایە دیالۆگیان نەدەکردو بروایان بە گفتوگۆو لێک تێگەیشتن نەبوو، دانویان لەگەڵ کورد نە دەکولاو بەدەمارگیریەکی شۆڤێنیانەی عەرەبیەوە، مامەڵەیان دەکردو کەیفی بە پاڵەوانبازی دەهات، بۆیە لەوەها حاڵێکدا کە هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆڵی جافایەتی کۆببوونەوە، گازبارانی دۆڵی بالیسانیان کرد، بۆئەوەی بەلای کەمەوە هێزە خۆراگرەکەی مەڵبەندی سێ لەبەرەی جەنگی حەوزەی ماوەت و چیای ئەزمربکێشنەوەو بەهەواڵی کۆمەڵکوژی کەسوکارەکانیان ورەیان بڕوخێ وسەنگەرەکانیان لە شارباژێرو دۆڵی جافایەتی چۆڵبکەن و هێزی پێشمەرگەش بتۆقێنن وبەچۆکیاندا بهێنن .

**هۆکاری ناوچەیی ونێودەوڵەتی :** ڕژێمی بەعس سودێکی زۆری لە سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەرگرتبوو، ئەو سەروەختە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش جگەلە چین کەبەبێ لایەنی مابووە هەموویان بەگشتی هاوسۆز بوون لەگەڵ عێراق و دژی کۆماری ئیسلامی بوون، بۆنەگبەتی کوردیش ئەو سەروەختە هەموو دنیا دژی ئێران بوو، هێزە کوردیەکان هاوپەیمانی ئیران بوون،

[1] ئەوەی ناوکەوانەکە قسەی عەلی حەسەن مەجیدە لەیەکێک لە کاسێتە دەنگیەکانیدا- کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری شارەکان وبەرپرسانی حزب بۆ بەخێرهاتنی حسن علی ئەعامری ١٩٨٩ – کەرکوک. کەلە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەماڵەکەیدا دەستیان بەسەردا گیرا .

بـــۆیە عێـــــــراق ئەم دەرفەتەی قۆســتبووەوەو کــوردی وەک بەکـرێ گیراوی ئێرانـی ئەنفال و کیمیابـاران دەکردو لەنوسـراوەکانی هەواڵگری و سـوپادا ئەو ناوچـانەی وەک پـێگەی خــومەینی دەجـــال و پاســـەوانی

**لێدانی بالیسان و شێخ وەسان بۆئەوەی هەم ترس و دڵەراوکێ بۆ هێزەکانی مەڵبەندی سێ دروست بکەن و لە پاشەکشەدا بەترس و دودڵییەوە بگەڕێنەوە ناوچەکەیان و ترس لەکیمیایی و پیسبوونی ژینگەکەیان ئەگەر بەچۆکیشیاندا نەهێنێ، ئەوا دودڵ وڕاڕابن لە ژینگەیەکی ئەمین و ئاوی پاك و خاکێکی سەلامەت کە لەسەری بحەوێنەوە بجەنگن.**

خومەینی وبەکرێگیراوی ئێرانـی نـاو دەبـــرد (بــڕوانە ئەم لیــنکە http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=10284&l=14&r=84&s=010000 ) ئەمانەو لـوتبەرزی[2]

وغروری فەرماندەکانیان بە حیکمەتـی سەرۆکەکەیان هۆکارێکی تربوون .

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە ئەوەش بزانین کە چەکی کیمیایی بەچەند شێوەیەک بەکاردەهات، باوترینیان لەرێگەی رۆکێت (ساروخ) و کاتۆیشاو تۆپی دورهاوێژ و بۆمبی فڕۆکەوە بوو کە لەئاسمانەوە بەردەدرانە خوارەوە، ئەوەی کە لە دۆڵی بالیسان بەکارهێنراون چ بۆمبارانی رۆژی ١٦ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ و چ ئەو گازبارانانەی تر کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی وەرێ و قاسماواو دۆڵی مەلەکان و گەرەوان و توتمە ئەوجۆرە بوون، کە فڕۆکە بەریدەدانەوە، هەندێک جاریش لەرێگەی مینەوە دادەنران بەڵام کاریگەرترینیان ئەوانە بوون کە بە بۆمبی فڕۆکەو کاتۆیشاو رۆکێت بوون وەک ئەو بۆمبارانەی لە سێوسێنان ئەنجامدراو (٦٩) کەس گیانیان لە دەستدا. هەروەها کیمیابارانی شاری پاوەو نۆدشەو سەردەشت لە کوردستانی رۆژهەلات و گۆیتەپەو عەسکەریش لە باشور هەر بە فڕۆکە بوون . بەلام لەهەڵەبجە هەم بە رۆکێت بووە و هەم بەفڕۆکە .

**هۆکاری ژینگەیی :** پیسبوونی هەوا، یەکـــــێکە لە خراپتــــــرین پیسـبوونەکانی زەوی و پەیوەنـدیەکی راســـــتەوخۆی بە مـــــرۆڤ و زینــدەوەرانەوە هەیە، چــونکە هەوا بەتەنهـا لەشــوێنێکدا بەجێگیــری نـامێنێتەوە. جــوانی نـــاوچەکەو کەشـــوهەواو ژیــنگەکەی دەشــێت هەڵبژاردنـــی ئەم نـــاوچەیە بـــۆ بەکارهێنانی گـازو چەکی کیمیایی لە تەنهـا ئامانجێکـدا کـورت نەبێـتەوە بۆنمـونە رەنـگە ئامـانج بە تەنهـا کۆمەڵکــوژی نەبوبێــت، بەڵکــو کۆمەڵێـک ئامـانج لە ئـارادا بـوون چــونکە ئەمە یەکەم تــاقیکردنەوەی بەعـس بـوو، پیسـکردنی ژنـگەو دروسـتکردنی نائـارامی دودڵـی و دڵراوکـێ، بـۆ خەڵـک و هێزەکـانی مەڵبەندی سێ کە لێرە پێگەو بارەگایان هەبـوو هێزێکـی کـاریگەرو شـەرکەر بـوون. بەتـایبەتیش لەو کـاتەدا کە لە ناوچەکەدا نەبوون و رۆیشتبوون بـۆ بەرەی شــــــەڕ لە نـــــاوچەی سـەرکردایەتیەکیان کە بە داسـتانی رزگاری ناو دەبراو تارادەیەک هێـزی پێشمەرگە حکومەتیان شپرزە کردبوو. لێـدانی بالیسـان و شـێخ وەسـان بـۆئەوەی هەم تـرس و دڵەراوکـێ بـۆ هێزەکانی مەڵبەندی سێ دروست بکەن و لە پاشەکشەدا بەتـرس و دودڵـییەوە بگەڕێـنەوە ناوچەکەیـان و تـرس لەکیمیـایی و پیسـبوونی ژینگەکەیـان ئەگەر بەچۆکیشــیاندا نەهێنــێ ئەوا دودڵ وڕاڕابن لە ژینگەیەکی ئەمین و ئـاوی پـاك و خـاکێکی سـەلامەت کە لەسەری بحەوێنەوەو بجەنگن. ئەوەی مـایەی تێرامـانە هێشـتا هێزەکـانی مەڵبەنـــــدی ســـێ هەر لەبەرەی جەنگدابوون کە دۆڵـی مەلەکـانیش لە ١٩ی حـــوزەیرانی هەمـــان ســـاڵدا

---

[2] ئەم لینکە رونکردنەوەی زۆری بەزمانی عەرەبی لەبارەی مامەڵەی چەکی تایبەت و رەزامەندی

وپێشنیاری سەرۆک تێدایە لەچەند شوێنێکیش باسی حەوزەی بالیسان کراوە .

کیمیاباران دەکرێت ! ئەوەش دیسانەوە جێگەی ترامان و بەدوادا چونە کە هاوینەهەواری دۆڵی مەلەکان (سەروکانیباران) کراوەتە ئامانج و زۆرترین ریژەی کیمیایی بەسەردا باراندووە کە زۆرترین خەڵک رویان تێکردووەو شوێنێکی گەشتیاریی بووە بۆ حەوانەوە.[3] ئەمجۆرە هەوڵانەی رژێم لەسەربنەمای زانیاری کۆکردنەوە بووە لەرێگەی سیخورەکانیانەوە، بۆیە شوینە گرنگ و قەرەباڵغەکانی گازبارانکردووە، بەمەش لە هەوڵی کوشتنی زۆرترین خەڵکی سڤیل و پیسکردنی ژینگەکەیان و دروستکردنی ترس و دلەراوکیی خەڵک وپیشمەرگە بووە لەناوچەکەدا .

**هۆکاری کۆمەڵایەتی :** دۆڵی بالیسان بەگشتی و هەردوو گوندی بالیسان و شێخ وەسانان بەتایبەتی، دوو قەرەباڵغترین گوندی ناوچەکە بوون، ژمارەیەک گەنجیان پێشمەرگەو فەرماندە بوون، دوو گوند بوون وەک گۆپتەپەو عەسکەر لە ناوچەی قەلاسیوکەو ئۆمەربل لەگەرمیان و سێوسێنان لە قەرەداغ لەبەرئەوەی پێگەو پشتوپەنای پێشمەرگە بوون، بۆیە ببونە جێگەی سەرنج و دەمێک بوو پیاوانی بەعس لێویان لێدەکرۆشتن. هەر لە زووەوە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و رۆشنبیری ناسراویان تێدا هەڵکەوتوە.

[3]بروانە کیمیاباران لە خۆشناوەتیدا ئامادەکردنی محمەد جەمال، سالح ئەکرەم حەیدەری ،کەریم عەبدولا هەرتەلی –چاپی یەکەم -٢٠٠٦ ل ٤٧

جگە لەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری پیشەوەری بەسەلیقەو خوێندەواری باشی تیدابووە، هەموو ئەمانەش بەشێوەی راستەوخۆو ناراستەو خۆ دەبوونە هێزی پشتەوەی جەنگ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بۆیە کۆمەڵکوژی خەڵکەکەیی و و راوەدونان و هەڵکەندنیان لەشوێنی خۆیان و تێکدانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و جەماوەری لەناوچەکەداو بەعیبرەتکردنی ئەو دووگوندە و ترساندنی ئەوانی ترو تێکدانی پەیوەندی جەماوەری پێشمەرگەو هاولاتی لەوناوچەیەدا بەگشتی هۆکاری ئەو کۆمەڵکوژییە بوون.

**دەنگی شێخ وەسانان:** لە یەکەم سەردانماندا بۆ گوندی شێخ وەسانان عومەرفەقێ باسی وەستایەکی بۆکردم کەلە شێخ وەسانان رادیوی چاک دەکردنەوەو لە کۆنە کۆیل و پارچەی رادیۆ و ستونێک توانیویەتی رادیویەک دابمەزرێنێ، کەریم عەبدولا هەرتەلیش باسی ئەم رادیۆیەی کردووە، کە دواتر پەرەی پێدراوەو هەتا چەند کلیۆمەتریک رۆیوەو گوندەکانی دەوروبەری بالیسان گوێ بیستی بوون. بەلام لەهەموویان رەوانترو جوانتر محەمەد جەمال توتمەیی باسی رادیۆکە (دەنگی شێخ وەسانان) دەکات، ئەو نوسیویتی: (یەکەم رادیۆ لە خۆشناوەتی (فەقێ مستەفا مەلا مستەفا یان وەستا مستەفا) یەکێکە لەو کەسە دەست رەنگینانەی کە بەتواناو بلیمەتی خۆی برەوی داوە بە ئەلیکترۆنیات، کە ساڵی ١٩٨٣ دوکانێکی زۆر سادەی هەبوولە شێخ وەسانان خەریکی چاکردنەوەی رادیۆو تەسجیل بوو، ئەوکات لە شوێنێکی داخراو ودوور لەشار توانی ئێستگەیەکی رادیۆ لەشێخ وەسانان دابمەزرێنێ، بەکۆنە کۆیل و ئەنتینێکی سادە ،رادیۆکەی ناونابوو (دەنگی شیخ وەسانان) سەرەتا تەنها لە ناو گوند وەری دەگرت، دواتر پەرەی پێداو گەیشتە دەشتی بالیسان، تاماوەیەکی زۆر ئەو رادیۆیە بەردەوام بوو، دواتر بەهۆی (ئەوتاوانەی ساڵی ١٩٨٧) نەی توانی تاسەربمینێ.

من دواتر وەستا مستەفام لەرێگەی فەیسبوکەوە ناسی وگفتوگۆمان کرد، کەس لە بنەماڵەی 19بەداخەوە کە ئەم پیاوە دەست رەنگینەش، شە هیدبوون. لەگەڵ ئەوەی کە کارەکەی بەرزەنرخێنم رەنگە بوونی ئەم رادیۆیەش هۆکارێکی لاوەکی بوویێت لەسەرنج راکێشانی بەعسیەکان، وەک ناوەندێکی راگەیاندن و پێگەیەکی هەواڵی و رۆشنبیری لەناوچەکەدا حسابی بۆ کرابێ. هەرچەندە لە نامەگۆڕینەوەیەکی نێوانماندا وەستا مستەفا جەختی لەوە کردەوە کەوا ساڵێک پێش کیمیاباران ئەو رادیۆکەی داخستووەو نەیتوانیوە بەردەوام بێت. بەڵام ئیدی دەوڵەتی دیکتاتۆر ئاوایە لەبری پەرە بەتواناکانی هاولاتی بدات، ئامادەیە ئاوەدانییەک بەهۆی دەنگێکی نارازییەوە بسوتێنێ.

# ١٩٨٧ = ٣٧ ساڵ و چەپکە گوڵە مردووەکان



**ئەدیبە عوسمان بالیسانی**

چەند ساڵێکە رووداوی تراژیدیای کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان وەک پێویست قسەی لێوە نەکراوە، و لە هیچ سوچێکی میدیا و راگەیاندنەکانی ناو خۆی هەرێمی کوردستان و عێراقیش ئەو کارەساتە نە یادی کراوەتەوە نە باسیشی لێوە کراوە، ١٩٨٧ ساڵێکە کۆمەڵگای کوردی توشی شۆک و خەم و کەسەرێکی قولکرد، بگرە کۆی پرسەکانی ژیانی خستە قۆناغێکی نوێی تراژیدی و ماڵوێرانی . ١٩٨٧/٤/١٦ هەواڵێکی ئاسایی نەبوو پانتایی میدیای شاخ و هێزە سیاسیەکان بە هەستێکی تراژیدیانەوە ئەم کارەساتەیان راگەیاند ، و رژێمی بەعس و حکومەتی ئەوسای عێراقی خەڵکی سادە و ئاسایی ناوچەی خۆشناوەتی بە تایبەت گوندەکانی شێخ وەسانان و بالیسانی بە ئامانجگرتن و بە چەکی تراژیدیای قەدەغەکراوی کیمیایی بێ رەچاوکردنی رەوشی مافی مرۆڤی جیهانی و یاسایی ، هاوڵاتیانی لەم دوو گوندە بۆردوومان کرد، ئەو ساڵە نائومێدی تەواوی گەلی کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکان و لۆبی کوردی لە سەرانسەری جیهانی داپۆشی و تاکی کوردی خستە گێژاوی تراژیدیاوە ، لەو ساڵەدا جیهانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دەوڵەتانی ئیسلامی و عیلمانی لەسەر ئاستی هەڵوێستی یاسایی و مرۆیی بە ئەوپەڕی خۆشبەختیانەوە مێژووی شەرمەزاری خۆیان تۆمارکرد و، چوونە گوێی دڕاوەوە و لە ئاست ئەو کارەساتەوە کۆمەڵگای جیهانی ئەم پرسەی بە قەدەری تاریکی سپارد، قسە ئەوەیە ئەو بێدەنگیەی کۆمەڵگەی جیهانی لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵکوژیە تا هەنوکەش نەک هەر جێی نیگەرانی و شەرمەزاریە بگرە کۆی مرۆڤایەتی تووشی بێ هیوایی کرد لە ئاست دووبارە نەبوونەوەی هەر کۆمەڵکوژیەکی تر و کارەساتی تری خوێناوی ، بەتایبەتی بۆ گەلانی بێ پشتیوان ، ٤/١٦ هەر کوشتنی میللەتێک نەبوو بە قەد ئەوەی کوشتنی ئینسانیەتی جیهانی و کوشتنی ویژدان بوو، ئەمە پرسێکی جیهانی یە لە رووی مرۆڤایەتی کە تووشی نا ئومێدیەکی درێژخایەن دەبێت و دەرەنجامەکانی لە ساڵانی پاشتر دەرکەوتن و دواتریش کەمتر لە ساڵێک جارێکی تر کۆمەڵگەی مرۆیی مۆری بێ هەڵوێستی لە نێو چاوانی خۆی دایەوە و ، رژێمی بەعس دووەم کۆمەڵکوژی لەم سنورە ئەنجام دایەوە لە ١٩٨٨ /٧/٣١ و دەیان منداڵ و ژن و پیر و گەنجی بێ تاوانی کردنەوە قوربانی ، کارەساتی هەڵەبجەو بادینان و گەرمیان و سێوسێنان و خەتێ و وەرێ و گۆپتەپە و وەرتێ و تد ، هەمان ئەو رووداوانەن ، کە پێمان دەڵێن گەلی کورد نابێ بە هیچ شێوەیەک بێباکانە دەرەوەی خۆی بکاتە پشت و پەنای مرۆیی و سیاسی و مێژووی بۆ هەر پرسێکی نەتەوەیی و مرۆیی لە ژیانی سیاسی خۆیدا کە بەداخەوە نەک بێباک بوو بەڵکو هۆکار بوون بۆ زۆر ئارێشی تری رووداو و کارەساتی تری مرۆیی لە ناو نیشتماندا، هۆکاری ئەمنی سیاسی و ناوخۆیی و نەتەوەیی لە ئێستادا رێی تێناچێ روونتر پەنجەیان باوێینە سەر، هەر وەک لاوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمەکانی کورد لە هەریەک لە ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و تەنانەت سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیش لە رابردووی ئەو ساڵانەی رابردوو نەیان توانی ئامانجی خستنە رووی پرسی کۆی کەیسەکانی کیمیاباران و تراژیدکاری ئەنفال و وێرانکردنی گوند و لادێکانی کوردستان لە هەرەمی حکومەتی عێراقیدا وەک کەیسێکی کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی و مێژوویی بە رێکاری یاسایی بە هەل بزانێ و بیخاتە بەردەم هەم هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی حکومەتی عێراق و دروستکردنی هاوسۆز و پشتیوان بۆ خودی کەیسەکە و هەم بیخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەوروپا و دادگای لاهای و سوربوونیان لە بەدواداچوون بۆ ئەم کەیسە کۆمەڵکوژیە و ناساندنی بە تاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و پێ سەلماندنی حکومەتی نوێی عێراق بەو هەموو رووداو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورد هێنراون ، بێگومان حکومەتی هەرێم و هەم تیمەکانی کورد لە بەغدادی نوێ هۆکار گەلێک داوێنە بەردەم ئەم هەنگاوانەی کە بەداخەوە نەکران ، بە دڵنیاییەوە هیچ پاساوێکیان لێ وەرناگیرێت و بگرە رووبەرووی بەرپرسیارێتی مێژووییان دەکەوێتە سەر شان ، دەبووایە لۆبیەک کە لەسەر ئاستێکی باڵا و دوور لە دەستی حزبی و بە بیر و ئەندێشەی مرۆیی و نەتەویی و بە رێکاری یاسایی یەوە لە دوای راپەڕین بەو ئەرکە هەڵستابایە و کاری لە پێشینەیان ئەو کەیسە با بەر لە دروستکردنی هەر دامو دەزگایەکی تر، رەنگە بۆ ئەم بۆچوونەشم کۆمەڵێک پاساوی لاواز بخرێنە روو لە ئەگەری ئەوەشدا بێ وەڵام نامێنینەوە. دەشێ ساڵی ١٩٨٧ وەک هەر ساڵێکی ئاسایی بەسەر مێژووی بەشەریەتدا تێ بپەڕێ؟ و بەردەوام لە خەونی سەرابیدا بمێنینەوەو توانا و هەوڵەکانمان بە قەدەری سیاسی و ناکۆیەکانی دەسەڵاتی کوردی بسپێرین؟ دەکرێ دەستەوستان بمێنینەوە لە بەرامبەر داوای بە جینۆساید ناساندنی ئەم کەیسانە و سەلماندنی حکومەتی عێراقی بەو

هەموو کۆمەڵوژیانە و تێکدان و وێرانکردنی ژینگە و دیمۆگرافیای کوردستان ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر و نەخێر و نەخێر! پێم وایە دەبێ هەوڵەکان بسپێردرێن بەو رێکخراو و کۆمەڵ و قوربانیە لۆکالیانەی هەرێمی کوردستان و دوور کەوتنەوەیان لە دەستی رەشی حزبی و هاوکات پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی گشتی کە نوێنەری هەموو ئەو رێکخراو و کۆمەڵە و گروپانە لە خۆ بگرێت و ئەرک و بەرپرسیارێتی وەخۆ هەڵگرێت و بودجەیەکی کراوەیان بۆ دابین بکریت ، ئەم کۆمەڵەیە بە دەستێکی ئەمینەوە بێت و ئەندامەکانی کەسانی شارەزا و یاسایی و بە توانا و زمان زان و کارامە بن ، ئەرکیان تەنها بریتی بێت لە سوربوون بۆ بەدواداچوونی ئەم کەیسە .

ئایا ئەم کەیسە ، پرسێکی ئاساییە ؟ دەبێ هەر ئاوا بە خەم ساردی و بێباکی بمێنێتەوە ؟ کورد شایستە نیە بەدوا داچوون بۆ پرسێکی لەو شێوەیەدا بکات ؟ بۆچی کۆمەڵە و رێکخراو و گروپی لۆکالی نەیتوانیوە هەنگاوی گورج و کارا بۆ کۆی ئەو پرسانە باوێت ؟ بۆ ئەم کەیسە پرسێکی ئاسایی بێت ؟ مەگەر ئەم هاوڵاتیانی کورد قوربان مێژوویی نین ؟ بێگومان مێژووی گولی کورد بەردەوام قوربانی کۆمەڵکوژی داوەو خاوەنی دەوڵەمەنترین قوربانی دانیشە بۆیە بە شانازیکردنەوە دەتوانین هەنگاوەکانمان بە رێکاری یاسایی و بەڵگەییەوە بخەینە روو و کەیسەکان لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانیەوە بناسێنین و خەم سارد و بێباک نەمێنینەوە لە ئاستی ئەو پرسە مرۆیی و نەتەوەییەماندا ، کورد کە خاوەنی قوربانیەکی زۆر و بەردەوامە بۆیە شایستەین بەدواداچوونی بەردەوامان بۆ ئەم کەیسانەمان هەبێت و سڵ نەکریتەوە و بە هیچ شێوەیەک سارد نەبینەوە لە بەدواداچوونی بەردەوام ، هەروەک کۆمەلەو رێکخراو و گروپە لۆکالیەکان و ناوچەیی بە ئەندازەی دیاریکراو هەوڵ و کۆششیان خستوەتە روو بۆ ئەو پرسانە ، کەم تا زۆرێک لە هەندێک رووەوە هەنگاویان ناوە بەڵام ئامانجە سەرەکیەکانمان لەو پرسەدا وەدەست نەکەوتووە ، دەکرێت هەموو ئەو هەوڵانە یەکبخرێن ور تیمێکی یەکرگرتوو و کاراو شارەزا و ناسێنراو بۆ کەیسەکە دروست بکرێت و وەک وتم کەسانی کاریزما لەو کۆمەڵەیە ئەندام و ئەرک پێ سپێردراوبن و ، دووربن لە دەستی حزبی ، چونکە دەرکەوتووە لە هەرێمی کوردستان

> **٤/١٦ هەر کوشتنی میللەتێک نەبوو بە قەد ئەوەی کوشتنی ئینسانیەتی جیهانی و کوشتنی ویژدان بوو**

دەستی حزبی هاتبێتە ناو هەر رێکخراوێکی مەدەنیەوە ، ئامانجەکانی بە لارێدا براوە و رێکخراوەکان سەربەخۆییان لە دەست داوە ، بۆیە هەمیشە دڵنیایی زیاتری سەرکەوتن بۆئەو کۆمەڵە لە دووری دەستی حزبیدا مسۆگەرترە . دوای ٣٧ ساڵ کوا پەیامە مێژوویەکانی حکومەت بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی بە نیشتمانی بەخشی ؟ کوا دەستکەوتەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کارەساتانەی بەرۆکی گەلی کوردی گرت؟ دەتوانم بڵێم ، بەداخەوە حوکمرانی و ئەو ململانێیە تراژیدیانەی ماوەی سی و حەوت ساڵەی هەرێمی کوردستان نەک هەر نەیتوانی خزمەت بەو ئامانجانە بکات کە دەکرا نەک هەر هەوڵیان بۆ بدرێت بگرە بەرەو پێشەوەش برۆن و لانی کەم نزیکی دەستەوتەکانی داخوازیەکانی قوربانیان ببینەوە و پرسەکان دابەشی بیری تەسک و حزبایەتی و مەرامی تاکەکسی نەکرێت و، کار بۆ گەورە مانەوەی کارەساتەکان بدرێت نەوەک کەیسەکان بێهودەو بچووک بکرێنەوە ، ئایا کێ لەو بەرپرسیارێتەی دێتە وەڵام ؟ ٣٧ ساڵ کەم نیە حکومەتێک خەمی بۆ ئەو هەموو خەونانە نەبێت کە هاوڵاتیانی ئومێدیان بۆ هەڵچنیوە و هیوایان بووە بیانگەیەننە ئامانجی وەدەستهێنانی کەیسەکەیان وەک هەر کەیسێکی هاوشێوەی جیهانی ، بۆ قەرەبوو کردنەوەیان لە رووی ماددی و لە رووی دەروونی و ژینگەییەوە ، قەرەبووکردنەوەی ئەم کەیسانە دەستکەوتێک نیە تا ماف و هەقێکی تاڵی ژیانە . کێن ئەوانەی ئەو چەکە کۆمەڵکوژیانەیان داوە بە حکومەتی ئەوسای حزبە بەعس و بۆچی ئەو چەکەیان پێدان ؟ بێدەنگی کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی بۆچی ؟ قەدەغەی بەکارهێنانی چەکی کیمیای لە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان گەلی کورد بێ بەش کردووە ، و ئەو گەلەی لە قەرەبووی زیانەکانی لەو چەکە بێهودە کردووە ؟

دوای سی و حەوت ساڵ هێشتان هەزاران پرسیار لەسەر دۆخی برینداران و پاشماوەی کارەساتەکە و ژینگە و بەرپرسیاریتی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو و خاوەن چەکەکان هەن و وەڵام نەدراونەتەوە ، ژینگەی کوردستان بە رێژەیەک هێشتان هەرەشەی قوربانی لەسەرە و برینداران تا ئەو ساتەی ئەم نووسینە دەنووسرێت بەدەم ژان و ناسۆری برینەکانیانەوە دەناڵینن جگە لە بار و دۆخی دەروونی و بوونی مەترسیەکانیان لەسەر ژیان ، هاوکات گوزەران و ژیانی کەس و کاری قوربانیەکان و برینداران لە ئاستێکی زۆر نزمدایە ئەمەش قوربانیدانەوەیەکی ترە ، لاوازی خزمەتگوزاری بەشێکی تری ئەم ناوچانەن کە قوربانیەکانی تێدادراوە ، بۆچی ؟ بریندارەکانی کیمیایی لە رووی جەستەیی و دەروونیەوە یان ناتوانن کاربکەن یان وەک پێویست ئیشیان پێناکرێت، مەگەر ئەوان هێشتان قوربانی نادەن ؟ لە بوونی ئەو هەموو پرسیارانە کێ دێتە وەڵام ؟ ئایا بەسە ساڵانە چەپکێک گوڵی مردوو بخرێتە سەر گۆری قوربانیەکان ؟ ئەو چەپکە گوڵە مردووانە چی لە ژیانی ئەوان و ژینگە و نیشتمان دەگۆڕن ؟






**محەممەد جەمال توتمەیی**

دوای ئەوەی لەساڵی 1983 شەشی ئامادەییم دوای ئەوەی لەساڵی 1983 شەشی ئامادەییم لە (پەیمانگای دیراساتی ئیسلامی لەشەقڵاوە ) تەواو کرد، بەهۆی زروفی ئەوساو باری ناتەواوی ئابووریم نەمتوانی درێژە زیاتر بە خوێندن بدەم، هەروەها ئەوساش حکومەتی عیراق لە جەنگێکی سەخت دابوو لەگەڵ ئێران، بۆیە هەرچی موالیدەو شایەنی چەك هەڵگرتن بوو لەلایەن وەزارەتی بەرگری عیراق بانگ کرابوون بۆ خزمەتی سەربازی. موالیدی منیش 1963 یەکێك بوو لەوانەی کەلەمێژ بوو بانگ کرابوو، بەڵام بەهۆی بەردەوامیم لەخوێندن بۆ کاتی کۆتایی هێنان بەخوێندن ئەوا لە (دەفتەر خدمەی عەسکەری نووسرابوو ) هەرکاتێك وازت لە خوێندن هێنا، لەسەرتە بۆ خزمەتی سەرازی ئامادەببی.

تواناى سەربازیشم نەبوو، بۆیە ناچار گەڕامەوە گوندەکەم توتمە، ئەو حاڵەتە پێیان دەووت (متخلف عن الخدمە العسکریە ) واتا نەچۆتە پێش بۆ خزمەتی سەربازی.

ئەوکات گوند پڕبوو لەخەڵکانی ڕاکردوو و متەخەللیف، چ لە گەنجانی گوند چ خەڵکانی تری کە یەکێك لە خەڵکی گوندی ناسیبایە ئەوا چەند کەسێك بەیەکەوە خانوێکیان دەگرت و تیایدا دەژیان، لەترسی سەربازی.

دەستم بەژیانی ئاسایی کردو لەگەڵ بابم دا ئیش و کاری چاندنی تووتن و پیازو.....هتد کردەوە، دەزگیران داریش بووم بۆیە هەر ئەوساڵە و لەمانگی هەشت ژنم گواستەوە، جگە لە ژیانی ئاسایی و کارکردن لەچاندن و کشتوکاڵ ناوەناوەش دەستم کرد بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی کەلەپوورو فۆلکلۆری ناوچەکەم و لەگەڵ بەتەمەن و بەساڵا چوانی گوند و دەوروبەر چاوپێکەوتنم ساز دەداو ئەو کات تەنها بە تەسجیل دەمان توانی کاری تۆمارکردن ئەنجام بدەین.

دوایی دوکانێکی بچووکم دانا لەگەڵ (غازی کوڕەپلکم ) کەبەجەمەلۆن دروستکرابوو، تاماوەیەك بەیەکەوە بەردەوام بووین، ماوە ماوە بارەگای هێزەکانی پێشمەرگە دەهاتنە گوندو بارەگایان دادەنان، بارەگای لقی هەولێری (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ) هێنایانە خانووی ماڵی (ئەنوەربەگی توتمە ) کە (علی حمە صالح ) برازای مام جەلال لێپرسراوی لق بوو، ڕەحمەتی (مەلا نەوزادیش جێگری بوو ). هەرزوو ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، لەبەر ئەوەی دوکانەکەمان لەپێش بارەگاکە بوو، بۆیە هەموو کەسەکانمان دەناسین، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە دوکانەکەمان بەڕێوە دەبرد، لەساڵی 1985 خوا یەکەم منداڵی پێبەخشیم، لەبەر خۆشەویستی حەسەن زیرەك ناوم نا بۆکان، دوای تێك چوونی گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عیراق، ئەوەبوو بڕیارێك لەلایەن

ڕژێمی عیراق دەرچوو کە تیایدا فەرمانبەرانی گواستنەوە شارەکان، بۆیە بابیشم یەکێك بوو لەفەرمانبەرانی ئەوقاف و ئەویش نەقل کرا بۆ هەولێر، ناچار بوون بە (حوکمی وەزیفە)ماڵیان بار کردو چوونە هەولێرو لەگەڕەکی باداوان چوونە خانووی کرێ، دوایی بوونە خاوەن خانووی خۆیان.

بەڕۆیشتنی ماڵی بابم بۆ هەولێر بۆ من زۆر ناخۆش بوو، چونکە بەتەنیا مابنەوەو ژیانمان رووی لە ناخۆشی و قورسی کرد.

هەروەها کاك غازی کورە پلکیشم بە ئیزنی لقی شۆڕشگێڕان ئەویش تەسلیم بووەوەو لەدوکانداریش بەتەنیا مامەوە، ماوەیەك لەگەڵ کاك (مەجیدی حاجی قادری ) بوومە شەریك، بەڵام ئەویش زۆری خۆ نەگرت و لە شریکایەتی دووکان کشایەوە، ئەمجارەش بەتەنیا مامەوە.

ساڵی 1986 دووکانەکەم گەورەتر کردو لەخانووی مام صالحی حامیدی دووکانم دانایەوە، بەناوی دووکانی (هەڤالان) دەستم بە ئیشوکاری دوکانداری کردەوە.

دوای ماوەیەك لقی شۆڕشگێڕان بارەگایان پێچایەوەو بردیانە گوندی (کانی بەرد) لە شوێنی (بارەگای ئیعلام) بارەگایان دانایەوە.

زۆری نەبرد بارەگای (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ) رێکخراوی دووی هەولێر بارەگایان هێنایە هەمان شوێنی شۆڕشگێڕان، شەهید (عبدالرزاق ) لێپرسراوی رێکخراو بوو و (شێخ عەلیش ) جێگر بوو، هاتنی ئەو بارەگایە زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەندام و کارگێڕو پێشمەرگەکانی ئەوە رێکخراوە کەسانی زیرەك و بوێرو بەتواناو رۆشنبیرو رووناکبیر بوون، هەرزوو توانیان جێگای خۆیان لەنێو گەنجان و خەڵکی گوند بکەنەوە، پەیوەندیەکی زۆر بە هێز پەیدا بوو لەگەڵ خەڵکی گوند، بەتایبەتی شەهید عبدالرزاق کەسایەتیەکی زۆر بە هێزی هەبوو، شەوانە کەسایەتیەکانی گوند وەکوو ئەنجوومەن و ریش سپی و پیاو ماقوولانی گوند سەردانیان دەکرد و پردێکی پتەو لەپەیوەندی شۆڕش و خەڵکی گوند دروست بوو.

دوای هاتنی رێکخراوی دووی کۆمەڵە پەیتا پەیتا بارەگای تریش هاتنە توتمەو بالوکاوەو زێنە، خەستەخانەی شۆڕشش هاتە گوندو لەخانووی (فارسی مام عەولای ) نیشتەجێ بوون، دکتۆرەکانی وەکوو (زریان و شەهید کتۆر چیاو دکتۆر خدرو دکتۆر کاروخ و دکتۆر جەلیل کە عەرەب بوو و خەڵکی بەصرابوو، بە جلیل بصری دەناسرا) لەو نەخۆشخانەیە کاری برین پێچی و چارەسەری سەرەتاییان ئەنجام دەدا، زۆر لەو کەسانەی کە دەرمان و حەبی زیادەیان لەماڵەوە هەبوو بردیانە نەخۆشخانە، دکتۆرەکان پەیوەندیان لەگەڵ گەنج و لاوانی گوند پەیدا کرد، زۆری پێنەچوو بارەگای مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتنە گوندو لەخانووی (خار غەفوری )بارەگایان دامەزراند و شەهید (حەسەن کوێستانی و برایەکانی و یوسفی ئامۆزای ) ماڵیان هێنایە گوندو هەریەکەی لەخانوێکی بەتاڵ ماڵیان دانا، جموجۆڵ و قەرەباڵغی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو لەناو گوند، بارەگای تیپی مەڵبەندیش هاتە ناو گوندو هەروەها بارەگای کۆمەڵا یەتیش لە گوندی بالوکاوە لەشوێنێکی ناو گوند دامەزران، رەحمەتی عەزیز بەگی رانیە سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی دەکرد، وە بارەگای تیپی 83 ی هەوریش لە خانووی قەسرێ لە زێنێ بارەگایان دانا، کە خوالێی خۆشبێ (صابیر رەسول) سەرتیپ بوو.

عوسمان یوسف مولیدیەکی کارەبای دامەزراندو زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوند کارەبایان راکێشابوو، کەشەو دادەهات ئەو گوندە ئەبووە چراخان، هەرماڵەی کلۆپێك و تەلەفزیۆن مانگانەپێنج دیناری وەردەگرت، بەڕاستی دوو ساڵی زۆر خۆشمان رابوارد.

قوتابخانەش دوای ئەوەی مامۆستا ابراهیمی سەید حەمەدەمینی نەقل کرا، ئەوا مامۆستایانی شۆڕش ماوەیەك ئیدارەی خوێندنیان دەدا، بەڵام دواتر نەتوانرا تاسەر خوێندن بەردەوام بێ هەموو مەکتەبەکانی دەڤەرەکەمان بوونە بارەگای هێزی پێشمەرگە.

هەر لەبەهاری ئەو ساڵە واتا 1986 خوا کورێکی پێبەخشیم و ناوم نا (مەریوان ) بەڵام لەتەمەنی دووساڵیدا بەکاریگەری کیمیا سەری نایەوە.

هەر لەساڵی 1986 لەپاڵ کاری دووکانداری وام بەباش زانی کەوا دوکانەکەم بەشێکی بکەمە فرۆشتنی کتێب و گۆڤارو رۆژنامە، ئەوەبوو مانگانە بەهۆی کاك فاروقی خەزوورمەوە برێکی زۆر لە رۆژنامە کوردیەکان وعەرەبیەکان و گۆڤارەکوردیەکان و هەندێ کتێبی دانسقە بهێنمە دوکانەکەم و مانگانە دابەشی بکەم بەسەر بارەگاکانی مەڵبەندو رێکخراودا.

بەمەش دەستکەوتێکی باش بوو بۆمن تاماوەیەك توانیم خۆم لەسەر پێی خۆم رابگرم.

هەر لەو ساڵە بوو لەگەڵ کۆمەڵێك برادەرو گەنجی گوند رێك کەوتین لەسەر دامەزراندنی تیپێکی نواندن بەناوی (تیپی نواندنی لاوانی توتمە) لەلایەن رێکخراویشەوە پشتگیریان کردین لە چالاکی نواندن بۆ بۆنە نەتەوەییەکان، ئەوەبوو شەوێك کۆبووینەوە داوامان لە کاك (مستەفا محەممەد قادر -مەلای مام محمدی) کرد کەوا دەقێك بنووسێ و تەعبیر لە واقیعی ئەوسای کوردستان بکات، پاش شەو و رۆژێك بیرۆکەیەکی جوانی گەڵاڵە کردبوو بەناوی (شوان سەرلەنوێ عومری تازەی بۆ دەنووسرێ ) ئەو دەقە گچکەیە پەسەندکراو داوا لە رێکخراوی دوو کرا کەوا هەمووشتێك ئامادەبەو پێویستمان بە پرۆڤەیە، ئەوانیش بەرێز( نەهرۆ شێرە ) کە ئێستا لە

وڵاتی ئوسترالیایە، کە لەسەر جیهازی بێتەلی ڕێکخراو بوو، هەواڵ و چالاکی پێشمەرگەی ڕێك دەخست و لەپێش دووکانی ماڵی ئەنوەر بەگی هەڵدەواسی، شارەزاییەکی زۆر باشی لەکاری نواندن و شانۆدا هەبوو و یەکێك بوو لە هونەرمەندانی بەشدار لە شانۆی (هەبوو نەبوو).ئەویش ئامادەیی دەربڕی و ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر دەچووینە مەکتەبی گوندو پڕۆڤەمان دەست پێکرد، هەروەها مامۆستا (اسماعیل بەرزنجیش لەگەڵ دکتۆر کاروخ ) دەهاتن بۆ سەیرکردنی پڕۆڤە، لەکاتی پڕۆڤەدا ڕۆژ بەرۆژ دەقە شانۆییەکە زیاد دەبوو کەدو لقی لێدەبوونەوەو دەوڵەمەند دەبوو، هاتینە سەر ئەوەی کەوا دوا بڕیار بدەین لەسەر پێشکەشکردنی شانۆیەکە، بەڵام بەداخەوە ڕۆژ بەرۆژ شەڕو ئاژاوەو هێرش و بۆردومان و تۆپباران دەستی پێکردو نەمان توانی کەوا ئەو خەونەمان بهێنینە دی.

هەرلەو ساڵە بیرۆکەیەکم بۆ هات ئەویش دروستکردن و دانانی کتێبخانەیەك بۆسوود لێبینینی خەڵك و پێشمەرگە، ئەوەبوو کردمە پێشنیارو دامە ڕێکخراوی دوو و مەڵبەندی سێ، خوا هەڵناگرێ زۆر مەردانە هاتنە پێش و هەر ئەو ڕۆژە نزیکەی 30 کتێب و گۆڤارو نامیلکەیان بۆ ناردم و بەڵێنی گەورەکردنی ئەو پڕۆژەیەیان پێدام و خۆمیش نزیکەی پەنجا کتێبێکم هەبوو بەنیاز بووم هەر لەناو دووکانەکەم دایبنێم، بەڵام بەداخەوە ئەویش لەبەر ئەو هۆیەی کە باسم کرد، نەم توانی جێبەجێی بکەم.

زۆری نەخایاند بەهۆی زروفی سیاسی و هێرش و تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکە ئەو کەشە خۆش و جوانەی تێکدا،

لە کۆتایی ساڵی 1986 خۆشناوەتی بە گشتی کەوتە ژێر بۆردومانی فڕۆکەو تۆپ باران، حکومەتی بەعس دەستی کرد بە تۆپ باران، هەم لە خەلیفان و هەمیش لە سنووری بێتواتە، هەندێ جاریش وەکوو مەفاریزی تۆپخانە لە دەشتی هەریرو دیانان و سەر مەیدانی شەقلاوە.

وەکوو شەڕێکی دەروونی تۆپبارانی گوندەکانی دۆڵی بالیسانیان دەکرد، بۆ نموونە :لەناکاو دە پازدە تۆپیان دەهاویشت، ئینجا بێدەنگ دەبوون تاکوو کاتێك کە دەنووستین، ئەمجارە یەك دوو تۆپی تری دەهاویشت، دەم و جەمی نەبوو، بۆیە تابلێی ژیانێکی زۆر سەختمان بەڕێکرد.

ڕۆژانەش بۆردومانی فڕۆکە هەبوو بۆ سەر گوندێك، بەتایبەتی ئەو کاتەنەی کەوا هێزی پێشمەرگە چالاکی گورچك بڕیان هەبایە دژ بە سوپای داگیرکەر، ئەوا ڕژێمیش لە بەرانبەردا بە فڕۆکەی سۆخۆ یان پیلاتۆزو یان هەلیکۆپتەر بۆردومانی گوندەکانی دەکردو چەندین کەسی سڤیلیان شەهید دەکرد، بۆیە ناچار خەڵکی گوندەکانی دۆڵی بالیسان زۆربەیان گوندەکانیان جێدەهێشت و ڕوویان لە شوێنە ئەمینەکان دەکرد، ئەو شوێنانەی وەکوو گوندەکانی هەرووتیان و سنووری بێتواتە، هەندێکیش هەرچۆنێك بایە لەناو گوندەکانیان دەمانەوە، بەیانیان دەچوونە دەوروبەری گوند خۆیان دەپاراست، ئێوارانیش دەچوونەوە سەر ماڵ و حاڵیان.

لەکۆتایی 1986 لەگەڵ نزیکەی 15 کەسی گوند بووم بە (بەرگری میللی ) چەکێکی نوێیان پێداین، بەرگری میللیش هەروەکوو پێشمەرگایەتی وابوو، ئەوەندە کەیفمان بەو چەکەوە هاتبوو، هەرلەبەیانیانەوە تاکوو کاتی نووستن چەکمان هەر بە پیلەوە بوو، شانازیمان پێدەکرد.

من خۆم دوای ئەوەی چەند جارێك بۆردومان و تۆپبارانی گوند کراو چەندین کەس شەهید بوون، وەکوو شەهیدانی (ئەشکەفتیێ زیخماری) کە پێنج کەس شەهید بوون، دواتر لەسەرەتای 1987 بەهۆی بۆردومانی سۆخۆ بە عنقوودی (عومەری مەلا حەیدەری و خەجیجی کچی ) شەهید بوون، 14 کەسیش بریندار بوون، گوند بەرەو چۆڵ بوون دەچوو، لەگەڵ چەند ماڵێك ماڵمان بارکردو چووینە گوندی (سارتکە) ی دۆڵی هەرووتیان، من و خۆشناوی مام یوسفی لەیەك خانوودابووین، ماوەی مانگێك زیاتر لەوێ ماینەوە، ئەوێندەر هیچ مەترسیەکی لەسەر نەبوو، ڕۆژانەش ئەوەی بەرگری میللی بووین دەگەڕاینەوە توتمە تاکوو ئێواران دواتر دەچووینەوە سارتکە.

تاکوو ئەو شەوەی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر چیای کۆڕەك، ئیتر ژیان لەوێش مەترسی کەوتە سەر دوای چەند ڕۆژێك لەبۆردومان و تۆپباران ئەوێشمان بەجێهێشت، خانوەکەی من لە توتمە خانوێکی دووقاتی زۆر خۆش بوو، بەڵام بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە دیواری بنەوەی ڕووخا، بۆیە سەر خانەوەکەم درزێکی گەورەی دابوو، بەکەڵکی ئەوەی نەمابوو بچمەوە ناوی، بۆیە لەکۆتاییدا بڕیارم دا بچمە ناو خانووی مامم اسماعیل کەلەسەر جادەی گشتی بوو، ئەوسا تەنها سێ خانوو لەنزیك جادەی گشتی بوون، جێییەکی چۆڵ بوو هیچ دراوسێم نەبوون، ئەو کاتیش وابوو لەبەر مەترسی بۆردومان و تۆپباران، زۆربەمان منداڵەکانمان دەناردنەوە هەولێر، بۆیە زۆربەی شەوان بەتەنیابووم، ئەوە درێژەی کێشا تاکوو مانگی نیسانی 1987، لەسەرەتای مانگ منداڵەکانم هاتنەوە، بەیانیان دوای نانحواردن منداڵەکانم دەبردنە زێنە، ڕۆژێك کاك فەیسەلی مام عەولای گوتی ئەگەر پێت خۆشبێ ماوەیەك ماڵم دێنمە ئەو ژوورەی تەنیشتت، زۆرم پێخۆش بوو ڕەزامەندیم دەربڕی کە ماڵی بێنێتەلای من.

ئەو کاتی هەردوو ڕێگای سەرەکی هەم ڕێگای خەلیفان، هەم ڕێگای سەروچاوەو بێتواتە لەلایەن ڕژێمەوە داخرابوون، تاکە ڕێگا کە مابوو ڕێگای زینەتیر بوو، ڕێگایەکی سەخت و وێران، تەنها تراکتۆر دەیتوانی زۆر بە زەحمەت پێیدا بڕوا، بۆیە هاتووچۆی

هەم خەڵك و هەمیش پێشمەرگە تەنها ئەو ڕێگایە بوو.

چەند ڕۆژێك پێش 1987/4/16هەواڵی نوێ دەهات کەوا بەعس هێزی لە خەلیفانەوە کۆکردۆتەوەو بەنیازە هێرش بکات (تەقەدوم بکات)، بۆ دۆڵی بالیسان، ئەو بڕیارانە دوای دەستەڵات وەرگرتنی (عەلی حەسەن مەجیدی) ئامۆزای صدام، لەلایەن خودی ئەوە دەردەکران، ئەو کاتیش پێشمەرگە زۆر کەم لەناوچەکەدا بوونیان هەبوو، هەموویان سەرگەرمی شەڕی سەرکردایەتی بوون.

ڕۆژی 4/16 کاك فەیسەڵماڵی هێنایە تەنیشت من، ئەو ڕۆژە گەلێك دڵخۆش بووم بەهاتنی ئەو برایە، چونکە دراوسێم پەیدا بوو، مام عەولاو پلکە سەفیش ئەو ڕۆژە هاتن و شیوێکی زۆر کرابوو، لەناو حەوشە جێگا ڕاخسترابوون، تابڵێی دڵمان خۆش بوو.

ئێوارەی 1987/4/16 من و ڕەحمەتی (حوسێنی مام سمایلە کەرتکی) لەپێش دوکانی ماڵی حاجی قادر خەریك بووین بیبسیمان دەخواردەوە، ڕوومان لەرۆژهەڵات بوو، لەناکاو (هەشت فرۆکەی سۆخۆ) لەسەر هەورێ پەیدابوون، دوو وەجبەبوون، چوار چوار، وەجبەی یەکەم یەکسەر دەستیان بە بۆردومانی شێخوەسانان کرد، وەجبەی دووەمیش بەهەمان شێوە دەوروبەری کانی بەردو شێخوەسانانی بۆردومان کرد، لەخولی دووەمدا هەرهەشتیان بۆردومانی بالیسانیان کردو خولی سێیەم پشتی بالوکاوەو دەوروبەری توتمە تاکوو نزیك خەتێ بۆردومان کران، ئنجا هاتنەوە سەر دەوربەری زێنەو ئەوێش هەندی قونبەلەیان تێگرت، سەیر بوو جاران کەبۆرومانی سۆخۆ دەنگی تەقینەوەکان زۆر بەهێز بوون، کەچی ئەوانە دەنگیان هەرنەدەهات، ئێمەش ئەوا لەتەماشاین، جێی تەقینەوەکان دۆکەڵێکی ڕەشی لێ هەڵدەچوو دواتر پەرت دەبوو، دوای ڕۆیشتنی فرۆکەکان سامێك بەسەر ئەو دۆڵەدا هات، کەس

نەی دەزانی مەسەلە چیە، هەتا گەیشتمەوە ماڵەوە گەرووم وشك بوو، بۆنێکی زۆر سەیر دەهات، ئەوەی گوێت لێدەبوو هەر دەیگوت ئەو بۆنە



سەیرەچیە ؟ بەڵام کەس نەبوو وەڵامان بداتەوە، وەختێك صابیری حەمەدی عەولارەشی لەسەر تراکتۆرێك بوو، هاواری کرد، کوڕینە ئاگاو لەخۆ بی کیمیایە.

جارێك لە بارەگای ڕێکخراوی دوودا نامیلکەیەکم بینی لەسەر بەرگی نووسرابوو (چۆنیەتی خۆ پاراستن لە چەکی کیمیایی) هەندێکم خوێندەوە کە چۆن خۆپاراستنی سەرەتایی ئەنجام دەدەی، بەڵام ئەو نامیلکەیەیان بڵاو نەکردەوە.

بۆیە هەرزوو هەرچی پەڕۆك و خاولی هەبوو، لەدەمی خۆماندا پێچا، نان و چێشت داندرا بوو هیچ کامێکمان دەممان لێی نەدا. ئیدە تاریکیش بەرەبەرە داهات، لەناکاو چوار هەلیکۆپتەریش لەسەر زینەتیرەوە پەیدا بوون، ئەوانیش دەستیان بە بۆردومانی شوێنە بەرزاییەکانی سەر زینەتیرو کلاّو قاسم و هەورێ و تەلان و شۆپە کرد، بۆردومانەکەی کۆپتەرەکان تەنها وەکوو تیشکێك بوو هیچ دەنگیان نەدەهات.

حکومەتی بەعس وای دەزانی ئێمە شارەزاینە لەچەکی کیمیایی، وایان

دەزانی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەڵدەکشێنە سەر شوێنە بەرزەکان بۆ هەڵمژینی هەوای پاك، بۆیە بۆردومانی کۆپتەرەکانیش هەر کیمیا

بوو بۆ قەتل و عام کردنی بەتەواوەتیان هاتبوون، دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان ناچار بووین کەوا شوێنەکە جێبهێڵین و چووینە گوندی (وەرێ)، هەربەو شەوە لەلایەن مەڵبەندەوە هەرچی چەکداری بەرگری میللی هەبوو هەموومان بانگهێشت کراین کەوا بگەڕێینەوە توتمە، بەو شەوە گەڕاینەوە زێنە شەو لەوێ ماینەوە سعات نزیکی یازدەی شەو خوا ڕەحمی کرد بوو بە بارانێکی بە لێزمە تاکوو درەنگانی شەو، ئەو بارانە نەبایە قوربانیەکان زۆر زیاتر دەبوون، دواتر لەلایەن مەڵبەندەوە پێیان ڕاگەیاندین کەوا هەرکەسە بچێتەوە ماڵەوەو هیچ لە گۆڕێدا نیە، دوای ئەو ڕۆژە هەندێك ماڵمان بارکردو بردمانە وەرێ، ڕۆژی 1987/4/19 هێزەکانی جەیش و جاش گەیشتنە ناوچەکەمان و تەواوی گوندەکانیان خاپوورو وێران کردن و ئێمەش ماڵمان بردنە سەروچاوە و ئاوارە بووین.

# لەساڵ ڕۆژی 16ی4دا



**مەلا مەغدید شێخوەسانی**

## _1_

پلکم ،زولەیخا حسن احمد، تەنها ئەودو کورە تاقانەی هەبو، بەداخەوە هەردوکیان لەو مەرگەساتە تیداچون، پاش بەرکەوتنیان بەچەکی کو کوژ، لەشێخ وەسان، لەگەڵ خەڵکی ئاوایی بەنیازی تیمارکردن وچارەسەرکردنیان، بەرێ کران بۆ سەروچاوەو رانیەو پاشان هەولێر، لەرۆژی17ی4 لەگەڵ دەیان گەنج و لاوو پیری (شێخ وەسان و بالیسان) لەلایەن پیاوە درندەکانی رژێمی بەعس بێ سەرو شوێن دەکرێن و تا ئێستا گۆرە ونن،شەهیدان، (محمد رسول باپیرو قادر رسول باپیر) ئەو دو کورە پورەم ، لە برا زیاتر پشت و پەنام بون،هەردوکیان ئەندامی کۆمەڵەو یەکێتی و پێشمەرگەی هێزی پشت گیری سنورەکە بون،
تاکو ئێستاش بۆچرکەیەکیش لە دیدو فکرو خەیاڵم نەرۆیشتون، پوریشم، سەرەرای برینووار بونی خۆشی بەسەختی و پەککەوتەیی لەدەست دانی بینایێشی بۆ جرکەیەکیش لەچاوەروانیان نەکەوتوە، فرمێسکی لەچاوان وشک نەبوەو بەدیار دەرگاوە دانیشتوە،بەردەوام گوێ قولاغە هاکا (محمدوقادر) وەژورکەوتن, مام (حاجی رسولی) باوکیشیان هەر بە ئومێدو کەسەرو سۆراخێکی هەردو جگەرگۆشەکەی ماڵ ئاوایی لەدونیا کرد، و سەری نایەوە، لەو مەملەکەتی زام و برینەی ئێمە ،سەدان و هەزاران خانەوادەی خانە وێران جەرک و دڵ و دەرون هەڵقرچاو هەن، وان بەدیار سۆراخی ئازیزە بێ سەرو شوێنەکانیانەوە شەوو رۆژ دەکەنەوە،
بۆیە هەمیشە دەڵێین، ئەوانەی بەهەربیانویەک بەباشی باسی بەعس و سەددام دەکەن، ئەوە بابزانن ئاگرێکی سوتینەری بێ ئامانی ترە لەسەروگیان و رۆحی هەزاران خێزانی وەک ماڵی پلکم بەردەدەن..

## _2_

بیرەوەری دوسێ رۆژی دوای کیمیابارانی 1987ی شێخ وەسانان
دوای ئەوەی رژێمی بەعس زانی ئێتر کیمیاباران ئەوەی کردی کردی، هێزی پێشمەرگە لە شەرێکی گەورە دابو لە سنوری دۆڵی جافایەتی، لە سنورەکە زۆر کەمی لێمابو، رۆژانی 18و 19ی4ی1987 ئەو رۆژانە جاشەکانی رژێمی بەعس بە پشتیوانی تۆپ و هەلیکۆپتەرو سوپای بەعس هێرشیان هێنا بۆ سنوری دۆڵی بالیسان ( بۆ گرتن و ئەنفال کردنی پاشماوەی خەڵکی سنورەکەو سوتاندنی گوندەکان و تاڵان بردنی هەرچی بکەوێتە دەستیان)،،ئێمەش بۆ سۆراخی دایک و خوشک براوتەواوی خزمان و کەس و کار و پاشماوەی بریندارەکان لە دۆڵی( مەلەکان) بە شاخی (دەرەار) دا هاتینەوە (شێخ وەسان و کانی بەرد) بەهاوڕێ یەتی کاک( عبداللە کانی بەردی و کاک طە کانی بەردی) لە ناوشێخ وەسان ودەوروبەری بوین،چەند بریندارێکمان دیتنەوە،لەوانە رەحمەتی (حاجی کەریمی مام محمودی) کە وەزعی زۆر خراپ بو، ( بەداخەوە خێزان و کورەکانی و نەوەکانی زۆری بنەماڵەکەشی شەهید بون،)هەندێک نان و ئاومان لای دانا و بەداخەوە رۆژی دواتر شەهیدبو، دواتریش زانیمان،چەند بریندارێکی تر لە ئەشکەوت و کونەشاخەکانی تر ماون، ئەوانەی لە بیرم مابن.
(شەهیدان عزیزی مام علی و پلکە گەوهەری دایکی،و شەهید حاجی شێخ وەسانی و کاک عبداللە صۆفی)،لەهەمو دۆڵی بالیسان دەنگی تۆپ و دۆشکەو هاوەن دەهات، چرە دوکەڵی سوتاندنی گوندەکانی ئەو سنورە لەلایەن جاشەکان بەری ئاسمانی گرتبو، گەلە جاشێکی زۆر تا ماڵەکانی خواروی شێخ وەسانان هاتن چەند خانوو (دێ چرو) و (گیشە گیا)یان ئاگردان نەیان وێرا لە بەر بۆنی کیمیاویەکە زۆر بمێننەوە لەناوگوند، هەلیکۆپتەر لەسەرتەواوی سنورەکە دەسورایەوە، جاشە چڵکاو خۆرو تاڵان چیە کانیان لە گوندە کان بەردابو، قائیدی جەیشی بەعسیش لە جادەی گشتی (بالیسانِ – مێرگەسەر) فەرمانی پێ دەکردن،ناوە ناوە چەند گوللە تۆپێکیان بەناو گوندو شاخەکانەوە دەنا، خۆشمان هەستمان کرد تازە بەرکەوتین،دەمو چاو و قورگ و لوتمان دەسوتایەوە، چاومان بەردەوام ئاوی دەکرد...

# لەزمانی خۆیانەوە



**مخلص اسماعیل ابراهیم**

**رونکردنەوەیەکی پێویست**

لەسەر داوای ستافی گۆڤاری ١٦/٤ گێڕانەوەی سێ چیرۆکی گەواهیدەرانی تاوانی کیمیابارانی 16/4 / 1987 لێرەدا بڵاو دەکەمەوە، کە بەشێکن لە کارێکی چوارساڵ پێش ئێستا دەستم داوەتێ، هیوامە لە ئایندە هەمویان چاپبکەم، گیانی شەهیدانی گۆڕ دیار و گۆڕ ونی ئەوکارەساتە شادو ئاسودە، ئومێدی ژیانێکی تەندروست بۆ برینداران، وڵات ئاوەدانترو کورد یەکگرتو.

**-1-**

احمد مصطفی محمد/
ناسراو بە ئەحمەدەڕەش
موالید/ ١٩٥٦
مسری ابوبکر عبید
موالید/ ١٩٥٢ هاوسەری احمد
بەروار/ ١٢/ ٦ / ٢٠٢٠
شوێن/ بالیسان
کاتژمێر/ ٨ شەو

بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆیان بۆ باسکردم و گێڕایەوە. سەرەتا مام ئەحمەد باسی کردوو گوتی:

رۆژی ١٦ / ٤ / ١٩٨٧ لە چیای (بنهەرمی) خەریکی دانانی ڕەزبووم، لای ئێوارە گەڕامەوە بارەدارەکم هێنابو، دوای خستنی بارەدارەکە بەرەو لای مزگەوتی گەورە ڕۆیشتم گەیشتمە لای ماڵی مام مستەفا فڕۆکەی دوژمن هاتن، لەبندیواری ماڵیان دانیشتم تا دەفڕۆکەم ژماردن تەنها یەك خولایانداوەو دەستیان بە بۆردومانی ناو گوندی کرد نزیکەی نیو سعات مابو بۆ نوێژی مەغریب، دەنگی بۆمبەکانیان کەمتربوو لەچاو پێشان، لە دڵی خۆم گۆتم ڕژێم چەکی گەورەی نەمایە، دوای بۆردومانەکە کە زیاتر نەبوو لە ٢٠ خولەك فڕۆکەکان ڕۆیشتن خۆم دەنگی ٢٨ بۆمبم گوێ لێبو هەندەکیشیانم دەبینی زۆری بۆمبەکانی لە گەڕەکی میرۆسیان و ناوەڕاستی گوندی لای کانیێ گەورە دان، بەرەو کانیێ گەورە ڕۆیشتم نوێژم کردوو چومە لای ماڵی حوسێنی حەمەدی شینکۆی چەند کەس لەوێ بوون حسێنی صۆفی و سمایلی ابوبکری و مام حسێن و حەسەنەسۆربوون گۆتم جەمەعات بۆنەکی پیس دێت دەرێی دەرمانە لێیدااینە، سمایلی ئەبوبەکری گۆت ئەحمەدەڕەش عەیبە ئەوقسانە حکومەت قومبەلەی نەماینە بتڵەغازی هاویشتینە کردیە پێکەنین، دوای ئەوەی دونیا تاریك بوو بەروە ماڵ بومەوە مسریی خێزانم دوو گیان بوو، ئەو وەختی چوار منداڵم هەبوون هەموویان ووردبوون ئەوانیش ( فەهیمە – وشیار – نەعیمە – فاتیمە) یەك کوڕو سێ کچ.

پلکە مسری دانیشتبوو گۆتی: خەریکی چێردۆشینێ بووم کە تەیارە هاتن چم پێنەما فەهیمە هەشت ساڵان بوو لەسەر مێرگێ بوو لەگەڵ منداڵێ جیرانان گەمەی دەکردن، بانگمکرد وەرە تەیارە هاتن چونکە زۆر لە تەیارەی ئەترساین رۆژانە دەهاتن و بۆردومانیان دەکرد، وێڕا نەگەیشت بێتەوە چوە قۆرتە تەیارەی مارێ جێرانەکەن، چۆنن زانی کیمیای لێیدااینە، پاش ڕۆیشتنی تەیارەکان پێشمەرگەك لەلای کانیێ گەورە بەلای مارێمەدا ڕۆیشت، گۆتی کیمیای لێدا ئەو تەیارانە بڕۆن بەتانیەك شتەکی تەڕ کەن یان پەڕۆکان تەڕکەن بەسەرەخۆو منداڵەکان دادەن، هەستام پەڕۆکم تەڕکردن دەگەر بەتانیەکی بەسەر مندارانم دادا.

مام ئەحمەد گۆتی: لەبەرئەوەی خێزانم دوو گیان بوو دوونیا تاریك داهات بوو ترسی هاتنی حکومەت هەبوو بەیانی، چومە کن ماڵی حەسەنە سۆری دایکی ئەو ناوی پلکە خەجیج بووگۆتم وەرە کن مسریەی هەم جیران بووین و هەم مامان بوو پلکە خەجیج، مسری رۆژو مانگی تەواو کردبوون وەزعی خراپ بوو، حەسەنە سۆری

گۆت ئەمیش دێم بەسواری کەرێ هەستام هەندەك نان و ئاوم هیناوتفەنگەکی پەڕەشوتیشم هەبوو بەپیلم وەکردوو منداڵم بەسواری ئێستریێ سۆر بردن تا ناو ئەشکەفتێ عەلیەبۆزی بەخۆم و حەسەنە سۆری، بە(مسری)ێ و پلکە (خەجیج)ێشم گۆتبوو ئێوەش هوردە هوردە وەرنە خوارێ تا ئەچم و دێمەوە، کە گەڕامەوە کەریشم هێناوە بە شۆقێ بروسکان دەڕۆیشتم، گەیشتمەوە کن مزگەفتێ بەگزادان جەمەعاتی حیزبی شیوعی لەوێ بوون ئاگرییان کردبۆوە گۆتیان کیمیای لێدایە لە گوندی دوورکەونەوەو ئاگری هەرکەن باشە، رۆیشتم هاوارم کرد مسری پلکە خەجیج سۆراغ نەبوو، گەڕامەوە بەروەخوار گەیشتمەوە زینۆکێ هاوارمەکرد سۆراغ نەبو، حەسەنی گوێ لەمن بوو هاواری کرد ئەحمەد ئەمیش دێمەوە گوندی چومەوە ئەشکەفتێ حەسەن سواری کەرێ بوو هاتینەوە ناوگوندی ، چوینە مارێ سەلامی مام حسێنی گۆتم مسری و پلکە خەجیج گۆتیان لێرە نین گۆتم بابچمەوە ماڵێ جیران بووین گەیشتمە ڕاستی ماڵێ لە زهنی خۆم ئەوان لەژۆرێن بە توڕەیی پێلاقەکم لەدەرکێ دا گۆتم مادام هاتینەوە ئەمن و لۆ هەندە ماندی کرد، کەچومە ژوورێ کەسی لێنەبوو تەزیەکم بەسەرقەلبی داهات ترسام و گەڕامەوە ماڵێ سەلامی، حەسەنەسۆرو حسێن نیکۆ و کاك سەلام لەبەر سۆبەی دانیشتبوون، حەسەنی گۆت ئەحمد چاوم کۆرە بوون چم لێکەی گۆتم هەستە بتبەمەوە ماڵێ خۆتان بردمەوەو سۆبەم بۆ هڵکرد خستمە ناو جێگا ، گۆتم ئەچمۆوە دوو مسری و دایکی تۆ، چومەوە ماڵێ سەلامی باران بوو زۆر ساردبوو بڕەکم خۆ گەرم کردۆوە لەوێ چاوم زۆر زوورانۆوە دەستی بەژانێ کرد زۆر پەرێشان بووم وامەزانی بڕۆم

کەتینۆوە ناو چاوان، هەستام چووم سەرم دا بەر سوولکەی کانیێ مزگەوتێ بەگزادان تا چارەکە سعاتەکی هەر ئاووم بەچاواندا‌کرد، باش بوو ژانی کەمبوو بەڵام بڕۆم قیت نەبونەوە، دەستمەدا بەر بڕۆیان تا بڕەك ببینم، دیسان چوومەوە خوارێ بەدوویاندا هەرهاوارمەکرد مسری پلکە خەجیج وەڵام نەبوو، گەیشتمەوە زینۆکێ هەرهاوارمەکرد باووبرژو بروسك بوو، لەسەرزینۆکێ کەسەکی بانگ کردم گۆتی وەرە ئەحمەد زۆر شڕم کە چووم عەولای حەمەدی شینکۆی بوو لە پەنا بەردی زینۆکێ بوو گوێی لەمن ببوو لە هاوارهاوارێ خێزانم و پلکە خەجیجیێ کەچووم نزیك بوومەوە لەپەنا بەردی هەستاو ئێسترم ڕەویەوەو پشتاوپشت کەوتمە خوارێ، سواری کەرێ حەسەنەسۆرم کرد، دەگەرەخۆم بردە کانیێ بێشێخێ گۆتی خزم و کەسم چوینە ئەوێ ئەمن بە جێمایمەو حاڵم زۆرخراپ بوو نەگەیشتمەوە ئەوان لە ڕێگا، وەکی چووم کەس و کاری لەوێ بوو، گۆتمە حسێنی برای کوو عەولای برات بە جێهێشتیە گۆتی ئەحمەد ڕەزاڵەتە ئەو هەموو خەڵکەی نابینی بووینە جەنازەو کەتینە لە بن تیوەڕە شاخان و پەساران عەولام تەسلیم ئەوان کرد، بەیانی دا نوێژم لەسەر کانیێ بێشێخێ کرد، دووسێ جار هاوارم کرد دەنگی مسری و پلکەخەجیجێ هات لەبن ئەشکەفتێ بنهەرمیێ، گۆتیان وەرە بەدووندا لەسەرەوەی کانیێ بێشێخێ ٣٠٠تا ٤٠٠ مەتر دوورە بوون گۆتم هەر هاوارکەن تا ئەگەمە ئەوێ، چونکە چاوم باش نەیاندەدیت، گەیشتمە کنیان بینیم عەلی مامەشێخی و مام حەسەنی مامی لەبن ئەشکەفتێن و ئەوانیش هەردووك لە دەرەوەی ئەشکەفتێن، بەتوڕەی گۆتم عەیب نیە خۆو دەناو ئەشکەفتێ نایە ئەوانەش لەبەر بارانێن، گۆتیان

حاڵن زۆر خراپە ئەحمەد کە سەیرم کردن زۆر خراپ بوون قسەم نەما گۆتم قەیدی نیە. پلکە مسری گۆتی: وەکی ئەحمەد بە ڕێکەت ئەمن و پلکە خەجیجیش وەڕێکەتین هیچن وێنەبوو تەنها پلکە خەجیجێ دەستە پیاڵەیەکی نوێی وێبوو دەناو پەڕۆکانی لوولدابوو، شۆق و ڕووناکایین وێنەبوو لەترسێ تەیارەو تۆپان، کەتینەڕێ لە ڕاستی کانیێ (باراوی)ێ دەنگی خەڵکی دەهات و دەڕۆیشتن ، گەیشتینە ڕوباری ئاو لە چۆکی بوو، نەمزانی کوو خۆم لێدا ، پلکە خەجیجێ هەرەگۆت ئاگات لە خۆبیت بەرنەبیەوە ناو ئاوێ بەرببیۆ مەلۆتکەت لەبەرەچی و ئەکەویتە ناو ئاوێ، ترس زۆر بوو دونیا باران و بروسك بوو بایی دەهات، گەیشتینە زینۆکێ لەترسان و لەبەر بارانێ و باوو برژی زۆر ڕێی گەرین نەزانی کیهانە، هەر ڕۆیشتین تا گەیشتینە گەری بێشێخێ، لە جێیەکی مارێ عوسمانی حەکیمی بەخۆو منداران لە بن تیوەڕە شاخ و ئەشکەفتۆکەکی بوون، جێنەبوو ئەمەش بمێنینەوە، هەر ڕۆیشتین گەیشتینە کانیێ، هەر هاوارو نارەنارێ خەرکی بریندااران بوو، شەو بوو کەس کەس وەبیر نەبوو، شەوەکی هەتا برێی نەخۆش و سەخت بوو ، بڕەك وەسەر کەتین گەیشتینە نزیك ئەشکەفتۆکەکی عەلی مامەشێخی و حەسەنی مامی خۆی لەوێ بوون ، ئەمەش لەترسان و ماندیەتیان تاقەتن نەمابوو لەوێ بووین نیوەشەو بوو هەتا ئەحمەد هاتەدوون. مام ئەحمەد گۆتی: مسری و پلکە خەجیجم سواری ئێسترێ کردن و بەخۆشم بەسواری کەرێ حەسەنی هاتینەوە گوندی لەڕێیە هەر وەمەگۆتە پلکە خەجیجێ باش مسریێ بگرە، چونکە حاڵی شڕبوو دیاربو ئازارو ژانی منداڵیش دەیگرت، گەیشتینەوە ناو گوندی و چوینەوە مارێ پلکە

خەجیجێ، منداڵیشم لەناو ئەوانە هە وەبیرنەمابوون لەئەشکەفتێ عەلیەبۆزی. پلکە مسری گۆتی: لەبەرهەندێ چوینە مارێ پلکە خەجیجێ ئەمن حاڵم خەراپ بوو ئەو شارەزای ماڵێ خۆی بوو لەبەر تەیارەو تۆپانیش ماڵیان پەنا بوو، پلکەخەجیج هەستا هێلکەو ڕۆنەکی کرد نانی حازرکرد، نانن خواردوو برەك وەسەرخۆ هاتینەوەو سعات بوە نزیك دەو نیوی بەیانی، ژانم گرت و ئازارم زۆر بوو خوای کرد زوو نەجاتم بوو خوای گەورە کچەکی پێدابن، پلکە خەجیج مامانی کردوو زۆرم پێوە ماندی بوو ئەو ژنە ڕەبی جێ و مەکانی بەهەشتبێت هەمووشت بوو بۆمان خوشك بو دایك بوو مامان بوو سەبوری بوو قەتم چاکەی ئەوی لەبیر ناچی. مام ئەحمەد گۆتی: مسری لە دووگیانی ڕزگاری بوو خوای گەورە کچەکی پێدابن، نان و خواردنن وەبیرنەبوونزیك بوینەوە لە نیوەڕۆ، هەستام چومە لای مزگەفتێ گەورە، پێشمەرگەکم دیت دەچووە لای شێخوەسانان گۆتی چاکەی لێرە، گۆتم بێژارم چبکەم گۆتی کەس نەمایە دەنگی تۆپەکی هات، گۆتی حکومەت گەیشتە زێنێ کن توتمێ برۆ خۆ قورتارکە، هاتمەوە ماڵێ گۆتم چبکەین پلکە خەجیج گۆتی ئەمن یان ئەچمە لای (برایم)ی برام یان هەر لەماڵێ ئەبم لە کن حەسەنی کوڕ، حەسەن هەرلەگوندی مابوو لەناو خانی دا، لەو گفتوگۆیە بوین عەولای ئایشێ هات گۆتی منداڵێ من و نەدیتین گۆتم نەمدیتین بەس خەڵك هەموو چوینە چیای ئەوبەری دانەنیشت ڕۆیشت بەدویاندا، هەستاین چوینەوە ماڵێ برەك تاخیر بووین نەمەزانی چبکەم ئەمەویست مسری برەك پشوو بدات، دوای نوێژی نیوەڕۆ درەنگ هەستام مسری و مەلۆتکەم وەرپێچاو لێفەکی سۆرم پێداداوبەسواری ئێسترێ سۆرلەپشتەخۆم دانا، بەرەو گوندی بێراوێ وەرێکەتم بچمە ماڵێ خوشکم، لەرێیێ مسری پێلاو و لێفی کەوتبوون ئاگایی لێنەبووبوو، ئاگاشم لەمنداڵان نیە لە ئەشکەفتێ، ڕۆژەکی خۆش بوو وەکی پێشتر نەبوو باران نەبوو، بانگی مەغریب گەیشتینە ماڵێ حاجی مەولودی زاوام، ئیسراحەتن کردوو نانن خواردوو خۆمان شوشت برەك هاتینەوە سەرەخۆ، شەوێ درەنگ گۆتمە زراری خوارزام هەستە بەوشەوەی هەرووە دوو منداڵان بۆم بینە ئێرە، گۆتی خاڵە بەو شەوەی کوو بچم گۆتم چار نیە بەهەرحاڵ بارگیری کورتان کردوو ڕۆیشت، سعات شەش و نیوی گەیشتەوەجێ هەرچوار منداڵی دەناو (تێر)ێ نابوون و هێنانیەوە، وێرانەگەیشتین نانی بەیانی بخۆین کۆپتەر هاتن و حکومەت گەیشتە لای گوندی مێرگەسەرێ و چیوێ، قەومی گوندیش هەمووی بەروە مێرگەسەرێ لای حکومەت بەرێکەوتن، ئەمنیش ناچار مسری و مەلۆتکەم سواری بارگیری ماڵێ حاجی مەولودی کرد بارگیرەکە سپی بوو، بەخۆشم منداڵم سواری ئێسترێ خۆم کردنەوە کیمیاش حەرەکەی لەچاوەکی ئێسترێ کردبوو لەرێگا خوارە ڕۆیشت، گەیشتینە گرد(کوێریشك)ی تەقەن لێ دەکرا، گەیشتینە مەفرەقی بێراوێ سەرڕێگای قیری حاجی مەولود پەیابوو دوو تراکتۆری هینابوون تراکتورەك ئەمەو ماڵومنداڵی خۆی و خەڵکی تریش سەرکەوت نزیکەی ٣٠کەس سواربوون بەرەوسەروچاوە وەرێکەتین، تراکتۆرەکیشی بردەوە ناوگوندی ماڵێ پێ بارکات، ئێسترم وە زراری داوە بردیەوە گوندی هەندەك کەل و پەلی بارکات، لە ڕاستی مێرگەسەر حاڵم زۆر شەپرێو بوو لە هۆشخۆم چووم ، لەدەنگی (گوڵێ و زولێخاو خەجیج)ێ خوشکم وەخۆ هاتمەوە لەسەرم ئەگریان لەماڵێ محەمەد زێوەیی زاوام لە سەروچاوێ، گۆتیان دەبی بچیە ڕانیێ خەستەخانێ، بریندارریان هەموو بردینە ڕانیێ، بە جیبەکی بردمیانە خەستەخانێ ڕانیێ دکتورەکان گۆتیان بلێ تەیارەی ئێران لێیداون لەبەرحکومەتی عیراقێ، دەرزیەکییان لۆکردم و هەندەك قەترەیان دەچاوی کردم، پری بریندارابوون خەڵکی ڕانیە بەپیر برینداران دەهاتن خواردن و جل و بەرگیان دەهێنا زۆر بەداخ بوون بۆمان، چونکە پێشمەرگەبووم و فێراربووم گۆتمە دکتورەکی چبکەم فێرارم گۆتی نازانم، (حەمەدەمینی عەمەرمەکۆری) لەوێ بوو بریندارابوو گۆتم هەستە بەخوت ماڵ وو منداڵت لەگەڵ ماڵ ومنداڵێ من بچینە مارێ محەمەد زێوەیی زاوام، چونکە ترسم هەبوو لە حکومەت خۆم دەشاردەوە، بەسەیارەکی چوینەوە سەروچاوێ ماڵێ محەمەدی، تا پازدە ڕۆژان خۆمان شاردەوەو قەترەو مەرحەمن بەکاردەهێنا، دوای پازدەرۆژەکان هاتمەوە بالیسان بەدوو (چێرو مێنگوێن)ێ بەرەڵام کردبوون، هاتم لە (ونسیان)ێ دیتنمۆوە، گوند هەموو سوتێنرابوو خانوەکان بەشۆڤڵ ڕووخابوون و حکومەت گەرابۆوە کەسی تێدانەبوو، وەرێکەتم لە لای گرد کوێریشکی دوو کۆپتەر هاتن گەیشتنە سەرسەرم چێرم وێبوون زۆر ترسام خۆم داهیناوە بەناوی میزکردنێ هاتنە سەرسەرم سەیریان کردم و تەقەیان نەکردوو ڕۆیشتن، گەیشتنە لای ونسیانێ و توتمێ گوێم لەدەنگی تەقەیان بوو، گەیشتمە مێرگسەر بەتراکتۆرەکی چێرم بارکردن و چوومەوە سەروچاوێ، لەلای زاوام خۆم حەشاردا تا دوومانگان چونکە زانیمانەوە هەموو بریندارەکانی

کیمیاوی دوای ئەوەی بردرانە نەخۆشخانەی هەولێر پیاوەکان شوێن بزرکراون، دوای دوو مانگ چێرم فرۆشتن بە ۲۰۰ دیناری تفەنگەکەشم کە زراری خوارزام حەشاری دابوو بۆی فرۆشتم بە ۲۰۰ دیناری، بەخۆشم بە ٤٥٠ دیناری کڕیبوم پێشتر، بە دزی چوومە هەولێرێ لە باداوان خانووەکی شڕەکەم بە کرێ گرت، منداڵەکەم تۆماری نەبوو قەید نەکرابوو ناوێرام لەبەر حکومەتی هیچ ناوی نەبوو بەڕەسمی کۆخەی زۆربوو ڕۆژ بەڕۆژ خراپ دەبوو، بوو بە شەش مانگ و گیانی سپاردوو شەهیدبوو، لە گۆڕستانی باداوان بەخاکم سپارد، دوای ڕاپەڕین تۆمارم کردوو ناوم نا کۆچەر.ئێستاش خۆم و خێزانم و منداڵەکان بە تایبەتی بە گەرما چاون دەزورێنۆوەو بێسحەتندەکاتن.دواتر لە هەولێرێ خانوەکم بە کرێگرت بوو ماڵم لە نوێی داناوە تا ئێستاش هەر لە هەولێر دەژیم بەس هاوینان گەلەك جار دێم لە بالیسان دەمێنمەوە خەریکی باخچەو داروباری ئەبم.

-2-

محمد وسو ئۆمەر
موالید/ ۱۹٥۷
نازەنین حمدامین اسماعیل
موالید/۱۹۷٥
شوێن/بێراوە–کاتی ئیشکردن ناو کێڵگەی خۆیان
بەروار/ ۲۰۲۱/۱/۱۰
کات/۱:۳۰ دوانیوەڕۆ

سەرەتا کاک محمد وسو ئۆمەر گێڕایەوە باسی کرد:

ڕۆژی ۱۹۸۷/٤/۱٦ لە گوندی بێراوێ بووم دوای ئەوەی فڕۆکەکان بۆردومانی شێخوەسانیان کرد بەخۆم و برایەکم بەناوی ( وسو) بە سواری ووڵاخی دوای بۆردومان ڕاستەوخۆ چووینە ناو



گوندی شێخوەسانان تا بەهانای ماڵیَ ( حمدامین اسماعیل وسو)ی خەزوورم کە خەڵکی شێخوەسانان بوو بچین، خەدیجەی خوشکم درابوە کوڕی خەزوورم ناوی (زاهیر) بوو، بەهانای ئەوان وەچووین، کە گەیشتینە ناو گوندی هێشتا دووکەڵ و تۆزی هەر تێدابوو، (یوسفی کوێخا هەمزەی) لەسەر بانی خۆی بوو لەناو گوندی پرسیارم لێکرد چبووە چیتان لێهاتووە گوتی ئێمە باشین بەڵام زاوا و (زاهیری کوڕی حەمەدەمینی ) بریندارە ساچمەکی قومبەلەی وێکەت بوو تەیارەی لە پشت دەرگەی داینە، ڕۆیشتین بەخۆم و وسوی برام چووینە ماڵیَ حەمەدەمینی خەزوورم، کە چووین ( خەدیجە)ی خوشکم دەڕشاوە حەمەدەمینی خەزوورم گوتی دوو ( گا ) م هەنە هەردووکان ئەکەمە خێر چونکە کەسمان نەکوژرایە، سەرەتا بوو کەس نازانی کیمیای لێدایە، چوومە ژوورێ ( زاهیر) بریندارببوو پارچە ساچمەکی وە قارچەی کەتبوو لە ژوورێ پاڵیدابۆوە، پاش ئەحواڵ پرسین گوتی باشم، باش نەبوو بەس لەبەر ئێمە گوتی باشم چووبوونە دوو دکتۆری بۆی بێنن، دکتۆر هات ناوی (.... ) بوو تەداوی کرد، کە زانیمان کەس نەکوژراوە گوتمان ئەچینەوە بێراوێ پێشی بڕۆین بە خەزوورم گوت (خەدیجە)ی خوشکم لەگەڵەخۆمان ئەبەینەوە بێراوێ، گوتی مەیبە ئەویش سایلی مە، ، زۆری نەبرد کۆپتەر هاتن چوونە سەرچیای (دەرەدارێ) و لای ( مەلەکان)، بەخۆم و وسوی برام بە سواری ووڵاخی گەڕاینەوە بێراوێ سعات نزیکەی نۆی شەو بوو کە هاتینەوە بێراوێ، شەو نوستین کاتەکی وەخەبەر هاتم چاووم ئەزورانەوە براشم هەروە چاوی ئەزورانەوە، هەتا سبەینێ باوکم چووە مزگەوتێ بۆ نوێژی بەیانی کە گەڕاوە گوتی کوڕم دوێنێ هێوارێ کیمیای لە شێخوەسانان دایە، ئەوەی چوویتە ئەوێ هەموو چاویان ( کۆرە) بووینە وەکی خەڵکی شێخوەسانان، تراکتۆرێ ئیبڕاهیمی حاجی هەبوو هەموو ئەوانەی چووبونە گوندی شێخوەسانان بۆ هاوارێ خەڵکی گوندی ئێمەیان بەو تراکتۆرەی بردە گوندی خەتێ بۆلای دکتۆر زریانی خەستەخانێ شۆڕشی ئەوانەی کەبارکرابووین لەناوتراکتۆری ( من بووم وسوی برام بوو عەلی مولودعلی و محمد علی اسماعیل و

تەها قادر عبدالله و عمر باپیر نەبی) بوو، دانی بەیانی بوو دکتۆر زریان گوتی چاکە ماون دونێ ئێوارێ کیمیای لە بالیسان و شێخوەسانان دایە، دکتۆر زریان یەکی دەرزی لێداین و گوتی کە چوونەوە یەکی لە ژوورەکی دانیشن هەموو بیست دەقەک خۆتان بشۆن، بەهەمان تراکتۆری گەڕاینەوە بێراوێ، هەموو ئەوانەی چووبوینە شێخوەسانان چاومان زۆر خراپ بوو من چاوم زۆرخراپ بوو هەتا سێ ڕۆژان، کە گەڕاینەوە گوندی پێم نەکرا خۆ بشۆم بەخۆم و وسوی برام دووبارە بۆ عیلاجی سواری تراکتۆرەکی کراین بۆ سەروچاوێ بۆ عیلاجکردن، تراکتۆر پڕبوولە خەڵکی بێراوەوە شێخوەسانان، پاش نوێژی نزیک بانگی عەسر گەینراینە سەروچاوێ، لەوێ لە دیوەخانێ ماڵێ ئەنوەر بەگی دانراین، دکتۆر هاتن قەترەو مەرهەم وشرۆبیان داینێ یەکی دەرزیان بۆکردین، لەوێ گوتیان لێرە عیلاج ناکرێن بە تەواوی برۆنە ڕانیەی، من وبرام هەر پێکەوە بووین بە سەیارەکی بارکراین بۆ خەستەخانێ ڕانیێ کە گەیشتینە ڕانیێ گوتیان نوێژی عیشایە، لەوێ قەترەیان دەچاوی کردین و دەرزیان بۆکردین و خەڵکی ڕانیەی زۆر هاتبوون خوا تۆفیقیان بدا جل و بەرگ و نان و خواردنیان هێنابوو، من جل و بەرگی خۆم گۆڕی، من لە وسوی برام خراپتربووم چاوم پێکوەئونسان، لە ڕانیە یەک شەو ماینەوە گوتیان نابێت لێرەبن حوکمەت ڕەوانەی هەولێرو ئەکەن، من و وسوی برام و محمد حاجی علی و تەها قادر عبدالله بە بەرازیلیەکی تەکسی بۆ هەولێر بە ڕێکراین، گەیشتینە خەستەخانێ جمهوری لە هەولێرێ خواردن و هیچمان پێناخورا هیچ عیلاج نەکراین، گوتیان دەوری خەستەخانێ بە ئەمن و ئیستیخبارات وعەسکەری دەورەدرایە، کە ئەو دەنگ وباسە پەیدابوو ئێمە محاوەلەن کرد جێیەکی وەبینین خۆمان قورتارکەین و بچینە دەرێ لە خەستەخانێ، ئەو ڕۆژەی کە گەیشتینە هەولێرێ یەک شوێن نەبوو برۆین بەناچاری هاتینە دەرگەی گەورەی خەستەخانێ، لەوێ ژنەکی سستەر گوتی بۆ دەرناچن من چاوم باشتربوو بوو سستەرەکە ئیشارەتی بۆ حەرەسی دەرگەکرد پۆلیسەکی لێبوو، من و محمد علی و تەها قادر چووینەدەرێ، بەس وسوی برام لەبەر دایکم و خوشکم و ماڵێ خەزوورم لەوێبوون لەناو خەستەخانێ ئەو بەدوای ئەوان دا ئەگەڕاو و فیرار نەبوو عومری گچکەبوو ناوی نەهاتبوو موالید ١٩٧٠ بوو ناترسا لە گرتنێ نەهات

> خەڵکی ڕانیەی زۆر هاتبوون خوا تۆفیقیان بدا جل و بەرگ و نان و خواردنیان هێنابوو

لەگەڵن، کە چووینە دەرێ لە خەستەخانێ کاک خالید خۆشناو سەیارەی حازرکردبوو لەدەرێ لەخۆڕاهاتبوو بەدوای برینداراندا، من و تەهای حاجی قادری و محمد حاجی علی هەرسێکمان خەڵکی بێراوەی بووین سواری سەیارەی کردین کە قەمەرەکی ڕەساسی بوو، من و تەهای حاجی قادری لە ماڵی باوکی تەهای داناین لەگەڕەکی سێتاقان و گوتی وەباشە لەبەر حوکمەتی دابەش بن، محمدی حاجی علی کە زاوای بوو بردیە ماڵی خۆی، هەزارجار سوپاسی کاک خالیدی ئەکەم کە ئەو ڕۆژی بەهانان هات، لەماڵی بابی تەهای خۆم شوشت هەر ئەورۆژی شەو نەمامەوە گوتیان وەباشە لەبەر ئیخباری کردن دووکەس لە ماڵەکی نەبن منیان گواستەوە ماڵێ ( حاجی خدری عەوڵای بۆرەی) هەر لە سێتاقان، یەک شەو لەوێ مامەوە وەسبەینێ ڕا گوتیان وەباشە بتگوازینەوە ماڵێ (حسین جرجیس)ی لە بەستەپیازەی، منیان گواستەوە بۆ ئەوێ لەوێ دوو شەو مامەوە باری تەندروستیم خراپ بوو چاوم ئاوی ئەکردوو شوێنی هەستیارم سوتابوونەوە پشی و هەناسەم سواربوو، پاش دوو شەوان گوتیان وەباشە بچیە ماڵێ نوری حاجی تەهای ئەویش ماڵی هەر لە سێتاقان بوو، بردمیانە ماڵی نوری حاجی تەهای دوو شەویش لەوێ مامەوە، پاش ئەو دوو شەوانە خزمەکم هات ناوی ( حاجی صابر عزیز) بوو گوتی لەگەڵمن وەرە دوو شەوانیش لای من بە، هەستام لەگەڵی چووم دوو شەوان لەوێ مامەوە لەو سەین و بەینەش هیچ جۆرە عیلاجەکم بۆنەهاتیەو نەکرایە، دوای دوو شەو بەخۆم داوام کرد بمگوازنەوە ماڵی حاجی نوری گوتم با کەشف نەبم هەندە لێرە نامێنمنەوە، سێ شەو لە ماڵی حاجی نوری مامەوە ڕۆژی سێیەم بە ڕەحمەت بێت باوکم هات گوتی کوڕم وەرە بابچینەوە سەروچاوێ کن ماڵی ئەنوەر بەگی، وەگوتی ئەوانەی لە خەستەخانێ مابوونەوە دوایێ حجزکران و پاشان ژن و منداڵیان لە پیاوەکان جیاکردینەوە لە خەلیفانێ فرێدرابوون، پیاوەکانیشیان هەموو شوێن بزرکردینە، بابم چووە دوو ناسیارەکی ئەو وەختی چەکداری ڕژێمی بوو بەسەیارەی خزمەکی ترم کە ناوی یاسین قادر بوو بەرازیلیەکی سپی هەبوو بەو

سەیارەی منیان گواستەوە سەروچاوێ، لەو کاتی لە گوندی بێراوێ بە تراکتۆری منیان هێنا خوارێ ئاگام لەدایکم و برام و خوشکم و خێزانم نەبوو، لەسەروچاوێ دایکم و نازەنینی خێزانم دیتنەوە، ئەوەندە بجگۆری هەنبوون باوکم خانووەکی بە کرێ گرت و تێدابووین، دواتر ماڵم گواستەوە ئۆردوگای شکارتەی خانووم دروستکرد هەتا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووین پاش ڕاپەرین ماڵم هێناوە بێراوەی، بەداخەوە وسوی برام یەکێک بوو لەو پیاوانەی کە ڕژێمی بەعس شوین بزری کردن و هەتا ئیستا چاوم پێنەکەوتەوە، سوپاسی هەموو ئەوانە ئەکەم کە خزمەتیان کردم و هاوکاریان کردووم خودای گەورە سەفرازی دونیاو قیامەتیان بکات.

نازەنین حمدامین اسماعیل بەم شێوەیە باسی کردوو گێرایەوە:
ڕۆژی کیمیاباران من شوم کردبوو ماڵم لە گوندی بێراوەی بوو وە ماڵی باوکم لە شێخوەسانان بوون، ئێوارەی کیمیای لێدا محمدی مێردم و بەخۆی و وسوی برای چوونە گوندی شێخوەسانان بۆ هاوارێ ماڵی بابم شەوێ گەڕانەوە کەس نەزانیبوو کیمیای لێدایە، کە سبەی زوو هەستاین لەخەوێ هەردووکیان چاویان ئاوی ئەکرد، خەزوورم لە مزگەفتێ هاتەوە گوتی دونێ کیمیای لە شێخوەسانان دایە، ئەمن هەستام بەخۆم و عائیشەی خەسووم بە سواری ( کەر)ەکی شین هێشتا تاو هەڵنەهاتبوو گەیشتمە ماڵی بابم لە شێخوەسانان بەخۆم وخەسووم، کە گەیشتینە ناو گوندی خەڵک هەندەک لەدەرێ و هەندەک لە ژوورێ بوون هەمووخراپ بوون، بەخۆم و خەسوم چووینە ماڵی بابم یەکەم کەس کە بینیم خەدیجەی دایکم بوو لەسەر (چیچکان) دانیشتبوو لەدەرێ ژیانی خوشکیشم کە تەمەنی دوو سێ ساڵ ئەبوو لە تەنیشت دایکم ڕاوەستا بوو بەکۆرەیی چاویان کۆرەبوون، نەنک وباپیرم (اسماعیل وسو و سەرورەر احمد) لە ژوورێک کەتبوون هەردووکیان بەتەنیا ئەوانیش چاویان کوێر ببوو، هەرسێ برام ( یوسف وسێبور و ستار) لەگەڵ هەرسێک خوشکەکەی ترم ( نازدارو ئایش و ئاشتی ) لە ژوورێ پێکەوە کەتبوون هەموو پێکەوە زۆر خراپ بوون چاویان کۆرە ببوون، لەگەڵ خەسووم چووینە ماڵی زاهیری برام خانویان جیرانی ماڵی بابم بوو دیواریان پێکەوەبوو، زاهیرو خەدیجەی ژنی منداڵیان نەبوون پێکەوە لە ژوورێ کەتبوون چاویان کۆرەبوون و قسەیان پێنەئەکران، خەسووم (خەدیجە)ی کچی سواری (کەر)ێ کردوو گەڕاوە بێراوێ، من بە جێمام لەلای ماڵی بابم، ئەوکاتی ماڵی بابم (دووکان) یان هەبوو لە پیش ماڵێ قومبەلەی کیمیای لە دوکانێ دابوو زاهیری برام لە وێ ساچمەی قومبەلەی وێکەتبوو هێشتا بۆنی کیمیای زۆری لێدات کن ماڵی بابم، هێشتا نەبووبوە نیوەڕۆ ( ڕەسولی حاجی محمودی) ئامۆزای بابم هات بە تەنیابوو تراکتۆری پێبووگوتی بەهانای ئێوە هاتوومە، ڕەسول بەخۆی بەتەنیا ماڵی بابم و برام و ماڵی مامم هەمووی بارکردن لە تراکتۆری هەمووی هەژدە کەس بوون، تەنها سەرورەری نەنکم سوار نەبوو بابم گوتی بائەو لێرە بیت ئێمەش ئێوارێ دێینەوە ئەو بە جێما لەگوندی، منیش سواربووم ڕەسول بەخۆی تراکتۆری هاژۆت ئەوانەی سواری تراکتۆری کردن ئەوانەبوون ( حمدامین اسماعیل وسو باوکم خدیجە محمود عباس دایکم حاجی اسماعیل باپیرم زاهیرو یوسف و اسماعیل و سێبور و عەبدولسەتاری برام و هەرچوار خوشکم ئایش و نازدارو ژیان و ئاشتی و حوسینی مامم بەخۆی و هەردوو ژنی حەیات و هەمین و هەردوو کچیشی صافیەو فەریدە) دوای نوێژی نیوەڕۆ گەیشتینە سەروچاوێ لەماڵێ میری دایانبەزاندین، لەسەروچاوێ رسول گەڕاوە، هیچ عیلاج نەکراین گوتیان دەبێت بچنە ڕانیەی بۆ عیلاجی هەر ئەو ڕۆژی بەسەیاران بارکراین بردراینە ڕانیێ، من لەگەڵ ماڵی بابم سواری سەیارەکی بووم، نزیک ئێوارەبوو گەیشتینە خەستەخانێ ڕانیێ، خەڵکی ڕانیە هاتبوون بەهانای بریندارانەوە، ماڵی باوکم هەموویان زۆرخراپبوون، لە ڕانیەی ( عائیشە) ی خەسوو م و ( خەدیجە)ی براژنم دیتنەوە و یەکترمان گرتەوە، بوو بەشەو یەکەم کەس کەلەناو ڕانیێ گیانیداو شەهیدبوو ( یوسفی کاک هەمزەی ) بوو بەخۆی و کورەکەی ناوی (   ) بوو پێکەوە مردن، پاش ئەوان ( فەریدە)ی کچی مامم کە منداڵ بوو لە کنەمن بوو ئەویش گیانیداو شەهیدبوو، یەک شەوەک ماینەوە لە ڕاینە بۆ سبەینێ باریانکردین بۆ هەولێرێ من هەر لەگەڵ ماڵی بابم بووم بەس ماڵی ( حوسین)ی مامم لێبزربوو، گەیشتینە ناو خەستەخانێ هەولێرێ ڕۆژ بوو هەر دایانبەزاندین خوشکم ( ژیان) گیانیداو شەهیدبوو، هیچ جۆرە عیلاج و خواردنەکیانەدداینێ، دوایی ئێمەیان لەگەڵ هەموو خەڵکەکەی بردە حەپسێ هەولێرێ دەورەو سەری حەپسێ بەشەبەکەو تێلی گیرابوو، لەوێ ژن و پیاو جیاکراینەوە ئەو هەندەی لەوێ بووین بەمن لە پێنج شەم بۆ پینج شەم لە سجنێ هەولێرێ بووین، هەندەک ئەمن و ئیستیخباراتی ژنیان لەناو دانابووین کوردبوون دەیانگوت ئێمەش حەپسین پرسیاریان لە خەڵکی دەکرد، کە داتینە دەرێ لە حەوشەی سجن

دیوارەکانی دەرەوەی سجنەکە شەبەکەی وەکی ( قەرەوێلان) ی لەسەربوو زۆر بەرزبوو سەقفەکەشی هەمووی بەو تێلەی گیرابوو، ئەوخەڵکەی من دەمدیتن لەناو سێ ژووران بووین، دووەم ڕۆژی سجن بوو نەنکم (سەروەر) کە لە گوندی بە جێمابوو هێنایانە سجنێ کنەمە، براژنم ( خەدیجە) دووەم ڕۆژی ناوسجن لەلای من قسەی دەکرد دەیگوت هەستن دۆشاوم بۆ بینن و گوارانم لە گوێی وەکەن دەناو ئەوقسانە دابوو گیانیداو شەهیدبوو، خەسووم کردیە چریکو هۆڕ گوتی دەببی ( وسو)ی کورم بۆ بینن، ئەمن و ئیستیخباراتان ( وسو)یان هێنا ( مەیت)ی خوشکی خۆی دیت وسوی گوت دایە خەمان هەڵمەگرە مردن و ژینن پێکەوەیە بەڵام نەگریا وسویان زوو بردەوە جێی خۆی، ئەگەر کەسەک مردبا خزم و کەسی لەسەر گریابان مەیتەکەیان زوو دەگواستەوە دەرێ مەیتی خەدیجەیان زوو بردە دەرێ چونکە دایکی زۆری لەسەر ئەگریا، هەر ئەو ڕۆژی پاشی ئەوی ( ئایش)ی خوشکیشم مردوو شەهیدبوو، پاش حەوت ڕۆژان ئێمەیان ژن و پیاو تێکەڵ کردینەوە لەناو حەوشەی سجنێ هەندەک شورتەن بۆ ئەگریان و هەندەکانیش خۆیان لێتوڕە ئەکردین، هەموو ڕسمیان گرتین لە شوێنی بڵندو بەرز، خاڵم ( حاجی علی محود عباس ) کەهاتە دەرێ ( کەشیدە)ی خۆی بەسەر سەری دایکمداداو بە دەنگەکی بەرز گوتی حەبیبی عالەم محمد صەلاوات (هەمین) کەست نەما لەماڵێ بابی، دایکیشم بە ڕوحێ وەبوو لەوێ کەتبوو، دوای ئێمەیان هەموو ژن و پیاو لە مەشایەی دوورو درێژ بارکرد، بە ئێمەیان گوت هەڕوونە لای سەرێ چونکە لەگەڵ تاسان بەردەبنەوە چونکە ڕێگەو گەلەک دوورە ئەوە پۆلیس و ئەمنان وا ئەگوت، هەموو سواربووین کەس نەما لەناو حەوشەی سجنێ، کە هەموو بارکران یەکسەر هەموویان دابەزاندینەوە دووبارە هەموویان هێنانەوە ناو حەوشەی سجنێ، پیاوەکانیان هەموو جیاکردنەوە تا گەیشتە عومری (مێردمندالان)، پیاوەکانیان پێشی ئێمە هەموو لە مەشایەکان بارکردن، ئەو کاتی من بەس (بابم و دایکم و نەنکم و هەردوو خوشکم نازدارو ئاشتی و سەبور)ی برام مابوون ئەوانی تر هەموو شەهید بووبوون، کە پیاویان بارکردن بابم و ( وسو)ی شوبرام لەناو یەک مەشایەی بارکران، دوای ژنەکانیان بردە جێگەی پیاوان هەمووی بزمارو کەرکە شووشەی لێبوو دەیانگوت ئەوە ئی تەعزیب دانێ خەڵکی حەپس بووە، هەنگین ( زیل)ی عەسکەریان هێنان هەر ئەو ڕۆژی هەرچی ژن و منداڵ هەبوو باریانکردن، ئێمەشیان لە و ( زیل و ئیڤا) یانە بارکرد، ئێمەیان لەناو یەک ئیڤای بارکرد کە ( من بووم دایکم بوو سەروەری نەنکم و عائیشەی خەسووم و نازداری خوشکم کە عومری دوو ساڵ ئەبوو ئاشتی خوشکم بوو عومری دە مانگ ئەبوو سەبوری برام کە عومری ١٠ ساڵ ئەبوو شلەبوو)، ئەگەر یەکەک باش بوایە خۆی سەرئەکەوتە ناو ئیڤا ئەگەرنا فڕەیانەدا ناو ئیڤای، هەر ئەو ڕۆژی کە بەڕێیان کردین سەیارەکی زۆر بە دواوەن بوون بەمن کەس و کاری بریندارەکان بوون بڕەک ئیڤا ئەڕۆیشتین ماوەکی زۆر ڕاێئەگرتین، (حەبیب)ێ ژنێ جەباری خەڵکی گوندی بوو لەناو ئیڤای بوو ئەو شارەزای ڕێگەبوو هەر ئەیگوت گەیشتینە فلانە جێی، هیچ عەسکەرو پۆلیس لەناو ئیڤای نەبوون لەناو ژن و منداڵەکان، کە گەیشتینە خەلیفانێ ببوە ئێوارە هەموویان لە سەر ڕێگەی دێتەوە بۆ ئالانەی ڕووکردین، یەکەم کەس کە هاتە لای ئێمە ( حاجی کریم عباس محمود) برازای دایکم بوو هات، ئێمەی لە سەیارەی بارکردوو بردینە ماڵەکی لە (کەرەکین)ێ، نزانم ماڵێ کێ بوو زۆر نەمابوو هەربەشەوێ حاجی کەریم من و دایکم و خوشک و برامی بردە هەریرێ ماڵی خۆیان، وەسبەینێ دایکم لەماڵێ حاجی کەریمی گیانیداو تەواو بوو، دوو ڕۆژ دوای دایکم ( سەبور)ی براشم گیانیداو شەهیدبوو، (ئاشتی) خوشکم دوو ڕۆژ دوای برام گیانیداو شەهیدبوو، جەنازەی هەرسێکیان دایکم و خوشک و برام لە گۆڕستانێ هەریرێ شاردرانەوە، حاجی کەریم هەتا بڵێی خزمەتی کردین دکتۆرو عیلاجی بۆ هێناین بەس بەداخەوە ئەوانە حاڵیان خراپ بوو هەرسێکیان مردن، دوای دوو هەفتە ( فەقێ مستەفا)ی ئامۆزام لە شەقڵاوێ بە دوودا هات، بەخۆم و نازداری خوشکم کە تەمەنی دوو ساڵ ئەبوو چووینە شەقڵاوەی، ماوەی یەک هەفتە ماینەوە خەزوورم هاتە دوێ لەگەڵ خەزوورم چووینەوە سەروچاوێ لەوێ چاوم بە محەمەدی مێردم کەوتەوە، ئەو کاتی منداڵم نەبوون ساڵەک نەبوو شووم کردبوو، ئێستا یەک تاقە خوشکم ماوە نازدار ئەویش شوی کردووە ماڵی لە شکارتەیەو هەموو دەم هەناسەی سوارەو چاوی زۆر خراپن و بە ئازار ئەتلێتەوە ژیان ئەکا ئەوانەی ترم هەمووی شەهیدبوون، زۆر سوپاسی هەموو ئەوکەسانە ئەکەم کە پێم وەماندووبوون و هاوکاریان کردووین بە تایبەتی حاجی کەریم گەلەکن پێوە ماندی بوو.



## -3-

محمد عولا حمد
ناسراو بە ( حەمەدەشین ).
موالید/ ١٩٧٥
بەرواری /٤ / ٢ / ٢٠٢١
کاتژمێری ٢:١٥ دوانیوەڕۆ
شوێن/ بالیسان.

ئەویش بەم شێوەیە بۆی گێڕامەوە:

ڕۆژی ١٦ / ٤ / ١٩٨٧ کە فڕۆکەی دوژمن هاتن لەگەڵ باوکم لەناو زەویی زراعەتی بووم لە نزیك کانیێ ( کەرەکین)ێ باوکم خەریکی دەرمان (جۆبڕکە)ی بوو، خۆمان لەبن ( کەندار)ەکی شاردەوە، زۆری نەمابوو بۆ بانگی مەغریب من بەخۆم چوار تەیارەم دیتن یەکجار خولیاندا، دەنگی بۆمبەکان وەکو پێشان بەهێزو گەورەنەبوو، دوای ئەوەی فڕۆکەکان بۆمبارانی گوندیان کرد ڕۆیشتن، بابم گوتی بابڕۆین بزانین چی بووە، لە ڕێگە گەیشتینە ( ئیسماعیل ئەبوبەکر) ناسراو بە سمایل قورمەی کوڕە پلکم و( تەها حەمەدەمین غەفور) ناسراو بە تەهای پلکە هەدلێ لەگەڵ هەند کەسی تربوون ناوم وەبیرنایەنەوە لە چیای دەهاتنەوە ولاخی باریان پێبوو منو باوکم بە پێیان بووین، گەیشتینە ( چاکی بەدری) ی بابم گوتی بۆنی کیمیایی دێت، تەهای پلکە هەدلێ جوابی باوکمی داوەو گوتی کیمیای چ، باوکم گوتی وەکی لە تەلەفزیۆنی پێشانەدا کە کیمیای لێداینە وەکی مەڕی مۆر بووینە)، ئەوکات هەندێك ماڵ بە پاتری ئۆتۆمبیل تەلەفزیۆنیان پێ ئەکرد، گەیشتینەوە ناو گوندی دونیا هەر ڕۆناك بوو، کە گەیشتینە کانیێ گەورە ناو خانووەکان بۆنەکی زۆر پیس دەهات ئەمن پێم وە بۆنی دەرمان ( جۆبڕکە)ی ئەچوو، کەسەك نزانم کێ بوو گوتی ماڵێ حەمەدی شینکۆی کۆربوونەوە، یەکەمجار چووینە ماڵێ پلکە هەدلێ قومبەلەی لەتەنیشت خانی دابوون، قومبەلەکیشم بینی وەنێوانی ماڵی ئێمەو ماڵی حەمەدەمینی عومەری کەوتبوو، قومبەلەکیش وە پیش ماڵێ (عەلی عیسا)ی کەوتبوو، قومبەلەکیش وە ماڵێ پلکە هەدلێ کەوتبوو بە ڕۆخی سواندەی کەمەك دیواری ڕووخاندبوو، سمایلی ئەبوبەکری کە کوڕە پلکمە دیتم لەسەرەوە لەناو ڕەزی عەولای بەکری بوو هاواریەکرد قومبەلەکیش وێرەکەتیە، من و باوکم و دایکە سەلمە لەگەڵ پلکە هەدلەو پلکە مریەمی خێزانی مام تەهای و سمایلی کوڕەپلکم چووینە ماڵێ مام حوسێنی شینکۆی مامم، مام حوسێن و مامۆژنە حەلیم لە ماڵێ بوون، دوو پێشمەرگەشیان میوان بوون، ئەوکاتی من و بابم و سەلمەی دایکم لە بالیسان دەژیان ماڵی ئێمەو ماڵی پلکە هەدلێ کەلکی ژیانی تێدا نەمابوو ناچار بۆنانی ئێوارە هەمووومان لە ماڵی مام حوسێنی شینکۆی مامم بووین، دوو پێشمەرگەکەو سمایلی کوڕە پلکیشم لەوێبوون، مامۆژنە حەلیم شلەساواری لێنابوو تەڕەپیوازیان پێخواردن، نانی ئێوارەمان خوارد، پێش نان خواردنی ئێوارێ گوتیان تەیارەی لە (شێخوەسانان) دایە تەهای پلکە هەدلێ بەسەر گۆڕێدا چووە شێخوەسانان بۆ زانینی هەواڵی ماڵی خوشکەکەی ( خەدیج ) و ( عوسمان مستەفا )ی خەزوری، شەوداهات کۆپتەرهاتن گوتیان حکومەت هێرش دێنێ هێشتا نوێژی عیشا نەبوو بوو، ( لەعلی) ژنێ حەمەدەمینی خار سەیدی هاتبووە ماڵی خەزووری خۆی لەوێ ئەڕشاوە گوتیان شیری بدەنێ باشە، پاش ئەوەی دونیا تەواو تاریك بوو من و باوکم و دایکە سەلمەو مام حوسێن و حەلیمێ مامۆژن و پلکە مریەم و سمایلی کوڕە پلکم وەڕێکەتین بۆ چیای ئەوبەری بەشەوێ، نەگەیشتینە سەرکانییێ (بێشێخ)ێ لە پاوانی ماڵی مام مستەفای ماینەوە گوتیان بەردی گەورەی لێنە و بۆخۆشاردنەوەی باشە، وەزعی تەندروستییمان زۆر خراپ بوو داك سەلمە لەهەموان خراپتربوو سمایلی کوڕەپلکم لە هەموان باشتربوو، ئەمن زۆر هیلاك بووم خەوم لێکەوت بوو شەو کاتەك بەئاگاهاتم چاوم قەپات بوو بارانیش دەباری، بۆ بەیانی ئێمەیان دانی

سبەینێ بوو بارکردین لە تراکتۆرەکی ئەوانی خۆمان هەموو بووین، ئەوەی بیرم بێتەوە لە خەستەخانەی ڕانیە بووین بیرم نایە عیلاج کرابین، خەڵکی ڕانیە بەهانامان هاتبوون جل و بەرگ و خواردنیان پێبوو، یەك لەوانەی ماڵی لە ڕانیە بوو خزمن بوو هاتبوو ناوی (مامۆستا عەبدوڵا حاجی تەها )ی چیوەیی بوو، سەری شووشتم و جلی گۆڕیم لەکاتی سەرشووشتنم زۆر ( جوون) م پێدا لەبەر ئازاری خۆم شوێنە هەستیارەکانم ئەستوور بووبوون زۆرم ئازار هەبوو، بەس چاوم هەر کوورە بوون، دوای ئەوەی گواستراینەوە هەولێرێ بە گوێرەی ئەوەی زۆربووین دەبێت (کۆستەر ) بووبێت ئێمەیان پێگواستەوە خەستەخانەی هەولێرێ، کە دابەزین بیرم دێت دەنگی سمایلی کورە پلکم دەهات گوتیان ئەوباشترە لە ئێمە وەپێش کەتبوو ئێمەش دەستمان دەپشتێ ئەوی گرتبوو بەڕیز دەڕۆیشتین بۆ ناو خەستەخانەی، گوێم لێبوو باس ئەکرا دەیانگوت بڵێن ( ئێران ) کیمیای لە ئێمەدایە چارەسەروو دەکەین، دوای ماوەیەکی کەم گواستراینەوە شوێنەك پێیان دەگوت ( حیجز)، من چاوم هەر قەپات بوو هیچم نادیت عیلاج نەبوو خواردن نەبوو ئەوانەی وەبیرمن من لەگەڵ باوکم و مام تەهاو سمایلی کورە پلکم بووم بەدەنگ دەمزانی ئەوانەنە، ئێمە جیاکرابووینەوە من لەگەڵ پیاوان بووم لە گەڵ ژنان نەبووم، کەلەناوسجنی بەشی حیجز بووم باس لەوە دەکرا کەس و کاری ( سابیر ڕەسول )ی سجنن لێرە، ئەوانەی سجن بون و گیرابوون پێش ئێمە ئەوان خواردنیان بۆ دات دەیاندا سجنەکانی بریندارى کیمیاوی، ئەوەم وەبیر دێت کە ڕۆژەکی چاووم بوونەوە لەناوسجن بەس نزانم چەندەم ڕۆژی ناوسجن بوو، کە چاووم بوونەوە ئەوانەم وەبیر دێن کە دیتتم سمایلی کورە پلکم و مام ڕەسول مستەفای مامی دایکم و قادری حاجی شێخەی بەخۆی و ڕەسولی کوڕی بوون، من هاوکاری بابم دەکرد بۆسەرئاو، ڕۆژەك لەناو ساحەی خڕکراینەوە بە تێکەڵاوی سواری مەشایە کراین ئەمن لە گەڵ بابم بووم لە تەنیشت ئەوی و مام ڕەسولی مامی دایکم

**دەیانگوت بڵێن (ئێران) کیمیای لە ئێمەدایە چارەسەروو دەکەین.**

سوار بووبووم کەتبوومە نێوان هەردووکیان، هێشتا مەشایە بەتەواوی پڕ نەبووبوو گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، ئێمەیان هەموو دابەزاند لەناو ساحەیان خڕکردینەوە، ئەوەم وەبیر دێت گوتیان دایکە ( سەلمە ) مردیە پلکە ( هەدلە) مردیە بابم ئەمنی تەسلیم بە مامۆژنە ( حەلیمە )ی خێزانی مام حوسێن شێنکۆی کرد لەکاتی جیاکردنەوەی پیاوەکان لە ژنان و منداڵان، دواتر پیاوەکانیان بردن، ژن و منداڵیان سواری (ئیڤا) یان کرد، ئەوانەیان کە باڵایان هەبوو هێشتا منداڵ بوون چەند جار بڵند و نەوی ئەکران و هەڵیان ئەستاندن بزانن منداڵ حیسابە یان بە پیاو ئەژمارە کرێ یەك لەوانە بە فکری خۆم ( ڕەسول)ی مام قادری حاجی شێخەی بوو دواتر بە منداڵ دانرا بەرەك باڵای هەبوو، سواری ئیڤایان کردین فەریدەی خێزانی حەمەزیادی بوو لەناو ئیڤای من لەگەڵ مامۆژنم بووم لە خەلیفان لەسەر ڕێگەی ( ئالانە) فڕێدراین، ئەوانەی فڕێیاندراین گوتیان (گورگ ) دێن ئەوبەنەوە، خەڵکی خەلیفان هات بۆ دوو ئێمە نزانم کەسەکی خەلیفان کە بەتەمەن بوو ئەمن و مامۆژنە حەلیمی بردینە ماڵی خۆی زۆر سوپاسی ئەکەم، بۆ بەیانی مام مەلا ئەحمەد شێنکۆ هاتە دوومان ئیمەی بردە هەریرێ ماڵێ ( مام ڕەسول مەلازادەی)، مامۆژنم لە هەریر ماوە لە ماڵی مەلازادەی برای خۆی، منیش لەگەڵ مەلا ئەحمەدی مامم چووینە شەقڵاوەی، لە ماڵی مام مەلا ئەحمەدی ( معاون توبی)ەك ناوی ( حاجی فەرهاد خالد مەحەمەد) هێنایان بۆ تەداوی و چارەسەریم ئەو وەختی ناو لاق و بن باڵم هەمووی سووتابوونەوە تا ماوەیەك باشتر بووم، دواتر چوومە ماڵی ( هەیبەت)ی خوشکم، دواتر چوومە ماڵی خۆم هەر لەشەقڵاوە هەتا ڕاپەڕین دوای ڕاپەڕین هاتینەوە بالیسان، دوای دوو ساڵ گەڕامەوە شەقڵاوە لە ساڵی ٢٠٠١ ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە چوار منداڵم هەن دوو کوڕو دووکچ تا ئێستاش لە شەقڵاوە دەژیم، لە کۆتایدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە پێموەماندوو بوون لە ژیاندا سوپاس بۆ خەڵکی ڕانیە حەڵکی سەروچاوە خەڵکی خەلیفان بەتایبەت سوپاس بۆ خانەوادەی ( خالد مەحەمەد) شەقڵاوەیی زۆر هاوکاریان کردووین، سوپاس بۆ ماڵی (ئەحمەد گزال) لە ڕێگەی ئەوان دەرزیم لە ( بەسرە) بۆدات لەلایەن کەسەك ناوی ( عەقید/ فایەق) بوو.

# خێزانەکەمان چۆن لە ئەنفالکردن ڕزگار بوون؟

## ئەم چیرۆکە هەگەر هەر لە فیلمە خەیاڵیەکانی هۆلیوۆد هەبێت



**هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی**

دوای ئەوەی 1987/4/16 گوندی شێخ وەسان بە سەختی بۆردومانکرا، لەم کارەساتە دەیان شەهید و برینداری لێکەوتەوە. خێزانی ئێمە یەکێک بوو لەوانەی کە خودا دەرووی خێری لێکردینەوە و بە کیمیابارانەکە نەمردین، بەڵام زۆر بە سەختی بریندار بووین.

من کە ئەوکات تەمەنم چەند مانگێک دەبوو کیمیابارانەکە زۆر کاری لێم کربوو، بە جۆرێک هەموو گیانم سوتابوو دایکم هەموو کات بە چاوی گریان بۆم دەگێڕیتەوە و دەڵێت: "من دامنابوو کە تۆ سەد لە سەد دەمریت، بەڵام لەبەر گەورەیی کارەساتەکە غەمی مردنەکەی تۆمان نەبوو وەلێ غەمی گەورەمان ئەوەبوو کە تۆ دەمریت و پارچەیەک کفن نییە پێت بشارینەوە" نامەوێ زیاتر باسی چیرۆکی خۆم بکەم، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو باسم کردووە، بە ناونیشانی (منداڵێک دەمرێت کفن دەست ناکەوێت).

لەم ساڵیادەدا بە دەرفەتی دەزانم باسی چۆنیەتی ڕزگاربوونی خێزانەکەم بکەم لە ئەنفال. دیارە ئەوانەی بە برینداری مانەوە لە گوندەکە بۆ ڕۆژانی دواتر بە تراکتۆر و پاس بەرەو ڕانیە و شەقڵاوە گواسترانەوە. خێزانی ئێمە و خزم و کەسەکانمان یەکێک بوون لەو خێزانانەی لە قافڵەکەی ڕانیەدا بووین. کاتێک دەگەین بە ڕانیە دەبردرێن بۆ نەخۆشخانەی گشتی ئەم شارە. تەندروستی هەموومان لەوپەڕی خراپی بووە، تەنیا برایەکم کیمیاباران زۆر کاری تێنەکردبوو ئەویش کاک (سەعدوڵلا) بووە، پیاوێکی ڕانیەیی کاتێک لە نەخۆشخانەکە بە هانای بریندارەکان دەچێت زۆری لا سەیر دەبێت تاکە منداڵێک لە نێو بریندارەکان کە هیچ ئاسەوارێکی ئەم کارەساتەی بەسەرەوە نییە، (کاک سەعدوڵلا)یە، بۆیە داوا لە دایکم دەکات کە ڕێگای بدات ئەم منداڵە لەگەڵ خۆی بەرێتەوە بۆ ماڵەوە لە ڕانییە، کاک سەعدوڵلا کە تەمەنی حەوت ساڵ دەبێت ئەگەرچی زۆری پێ خۆشدەبێت لەگەڵ ئەم پیاوە بێگانەیە بڕوات بەڵکو نەجاتی بێت لەم حەشامات و هاواری بریندارەکان بەڵام دایکم سەرەڕای برینداری و شەکەتی زۆر بە توندی ڕووبەڕووی کابرای ڕانیەیی دەبێتەوە و پێی دەڵێت "ئەم منداڵەشم سائیری منداڵانی ترم، ناهێڵم لەگەڵ خۆتی بەریت"

دواتر سەرجەم بریندارەکان بە پاس بۆ هەولێر نەخۆشخانەی (کۆماری) دەگوازرێنەوە، خوشکە گەورەکەم (حەلیم خان) ئەوکات ساڵێک بوو شوی کردبوو، ماڵیان لە قەزای شەقڵاوە بوو، کاتێک هەواڵی ئەوەی پێدەدرێت کە شێخ وەسانان کیمیاباران کراوە و سەرجەم بریندارەکانیش بۆ هەولێر گواستراونەتەوە، ئاگر لە دەروونی بەردەبێت و دەڵێت هەر چۆنێک بێت دەبێت خۆمیان بگەیەنمێ و لە حاڵیان ئاگاداربم، لەبەرئەوەی مێردەکەی فێراری سەربازی دەبێت ئەو ناتوانێت لەگەڵی بێت بۆ هەولێر بۆیە داوا لە شوبراکانی دەکات کە بە خێرایی بیگەیەنە هەولێر. حەلیم خان لەگەڵ دوو لە شوبراکانی دەچن بۆ هەولێر، دوای پرسیارکردن بۆیان دەردەکەوێت کە بریندارەکان هەموویان لە نەخۆشخانەی کۆمارین. بۆیە بە پەلە خۆیان دەگەیەنن بەم

نەخۆشخانەیە، حەلیم خان کە دادەبەزێت لە ئۆتۆمبێلەکە بێ ئەوەی گوێ بە هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی نەخۆشخانە بدات کە رێگری زۆری لێ دەکەن بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئینکاری ئەو وا لە هێزە ئەمنیەکان دەکات رێگای پێ بدەن و بچێتە ژوورەوە. کاتێک هەموو قاوشەکانی نەخۆشخانە دەنۆڕێت هیچ لە خزم و کەسەکانی خۆی نادۆزێتەوە، حاڵی دەروونی یەکجار پەرێشان دەبێ، بێ ئەمەل دەبێت لەوەی کە خزم و کەسەکانی ماون، بەڵام لە پڕ پاسێک دێت تەواوی خزم و کەسەکانی تێدایە، هەر زوو لە سستەرێکی نەخۆشخانە دەپرسێت کە ئایا چارەنووسی ئەم بریندارانە چی دەبێت لێرە؟ سستەرەکەش پێی دەڵێت ئەگەر ماڵی خزمێکتان لە هەولێرە خێرا بیانگەیەنە ئەوێ چونکە مانەوەیان لێرە مەترسییە و بریارە بگوازرێنەوە بۆ شوێنی نادیار. حەلیم خان کە ئەم قسەیە لە سستەرەکە دەبیستێت هەوڵدەدات کارەکانی خێراتر بکات. ئیتر دەست دەکات بە گواستنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی و خزم و کەسەکانی بە هەزار حاڵ بە بن پەرژینە تەلبڕەکانی نەخۆشخانە، جاری یەکەم هەموویان دەگوازێتەوە، بەڵام هێزە ئەمنیەکان پێی دەزانن دوای ئەوەی زۆر بە دڕندانە دەکەونە گیانیان بە لێدانی قامچی و سۆندە بۆ نێو نەخۆشخانە بە زۆرە ملێ هەموو بریندارەکان



دەگەڕێنەوە و هەڕەشەش لە حەلیم خان دەکەن کە ئەم کارە مەترسیدارە نەکات ئەگینا ئەویش گیانی دەکەوێتە مەترسی و لەگەڵ بریندارەکان راپێچی دەکەن. بەڵام حەلیم خان نەک هەر گوێ بە قسەی هێزە ئەمنیەکان نادات، بەڵکو بەم قسەیە سورتری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم بریندارانە رزگار بکات. بە هاتنی مەغریب و تاریک بوونی شار. یارمەتی دەردەبێت کە دووبارە بە دەیان فێڵ بیاندزێتەوە، خۆشبەختانە ئەمجارەیان سەرکەوتوو دەبێت لە دزینەوەی بریندارەکان، حەلیم خان ماڵی دایکی و بەشێک لە خزمەکانی بە سەرکەوتوویی لە نەخۆشخانە رزگار دەکات. بە هاوکاری شوبراکانی خێرا چەند ئۆتۆمبێلێک بەکرێ دەگرن و دەچن بۆ ماڵی خزمێکمان بە ناوی (حاجی فەقێ شێخ وەسانی)، دوای شەوێک مانەوەمان لەم ماڵە، بە شێوەیەکی نهێنی دەمانگوازنەوە بۆ شەقڵاوە ماڵی خوشکم وەک باسدەکرێت لە شەقڵاوەش تا ماوەیەکی باش بە نهێنی دکتۆریان بۆ هێناوین، تەنانەت نەیانهێڵاوە هیچ لە منداڵەکان لە ماڵ بێنە دەرەوە چونکە کاریگەری کیمیاوی بە زەقی بەسەر دەم و چاومان دیار بووە.

سوپاس بۆ خودا کە ئەگەر خوشکە گەورەکەم نەبووایە ئێستا ئێمەش لەو سەدان ئەنفالکراوانە دەبووین. بەداخەوە ئەو بریندارانەی نەتواندرا بدزرێنەوە، سەرجەمیان ئەنفالکران و دواتر لە بیابانەکانی عێراق زیندەبەچاڵ کران.

ئا ئەمە بوو چیرۆکی حەلیم خانی پاڵەوان، دەزانم ئەم چیرۆکانە تەنیا لە فیلمە خەیاڵەکان دەبیندرێت.



# کیماباران وئەنفالی دۆڵی مەلەکان ودۆڵی ئالانە

**سەعد عوسمان ـ خەلیفان**

ئەوشوێنانەی ڕژیم دەستی پێنەگەیشت بە بۆردوبارانکردنی بۆمبی کیمیاوی لەڕێگای فڕۆکە دەستی پێکرد, ئەنفالیش بەچەند قۆناغێک جێبەجێ کرا, بەم هۆیەوە هەزاران گوند وچەندین شارۆچکەوێران کران ، خەڵکەکەشی بەژن ومنداڵ وپیروپەککەوتە ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی ئێراق کران پاش ئەوەی جیاکردنەوەی تەمەن وڕەگەزیان بۆ کردن ،زیندە بەچاڵ کران .

ژمارەیەکی زۆریش لەبەرگەرمای بیابان وبرسیەتی وتینویەتی ونەخۆش کەوتن هەر لەڕێگا یان لەنوگرەسەلمان مردن و ژمارەیەکی کەم توانیان لەدێهاتەکان ڕزگاریان ببێ و لە بیابانەکانیش هەندێک لەوانەی پیرو باساڵاچوبوون ناردنیانەوە..

لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان دۆڵی زۆر سەخت وقوڵ وپڕئەشکەوت وپەناگە هەن, کەهەریەک لەودۆڵانەش چەندین گوندی گەورەو بچوک هەن کە بەدرێژایی ڕۆژگارو شۆڕشەکان شوێن حەوانەوەو هاوکاری بوون ,چەندین دۆڵ هەن بوونەتە وێردی زمانی بیرەوەریەکان ئەم دۆڵانە زۆربەیان بارەگای سەرکردایەتی ونەخۆشخانەو ڕادیۆو کۆگای تەقەمەنیان لێبووە وەک دۆڵی ئاکۆیان و دۆڵی خانەقا و دۆەڕەقەو دۆڵەکوکەو دۆڵی جافایەتی وبالیسان وئاڵانەو مەلەکان ودۆڵەبەفرە سماقوڵی وهیران ونازەنین و دۆڵی شەهدان وناوچەی بەری مەرگە و بناری قەندیل وباڵەکایەتی لەگەڵ چەندین دۆڵ وشوێنی تر .

ئەوەی من مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم دۆڵی مەلەکان و دۆڵی ئاڵانەیە. دیارە کەدۆڵی ئاڵانە بەدۆڵی بالیسان دەبەسترێتەوە , ئەو دوو دۆڵەش بەزنجیرە شاخێک وچەند لوتکەی ناوی جیاجیا لە دۆڵی مەلەکان جیا دەکرێنەوە وەک ئیرۆن وسەرباری خەتێ وخاسۆر وشۆپە و دەرەدار و ساردەمۆرو گۆڕێ شاخی سۆرو دەرەشیر .

دۆڵی مەلەکان ١٠ گوند لەخۆدەگرێ خەندۆر، بلەی ژێری ، بلەی ژۆری ،بەردوک ،کەندۆر ، تاریناني خواروو ،تاریناني سەروو،گۆڕەشێر، مەلەکان ، سەروچاوێ باران .

ئەم گوندانە لەنێو دۆڵایی وسروشتێکی جوانی پڕدرەخت وئاوی سازگار بە گیانی تەبایی وپێکەوەیی وهاوکاری یەکتر بوون .

لەبەر نەبوونی ڕێگای ئەتۆمبێل وجوگرافیایەکی سەخت وپڕ ئەشکەوت و پەناگە, بۆتە شوێن پێی مانەوەو پێدا ڕۆیشتنی پێشمەرگە... ڕۆژانێک ئەو مەملەکەتە پڕ بوو لەکەسانی شۆڕشگێڕی بنەجێ و ئەوانەی لەشوێنەکانی تر ڕوویان تێکردبوو .

پێشمەرگەکان هەموویان میوانی ڕۆژانەو هەمیشەیی ئەوگوندانە بوون بەتایبەت گوندی مەلەکان کە بەهۆی بوونی چەندین ئەشکەوتی گەورەو نزیک بەیەکتر بارەگای حیزبەکان ونەخۆشخانەو کۆگای تەقەمەنی وچەک وجبەخانەی لێبوو ئەونەخۆشخانەیە نەشتەرگەری لێدەکرا وئامێری ئەشیعەی لیبوو ،دکتۆر زریان ودکتۆر چیا و چەند یاریدەدەرێک بەڕێوەیاندەبرد بۆخەڵکی ئەوگوندانش بوونی گرنگ وباش بوو.

مەلەکان گوندێکی گەورەبوو لەسەرەتای هەشتاکان چەند سەدماڵێکی لێبوو کەبەسەر چەندگەڕەکێک دابەش بووبوون هەریەک لەوگەڕەکانە ناوی ئەو بەرەبابەی وەرگرتبوو کەلێی بوون وەک گەڕەکی سۆمەرو گەڕەکی سولی وگەڕەکی حەسکەو زەرەخ وماری وەسمانی وکەلکان کەگەڕەکی ئەشکەوتانیشیان پێ

دەوت بەڵام ئەو گوندەو گوندەکانی تربەرەبەرەچۆڵ دەبوون مەلا بورهان ئەوکات کەهەم پێشمەرگەبوو هەمیش خەڵکی گوندوو ئەنجومەنی گوندیش بوو وتی لەکیمیابارانەکە هەشتا ماڵێکی لێ مابووەوە ئەم دۆڵە هیچ ڕێگایەکی ئۆتۆمبێلی پێ نەگەیشتبوو تەنها چەندرێێگایەک هەبوون خەڵکی ئاواییەکانی ئەم دۆڵە پێیدا دەرباز دەبوون بۆ خەلیفان وخۆشناوەتی ودۆلاکۆ وبتوێن وەڕێگای گەری بلێ ودەرەشیرو

بۆیە حکومەت نەیدەتوانی پێ بنێتە ناوی بۆیەتاکە تاکەبژاردەی حکومەت کیماباران کردنی بوو ، ئەوەش ڕویدا. خاتوو ڕەند مستەفا بەهەناسەسواری ئەوڕۆژەی بەناخۆشترین و جەرگبڕترین ڕۆژ ناساند وەتی ڕۆژی پێنج شەممە بەدووڕۆژ پێش جەژن هاوسەرەکەم گیسکێکیی سەربڕی وخۆمان بۆجەژن ئامادەدەکرد جلوبەرگمان بۆمناڵەکان کڕیبوو بۆڕۆژی دواتر کە ڕۆژی هەینی وعالفەبوو بەیانی زووبوو کاتژمێر ٧ بۆ ٨ی بەیانی بوو نزیکەی هەشت فڕۆکە لەپشت ئەو لوتکە شاخانە دەرکەوتن بوردوومانیان دەست پێکرد ئێمەنەمان زانی بۆمبەکان کیمیاوین تا مام ئۆمەر بانگی ڕاهێشت کە ئاگاداربن ئەوبۆمبانە کیمیاوین سەیرمان کرد دووکەڵێکی سپی هەبوو بۆنی سێو وسیرمان هەست پێکرد بۆیە من بە پەتوویەک کەلەئاوێم هەڵێنابوو مناڵەکانم پێ داپۆشین . لێرە هەندێ ڕەوەندی تیرەی مامساری لێبوون ئێمەلەبەر خۆمان ئاگامان لەوان نەما بەڵام وابزانم ئەوان زوو ڕۆیشتن و ئەوەندە کاریگەری بۆئەوان نەبوو چونکە دوورتربوون هەر زوو ڕۆیشتن.

کاک ئەیوب جەلال ئۆمەر یەکێکی ترەلەبریندااران و زۆرێک



لەخانەوادەکەی شەهید و بریندااربوون واگێڕایەوە:

ئەوکات مناڵێکی تەمەن نۆ ساڵان بووم ماڵمان لەسەروچاوێ باران بوو , تەمەنم گونجاوبوو بۆئەوەی هەموو ڕوداوەکان وەک فلیمێکی سینەمایی بێنمە بەرچاوم هاتنەوە ئازارێکی |هەرجارێکی بیر زۆر دەبینم چونکە من دووبرام هەبوون یەکیان ساڵێک ئەوەی تر دووساڵ لەخۆم بچوکتربوون ڕۆژانە پێکەوە گەمەمان دەکرد بەداخەوە هەردووکیان لەڕێگا بەرەو ئێران ژیانیان لەدەست دا .ئەوبەیانیەی فڕۆکەکان هاتن هێشتا زووبوو بەڵام لەگوند خەوی بەیانیان نەبوو چونکەشەوانە زوو دەخەوتین هەمیشە تێرخەوبووین باوکم ودایکم زوو هەڵدەستان ڕاهاتبوون بانگی ئێمەش بکەن پێکەوە نانمان دەخوارد ڕۆژی پێێش جەژن بوو باوکم ڕۆژی پێشتر ئەسپێکی کڕی وگیسکێکیشی بۆ جەژن سەربڕی ئێمە کەلکمان لەئەسپەکە وەرگرت بەڵام خۆشیەکانی جەژنمان نەبینی .

سەیری ئاسمانی گوندم کرد حەوت بۆهەشت فڕۆکەدەبوون سێ فڕۆکە نزم بوون ئەوان بۆردوومانیان دەکرد ئەوانی تریش بەرز بوون بەئاسمان دەسوڕانەوە ،یەکەم شوێن سەرچاوەی ئاوی سەرووچاوێ بارابوو، سەرەتا خەڵکی وایایان دەزانی بۆمبی ئاساین دواتر هاواری ئاگادارکردنەوەی کەسانێکمان بەرگوێ کەوت کەکیمای لێدا چونکە بۆمبەکان دوکەڵێکی سپیان هەبوو ئەم دوکەڵە بەرەو قوڵایی دەکشا بۆنی سێو وسیری لێ دەهات خەڵکەکە پەتوویان هێنانتەڕیان دەکردن خۆیان ومناڵیان پێ دادەپۆشی و دەم و چاویان پێ تەڕ دەکرد برایەکم دەم وچاوی ئاوسان وپڕئاوبوون من بەخاولیەک کەتەڕم کرد بەدەم وچاویم داهێنا پێستی هەڵدەستا. کاریگەر ئاوەکە زۆرتروخراپتربوو بوو لەجیاتی سوود بینن چونکە بۆمبەکە بەنێو سەرچاوەی ئاوەکە کەوتبوون فڕۆکەکان بەدۆلایی شۆڕبوونەوە مەلەکان و بەردوک و بلەی سەرووشیان بۆردومان کرد بەڵام شەهیدەکان زۆرتر هی سەروچاوەی باران بوون چەند کەسێکیش لەمەلەکان بریندااریش زۆربوون ئێمە ئەوکات زانیاریمان لە گوندەکانی خواروو نەبوو چونکە ئاراستەی ڕۆیشتنمان بەرەو کورتەک وقەندیل بوو بۆدەرباز بوون سەرەتا سەرووی دەکەس شەهیدبوون دواتر بەرەبەرە ژمارەکە بەرزدەبووەوە .

بارەگایەکی پێشمەرگە لەئەشکەوتی سوسێ بوو ئەوان تەنها چارەسەری سەرەتاییان لابوو دەرزییەکیان بەکاردێنا سەوزبوو شێوەی ئەودەرزەم نەبینیبوو چەن کەسێک لە گۆڕەشێر هاتن زۆرهاوکاریان کردین ئەوانیش محەمەد گۆڕەشێری ،مام تەها ،کەریم

ئەحمەدوعوسمان ئەسپ و ئهێستریان هێنان ئێمەیان سوارکرد بەرەو کورتەک کەوتینەڕێ زۆرناخۆشبوو هەندێ لەبریندارەکان مەترسی مردنیان هەبوو بارودۆخیان تادەهات خراپ لەکورتەک دوومالّی .دەبوو ڕەوەندی لێبوون مالّی کەریم ئەحمەد حەسەن ومام شێخ لەوێ سەریان شۆشتین، زۆر گیرنەبووین . ڕۆیشتین بەرەو قەندیل لەویش چەند مالّە ڕەوەندی لێبوون نانیان پێ داین وخزمەتیانکردین ، شهاب ئبڕاهیم پەرداخێک شیری خواردەوە بەستونی ڕەشمالّەکە هەلّسایە سەرپێ کەوتەسەر زەوی هەرلەوێ گیان لەدەست دا خۆشم هەرلەوڕێگایە دووبرای لەخۆم بچوکتر شەهید بوون کەگەیشتینە دیوی ولّاتی ئێران هەموو جلک وبەرگیان داکەندین و خاوێنیانکردینەوە بەرگی نوێیان پێ داین لەوێش بەگوێرەی سەختی برینەکان بۆنەخۆشخانە کانی ڕەزاییەو تاران تەنانەت ولّاتی بەریتانیاو ئیتالّیاش نێردران . لێررە ڕووی پرسیارت لەهەرکەسێ دەکرد لەوپەڕی بێزاری وپەشیمانی کۆلّی خۆی هەلّ دەڕشت مام ڕەحمان وتی باران نەبوایە زۆرتر قوربانیمان دەدا پاش ئەوهەموو خزمەتەی شۆڕش وپێشمەرگایەتی خەلّکی ئەوگوندانە ئائەوەیە ڕێگاوبان وخزمەتگوزاری بەداخەوە .

**ناوی شەهیدانی کیمیاباران**

١-شەهاب ئیبڕاهیم ئەحمەد
٢-زارا ئیبڕاهیم ئەحمەد
٣-ڕوناک نادرئۆمەر
٤-ڕوپاک نادر ئۆمەر
٥-بەیان نادر ئۆمەر
٦-ئارام جەلال ئۆمەر
٧-جەمال جەلال ئۆمەر
٨-خەیریە هاشم عەبدولّلا
٩-سەفین هاشم عەبدولّلا
١٠-هەندرێن هاشم عەبدولّلا
١١-گولّ ئەحمەد حوسێن
١٢-ڕەسولّ مەولود وسو
١٣-حوسێن وەهاب ئیبڕاهیێ
١٤-سەنگەر فەیزولّلا ڕەسولّ
١٥-فاتیمە حەسەن حەمەد
١٦-زولّێخا ئیسماعیل خدر
١٧-سۆفی خدر وسو
١٨-حەوێز ئیسماعیل مەحمود
٢٩-خەدیجەتاهیر ئیبڕاهیم
٢٠-ئۆمەر ئەحمەد

**ناوی برینداڕانی کیمیا باران ئەوانەی ئەوانەی کاریگەری لێکردوون یان ئەوانەی بەوهۆیەوە ژیانیان لەدەست داوە.**

١-موحسینە تاهیر ئیبڕاهیم .
نێردرایە بەریتانیا .
٢-عەتیە ئیسماعیل ڕەسولّ.
نێردرایە بەریتانیا
٣-گەلاوێژ ئەبابەکرسالح . نەماوە
٤-مستەفا مەولود وسو . نەماوە
٥-ڕابیعە ڕسولّ ئیسماعیل . نەماوە
٦-بەسێ ڕەولّ مەولود .
نەماوە
٧-ئیسماعیل خدر ئیسماعیل نەماوە
٨-یاسین ئیبڕاهیم ئەحمەد. نەماوە
٩-ڕسولّ حەمەد خدر . نەماوە
١٠-ئازار موحەمەد حەسەن
١١-ڕەند مستەفا حەسەن
١٢-مەغدید ئیسماعیل مەحمود
١٣- محەمەد ئیبڕاهیم ئەحمەد.
نەماوە
١٤-خدر ئەحمەد مەحمود
١٥- ئیبڕاهیم محەمەد ئیسماعیل
١٦- بەسێ ڕەسولّ
١٧-ئەسمەر محەمەد ڕەسولّ
١٨-سەرهەد نادر ئۆمەر
١٩-تەحسین نادر ئۆمەر
١٩-حیکمەت هاشم
٢٠-ئەیوب جەلال ئۆمەر
٢١-سێبور جەبار
٢٢-ستار جەبار
٢٣-ڕەجەب مستەفا
٢٤-لەیل مەحمود
٢٥-ڕەحنا ئەبابەکر سالح
٢٦-ئایش بۆکر.

ئەنفالی دۆلّی مەلەکان ودۆلّی ئالّانە ئەنفال بەچەند قۆناغێک جێبەجێ کرا، کەخەلّکێکی زۆر لەدێهات وشارە بچوکەکان دوای جیاکردنەوە لەڕەگەز وتەمەن ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی عێڕاق و زیندانی نوگرەسەلمان کران . دۆلّی ئالّانەو مەلەکانیش بەدەر نەبوون لەم دووپرۆسەیە . لەدۆلّی مەلەکان گوندەکانی بلەی ژێری وکەندۆرلەسالّی ٦/٦/١٩٨٨ ، لەدۆلّی ئالّانەش چەند هاولّاتیەکی گوندی شەڕکان کەئەوکات لەگوندی جۆلەمێرگ دەژیان ئەنفال کران .

تەیوب هەمزە و خزمانی لەگوندی لەبلەی ژێری بوون



وتی بارودۆخمان تابڵێی خراپ بوو هیچ پێداویستەکی ژیان نەمابوو ترسی بۆردوومانکردن وهێرشی زەمینیش هەبوو ئێمە چەند جارێک هەواڵمان بۆهات لەلایەن ئاغاکان کە خۆمان بەدەستەوە بدەن پارێزراو دەبین خەڵکێک زۆر باوەڕیان نەکرد خۆیان دەربازی ناوچەکانی ترکرد ەواتر ڕزگاربوون ئێمەش هاتین لەبەرکانی سپیندار هەموومان شەومان بەڕێکردبەیانی بەڕێگەی گەری بلێ بەسواری وڵاغ ،هەموو ئەو مێگەلە بزن ومانگایانەشمان هێنان کەهەمان بوو . لە گرد کێروشک کەگردێکە دەکەوێتە دەروازەی خەلیفان بۆ ڕانیە چەندین ئیڤای عەسکەری وەستابوون هەموویان سوارکران من سوارنەبووم وتم ئەو ئاژەڵانە دێنین لەگەڵ خۆمان ئەفسەرەکە ڕەزامەند بوو. من وجەبار زرار وحاجی مەغدید وشەعبان مەجید ماینەوە ئەوان وەڕێ کەوتن ئێمەش ئاژەڵەکانمان دانەپێش خۆمان تاگەیشتینە کەلەکین لەوێ بۆ گوندی بەنۆکە چوینەماڵی مەلاخالید حەمەدەمین مەلەکی کە مەلای گوند بوو. ئەوانم جێهێشت گەڕامەوە گوندی کەلەکین چونکە ماڵی خاریوسف حەمەدەمین وئەیوبی برام لەوێ بوون ئەیوبی برام لەوکاتە بەنیاز بوو بەدوای کەس وکارماندا بچێتە سەربازگەی سپیلک بۆزانینی سۆراغیان باش بوو گەیشتم نەم هێشت بڕوا وتم تازە ئەوان گەڕانەوەیان بۆنیە باتۆش تیانەچی لەوبگرەوبەردەیە باوکم بەدیار کەوت لەسپیلک ناردبوویان بەدوای من باش بوو نەمهێشت ئەویش بگەڕێتەوە .

بەداخەوە ئەوانەی لەگوندی بەنۆکەم جێێشتبوون بەخۆیان وهەموو ئاژەڵەکان بەرەو سپیلک ڕۆیشتبوون پێ دەچێ باوکیشم هەرلەسەر قسەی ئەوان هاتبێ کەئەفسەرەکە پرسیاری منی لێدە کا پێی وتبون ئەو ڕۆیشت بەرەو کەلەکین .لەوێ شەعبان مەجیدیان ئازاد کردبوو چونکە منداڵ بووتەمەنی ۱۰-۱۲ساڵان دەبوو ، ئەوانی تریش تائیستا وەک هەموو ئەنفالکراوانی تر لەبیابانەکان زیندەبەچاڵ کران .

من دایکم وبرایەکم ومامم ودوولەئامۆزاکانم چەند خزمی تر لەگەڵ ئەوانە ڕۆیشتن .

دوای وێرانکردنی تەواوی گوندەکانی دۆڵی ئاڵانەو مەلەکان لەم سنورە زۆرێک لەخەڵکی گوندەکانی بلەوشەڕکان وئاڵانەو ئاکۆیان وفەقیان ڕویان کردە گوندی جۆلەمێرگ کەم ماڵ هەبوو ماڵێک یان دوانی لەخۆنەگرتبێ تاماوەیەکی باش مانەوە دواتر گوند جۆلەمێرگیش بڕیاری وێرانکردن وڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگای باسرمە درا سەربازێکی زۆر لەگوند بڵاوەی پێکراو جیالەوەی چواردەوری گوندیش بەسەرباز تەنرابوو خەڵکێکی زۆریان لە ئەوانەی هاتبونە گوندو هەندێکیش لەخەڵکی گوند ڕاێچی پشتەوەی ئیڤاکانی عەسکەری کران بەڵام لەڕێگا کەسێکی دەست ڕۆیشتوو لەئاغاکان هاتبوو چەندکەسێکی ڕزگارکردبوو هەندێکیش مانەوەوئەنفال کران ئەوماوەیە بۆگوندی جۆلەمێرگیش زۆرناخۆش بوو ڕۆژانە تەقە لەگوند وناو باخ و کێڵگەکانی کشوکاڵ دەکرا تاڕۆژێک بەم هۆیەوە ژنێکی گوند بەرکەوت وشەهید کرا دوای ئەوڕوداوانە ئەم گوندەش وێران کراو خەڵکەکەی زیاتر بەرەو باسرمەبردران هەندکیش لە خەلیفان گیرسانەوە.

**ناوی ئەنفالکراوەکان.**

١-مریم حەسەن ئەحمەد
٢-حەسەن هەمزە
٣-قادر عەزیز ئەحمەد
٤-خورشید عەزیز ئەحمەد
٥-عومەر حەمەد هەمزە
٦-سەعید ئەبابەکر حاجی
٧-نەجم حەمەد ئاغا
٨-جەوهەر حەمەد ئاغا
٩-بەهرام خدر حەمەد
١٠-جەبار زرار ئەحمەد
١١-مەولود زرار ئەحمەد
١٢-مەغدید حەمەد هەمزە
١٣-ئەنوەر مەغدید هەمزە
١٤-نەجمەدین مستەفاڕڕەسوڵ
١٥-فەتحوڵڵا حەمید حەمەدەمین
١٦-حەمەدەمین فەتحوڵڵا حەمید
١٧-زاهیر عەبدوڵڵا قادر
١٨-مەجید حەمید حەمەدەمین
١٩-حەسەن عەزیز (حەسەنە گەورە)
٢٠-ڕەسوڵ مەجید

**ئەنفالکراوانی گوندی کەندۆر**

١-فەیزوڵڵا یوسف مستەفا
٢-محەمەد یوسف مستەفا
٣-جوبڕائیل یوسف مستەفا
٤-سەلاح حوسێن مستەفا
٥-شەریف قادر مستەفا
٦-ئەحمەد خدر
٧-حوسێن سالح ئەسعەد
٨-عەبدوڵڵا هەمزە حەمەد
٩-حەمتدهەمزە حەمەد
١٠-ئیبڕاهیم جەلال هەمزە
١١-جەلال هەزە حەمەد
١٢- ئەنوەر ئەحمەد خەڵکی گوندئاکۆیانی ڕواندز بوو.

**ئەوانەی خۆیان دەربازکرد وڕایان کرد**

١-عەبدول ڕەزاق هەمزە
٢- تاهیر عەبدوڵڵا قادر
٣-ئاودەل قادر حەمەدەمین
٤-خۆخ

---

ئەنفالکراوانی گوندی شەڕکان

1- حەمید حەمەد حارس - 1
٢-حسێن سۆفی متەفا
٣-خدر حوسێن
٤-مستەفا قادر
٥-جەلال
٦-هەینی ئیبڕاهیم بلەیی
٧-ئیبڕاهیم حوسێن بلەیی.

# ئەو ئازارەی گێڕانەوە دەرەقەتی نایەت

**ژاکاو محەمەد**

بەناو عاردی سنجەرێدا چومە خوارێ لۆ کن کۆڕیتی مریشکان. پێنج شەش هێلکەم هەرگرتن بینم لەڕونی کەم. تازە کورم هاتبونۆ لە ئیشی. دیتم دە دوازدە تەیارە هاتن و بەسەر گوندیدا ئەسورانەوە. بەرەو مارێ هاتمەوە. دیتم حەمەدی کور لەسەر قادرمان دانیشتبوو دەفتەرەکی دەکۆشێ دابوو ئەشتیە نووسی .

گۆتم: ئۆ چاکەی لەوێ کورم تەیارە هاتن ئەلعانێ قەسفەکەن .

گۆتی: وەڵا ئۆدا ئا نووسمەوە کە شازدەی مانگێ ١٢ تەیارە هاتینە و بە نزمی بەسەر گوندیدا ئەسورێنەوە. قادری کور بە جلکێ ئیشی لە هەیوانێ دانیشتبوو. چوومە دەستنوێژم هەرگرت و فانۆسم پێکرد. هێلکەم دەڕونی کردن. گۆلمە ساوارەکیشم هیناو لێم نا. نانم تەڕ کرد سفرەم دانا. فانۆسم لە ناوەندی سفرەی دانا. بانگی منداران و کورانم کرد، هاتنە ژۆرێ نانی بخۆن.

چەند گرمەك هات. گرمەی وەکی جاران نەبوو، تەپەی دات. چوومە دەرێ لە چەند لایان چڕەدوکەر برندەبوو. وەکی تەپ و تۆزێ پەرتەبوو. منداران ئەگۆ بۆنەك دێت، بۆنی دوکەرێ نیە. ئەمنیش واگۆ کا چ بۆنان ناکەم .

چاوم بە خورێ خورێ هاتن. گەروم ئەکڕاوە. زەینمەدایێ گەروم تار بوو. چوومە پێش خانی بیری ئاوێی لێبوو، دەستم شووشتن و ئاوم بە دموچاواندا کرد. چاوم هەرینان کوو نەفتێ پرێژیە ناو ئاوێ ئەوهە بوو. ئاوەکە ڕەنگاوڕەنگ خۆی پشانەدا. ئاوەکەم لاداو دەستم بردە بنێ مشتم پڕ کرد و ئاوەکەم خواردەوە. گەروم هەند تار بوو هەستم بە تفت و تاری ئاوەکەی ناکرد. چوومۆ ژۆرێ، ئاگری فانۆسێ سۆر بوبو. کز ئەبوو لە کۆزانەوەبوو. محمدی کور ئەڕشاوە. قادریش لەو لای ئەڕشاوە. ئاویان بە چاواندا داتە خوارێ. بووکم دەستی مندارانی گرت ڕۆیی و ئەمنیش پیلی هەردوو کورانم گرت و چووینە دەرێ، تا بەرەو چیای بڕۆین لۆ ئەشکەفتێ. دەترسایین تەیارە لەناو گوندی بدات. هێسترم دیت خۆی بە تاق و دیواراندا دەدا و ئەیحیلاند. پشیلە و کسۆک بە کۆرەیی بە کۆرانێدا داتنە خوارێ و مشتاوەش بووبوون. حەیوانان باعە باع بوو، چێران ئەبۆراند. ڕۆژێ حەشرێ بوو. وەسەرکەتین لۆ چیای حەیوانم ئەدیت بە کۆرەیی وەشاخی کەتبوون لە تاوێ حەرەکەی ڕوحی. نەوێراین بچینە ئەشکەفتێ گەورە، گۆتن بەعسی دێن ئەنبەن. ڕۆیشتین لۆ چیای. بە کۆرەیی بە پشی تەنگی و ڕشانەوە. چوینە بەری بێریان لۆ ئەشکەفتێ. نزانم چەند لەوێ ماینەوە، کەس نازانی چ وەختە. هەتا دەهات وەزعەن خراپەبوو. هەندەك خەرکی گوندێ دی هاتن گۆتیان دەبی بچنە خەستەخانێ لۆ عیلاجی، کیمیاو لێ درایە. هینایانە ڕانیەی، لەوێش لۆ هەولێرێ و لۆ خەستەخانێ. لە هەولێری دەست بەسەرکراین.

هەرابوو. قادری کورم لێ بزر بوو. محمدیش زۆری شڕ بوو. هەتا دەهات خەراترەبوو. چاوی کزبووبوون. پشی نەدەهات. هەرچی خواردبای ئەیهینایەوە. هیچی دەهەناواندا گیرنەبوو. ئەمنیش چاوم هەرنەداتن. پشیم تەنگ بوو. قالبم هەموو سۆتابوو. هێشتا تۆتکم ناداو لەدوو قادری کور ئەگەڕام. قادر ئی گەورەبوو. بیست و ئێک سار بوو. بەس ئەویش ئی بریندارببوو. چاوی نادیتن. جلکێ ئیشی هەر دەبەردابوون. هەموو قالبی سۆتابوو. خوای ڕوحم

کرد قادرم دیتۆوە. دە ئامێزێم وەرینا. لەمن وابی خوای خەنی کردیمە. هەندم دەئامێزێ گرت و ماچم کرد، دوایێ بردمە کن محمدی.

قادر باشتر بوو لە مەحەمەدی. لە خەستەخانێ ڕۆژێ حەشرێ بوو. چریکژنێ منداران و نارەنارێ گەوران تێکەربووبوون. لەپێش چاوانمە و قەتم لەبیر ناچی. سۆفی مستەفا کە خەرکی گوندی بوو. لە خەستەخانێ لە کنەمە تەواو بوو، شەهید بوو. عەسکەر هاتن مەیتی ببەن. قورئانەکی دەبەریێ دابوو. عەسکەرەکە ڕەویەوە. کو کارەبای لێدەن ئەوها تەزی، وەکی قورئانەکەی دیت.

وابزانم نیوڕانە بوو. نانی نیوڕانێیان لۆ هینایین بە من و هەردوو کوڕان قاپە نیسکەک، لەگەر سێ سەموونی ڕەق و هیشک. وەمگۆتە هەردوو کوڕانم بخۆن. محمدی ئاگا لە خۆ نەبوو. زۆری خەرابوو. هەناسەی نادا. سەری وە شانی من کرد. نانم لۆ ڕاگرت بە لادا هات. هەر تەواو بووبوو نەبووبوو. وابزانم لە ئامێزێ منی ڕوحدا. هاتن مەیتیان ڕاکێشی دەرێ کرد. لەبەر دەستانیان دەرینام. نەمزانی لۆ کێندەرێیان برد. قادرم لەکن مابوو. لۆ هێوارێ بردینیان، وەیانەگۆ تەداوی و دەکەین. پیلی قادرم گرتبوو. هێشتا هەر ئەڕشاوە. لەبەر دەرکەی ئێکەک هات، پیلی قادری گرت و ڕایکێشا. ئەمنیش توند گرتم و هاوارم کرد گۆتم: لۆ لێمە ئەستینن، لە نۆ منداران ئەوندەم مایە. بکەنە ڕاهی خوای لێم مەبەن. کابرا جاش بوو. کورد بوو. پاڕانەکی پێوەنام و قادری لەدەست دەرینام. وەدوی کەتم لە بەرم ڕەویەوە بە توورەیی وەیگۆ: بڕۆ لێرە. پیاویان خڕکردنەوە و هەموویان پێکەوە بردن. ئەمەشیان بە جودا برد لە خەلیفانێ، لە مەعمەل قیڕی بەجێیان هێشتین. دوایێ گۆتیان پیاویان هەموو ئەنفال کردن .

کەسەرێ قادری هەندە گەورەبوو. هەموو دەمێ سار دەهات و دەڕۆیی دەقە و سعات چاوم لە ڕێ بوو. دەمگۆ خەبەرەکی هەر دێت. وەکی ئەمریکا لە سەدامی دا. گوێم دە تەلەفزیۆنیەنا، وەمەگۆ ئەلعان نا ئەلعان وەکی ئەسیرەکانی شەڕی عێراق و ئێرانێ سۆراخیان وەدەرەکەوی.

هەتا داعشیش هات گۆتیان داعش چەند سجنی ئازاد کردینە. هەرچاوم لەڕێیێ بوو قادر لە لایەکی وەدەر کەویتەوە. ئێستاشی لەگەر بی نۆ مندارم مردینە، بەس کەسەرێ قادری وەکی هێکان نیە. محمد لە ئامێزێ من ئەمری خوای کردو ڕۆیی، ئەوێدی هەروەتر. ئەمما لە زەینم دەرناچی و ناچی. هەر فکرەکەمۆ دەخوا قادریان چ لێکردبی بە زیندی چاوان. چەندیان تەعزیب دابی. بە چ دەردەسەریان کوشتبی.

ئێستاش برینداری کیمیاییم. پەککەوتەی سەر جێیمە. چاوم نابینن و پڕی ژانن. بەس هەر چاوم لەڕێ یە. بگەمۆ منداری خۆ. لەو دنیای خوا حەقی من و عائیلەی من بکاتەوە لەتاوانباران و سەبەبکاران.



زولێخا حەسەن / دایکی شەهید و شایەدحاڵ و بریندار چەکی کیمیاوی



# چەند چرپەیەک لە یادی شەهید بوون و کیمیاباران کردنماندا

ملا هندرین بالیسانی –
تاقانەی ئەنفال و بەرکەوتەی کیمیا

دایەگیان،، بابەی تاقانەم،، خوشکە بچکۆلەکەم : لە سووتانی جەرگ و دڵی خۆمەوە تایبەت لەم رەوشەی کوردان سووتانی ئێوەم بە شەهیدی دێتەوە یاد!!

سووتان چ سوتانێ دوای شەهید بوون بە ژەهری دوژمنان و سیخوڕی کردنی کوردان لە کونەسیخور لاشەی ئێوەی پیرۆزیش سووتا.

دایە دەزانم ئەوەندەی خەمی بەنازی دوو ساڵانەت بوو کە لە باوەشت گرتبوو تا نەسووتێ ئەوەندە خەمی خۆت نەبوو.

دەزانم دایە زیاتر لەوەش خەمی کۆرپەی ناو زگت بوو کە بریارت دابوو کە هاتە دونیا ناوی بنێی هەورێ بەڵام ئەم ئاواتەشت بردە قیامەت.

زیاتر لەوانەش دایە چەندەها جار داوات کردبوو بۆ دەبێ هندرین دوور لە من بژی و لە لای من نەبێت لە بالیسان نەتدەزانی بە یەکجاری لە یەکتر دوور دەکەوینەوە، بەڵام دایەگیان

دیارە قەدەر وابوو من لە لای تۆ نەبم ... گەر لای تۆ بام بە لانی کەم بە فرمێسکی چاوەکانم ئەو ئاگرەی لە لاشەتان بەربو بوو دەمکوژاندەوە" خۆ دەشکرا لە ناو باوەشی تۆ ئەو ژەهرە بۆ من بوو با بە دەرمانێك و تا ئەبەد بە یەکەوە بوبایین.

دایە دەزانم لە بەر خۆشەویستی و عیشقی باوکم بوو ئەو ژیانە ناخۆشەی ناو چیاکانت هەڵبژارد چونکە باوکم عاشقی کوردستان و پێشمەرگایەتی بوو قبوڵی نفوس کون کردنی نەکردو نەچووە ڕێزی خیانەتکارەکان ،، تا لە کۆتاییدا ئەم عیشقەی خاکی کوردان و پاراستنەکەی هەموومانی بە یەکەوە سووتاند و بووین بە قوربانی، خەڵکانێکیش چۆن کاتی خۆی جاسووسیان بەسەرەوە دەکردین ئێستاش هەر ئەو جاسووس و خۆفرۆشانە وەک ئەو سەردەمە دژایەتیمان دەکەن و پێیان خۆشە وەک ساڵانی خەبات و کوردایەتیەوە بمان سووتێنن منیشیان پێ زیادە کە لە ژیاندا ماوم ئاخر ئێوە ئاگادار نین چیان بە ڕۆڵە تاقانەکەتان و بە خەباتی ڕۆژانی شاخی ئێوە کردوو چۆن کوردایەتیان لە پێش چاوی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە خستووە!!.

دایە دەزانم بابم زۆر خەمی ئێوەی بووە بۆیە قیناعەکەی بە تەواوی نەخستبوە سەر دەمی خۆیی و بەم ژەهرە خنکا، بەڵام لەوە ئەچێ زۆریش خەمی سووتانی

تفەنگەکەی بوو بێت نەوەك سووتانی لاشەی خۆی .... چۆن گەر تفەنگەکەی نەبێ بە چی بەرگری لە خاك و شەرەفی کوردان بکات. کە کوردەکانیش بێ وەفا بوون بەرامبەر ئەو پیرۆزیانەی ئەوان خەباتیان بۆ دەکرد و بەدەستیان هێنا.

خـوشکـەکـەم: بە یادی رۆژانی شاخ دێمە لاتان" خـوشکـەکـەم: چی بکەم کە لێت دورم ناچارم وێنەی خۆم و خۆت لە یەك نزیك بکەمەوە تا هەر نەبێ وێنەکانمان لە نزیك یەکەوە بۆنێکی ناو چرپ و چاڵ و تەپ و تۆزو بۆنی کیمیای کاولە بالیسان بکەن و تا شانازی بە نزیکایەتی وێنە بێ روحەکانی هەشتایەکانەوە بکەین کە ئاخ و هەناسەی ساردی بێ هیوایی و سا .دوور لە یەکتر دەرئەدەن بەشکو بگەن بە یەکترو دەست لە ملانێ و ماچی یەکتر بکەن و فرمێسکی خوێناوی هەڵبرێژن، تــۆ کە ئاگات لە ئێمەیە زۆر یادگاریت لە لا هەبن و لە بۆی بگێریەوەو تا کەمێك ئۆقرە بگرێ

.

ئینجا هێدی هێدی دوور لە هاتوو هاوارو دەنگە دەنگ و مڕڕەی دەبابەو کۆپتەرو تۆپباران و سیخۆو عونقودیەکانی سید الرئیس و دەنگە دەنگی پێشمەرگەکان کە دێن تاکو دایکم خزمەتیان بکات (چۆن خزمەتی شۆڕشە !!)... مەڕۆن بۆ ناو کونە ئەشکەوتەکان کە خۆمان تێدا حەشار دەدا لە بەر تەیارەی سیدالرئیس و خێرخوازە کوردەکان کە دەچوون لە لای سید الرئیس شوێنەکانیان کەشفە کردین نا ... نا .. خوشکەکەم بڕۆنەوە لای مەنزڵتان و لە گەڵ دایەو بابە دابنیشن و تێیان بگەیەنن با ئەوان نێنەوە ئەم کاولەی لای خۆمان و هەواڵی ئێرەشی بۆ باس نەکەی، چونکە زۆر خەفەت دەخۆن و هەتا



ماستاوچی و کوڕە جاسوسیش هەبن قسەی دڵسۆزان وەرناگیرێ نا ... نا ... با نەیەتەوە بۆ لامان و نەوەك دواتر لە بەر ئەو نا دادی و هات و هاوارو دادو فیغان و فڕو فیشاڵانە لە خەباتی شاخ و ماندوو بوون بە شۆڕش و پلەی شەهیدیان پەشیمان نـــــــــــەبنەوە لێیان گەڕێ با هەر لە سەر بیری ئازادی و سەربەرزی و دروشمە جوانەکانی سەردەمی شـــــــاخ بن بۆ گـــــــــــەلەکەیان خۆشی بۆ خۆتان بەشدار نەبوون لە کورد کوژی و بێگانەپەرستی و گەندەڵی و فڕو فێڵ و تەڵەکەبازی

خـوشکـەکـەم: ئەوەی یادگاری تۆ بێت کە بۆ من ماوەتەوە ئەو وێنە جوانەی تۆیە کە لە 1987/12/17 گیراوە و لە گەڵ وشەی (کاکە) کە بۆم دەگێڕنەوە لە کاتێ کە من نوستوومە گوتوتە (کاکە) و ئاماژەت بۆ من کردووە. پاشان وەك پەپولە لە شەقەی باڵەکانت داو رۆیشتی تا ئەو دەنگە ناسکە عەرشی پەروەردگار بێنێتە لەرزە و شکاتی حاڵی گەلە مەزڵوم و خانەوادە خێر لە خۆ نەدیوو ناحەزانمان بگەیەنیە شوێنی خۆی

ئەها خـوشکـەکـەم: ئێستاش زۆر جار لە نزیك گۆڕە بچوکەکەت دادەنیشم کە وەکو خۆت ژیکەڵەیە سا بە شکوو گوێم لە وشەی (کاکە)ی جاران بێت ... بەڵام هەر نایبیستم و ئەم وشەیەم بەر گوێ ناکەوێ و نا چار لە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر کە قەبوڵم ناکەن و دیارە شایەنی ئەو پلەی ئێوە نەبوویمە بۆیە بە ناچاری بە دونیایەك رازو نیازو خەم و خەفەت ئەبێ جێتان بهێڵم

خـوشکـەکـەم: دەزانم تۆ تووڕە نەبووی بەڵام لە توڕە بوونی دایەو بابە ئەترسم چۆن ئاوا بە پەنهانی و بە بێ دەنگی رۆیشتن و لە تەمەنی پێنج ساڵی تەنهایان کردم و بەبێ ترس لەوەی کوڕەکەیان لە ناو قۆناغی (5-7)ی ئەنفال چی بەسەر دێت ئێستاش ئەوان تووڕە دیارن لە خەونێکیش نایەنە لام و سەلامێکم لێناکەن و هەر دەڵێی من بوومە شۆڕشە ساواکەی ئەیلول و دوای هەشتاکانی باوکمم تێکداوە ئاخر بەخوای بابەگیان من نەبووم ئەو ماستاو چی و هەرچی و پەرچی و لە خوا نەترسانە بوون کە بۆ پەلکە نانێك ئامادەبوون هەتا ئەبەد کلکە تەقێ بکەن و لە هەموو سەردەمێکیش هەر ئەوان شتن ئاخر بابەگیان دەزانم لەوەی ئێستاش هەر نارەحەتی و پێت خۆش نیە گەلەکەت ئاوا پەرتە و دژەو دەورەمـــــان دوژمنەو خۆشمان دۆستی یەکتر نین ...!!

خوشکەکەم: توخوا لە دوای سەلام پێیان بڵێ ئەو برا بێکەسەم لە خزمەتی ئێوە دایەو هەموو ماندوو بونێکی بۆ خۆشبەختی ئێوەیەو ئەوەی پێی کراوە بۆتانی کردووەو مەبەستیەتی (صدقە جاریە) بێت بۆتان لە بەر خاتری ئێوەی گوڵشەن

چرپەیەکی تر لەگەڵ شەهید بەنازم خوشکەکەم: گەر بابە گیانمان هەر لە سەر قسەی خۆی و خۆشناوانی نەبوایە لەو کاتە هەر شێر دەبوو ئێستاش پاڵەوان و نـــــــا... . شێرێك بۆ خۆی بوو باوکی شەهیدم بۆچونەکانت بەپێچەوانەوە دەرچوون گەر پێشمەرگە نەبوویتایە ئەوکات هەموومان لەو ژیانە ناخۆشەی شاخ و گوندەکان لەژێر رەحمەتی فرۆکەو تۆپ باران نەدەبووین، نەدەبووینە خزمەتکاری پێشمەرگەو نان دەرو جل شۆریان، و منیش بەهەتیوی و بەبێکەسی گەورە نەدەبووم، بابە گیان گەر سەنگەرت گواستبایەوە ئەوکاتمان خۆشتر دەبوو لە شار دەبووین لەلای سید الرئیس ژیانمان دابین دەبوو بەبێ کێشە و دەردەسەری. بابەگیان بۆ بەقسەی باپیرمت نەکرد؟ دوای کیمیای خۆت شاردبایەوە نەگەڕابایەوە شاخ، خۆ لە شاخ بوو دوژمن لەجیاتی شیری قوتوو وەمەکی دایك ژەهری بەدەمی خوشکە دووساڵانەکەمەوە کردوو شەهیدی لەجیاتی نەخۆشخانەی مناڵ کرد. بوون و شوێنە خۆشەکان دایکە ئازیزەکەم لەشاخ و کێوەکان بە چەکی کیمیا شەهید بوو بەمناڵەکەی ناوزگیەوە دواتر سووتاو بەجلەوە لە گەڵ خۆتدا بابە گیان گەر .شاردرایەوە پێشمەرگە نەبوویتایە ئێستا مووچەمان باشتر دەبوو دەبووینە خاوەن دەیەها زەوی و خانووی تۆ .خۆش و سەیارەی مۆدیل بەرز پلەدارو خاوەن پاسەوانی زۆرو منیش هەرخوا بزانێ چۆن دەبووم لە جۆرەها سەیارەی مۆدێل بەرزو بەشدار دەبووم لە جۆرەها کڕین و فرۆشتنی وڵات و دەبووم بەبازرگان و بە یەك واژوو سەدان و هەزاران دەفتەر دۆلارم پێدەبڕا، مەسروفی ڕۆژانەکەم ئەوەندەی مووچەی شەهیدانەی تۆو هاوشێوەکانت دەبوو کەئێستا حکومەتی کوردی بە چەند مانگێك کەسیش لە دیداتە وارسەکانیان بەر تۆو چەکدارەکانت زاتی ئەوەی نەدەکرد هیچ بێ ئەدەبیەك بەرامبەر کەسوکارت و منی تاقانە بابەگیان گەر بە بکات پێشمەرگایەتی شەهید نەبوویای ئەوە مووچەکەت چەندەها ئەوەندەی ئێستا دەبوو، هەر مەپرسە لەوەی چەندەها بەرپرسی وڵاتەکەم سەردانیان دەکردین و ماڵەکەمان قەرەباڵغ دەبوو، چەندەها پۆست و پلەی بەرزیان پێدەبەخشین و منیش بە لای کەمی لە ئەورووپاو ئەمریکا خوێندنم بابە گیان ئەوانەی لە تەواو دەکرد ماڵەکەی تۆدا خزمەتکراون و هاوسەنگەریشت بوونە نەتۆ دەناسنەوەو نەکوڕەکەت.

گەر کوڕەکەت وەك کوڕە شەهیدەکانی تر بیەوێ سەردانیان بکات بە چەندەها مانگ و ساڵ ناگاتە پرسگەکانیان نەوەك لای ئەو ژیانەی خۆم لە ) خۆیان. ژیانی هەموو پاشاو سەرۆکان خۆشترە کە بە حەرام قەڵەو بوونە دەی خوشکەکەم لەوە گەڕێ هەمووی پیرۆزی خۆیان بێت: بۆ تۆ هەر باشتر لە ناو باوەشی دایە تا ئەبەد نوسـتی و خۆشحاڵی بـــە خۆت ئەی ئەمن چی ؟؟؟

باوکم لەساڵی (1970-1975) پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو " لە ساڵی (1980) وە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بووە تاساڵی 1988

لە 1987/4/16 خۆم و باوکم و دایکم و خوشکەکەم کەوتینە بەرکیمیابارانی بالیسان بریندابووین و لە شەقڵاوەو خەلیفان چارەسەرمان وەرگرت دواتر بابم بە قسەی باپیرم ناکات و گەڕایەوە بالیسان بۆ پێشمەرگایەتی و لەسەر قسەی باپیرم منی جێهێشتبوو گوتبووی جعفر دەزانم جارێکی تر تۆ نابینمەوە با هندرین لە لای من بێت و با عائیلەمان کوێر نەبێتەوە چهونکە حەوت پشتمان تاقانە بوونە" باوکم بە قسەی باپیرم دەکاو من لە خلیفان دەمێنمەوەو بابم و داکم و خوشکم دەڕۆنەوە بالیسان لە 1988/7/31 لەکیمیابارانی دووەمی بالیسان (کونەسیخور) خانەوادەکەم گشتی شەهیدبوون تەنها خۆم مامەوە کە باوکم لە سەر قسەی باپیرم منی نەبردبوو بۆ بالیسان ئێستاش من لەو بێ رەحمیەی ئاگر تێ ناگەم زۆر جار بیری لێ دەکەمەوە ئەم ئاگرە چۆن دەتوانێ ئەو روحە ناسکانە بسووتێنێت .... هەر بۆیەشە سەروەر دەفەرموێ : ئەوەی بە ئاگر بسووتێ شەهیدەهەموو کات شانازی بەپێشمەرگایەتی باوکمەوە دەکەم و سەربەرزم بە شەهید بوونەکەشی کە بە دەستی کورد شەهید نەبووە و کوردی نەکوشتووە و بەرگریکار بووە لە وڵاتەکەی‌و پیاوی ڕژێمی بەعس نەبووە، وەسەربەرزم بەوەی کەلەپێناوی ڕزگاری کوردستان بەتەنهاو بێکەس ماوم، شەهیدبوونی خانەوادەکەم لــــــە ڕێگایەکی پیرۆزبووە، با کەسیش لاڤی کوردایەتی بەسەر منەوە لێنەدات چونکە من لەهەموویان زیاتر بومەتە قوربانی لـــــــــە پێناو ئازادی بۆ کـــــــــــوردستان

پێشنویژو وتارخوێن.
هەولێر 2024/4/2

# ئەو رۆژەم قەت لەیاد ناچێ



**نەجمەدین عەزیز حاجی**
یەکێک لە بەرکەوتووانی کیمیابەرانی گوندی وەرێ

**پاش تاوانی کیمیابارانی16 /1987/4 کە هەموو گوندەکان تەختی زەوی کران، ئەوەی بە زیندوویی مایەوە رووی لە ئۆردوگا زۆرملێکان کرد، من ئەو کات هێزی بەرگری میللی بووم لە رێخراوی 2ی کۆمەڵە، لەگەڵ دایکی رەحمەتیم لە سنووری ئازاد کراو ماینەوە، بۆ زستانەکەی سالی 1988 لەگەڵ هەندێ لە خزمانی گوند لە گەندی وەرێ نیشتەجێ بووین، ئەوکات گوندی وەرێ سەرووی بیست مالێک دەبوون، ئێمە لە خانووی فەقێ صالحی وەرێ بووین.**

**مانگی رەمەزانە رۆژ 1988/5/17 کاتژمێر 6.15 ی ئێوارە بەسەرەوەیە، رۆژی عالیفەیە و بەنیازین بەیانی جەژنە پیرۆزە لە یەک بکەین، هەمووومان خۆمان حازر کردبوو کە بەیانی جەژنە پیرۆزە لە یەکتری بکەین...**
**فەقێ صالح لە پێشە بانێ خانووی خۆیان لە سەر بەرەیەک دانیشتووەو لە دیار تیخە ئاوێنەیەک خەریکە ریشی دەتاشێ، منیش لە پێش خانووی خۆم لەگەڵ مەلاسەفین کە پیشمەرگەی تیپی 83ی هەورێ بوو کەلەسەر بانی خانوەکەی راوەستابوو قسەمان دەکرد... لە ناکاو خۆشیەکان ئاوەژوو بوونەوە عالفەو ئامادەکاری بۆ جەژن وز جەژنانە بون بە رۆژی حەشرێ... چەند فڕۆکەیەکی رژێمی فاشی گوندی وەرێیان نقومی چەکی کیمیایی و ژەهر کرد، سەرەتا بۆمبی کیمیاییان لە سەرووی گوندی دا دواتر بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێک هەموو گوندی گرتەوە بوە هاوارو رۆرۆ بە زۆری خەلکەکە رووی لە کانیێ گوندی کرد...**

**بە داخەوە زۆرینەی ئەوانەی روویان لە کانی ئاوێ کردگیانیان لە دەست دا، بە دەیان خەڵک گیانی لە دەست دا پێش دەرک و ناوکۆڵانی گوندی پڕی جەنازە بوو، دایکی ڕەحمەتیم لە کانیی بوو، کەس کەسی وەبیر نەما ، من لەگەڵ هەندێک لە گوند دەرچووین، سیامەندی مام جەلال کە منداڵ بوو هەڵمگرت تاکوو گەری سپی کە گەریەک بوو ڕێگای گوندەکانی بێ ناتان و هەرتەل پێدا رەت دەبوو، هەر لە ڕێگا جلەکانم لێ گۆڕین و من لەوێ نەمامەوە، ڕۆیشتمم لەسەر ڕێگای هەندێک ئاژەڵداری لێ بوو هاواری ئێمەیان کرد شەرلەو گوندی هەرتەل بووم لە ماڵی محەممەد ڕەفعەت کە بەراستی هاوکاریی زۆری کردم وە هەموخزمانی گوندی هەرتەل بە هانای خەڵکی گوندی وەرێ ەوە چوون کە ئەو هەلوێست و گیانی هاوکاریە لە یاد ناچێ**
**بەیانی 18/ 5 سلێمانی برام هات یەکسەر لە هەرتەرەوە هاتینەوە گوندی وەرێ دیار بوو هەندێک پێشمەرگە و هەندێک هاوڵاتی لێ بوون،وە پێشمەرگەکانی تیپی هەشتا و سێ ی هەورێ لەگەڵ پێش پێشمەرگەی ڕێکخراوی دووی کۆمەڵە بە هانای بریندااران هاتبوون هەموویان گواستبوونەوە نەخۆشخانەیەک لە گوندی خەتێ و دایکی ڕەحمەتیشم لەگەڵ بریندااران بوو، ئێمە هەر ئەو رۆژە لەگەڵ سلێمانی برام چووینە گوندی خەتێ لە نەخۆشخانەی خەتێ دایکمم دیتەوە کە جلی پێشمەرگانی لەبەر بوو چونکە هیچیتریان لە لا نەبوو هەموو نەخۆشەکان ژن و پیاو کەوتبوون بۆ هەمویان جلی پێشمەرگەیان پێدابوون... شەوی هەژدە لەسەر نۆزدە ئێمە لە نەخۆشخانە ماینەوە لەگەڵ بریندااران واحید دەراشی کە کوڕێکی مێرد منداڵە لەگەڵە، کەریم حوسێن بەگ و شوکریەی بووکی، عەبدوڵڵا خدر لەگەڵ خدری کوڕی، بلکە ئایشێ دایکی حوسێن و حەسەنان لەگەڵ هەندێکی تر کە لە بیرم نەماون...**

شەو سەعات یازدەی شەو واحید دەراشی ئەمری خوای بەجێ هێنا پلکە ئایشێش بە هەمان شێوە ئەمری خوای بەجێ هێنا کوڕەکەی واحید دەراشید نەیزانی بابی مردووە تاکوو ڕۆژدا هات لەگەڵ بابی نووست

ڕۆژ داهات ئەمانەویست جەنازەکان تە تەسلیم بکەین کوڕەکەی کردیە هات و هاوار و شین و گریان پێی وابوو بابی نەمردیە بۆیە چەندین جار هەولماندەدا جەنازەکە بەرین نەیدەهێشت، لە ئاخیر جاردا لەگەڵ جەنازەی بابی هات بە شین و گریانەوە بێ کەس و کار شەهید واحیدمان تەسلیم کرد، بە ڕاستی حاڵەتێکی جەرگ بڕوو ناخهەژێن بوو من وەک خۆم قەت ئەو دیمەنە لە بیر ناکەم دوای ماوەیەک خالید دەراشی هاتوو کوڕەکەی کە ناوی فرسەت بوو بردیەوە لای کەس و کاری ئێمەش دوای سێ ڕۆژ لە عیلاج وەرگرتن گەڕاینەوە کۆمەڵگەی شکارتە....

لەو ڕۆژەوە خەڵکێکی زۆر بە دەست ئازارەکانی ئەو چەکە نەگریسەوە دەناڵێنن. پێویستە حکومەت ئەو هاوکاریەی




بریندارانی کیمیاوی بگەڕێنێتەوە، ئەوانەی بەرکەوتووی ڕاستەقینەوە بدرێنە لیژنە و هاوکارییان بکرێ بە تایبەتی ئەوانەی کە وەزعیان زۆر خراپە لەوانە فەقێ ساڵحی گوندی وەرێ کە تاکو ئێستا هیچی بۆ نەکراوە پەککەوتی و هەموو گیانی برینە

تێبینی: ئەوانەی بە تراکتۆر هاوکاری گوندی وەرێ یان کردوو بە هانای خەڵکی لێقەوماوی گوندی وەرێ وە هاتن ئەو بەڕێزانەی خواردوەن، کە بەداخەوە هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە... (عەبدولرەحمان محمد عزیز، عوسمان یووسف، فاخر عەلی ، سەلاح محمد عزیز، عەبدوڵا حەمەد بەگ، مەلا جەمالی وەرێ، سلێمان عەزیز حاجی، حەمید قادر عەوڵا، مەیتەکانیان شەوێ گواستنەوە واتە شەوی حەڤدە لەسەر هەژدەی پێنج... ئەوانە لە گوندی بێ ناتان هاوکاری بریندارانیان کرد خزمانی شێخ وەسانان بوون کە بە ماڵی حاجیان مەشهوورن...

کاک شوان ڕابەر کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی دادگەرییە مەلای ڕەمەزانی بوو لە گوندی وەرێ ئەویش بەرکەوتەی کیمیاییە..



گۆڕستانی شەهیدانی وەرێ

# داکم ئەوها گێڕایەوە

ئارام محەمەد

هێوارە بوو، خەرك بەرەو ماڵێ دەهاتنەوە. حەیوانات هێشتا تەواو نەگەڕابوونەوە. ئەمن لە ناو باخچان لە (نوویسیان)ێ بووم، چێرن هەبوون، هاتمۆ، تا بیاندۆشم. چەند تەیارەك بەسەر گوندیدا سووڕانەوە، نەوی نەوی بوون. دەنگیان زۆری گەورە بوو. بەس ناترساین. جارێ دیکەش ئەوهەن دیتبوون، پێنەگۆتن (سیخۆ)، ئەنگۆ سیخۆ هاتنەوە.

ئەوەی وەکی جاران نەبوو، ئەوجارە نەڕۆیشتن، بە دەوری گوندی سووڕانەوە و گەڕانەوە، نەڕۆیشتن، ئەوجا لە دەوری گوندی دەنگی گەورە هات، دووکەر و تۆز برند بوو. وەندەزانی وەکی جاران لە شاخی دەدەن و دەڕۆن، بەس ئەوجارە هاتنەوە و لەناو گوندیشیان دا. ئەوجا ترساین، هەرکەسە و بەرەو ئەشکەفت و کونەتەیارەی غاری دەدا... ئەو وەختی کونە تەیارە هەبوون، لە ترسێ تۆپ و تەیارەی دروستکرابوون. مارات هەمووی تەرتوبراو بوونەوە.

ئەمن بانگی باتم کرد. منداران خڕکردنەوە، ئەو وەختی شەش مندارم هەبوون، هەمووە گچکۆکە بوون. ئەشکەفتەك لەپشت ماڵێ بوو، چووینە شکەفتێ، تەیارەش هەر زۆرەبوون، تەیارە لەناو گوند و دەورووپشتی گوندیە دا. حەیوانات دەنگیان دات، هاتوهاوارەکی زۆر پەیدا بوو. دووکەر گوندی داپۆشیبوو. نەڕەی تەیاران حەیواناتی دەردەپەڕاند. نێزیکەی سەعاتەك لە ئەشکەفتێ ماینەوە، دنیا تەواو تاریك داهات، تەیارە ڕۆیشتن. خەرك براو بوون، هەر کەسە و لەدوو ماراتی خۆ دەگەڕا. کەس نازانی کیمیان لێ درایە. ئەمە کە لە ئەشکەفت هاتینە دەرێ، چووین تەماشان کرد، مارات نەمابوون. لە دوو ماراتی گەڕاین، سێوێ بوو. ئەمن وەمزانی بەس ئەمن چاوە خورێن. تەماشان کرد، مندارانیش هەمان چاوە خوراندن. پاش ماوەکی هەمان دەستە بە ڕشانەوێ کرد. ئەو وەختی چوومە دەرێ، هاتوهاوار پەیدا بوو گۆتیان ئەوە کیمیایە، حەیوان هەموو کۆرە بووبوون. بە باتم گۆت، مندار هەرا ڕشێنەوە، چ بکەین. (داك عەیش) گۆتی، شیریان بدێ... هێوارێ دوو مەنجەر شیرم دۆشیبوون، هەمووم دانێ، هەر شیرتان دەخواردەوە و زیاتر دەڕشانەوە، داك عەیشێ واگۆ ئەوە ماعیدەی خاوێنەکاتەوە.

**تا ئەورۆش ئەمن چاوم دەرێی خوێیان تێکرایە**

مشکیلەن چاو بوون. بەرەبەرە قورس دەبوون و پێکوەدەنووسان. چەندی چاوم ئەخوارندن، زیاترەخوران، ئاویان لێ ئەهات، بەرە بەرە خراپترەبووم. هێرش شەش مانگ بوو، ئەتوو سەمیرە و کەلسوومەش ئە گچکەبوون، پیستی هەمان سۆر بووبووەوە. بە نینۆکان خوینیان لە پیستی دینا. وەکی سوتانێ بوو. هێرش پیستی هەر تورخابووەوە.

کەس نەیەزانێ چ بکات و چ نەکات، خەرك هەمووی خەمێ مەڕوماراتی بوو. بەکاری ئەو خوایەی، ئەو شەوی بارانەکی بەشیدەت باری، تا بەرەبەری سبەینێ خۆشی نەکردەوە. ئەو شەوی لەبەر کۆخ و ڕشانەوە و برژانەوەی چاوان، نەنزانی ئەو شەوە لۆ هەندا درێژ بوو، قەت شەوی ئەوهەە درێژم نەدیتبوو. کوو سبەینە داهات، هەستام بچمە دەرێ، چاوانم چ نەدی. چووم چاوم شووشتن، بەحەستەم لێك ئەبوونەوە. زانیم مندارم لە خۆ خراپترن. هەموو کۆرە بووبوون، پیستیان سووتا بوو. چاویان بە زەحمەتە کرانەوە، سبەینێ، خەرکی گوندێ دیکە بە هاوارێن وەهاتن، بە تەنەکتەران بردینیانە سەروچاوێ، لەوێش ئەترساین لە حکومەتێ، ئەیانگۆ ئەگیرێن. هەندەك مەرحەم و قەترێ چاوان پەیداکردن، دوای بردینیانە


حەلیمە حسێن حەسەن/ شایەدحاڵ و
بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی لە شێخ وەسان

رانیەی. لەوێش زۆر نەمایەنەوە، بە چەند کۆستەرەك هەموو خەرکیان بردە خەستەخانە، لەوێش هەندەك مەرحەم و قەترێ چاوانیان داینێ و گۆتیان حکومەتەرێ ئەبێ بەرێ بکرێن لۆ هەولێرێ... خەرەت نەبم هەندەکیشیان ناردنە سولێمانێی. لە رانیەی هەر هەندەك دەرمانیان داینێ و دوای هەموو خەرکی بریندار و کۆرەیان سواری کۆستەران کردەوە لۆ خەستەخانەی کۆماری لە هەولێرێ.

ئەوجا لەوێ بووە قیامەت. کە گەیشتنە ئەوێ قسەك براو بووەوە، کە حکومەت هەمووان چارە ئەکات، زۆری نەبرد قسەکی دیکە براو بووەوە. گۆتیان خۆ دەربازکەن حکومەت بزرتان ئەکات و ئەتان کوژێ، ئەوی خزمەك یان کەسەکی ناسیبا خۆیان دەدزییەوە. حەلیمێ مارێ براژنە ئامینێ هەموو دەرباز کردن.

ئەمن بە خۆ بە بابتان و شەش مندارم وێ بوون، هەمووم لەدەوری خۆ بوون، ئێك ئێك دەستی ئێکدیو گرتبوو. هەر دەمگۆ دەستی ئێك بەرنەدەن. کە ئەو خەبەرە براوبووەوە، خارت(محەمەدی برا) لە شەقراوێ بوو، ئەو وەختی بەرازیلی هەبوو. ئەویش ئەو خەبەرەی زانیبوو، هات نابی لێرە بمیننەوە. گۆتی وەرن لە شەقراوێتانە شارمۆوە. هات ئەمەی لەناو خەستەخانەی دزییەوە و دەربازی کردین، وابزانم پۆلیسەکیە ناسی، هات ئێك ئێك ئەنگۆی بردە دەرێ. هەتا هەمووی بردنە دەرێ، بابیشت بە پۆلسی خەستەخانێی گۆت، ئاچم دەستنوێژێ هەرەگرم. بەو فێرەی دەربازی بوو و ئەویش هاتە دەرێ.

هەندەك خەرك هەر وەیەزانی حکومەت چارەیان دەکات، لۆیە لە خەستەخانە مانەوە. دوایی زانینەوە دیسان بە کۆستەران ژن و پیاویان بە برینداری بارکردینە، ژنیان لە مەفرەقی خەلیفانێ فرەدابوون، پیاویشیان بردن و ئێستاشی لەگەربی کەس نزانین چیان لێهات. ئەمە لە شەقراوێ ماینەوە. حکومەت کون بە کون لەدوو برینداران دەسوورا. هەموو ئەگیرانەوە، ئەمە خۆ شاردەوە، خارت بە دزیەوە، لە رێی هەندەك برادەران، مەرحەم و قەترەی چاوانی لۆ پەیدا کردین.

تا ئەورۆش ئەمن چاوم دەرێی خوێیان تێکرایە، هەناسەم هەرە تەنگە، دەرد و نەحۆشین لێ نابرێن. بەو حارەی، بە قەزاوقەدەری خوای دەربازن بووین، ماروحارن هەموو تێچوو. سێ چارجاران هیچن نەما و خانی و مارن روخیندرا. لەچاو ئەو خەرکەی دی، کە هەر نەخۆشی نەدیتیە، چن لۆ نەکرایە. ئەمەیان لە هەمووشتی هەردایتەدەرێ. خوا سەبەبکاری بگری.

# لەیادی کیمیا بارانی دۆڵی بالیسان و مەڵەکان:

د. ڕێبوار ئەحمەد شەقڵاوەیی

لەدوای کیمیا بارانی ڕۆژی1987/4/16دۆڵی بالیسان لەلایە فرۆکەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ کەتیایدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی سڤیل و پێشمەرگە شەهیدو بریندار بون و وەژمارەیەکیشیان لەدوای هێرشی هێزەکانی جاش و سوپای عێراق بۆسەر ناوچەکە بەبریندار بەدیلی کەوتنە دەست هێزەکانی ڕژێم کە چارەنوسیان تاکو ئێستا بەنادیاری ماونەتەوە وزۆربەی گوندەکانیش سوتێران، چەندین جاری تر ناوچەکە بەر هێرش و پەلاماری چەکی کیمیاوی کەوتونەتەوە.

1988/5/17 بۆردومانی کیمیاوی گوندی وەرێ بو لە دۆڵی بالیسان کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی سڤیل شەهیدو بریندار بون.

1988/5/23 بۆردومانی کیمیاوی دۆڵی مەڵەکان و ئاکۆیان و زینی سەران و شەهیدو بریندار بونی ژمارەیەک هاوڵای سڤیل و پێشمەرگە.

1988/7/31 بۆردومانی کیمیاوی کونە سیخوڕ لە بالیسان و گوندی خەتێ لەدۆڵی بالیسان و شەهیدو برینداربونی ژمارەیەک هاوولاتی سڤیل و پێشمەرگە.




من لە نزیکەوە ئاگاداری کیمیا بارانی ڕۆژی 1988/5/23 دۆڵی مەڵەکانم چونکە لەناو ڕوداوەکان بوم و ئەوکاتە من لەگوندی مەڵەکان لەگەڵ ژمارەیەک دکتۆرو کارمەندی پزیشکی کە ئەوانەی بیرم بێن ، دکتور هەڤاڵ کە پزیشک بو و سەر پەرشتیاری نەخۆشخانەکە بو، بەندە، دکتۆر هونەر، دکتۆر فەرهاد یەرسپی(خلیل)، دکتور هەژار (تیشک)، دکتۆر نوزاد عباس، دکتۆر محمدحاجی(تیشک) ، کورێکی تر بەناوی نوزاد قرنی(فنی کەلوپەلی پزیشکی)، مامۆستا هیوا( کادر) لەگەڵ هەندێ پێشمەرگەی خزمەتکاری نەخۆشخانە ، داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ناوێکم بیرچوبێت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ژمارەیەک فرۆکە هاتنە سەر ئاسمانی دۆڵی مەڵەکان بەتایبەتی گوندی مەڵەکان دەستیان کرد بە بۆردومانی گوندەکە بە بۆمبی کیمیاوی ، خەڵکی گوند هانایان بۆ ئێمە هێنا لەنەخۆشخانە ، ئێمەش ڕێنماییمان کردن کە لەناو گوند دەرچن ڕو بکەنە بەرزایی یەکان و ئاگر بکەنەوەو وە بە پێچەوانەی ئاراستەی با(هەوا)بڕۆن ، چونکە لەکاتی بۆردومانی چەکی کیمیاوی، سەرەتا خۆپاراستنە لەکاریگەری چەکەکە بۆ ئەوەی زیانەکان کەم بینەوە، ئەوە بو ماوەی بیست دەقیقە بۆردومان بۆ سەر گوندەکە بەردەوام بو ، ئێمەش ئەوجلانەی کەبۆ پاراستی چەکی کیمیاوی وەرمان گرتبون لە گەڵ ماسکی خۆپاراستن پۆشیمانن و چوینەوە ناو گوندو نەخۆشخانە چونکە ئێمەش بۆ خۆپاراستن لەناو گوند دەرچوبوین ، دیارە دوای تەواو بونی بۆردومانەکان ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەو خەڵکی سڤیل بەسەختی بریندارببوبون ، بەهاوکاری پێشمەرگەکانی بارەگاو ئەو بارەگایانەی لەوێ بون وە بەهاوکاری خەڵکی گوندی مەڵەکان ، بریندارەکانمان هێنانە نەخۆشخانەو بەپێی ئەو پێداویستی و ئیمکانیەتانەی لەبەر دەستمان بون چارەسەرمان بۆ بریندارەکان کردن ، لەکاتی چارەسەری بزیندارەکان ، ئافرەتێکی بەتەمەن لە گەڵ کوڕەکەی زۆر بەسەختی بریندار بوبون ، بەداخەوە ئافرەتەکە لەبەر دەستی من لەبەر سەختی برینداریەکەی گیانی سپارد وە کوڕەکەیشی دوای دووساڵ لە ئەنجامی کاریگەری برینەکەی ئەویش گیانی سپارد، درود بۆ گیانی پاکیان و سەرجەم شەهیدانی چەکی کیمیاوی دۆڵی بالیسان و مەڵەکان ، بەهیوای چاکبونەوەی سەرجەم بریندارانی چەکی کیمیاوی کە بەداخەوە تاکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەبریندارەکان بەئازاری کاریگەری برینەکانیان دەناڵێنن و بەرپرسانی حکومەت وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەداونەتەوەو ناوچەکەش بەدەست کەمی خزمەتگوزاری دەناڵێنن
.

# دەبێت ئەم پیاوە چ ئازارێکی چەشتبێت!



حەمەزیاد مەولود

ئێوارەی ڕۆژی 16.4.1987 گوندی شێخوەسان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا. لەناو بەرکەوتووانی ئەم چەکە ژەهراوییەدا، پیاوێکی بە تەمەن کە دواتر زانرا، ناوی مام ڕەسووڵی باوکی کاک فەقێ شێخوەسانییە، دیارە مام ڕەسوڵ بە مەبەستی بەدواداچوونی ماڵ و منداڵی کاک فەقێی کوڕی سواری کەرەکەی دەبێت بەمەبەستی بەرەو شەقڵاوە ڕێگەی گەلی بێشێخ دەگرێتەبەر و ئاودیوی دۆڵی بەرەکە دەبێت، تا دەگاتە دەم ڕووباری دامێن گوندی بەرەکە، لەوە دەچێت مام ڕەسوڵ هەرچۆنێک بێت تا ئەو شوێنە ڕێگا و ئاراستەی خۆی لێ دیار بووبێت، لەوێوە بەهۆی کاریگەری سەختی چەکی کیمیایی چاوەکانی لەدەستدەدات. ئیدی ئەو هەر بە سواری کەرەکەیەوە لەم ناوەدا دەخولێتەوە، بەبێ ئەوەی ڕێڕەو و ئاراستەی خۆی لێ دیار بووبێت. مام ڕەسوڵ لەبەر ئازاری چاوو سییەکانی و هەناسەتەنگی و برسێتی و تێنوویەتی چیتر نەیتوانیوە کەرەکەی بۆ ئەو شوێنە لێبخوڕێت کە ئەو مەبەستی بووە.

دڵنیا نیم ڕۆژی کیمیابارانەکەیە یان ڕۆژی دواترە ئەو گەیشتۆتە دامێن ڕووباری بەرەکە، لەوێ دووربەدووری شوانێک دەیبینێت، بەڵام لێی نزیک نابێتەوە وایزانیوە شێتێکە هاتۆتە ئەم ناوە، نەیزانیوە بەرکەوتەی چەکی کیمیاییە، بۆ بەیانی شوانەکە لەگەڵ مەڕ و بزنەکانی دەچێتەوە هەمان شوێن دەبینێت پیرەمێردێک لەدەم ڕووبار کەوتووە و گیانی لەدەستداوە، دواتر لەڕێی ئەم شوانە هەواڵی مەرگی شەهید مام ڕەسوڵ بڵاوبوویەوە، کە زانیمان من یەکسەر چوومە سەر گۆڕەکەی پێدەچوو تازە شاردبێتیانەوە، ئەم پیاوە دەبێت چ ئازارێکی چەشتبێت، تا ژان و هەناسەی ژەهراوی چارەنووسی هێنابێتە ڕێی هات و نەهات؟!

به دڵێکی تەنگ و بە نەفرەت لە بەعسی داگیرکەر، تاوێک بە خەمبارییەوە لەسەر گۆڕەکەی وەستام و خەیاڵ بردمی بۆ ناو کتێبەکە نازدارەکەی داغستانی من لە نووسینی ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ، بەردێکی بچووکم کردە قەڵەم و لەسەر کێلەکەم نووسی: "دوژمن قەڵای ئوخوڵگۆی کەس بە گرتووە و زیندوویی دەرباز نەبووە" خەیاڵی من لەوکاتەدا هەر هێندەی لەدەست هات ئەو بەراوردە لە نێوان قەڵای ئوخوڵگۆی داغستانی من لەگەڵ شێخ وەسانی کوردستانی من بکات، ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ لە زمانی شامیلەوە دەڵێت: چیایینە ئێمە دەبێت شەڕبکەین، هیچ وەختی گۆرانی گوتن و هەقایەت گێڕانەوەمان نییە، با دوژمن گۆرانیمان دەرهەق بڵێن، بە شمشێر فێری گۆرانییان دەکەین، فرمێسکتان بسڕنەوە، چەکتان بسوون ئوخوڵگۆمان لەدەست چوو، بەڵام داغستان ماوە منیش دەڵێم بەڵێ دەبێت شەڕبکەین تا داگیرکەر ماوە. ئەوکاتە شێخ وەسانمان لەدەست چوو، بەڵام کوردستان ماوە گیانت شادوئارام مام ڕەسوڵی پاک و بێگەرد. لەگەڵ خزم و ناسیاوان ژەهری بەعس گیانی پاکی لێسەندییەوە، ستەمێکی گەورەتان لێکرا، لەوەش گەورەتر گۆڕەکەت گۆڕی غەریبێکی تەنیایە و لـــــــــە گۆڕیشدا لە تەک هاوەڵ و خزم و ناسیاوان نیت.



# 4/16
# تاوانێک ناتوانین لە بیری بکەین



**نەجات شێخ وەسانی**

من دەمەوێت تیشک بخەمە سەر هەڵومەرجی ئەوسای کیمیاباران بەتایبەت سنوری دۆڵی بالیسان دوای داستانی ڕزگاری کەزیاتر لە(١٠٠) ڕەبایەو مەقەر سریەو فەوجیی حکومەتی عێراقی دەستی بەسەرداگیرا، ئەوکاتە ڕژێم زۆر شپرزە بووبوو، لەسنوری پارێزگای سلێمانی چونکە گورزێکی جەرگبڕی بەرکەوتوبوو، ڕژێم پێی وابوو هێرش بۆ دۆڵی بالیسان بکات دەتوانێت قەرەبووی ئەم شکستەی بکاتەوە، هەم بلاوش بەهێزی پێشمەرگە بکات...

ڕژێم هەواڵی هەبوو کەبڕێکی کەم پێشمەرگە لەدۆڵی بالیسان هەیە ئەوانیتر لەسەرکردایەتی بوون بەتایبەت جەنابی کاک کۆسرەت وەمەلبەندەکەی تەنیا هێزی پشتگیری لەسنورەکە مابوو بەتایبەت گوندی شێخ وەسانان زیاتر لە٦٠ کەس وە لەبالیسانیش بە دیاریکراوی نازانم چەند کەسی لێبوو وەکو هێزی پشتگیری، تەنیا لەشێخ وەسانان (مامۆستا واحید) سەرپەرشتی ئەم هێزەی دەکردوو ڕاستەو خۆلەلایەن مەلبەند هاوکاری چەک وتفاقی سەربازی دەکران،

لەهەر شوێنێک پێویستیان پێیان بوایە دەیانبردن بۆ ئەم شوێنە من پێم وایە ڕژێم لەڕێگەی سیخورەکانی دەیانزانی چ گوندێک هێزی لێیەو خەلکی لێیە بۆیەوەی نەتوانن بڕۆن بۆ جەبهە...

بۆیە بالیسان وشێخ وەسانی کیمیا باران کرد تەنیا لەشێخ وەسانان زیاتر لە٥٤ قومبەلەی کیمیایی لێدران بەتایبەت ئەم ڕێگایانەی کە هاتووچۆی زۆریان لەسەر بوو بۆئەوەی هیچ کەس نەتوانێت بۆزینەتیر ودۆلی ئالانە بڕۆن بەرگری بکەن تاوەکوو ڕژێم بەئاسانی بگاتە سنورەکەو هەم فشاری دەرونیش بۆ کورد وپێشمەرگە دروست بکات، چونکە ئەوسا یەکەمجار بوو چەکی کیمیایی بەکاربێت وخەلک لەم بڕوایەدا نەبوو،

ئەوەبوو لەگوندەکانی دەوروبەر هەندێک پێشمەرگەی کەمی لایەنەکانی لێبوو بەتایبەت حزبی شیوعی وناوچەی شەقلاوەی پارتی لەگوندی شێخ وەسانان بوو تۆزێک بەرگریکرا بەلام نەتوانرا بەربەرڕژێم بگیرێت وئەم پێشمەرگانەی کەمابوون لەگەل بریندارو کەرتی سجن بەرەو مەلەکان کەوتنە ڕێ خەلکی گوندەکانی دەوروبەری شێخ وەسان وبالیسان لەهاواریان هاتن بەرەو سەروچاوەو ڕانیە بردیان لەوێش بەرەو نەخۆشخانەیەک لە شاری هەولێر دواتر پیاوەکانیان لە ژنەکان جیاکردنەوە لەمعسکەر ڕەشکین زیندە بەچال کران وژن ومندالیشیان لەشارۆچکەی خەلیفان فرێدان،

بەلام خەلکی خەلیفان بەهانایانەوە هاتن وبردنیانەوە مالی خۆیان وخزمەتیانکردن ودواتر ڕەوانەی لای کەس وکاریان کرانەوە.

وە ئەوانەی لەسەرکردایەتی بوون ئەوانیش لەڕێگای (نەوشیروان مصطفی) زانیبویان کەبالیسان وشێخ وەسان کیمیاباران کراون شەهید محمد بیکەیسی کاک نادر مەلا صەفی دەنێرێت بۆسەروچاوە، حاجی عەولای بۆدەبەنە سنوری سەرکردایەتی ئەوجا دەزانن کارە ساتەکە چۆن بووە لەوێ کاک کۆسرەت ئەوانەی سنورەکە (محمد بیکەیسی ، هاوڕێ کاوە، کاک فەقێ ،شەهید مەولود ،کاک عمر، کاکۆتەها) وکۆمەلێک لەپێشمەرگەکانیتر کەناویانم لەبیر نیە لەئێستادا، دەگەڕێنەوە بۆ سنورەکە ئەم جارەیان لەسنوری سەروچاوە ڕژێم لەگەل جاشەکانی ئەوێ دوبارە بەپشتیوانی هیلیکۆپتەرو دەبابە هێرش دێنن بۆ دۆلی بالیسان لەوێ ئەم هێزە ماندووە دابەشدەکرێن و هاوڕێ کاوە لەلایەک، شەهید محمد بیکەیسی لەلایەکیتر لێیان دێنە دەست وڕاوی جەیش وجاشەکان دەنێن، ئەوە بوو هەرکەسە لەدوو

خێزان وکەس وکارەکانیان نارد کە ئەوان لەسەرکردایەتی گەڕاونەتەوە ئێوەش وەرنەوە گوندەکە ئاوەدان دەکەینەوە من بیرم دێت لەسەرداوای کاک فەقێ بە تراکتۆری حاجی رەحمانی مام سلێمانی لەگەل باپیری حاجی فەقێی ئەم بەڕێزانەمان بردنەوە بۆ شێخ وەسانان (اسماعیل حەمەد عباس، حاجی حەسەن علی، نەجیبەخان خێزانی کاک فەقێ شێخ وەسانی، خێزانی ئەحمەدی حاجی حسێن، خێزانی صالح مام ئەلیاس، خێزانی شەهید حاجی) زۆربەی ناوەکانیترم بەبیر نەماون،

کاتژمێر ١١ی شەو گەیشتینە ناوگوندی شێخ وەسانان،

لەم کاتەدا لەلای سنوری بێتواتەوە تۆپبارانێکی زۆر سەخت کراین وبوو بەشین وگریانی ژن ومنداڵ دۆخەکە زۆر خراپ بوو ئەوشەوە لە قوتابخانەی شێخ وەسان ماینەوە بۆبەیانی بەڕێکەوتین بۆ(بەردی بەررەشماڵ وکانی ڕیخێ)کەدەکەونە سەروی گوندی شێخ وەسانان ودامێنی شاخی شۆپە، لەوێ زۆربەیان ناونوسکران بۆ بەڕێکردنیان بۆ ولاتی ئێران، کاک عمر شێخ وەسانی وهەندێک لەبرا پێشمەرگاکان لەگەڵیان چوون بۆ ئێران،

دوبارە ژیان دەستی پێکردەوە ئێمەش دەچووین بۆناو گوند باڵندەو مریشک ومانگاو مەڕوبزن وزۆربەی هەرەزۆریان کوێر بووبوون ودەکەوتنە ناوبیران، لەناو خانوەکان گیریان خواردبوو، کە چاوت بەم دۆخە دەکەوت ئارامیت نەدەما زۆر دڵتەنگ بووین ئاژەڵ هەبوو ون بووبوو دوای دوومانگ لەشاخەکان دەمان هینایە




خوارەوەو دەمانبردەنە سەر ئاو زۆربەیان سەگە تۆڕیەکان دەیان خواردن، یان لەلایەن هەندێک کەسی نەفس نزمەوە دەدزران، من بەچاوی خۆم بینیم پیاوێک زیاتر لە ٣٠ مریشکی کوشتبوەوە لەناو گونیەیەکی نابوون، یان مالەکانیان پاتاڵ دەکردن ودەچوون لەچیاکان بارەگایان پێدادەنان،

ئەوەبوو کاک عمر لەئێران هاتەوە لەگەل کاک فەقێ لیستی بریندارو شەهیدانمان کرد دامانە دەست شەهید محمد بیکەیسی ئەویش دایەدەست کاک کۆسرەت وشەهید کوێستانی، دواتر ڕۆژانەو مانگانە دەیانوت فلان مردو فلانیش مرد وبەردەوام لیستی شەهیدان لەهەلکشاندابوو من بیرم دێت لەئێران لە ئۆردوگای(دێلزە) لەسالی ١٩٨٩ لەبن خێمەیەک عمری خارم لەگەل مام بایزو اسماعیل کیمیایی وبەندە لیستێکمان کردەوەو بۆسەرکردایەتیمان نارد جا لەم کاتەوە تاکو ئیستاش

بریندارەکانمان لەگەل هەلکشانی تەمەن دۆخی تەندروستیان بەردەوام خراپتر دەبێت وشەهید دەبن،

تاکوئێستا لەم ڕوداوەدا تەنیا لەگوندی شێخ وەسانان(٢٠٦) کەس شەهید بوون وزیاتر لە(٣٠٠)کەسیتر بریندار بوون،

بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان مینحەیەکی بۆ بریندارانی چەکی کیمیایی دابنیکردبوو بەلام دوای ماوەیەکی کەم مینحەکەی لێبڕین وئەم خزمەتەی بەبریندارانی چەکی کیمیایی ڕەوا نەبینی، لەکۆتایدا ڕوی دەمم دەکەمە حکومەتی هەرێم کە ئاوڕێکی جدی لەسنوری ناحیەیی بالیسان بداتەوە بەتاییەت پڕۆژەی ڕێگاوبانی سنورەکە تەواو بکات وچارەسەرێکی گونجاو بۆ دۆخی تەندروستی بریندارانی چەکی کیمیایی سنورەکە بدۆزێتەوە .

# مرۆڤ و کەرامەت



**عەلی مستەفا**
مامۆستای زانکۆ

**کەرامەت لەگەڵ فرچککردنی مرۆڤەوە ئاسۆی دەردەکەوێت و لەگەڵ ڕەسەنایەتی مرۆڤ گەورە دەبێت**

بوونی مرۆڤ لە کەوندا، بەیانی موژدەیەکی گەورەیە؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە، ختووکەی بار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەدات، بەڵێ بوونی مرۆڤ بەهایەکی گەورەیە، ئەندێشەی مرۆڤ بۆ زۆر ڕەهەندی فیکری و فەلسەفی و ئاینی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش دەڕوات، بۆ ئەوەی بۆ هەر لایەک ڕوون بێتەوە، کە بوونی مرۆڤ مژدەیە و گرنگی داوە بە زەوی، ئەمە ململانێیەکی لۆژیکی دروست دەکات، جەوهەری مرۆڤ دەخاتە تای تەرازووی میتۆد و تیۆرە جیاوازەکانی تێگەیشتنەوە، چونکە مرۆڤ بۆتە هۆی بەرپاکردنی ململانێ، ململانێ لەنێوان ژیان و مردن، خێر و شەڕ، زۆر جاری وا هەیە مرۆڤ قەپ دەگرێت لە خێر شەڕ بەرپا دەکات، بە پێچەوانەشەوە ئاراستەی شەڕی بەرپاکراو دەگۆڕێت بۆ خێر، کەواتە بەرەکان کە جیاوازن، جیاوازییەکان لە مرۆڤەکان نین، بەڵکو لە پێکهاتە سۆسیۆلۆگییە ناوەکییەکەی مرۆڤە، ئەمەش شتێکی سروشتی نییە، بەڵکو مندڵێکی بچکۆڵەیە و گەورە دەکرێت، ئارەزووکردن لە خێر و شەڕ، تیشکۆیەکی ڕۆحییە، پەیوەست نییە بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئینسانەوە، کەواتە ئارەزوو پرسێکی شێتانەیە بۆ گەیشتن بە چێژ.

لەکوێی ژیاندا مرۆڤ و کەرامەت بەیەک دەگەنەوە، لە کوێشدا دەکەوێتە ژێر پرسیار و نیگەرانییەوە؟ کەرامەت لەگەڵ فرچککردنی مرۆڤەوە ئاسۆی دەردەکەوێت و لەگەڵ ڕەسەنایەتی مرۆڤ گەورە دەبێت، بەمەش مرۆڤ و پێکهاتەی ڕەسەن پارێزگاری لە کەرامەت و ئەو مزگێنییە دەکەن کە خوا بەدی هێناوە.

کەرامەت دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسیەوە، ئەگەر پرسەکانی ژیان بە باری بەرژەوەندیخوازی و بەلادابردنی ئامانجە ڕاستەقینەکاندا بوون، لەم سۆنگەیەوە گروپ و دەستەی دەستخەڕۆ و بێ مۆڕاڵ دەگەنە سەر گیانی تاک و هەڵی دەخەڵەتینن، تا لەبەرانبەر چەند دەستکەوتێکی ماتریالی و بێ بنەما و کەم خایەن، کارێک بکەن کە دوورە لە هەموو بنەمایەکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی، یان لە خشتەبردنی کۆمەڵگەیە لەبەرانبەر هوتاف و پەیامی بێکردار، بەمەش ئامانجی بەرتەسکی خۆیان پێ دەگەیننە وێستگە، ئەمەش پرۆسەیەکی دەسیسەییە، چونکە دەیانەوێت کۆمەڵگە لە شکۆ و کەرامەت دابڕن و ستایش تەنها هەر بۆ خوانێک بێت، کە گروپێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی و فیکری بە دەورییەوەیە.

پرسیار ئەوەیە، بۆ ٤/١٦ یادی کیمیابارانی بالیسان و شێخوەسان، کە گوزارشتە لە هەموو دۆڵی خۆشناوەتی هیچ بەهایەکی ڕەوشتی و ئینسانی نییە، بۆ نەبۆتە هۆکاری سەروەری لە حکومەتی هەرێم و هیچ خزمەتێکی ئیکرامی و پێویست بۆ ژینگە و هاوڵاتی سنوورەکە ناکرێت و بارودۆخی خەڵک و دەڤەرەکە لەبەرچاو ناگیرێت، ئەمە پرۆسەیەکی دەسییسی و بی باکییە، لە گروپی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکە.

لەکوێی ئەم بارەدا کەرامەت گرنگە، ئەمە پرسی جەوهەری ئینسانییە بۆ مرۆڤ، مرۆڤ فێرنەبووە بکوژێت، بەڵام ناچارکراوە بکوژێت، کەواتە مرۆڤ لەبەرانبەر هەر بێ ڕێزییەک کە پێی دەکرێت دەتوانێت تۆڵە بکاتەوە، من لەگەڵ کوشتن نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەم کەسێک یان گروپێک، کە زیاتر لەجارێک هاوڵاتی بۆ مەرامی گروپ بەکار بێنێت و ڕاستگۆش نەبێت، پێویستە بڕیاری سزا و پشت تێکردنی لا بێت، هەر هیچ نەبێت، بەرانبەر هەست بە کەرامەت و هێزی گەل و هاوڵاتی بکات.

# تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی لای بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی



جێگر فەقێ شێخوەسانی

یەکێک لەبوارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بووەتە مایەی تێبینی زانایان و فەیلەسوفان، ئەویش شەڕ وکاولکاری شەڕانگێزایەتی مرۆڤە هەروەک دۆرکایم دەڵێ:شەڕ خولقێنەری مێژووە، یەکێ لەوکارەسات و کاولکاریانەی بەسەرکورد دا هاتوە ئەویش کیمیابارانکردنی گەلی کوردە لەلایەن رژێمی بەعسی پێشوو کە هەوڵی پاکتاوکردنی نەژادی گەلی کوردی دەدا، یەکێ لەوناوچانەی بەرچەکی کیمیاوی کەوت ناوچەی دۆڵی بالیسان بوو کەبووە هۆی شەهیدبوونی چەندان کەس و بریندار‌بوون و زامداربوونی چەندانی تر...

دەتوانین کاریگەرە دەرونیەکان بەدوو شێوە دابەش بکەین




شێوازی یەکەم : ڕاستەوخۆ دوای تاوانەکە دەردەکەوێ وەک کوشتار و بریندارو و کاولکاری

شێوازی دووەم : ئەمەیان درەنگ هەستی پێدەکرێ کەلایەنی دەرونیە، بۆیە توندوو تیژی تەنها بریندارکردنی جەستە و ئەشکەنجە نیە بەڵکو وێرانکردن و زامدارکردنی گەورە، پێکانی مرۆڤە لەناوەوە و ناخی مرۆڤدا ڕوودەدات، ناتوانین لەزەبرو و زەنگ بگەین ئەگەر ئەوکردەیە تەنها بۆ سەرجەستە کورت بکەینەوە، زەبر و زەنگ هەرتەنها جەستمان وێران ناکات، بەڵکو ڕۆحمان کون ڕێژ دەکات، ڕۆحمان دەکا بەبێژینگ, وە ئە لێکەوتە دەرونیانەی دروست دەبن بەچەندان شێواز دەردەکەون

بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم زەبری دەروونیە

زەبری دەرونی چیە: بریتیە لەکاردانەوەیەکی دەرونی بۆ ڕوداوێکی ناخۆش و کتوپڕ چاوەڕوان نەکراو، هەروەها حاڵەتێکی دەرونی ناخۆش و تەنگەژاوی لەدەرئەنجامی یادەوەریە نائاسایەکانی پەیوەندی دار بەڕوداوێک دروست دەبێت جا ئەوڕوداوانە کەسێک توندوو تیژی بەرامبەر بکرێت ،دیمەنێکی ترسناک ببینێ، لەدەستچونی کەسێکی خۆشەویست، ڕوداوی سروشتی، دابڕان و جیابوونەوە لەکەس و کار، یان هەر ڕوداوێکی شۆکهێنەر

_نیشانەو کاردانەوەکانی مرۆڤ بۆ زەبری دەرونی

1- کاردانەوە دەرونیەکان: هەڵچون و تورە بوون، بێهیوایی، غەمباری، خەمۆکی، ترس و دڵراوکێ ....

2- کاردانەوە ڕەفتاریەکان : دابەزینی ئاستی چالاکی، کەمبونەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، نەسرەوتی، تێکچونی خەو، کەمبونەوەی توانای سێکسی

3- کاردانەوە جەستەیەکان :شەکەتی و دابەزینی وزە، سڕبوون، سەرئێشە، پشت ئێشە، دڵ تێکهەڵهاتن،

تێکچونی خەو، لەرزین، زیادبونی لێدانی دڵ ،گێژبوون

4- کاردانەوە فکریەکان: لاوازی تەرکیز، زەحمەتی لەبریار دان، بینینی خەوی ناخۆش هاتنەوە بیری یادگاریە نەخۆشەکان

ئەمەش سەردەکێشێ بۆ درست بونی یەکێ لەنەخۆشیە دەرونیکان کەپێی دەڵێن تەنگەژەی پاش زەبری دەرونی {ptsd}

تەنگەژەی پاش زەبری دەرونی چیە:

بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لەحاڵەتەکانی دڵراوکێ و شڵەژانێکی دەرونی یان سۆزداری تەشەنە دەکات پاش توشبونی کەسێک بەڕوداوێکی زەبراوی توند کەکەسەکە هەست بەترسێکی زۆر دەکات ،

_کێ توشی تەنگەژەی پاش زەبری دەرونی دەبێت:

ئەوکەسانەی ڕوداوی زۆرناخۆشیان بەسەردێت، یان ڕوبەڕوو دەبنەوە یاخود دەبینن کە مەترسی مردنی تەواو یان هەڕەشەی مردن یان ڕوبەڕوی مەرگ بونەتەوە و کەسەکە هەست بەبوونی یارمەتی نەکات وە ئەو ڕوداوانەی خوارەوە

ئەشکەنجەدان، بریندار بوون، کوشتن، جەنگ، بەدیلگیران، هێرشی تیرۆرستی دەستدرێژی سێکسی، ڕاگواستنی زۆر، ڕفاندن، پەلاماردان،

-نیشانەکانی تەنگەژەی پاش زەبری دەرونی:

_دوبارەبوونەوەی وێنەی ڕوداوەکە

- گەڕانەوەی ڕوداوەکە بەشێوەی شاڵاو بۆسەر بیروخیاڵ کەدەبێتە هۆی گرژی و غەمباری ؟
- خەونی ناخۆش
- هەستکردن وەک ئەوەی جارێکی تر ڕوداوەکە دووبارە ببێتەوە

لەگەڵ چەندین نیشانەی تری دوبارەبونەوەی وێنەکە

_خۆبەدورگرتن یاخود خۆلادان

*- خۆلادان لەوهەست فکرانەی پەیوەندی دارن بەڕوداوە زەبراویەکە

*- هەوڵدان بەمەبەستی خۆلادان لەو چالاکی و شوێن و کەسانەی زەبرە دەرونیکەیان بیردێنێتەوە،

* لەبیرچونەوەی ڕوداوەکە

* هەستکرن بەنامۆیێ و دابران لەخەڵکی

_نیشانەکانی بەئاگایی

1- بێخەوی

2- هەڵچون بەئاسانی، توڕەبوون

3- ڕاچڵەکین

**توندوو تیژی تەنها برینداركردنی جەستە و ئەشكەنجە نیە بەڵكو وێرانكردن و زامداركردنی گەورە، پێكانی مرۆڤە لەناوەوە و ناخی مرۆڤدا**

من خۆم بەهۆی ئەوەی لەخانەوادەی بەرکەوتوانم بەچەکی کمیاوی و برایەکی سێ ساڵەم شەهید بووە لەگەڵ باپیرم خاڵم وە دایکم و خوشکم بەسەختی و قورسی زامداربوی چەکی کمیاوین، وەهەڵسوکەوت و ئاشنایەتیم هەبووە لەگەڵ زۆر لەبریندارانی چەکی کمیاوی گوندەکەم بەردەوام تێبینی و نیشانەکانی)زەبری پاش هێدمەی ptsd دەرونیم لێ دیون...

ئەوەی مایەی غەمباریمە پاش چەندان ساڵ لەو ڕوداوە جەرگ برە هەموو قوەتی ڕاگەیاندن و دام و دەزگای میری و هەتا ئێمەش بەشێوەی گشتی تەنیا چاومان لەسەر ئازارە جەستەیەکانی بریندارانی چەکی کمیاویی بووە، تائێستاشی لەگەڵ بێ کە وا خەریکە بریندارانی کمیاوی ئێمە ورده ورده وا کۆچی دوایی دەکەن و بەرەو کۆتایی دەچن، بەداخەوە ئەو ئازارە گەورانەمان نەبینی و هەوڵی کەم کردنەوەی ئەوئازانەمان نەدا،

# ڕەنج بەخەسار !



عزەدین زەکیزادە

** ئەوەی زەین و بیرەوەری من دەیخوێنێتەوە و دەیگێڕێتەوە لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێ دەکات، دوورترم وەبیر نییە و قسەی لەسەر ناکەم، خەمی ئەو ماوەیە هەندە دەبێت پێویست نەکات عەیامێکی دوورتر هەڵکۆڵم .

** لە ناوەڕاستی هەشتایەکان تا ئەنفال و کیمیاباران دەستی پێ کرد، خۆشناوەتی بە گشتی و دۆڵی بالیسان بە تایبەتی لەگەڵ باڵەکایەتی هاوکوفی یەکبوون لە خزمەتکردنی پێشمەرگە و دالدەدان و کۆمەککردنیان، هیچ ڕۆژێک نەبوو هیچ ماڵێکی هیچ گوندێکی خۆشناوەتی بە ڕووی خۆش و پێکەنینەوە دەرگا لە پێشمەرگەی ماندوو و شپرزە نەکاتەوە و نەیکاتە هاوخوان و هاونانی خۆی، هیچ ڕۆژێکیش لەبەرامبەر نانپێدان و جل بۆ شووشتن و .... هتد، چاویان لە سپاسێکیش نەبوو، چونکە پێمان وابوو ئەو بۆ نیشتمان تێدەکۆشێ و گیان فیدا دەکات، قەتیش بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەو پێشمەرگانەی هاتوون سەر بە کام حزبن، گرنگ .. پێشمەرگەنە و بۆ ئازادی دەستیان وە کێوان داوە، لەئاست ئەمەدا نان پێدانێک و ئەو وردە خزمەتانە ناخوێندرێنەوە و ئەرکی نیشتمانین .

** ئەو ڕۆژەی پێشمەرگە تینی بۆ هات و ڕژێمی بەعس خۆشناوەتی ئابلۆقەدا و پێشمەرگە بەحاڵ دەربازیان بوو، سەرباری کیمیاباران، گوندەکان خاپوورکران و خەڵکەکەی ئەنفال کرا، بەڵام نە ژنێکی جەرگ سووتاو و نە باوکێکی پشت شکاو و نە مێرخاسێکی ژن ڕفێندراو و نە و نە و نە ....، نە نارەزایەتییەکیان دەربڕی نە دڵگرانی، پێیان وابوو ئەوە چارەنووسی هەموو کوردە و دەبێ هاوبەش و هاودەردبین .

** خەڵکی خۆشناوەتی لە قۆناغی گلدانەوەیان لە ئۆردووگا زۆرەملێکان و ژیانی پڕ نەبوونی و چەرمەسەریش تا دەگاتە ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991، لەگەڵ هەموو نەبوونییەک و بێدەرامەتیی و دەست وە مەفتەن ڕانەگەیشتن و کۆربوونەوەی ڕەز و موڵکیشدا، هێشتان غەریبانە گوێچکەیان بە ڕادیۆیێکی بە تەشویشەوە دەنا و تەونی ئومێدیان لەداری شۆڕش ڕادەچاند و دیانویست هەواڵێکی دڵخۆشکەر لەبارەی شۆڕش و شۆڕشگێڕانەوە بزانن .

** لە کاتی شەڕەکان و بەرەنگاربوونەوەی سوپای پڕ تانک و تۆپی دوژمندا، خەڵکی دۆڵی خۆشناوەتی بەتەنێ بە بارووبووی ئازووقە و نان بۆ پێشمەرگە لەخۆیان ڕازی نەدەبوون، گەنجەکانیشیان دەبوونە خۆبەخش و شانبەشانی پێشمەرگە

> ئەدی ئێمەیش وەک خەڵکی هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان قوربانیمان نەدا و مەملەکەتمان وێران نەکرا؟

مەتەرێزیان لە دوژمن دەگرت .

** لە سەرەتای مانگی سێی ساڵی 1991دا کاتێک لە دەروازەی ڕەپەڕینەوە شۆڕش چەخماخەیدا و تەواوی کوردستان بە کەرکووکی بلێسەشەوە ئازاد کرا، خەڵکی خۆشناوەتی وەک تەواوی کوردەکانی دیکی کوردستان بە نان و بەرگ و چەکی خۆیان .. بێ سڵەمینەوە بەشداری ئازادکردنی کوردستانیان کرد و چاوڕێی هیچ پاداشتێکیش نەبوون، چونکە ئەوکات ئەرکەکە ڕزگارکردنی کورستان و نەتەوەی کوردستان بوو، نەک بەرژەوەندی و ماملەی خێر و زیان .

** دوای ڕاپەڕین .. دوای سەرهەڵدانی بەرژەوەندی و سەرمایەگوزاری، دوای دابەشکردنی غەنیمە و داهات، دوای ماڵ ماڵێن و پرۆژەی گیرفانسازی، دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی قوربانیدان و خوێنبەخشین، تێگەییشتین نیشتمان دوو نەخشەی هەیە، نەخشەیەک هی قوربانیدانە نەخشەیەکیش هی پاداشت و خزمەتکردن کە خۆشناوتی لە نەخشەی دووەمدا بزرە !

** لە ساڵەکانی سەرەتای دوای ڕاپەڕین، سوپاس و پێزانینێکی مەعنەوی لە بەرپرسانەوە مایەی دڵخۆشی و پێزانینی خەڵکی خۆشناوەتی بوو، ئەوکات دەمانگوت مادام قوربانیدانی ئێمەیان لەبیرە .. ئەوە ئەوپەڕی سەرووەرییە و ئەومان بەسسە، بەڵام دوای دەستپێکردنی قۆناغی سەرمایەگوزاری و بووژاندنەوەی گوندەکان و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ...هتد، کوا بەهای خەباتی خۆشناوەتی؟ ئەدی ئێمەیش وەک خەڵکی هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان قوربانیمان نەدا و مەملەکەتمان وێران نەکرا؟ ئەدی ئێمە دوا مەنزڵی پێشمەرگە و بارەگاکانیان نەبووین لەپێش ئەنفال؟ ئەدی خوێنی شەهیدانی ئێمەیش داری شۆڕشی ئاو نەدا؟ بۆ هەموو لا بەشی خۆیان ڕنییەوە و کەسێک سەبەتەیەکی بە لایەقی دەڤەرەکەی من نەزانی؟

** کوان ئەو بەرپرسە حکوومی و حزبییانەی کاسەی سەریان پڕە لە بیرەوەری خۆشناوەتی و سەردەمی شاخ، بۆ ڕۆژێک نمەکێک نانوێنن و بە واژووێک کە هیچ لە گیرفانی ئەوان کەم ناکات و لە خەزێنەی دەوڵەتەوە خەرج دەکرێت .. پرۆژەیەک پێشکەشی خۆشناوەتی ناکەن؟ جا بۆ گلەیی لەوان بکەم! ئەوە نییە هەر کوڕی ئەو خاک و ئاوەی خۆشناوەتی لە پێگە و پلەی باڵادان هەم لە حکوومەت هەم لە حزب، ڕۆژێک خۆیان لە گوورە نابەن، لەپێناو زێدی خۆیان هەڵوێستێک وەرناگرن؟

** من باسی هیچ شتێک ناکەم، تەنیا دەڵێم لە هەندێ دەڤەری دیکەی غەیری دۆڵی بالیسان هەندێ گوند هەن هەر گوندن و نەبوونەتە ناحیە بارتەقای قەزایێک خزمەتیان پێشکەش کراوە، با ڕێگای دۆڵی بالیسان تاکە نموونە بێت بڕۆن بەراوردی بکەن بە ڕێگای ناحیەکان نا بەڵکو بە ڕێگای هەر گوندێکی خۆتان پێتان خۆشە .

** ئەوەی داوای دەکەین شتێک نییە زیاتربێت لە مافی ڕەوای ناوچەکە، زیاتریشمان نەگەرەکە، تەنیا دەمانەوێت دوای کیمیاباران و ئەنفال و گیانبەخشین و خوێنبەخشین هەست بکەین هێشتان بەشێکین لەو نیشتمانە.

# لە یادی 37 ەمین ساڵیادی کیمیارانکردنی شێخ وەسان بالیساندا

## خوێندنەوەیەکی خێرا

**فەرهاد سکتانی**

ساڵی 1976سەرەتایی دەست چەکی پێکردن و دروستکردنی کیمیاوی بوو لە عێراقدا، چونکە لەم ساڵەدا حکومەت دەستیکرد بە بانگهێشت کردنی هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق، ئەوانەی پسپۆر بوون لە بواری کیمیاوی و میکرۆبیدا. . . ڕژێمی بەعس هانی ئەم مامۆستایانەیدا کە بە هەماهەنگی وەزارەتی بەرگری عێراق چەکی کیمیاوی دروست بکەن.

دواتر حکومەتی عێراق گرێبەستی لە گەڵ چەند کۆمپانیایەکی بواری کیمیایی و میکرۆبی ئەنجامدا. . وە ئەم کۆمپانیانە دەستیانکرد بە ڕەوانەکردنی ماددەی کیمیاوی و میکرۆبی بۆ عێراق. . .

کۆمپانیاکان سەر بەم وڵاتانە بوون(میسر، بەرازیل، چیین، ئەڵمانیا، فەرەنسا، هیندوستان، ئیتاڵیا، لۆکزامبۆرک، هۆڵەندە، نەمسا، سەنگاپور، ئسپانیا).

لە تشرینی دووەمی ساڵی 1980عێراق بۆ یەکەمجار چەکی کیمیاوی بەکارهێنا دژی سەربازانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرەکانی شەڕدا، کەئەو کاتە دوو مانگ بوو شەڕی ئێران و عێراق هەڵگیرسابوو. . . ئیدی لەم ساڵە بەدواوە تا کۆتایی شەڕەکە لە سوپای عێراق 8-8-1988 لەبەرەکانی شەڕدا چەکی کیمیاوی بە کاردەهێنا. . . لە لایەن خۆیەوە دەوڵەتی ئێران چەندین جار سکاڵای بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوەیەکگرتوەکان، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش هیچ بڕیارێکی دژی عێراق دەرنەکرد.

دوابەدوای ئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق کە زانی هێزە نێودەوڵەتیەکان لە سەروی هەموویانەوە ئەنجومەنی ئاسایش بێ دەنگن بەرانبەر سکاڵاکانی ئێران، ئیدی دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە چەکی کیمیاوی دژ بە گەلی کورد تاقیبکاتەوە. . .

بۆیەکەم جاریش لە دۆڵی بالیسان لە دەڤەری خۆشناوەتی ئەم چەکەیی بەکارهێنا. . بەبیانوی ئەوەی چەند پارتیکی سیاسی و چەکداری کوردی کە بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعسی عێراق بوون لەم دەڤەرەدا بارەگایان کردۆتەوە. . . ئیدی ئەوەبوو لە 16-4-1987سوپای عێراق بەچەندین فڕۆکەی جەنگی بۆردومانی ئاوایی بالیسان و گوندەکانی دەوروبەری بالیسانی کرد، کەبووە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە 250 هاوڵاتی و بریندار بوونی سێ بەرابەری شەهیدەکان. کەزۆربەی قوربانیەکان هاوڵاتیانی مەدەنی بوون لە ژن و منداڵ و پیاوی بەتەمەن. . .

دوای 37ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە چی بکرێت باشە؟

پاش تێپەڕبوونی 37ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە و ئەم هەموو قوربانیە تاوەکوو ئێستاش پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ستراتیجی و گرینگ بۆ ئەم دەڤەرە ئەنجام نەدراوە. . . بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق چەند پرۆژەیەکی ستراتیجی گرنگ بۆ ئەم دەڤەرە ئەنجام بدەن.. لێرەدا ئاماژە بۆ چەند ستراتیجی دەکەم:- پرۆژەیەکی

**-دروستکردنی ڕێگای ئوتوبان**

لەبەرئەوەی ئەم دەڤەرە کەوتۆتە نێوان دوو پارێزگەو دوو قەزا. . (قەزای حاجیاوا) سەر بە پارێزگەی سلێمانی و(قەزای خەلیفان) سەر بە پارێزگەی هەولێر، بۆیە پێویستە ڕێگایەکی ئوتوبان دروست بکرێت کە ئەم دوو پارێزگەیەو ئەم دوو قەزایە گرێ بدات..بۆئەوەی دەڤەرەکە ببوژێتەوە لەڕوی ئاوەدانی و بازرگانیەوە

**دروستـــــــــکردنی بەنداو:-**

ئەم دەڤەرە بەگشتی لە وەرزەکانی دابارین (پاییز، زستان، بەهار) بەفرو بارانێکی زۆری لێ دەبارێت و کەوتۆتە سنوری بارانی مسۆگەر کە ساڵانە ڕێژەکە بەگشتی لەسەرووی (500)ملم باران بۆ سەرەوەیە، بۆیە پێویستە چەند بەنداوێکی لێ دروستبکرێت. . . .

چونکە ئەم دەڤەرە لە وەرزی هاویندا کە وەرزی کشتوکاڵە زۆربەی کانیاوەکان و بیرو جۆگەکانی بەرەوە هیشک بوون دەچن. . . ئەمەش مەترسی بۆ سەر دانیشتوانەکەی دروستکردووە. . چارەسەری سەرەکی وبنەڕەتی ئەوەیە چەند بەنداوێکی لێ دروست بکرێت . . . کەئەم بەنداوانە سودی زۆریان دەبێت بۆ گلدانەوەی ئاوی باران . . . وە دەبێتە ژیانەوەی کانیاوەکان و ئاوی ژێر زەویش دەپارێزێت . . . وەهەروەها دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنیش دەداتە دەڤەرەکە و سودی گەشتیاریشی دەبێت.

**دروســـــــــتکردنی تونێل:-**

ئەم دەڤەرە لە ڕوی تۆبۆگرافیەوە ناوچەیەکی شاخاویە، هەمیشە ئاستەنگی ڕێگاوبانی هەیە. . بەدروستکردنی تونێل ئاستەنگەکان نامێنن و کەم دەبنەوە. .

# شانزەی چوار و یاپراخەکانی دایکم!



حەیدەر عەبدوڵڵا

بۆنی سێو بوو بە قوزەڵقورت و ژەهری مار، هەر یەک بە لایەکدا کەوت و کەس ئاگای لە حاڵی کەس نەما. دایك و باوك و خوشك و براكانم هەموویان کوێربوون

شانزەی چوار وەک ئەرشیفێکی خەمناک و سامناک هەمیشە لە خەیاڵمدا دەمێنێتەوە و بەردەوام لەنێو فەرهەنگی خەمدا، دەمخولێنێتەوە.

وەک برینێکی دەمکراوە، لەگەڵ بچووکترین ئازاردا دەکولێتەوە و دەبێتە هەوێنی مێژوویەکی رەشی رۆژانی مەینەتباری کورد.

هەموو شتێکی ئەو ئێوارەیە دەرژێنە نێو یادەوەرییەکانم، زیکری ئێوارانی باوکم، نزای پر سۆز و ناورانەوەی دایکم، گەمەی منداڵانی گەڕەک، هاواری دایکی شەهیدان...

ئێوارەی شانزەی چوار بۆ من تابلۆیەکی پر لە شۆک و تێکەڵوپێکەڵە. گەشگەش لەبیرمە ئەو ئێوارەیە دایکم یاپراخی لێ نابوو، دوو پێشمەرگەیشمان میوان بوون، باوکم لەگەڵ میوانەکاندا ویستیان دەست بۆ یاپراخی دایکم ببەن، لەهیکرا چەند زرمەیەکی گەورە هەموومانی تێکهەڵقژاند. چی بوو، چی روو دا؟ وەڵام نەبوو! دواتر بۆنی سێو بە هەموو لایەکدا پەخش بوو، کەس نەیدەزانی کیمیا چییە و چۆنە، بۆیە دەیانگوت رژێم هیچی پێ نەماوە وا بەرمیلی بەتاڵ دەخاتە خوارەوە !

ئەگەرچی من منداڵ بووم، بەڵام ئەم ئێوارەیە هەرگیز لە یاد ناسرێتەوە، بە ماوەیەکی زۆر کەم، بۆنی سێو بوو بە قوزەڵقورت و ژەهری مار، هەر یەک بە لایەکدا کەوت و کەس ئاگای لە حاڵی کەس نەما. دایک و باوک و خوشک و براکانم هەموویان کوێربوون، کەس کەسی نەدەبینی، تەنانەت یاپراخەکانی دایکیشم، کە پر بوون لە سوغانی بەتام، کەس دەستی بۆ نەبردن. بیرمە بەیانییەکەیش، یانی حەڤدەی چوار، کە تروسکاییەکی کەمم دەبینی، تەماشای یاپراخەکانم کرد، هەروەک خۆیان لەسەر سینییەک چاوەڕوانی ئێمەبوون..

.بەڵام ئێمەی چی و حاڵی چی، لەلێواری مەرگدا خەریکی ئاوزینگدان بووین.. وای چەندە تاڵ و ناخۆشە بیرەوەری ئەم ئێوارە سوورەیە... تەنیا ئەو کەسانەی ئەو دیمەنەیان بینیوە دەزانن چەند بە سوێو و ژانە.

ئەو وێنەی لە کاتی کیمیابارانەکەدا لە هۆشم ماوەتەوە بە نووسین و گێڕانەوە ناتوانم گوزارشی لێ بکەم. ئەوەی لێرە و لەوێ بە نووسین و گێرانەوە دەخرێتە روو، زۆر لەوە کەمترە مەینەتی ئەم رۆژە دەرببرن، ئەمە تەنێ بۆ یادهێنانەوەیەو بەس!

# مێژوو و کەلتوری خۆشناوەتی

ئەشکەوتەکان وەك سەنگەری بەرگری.........................................................ل82

هەڵتەکاندنی شوێنەوارەکان، شێواندنی...................................................................ل100

جارانی دۆڵی بالیسان و..........................................................................................ل101

هەورێ پرێس وەک یەکەمین دیجیتاڵ میدیا........................................................ل103.

# ئەشکەوتەکان وەك سەنگەری بەرگری.

## ( خۆشناوەتی بە نموونە )






کەریم عەبدوڵلا هەرتەلی

کورد لە ڕۆژی دروستبوونیەوە هەمیشە ڕوو بەڕووی کوشتن و لە ناچوون و کۆمەڵکوژی و ، برسیەتی و جینۆساید و ، ڕاگواستن و ، کاولکاری بووەتەوە بۆیە هەمیشە بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی خۆی بە دوای شوێنێکی قایم و ، هەستیار و گونجاودا گەڕاوە کە بتوانێت هەم سەنگەر لە دووژمن بگرێت ، وە هەمیش پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات بەرامبەر بەو ئاگرو ئاسنەی کە دوژمن بەرامبەری بەکاری دەهێنێت بۆ لەناو بردنی و ، سڕینەوەی یەکجاری .

کورد ئاماجی دوژمنانی بووە کە لەسەر خاکەکەی نەمێنێت ، کۆتای پێ بهێندرێت هەر لەو کاتەی کە کوردستان دروستبووەو ، کورد ناوچەکەی خۆی ناسیووە کە ئەم کرداش ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە کە هەمیشە کورد هەستی پێکردووەو چ لە سەردەمی فتوحاتەکان چ دوای فتوحاتی ئیسلامی و ، دواتر کە مێژوو ئاماژەی پێ دەکات ئەو کاتیش کورد هەمیشە وەك گەلێکی خۆڕاگر بەرگری لە مانەوەی خۆی کردۆتەوە .

دوای دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دوای ئیتیفاقی سایکس بیکۆ ئەو کاتە سڕینەوەی کورد جوانتر هەستی پێکراوە و ، کورد کەوتۆتە بەر هەڵمەتی سڕینەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ڕاگواستن و ، جینۆسایدکردن و ، لەناوبردنی بە کۆمەڵ و ، تاڵان کردنی سەروەت و سامان و سووتماککردنی خاکەکەی بۆیە هەمیشە گەلی کورد بۆ هێشتنەوەی ناسنامەو مانەوەی ، و بەرگریکردن لە خۆی پەنای بۆ زۆر ڕێگای هەمە جۆر بردووە تا هەم بە بەهێزی بمێنێتەوە هەمیش بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات یەکێك لە ڕێگاکان بەکار هێنانی (ئەشکەوتە ) ە .

کوردستان بە هۆی ، گەورەیی و فروانی رووبەری زەویەکەی ، هەبوونی دەیان شاخ لە لەسەر خاکەکەی لەناو ئەو شاخانانەش دەیان ئەشکەوتی بچووک و گەورەو هەمەجۆرو هەیە کە ئەمەش وایکردووە هەمیشە ئەو شاخ و ئەشکەوتانە ببێتە پەناگەیەک بۆ ئەوەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بۆ مانەوەی خۆی و خۆ پارێزی بەکاری بهێنێت و ، هەمیشەش هەروای کردووە کاتێک ترس لە سڕینەوەی مەترسی لەسەر دروست بووە ئەوا یەکمجار پەنای بۆ شاخ دواتریش پەنایی بۆ ئەشکەوتەکان بردووە ئەمەش هاندەرو ڕێگا پیشاندەر بووە بۆ سەلامەتی خۆیان و ، خۆ پارێزیان .

هەربۆیەش ئەشکەوتەکان و ، شاخەکانماڵێکی ئاوەدان و قایم و ، خۆشەویست و سەنگەری بە هێزی مانەوەی گەلی کورد بوون ، بە ئێستاشەوەو هەر بۆیەش هەمیشە وتراوە شاخەکان دۆستی یەکەمی کوردن و ، لە شاخەکانیش ئەشەکەوتەکان هەم ماڵی کورد و هەموو سەنگەری مانەوەی کوردن و ، شوێنی بەرگری سەرسەختی کردن و بە گژا چوونەوەی دوژمنەکانی بوون .

ئەگەر لێوورد بوونەیەکی ووردیش بکەین کورد کاتێک نەهامەتی سڕینەوەی دەگاتە لووتکە دواجار لە ڕێگای شاخ و ، ئەشکەوتەکانەوە خۆی دەگرێتەوە ، لە هەمان کاتا خۆی ڕێک دەخاتەوە لە هەمان کاتیشا بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ دەبێت و ، جارێکی تر ، خۆی دەپارێزێتەوەو سەنگەری بەرگری لە دوژمن دەگرێتەوە لە زەقترین وێنەدا کاتێک (شێخ مەحمودی حەفید) لە سلێمانی دەچێتە دەر کاتێک مەترسی ئینگلیزی لەسەر پەیدا دەبێت لە ئەشکەوتی جاسەنە بارەگاو چاپخانە دادەنێتەوە و لە پەنا بەردە قارەمان بریندار دەبێت ئەوەش نیشانەی ئەوەیە سەرکردەو پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان و، گەلی کورد لە هەر کاتێك دەگاتە مەترسی لە ناوچوون دواجار پەنا بۆ ئەشکەوت دەبات و ، مەترسی لەسەر خۆی لادەبات .

بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین تیشێك بخەینە سەر گرنگی ئەشکەوت و شاخ بە تایبەتی (ئەشکەوت) لە بە کار هێنانیدا بۆ بەرگری کردن و ، مانەوەی خۆی لە کاتی مەترسی لە ناوچوون هەر بۆیەش وەك تاکە هۆکار هەمیشە پشتی پێ بەستووە ە ، زۆرینەی جارانیش سەر کەوتووە بووە

ناوچەی خۆشناوەتی وەك ناوچەیەکی گرنگی ململانەیی شەڕو ئاشووب وەك بەرگریەك لە گەلی کورد و مانەوەی بە بەهێزی وەك هەر ناوچەیەکی کوردستان شاخ و ئەشکەوتی بەکار هێناوە لە پرسی خۆپارێزیدا کە بەسەخترین ناوچەکەو گەرمترین شوێنی کوردستان دادەنرێت لە ڕووداوە گەرمەکاندا ، بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی و ، فراوانی ناوچەکەی و ، سەختی شوێنەکەی و ، دەوڵەمەندی خاکەکەی لە بواری سەرچاوەکانی ژیاندا ئەمەش وایکردووە هەمیشە دوژمنەکانی چاوی تەماعیان تێ ببڕن هەر ئەوەش وایکردووە هەر شۆڕشێك هەر سەر هەڵدانێك کە دروست دەبێت بە بێ ناوچەی خۆشناوەتی کە پاڵپشتی نەکات سەر کەوتوو نابێت .

لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا کۆمەڵێك شوێن هەیە کە لە ناوچەی خۆشناوەتیدا جێگای ئاماژەن کە شوێنی ڕووبەڕوو بوونەی جەنگاوەرانی خۆشناوەتی بووە لەبەرامبەر لەشکری ئیسلام و بۆ خۆ پارێزی کە ئەو کات چەندین ئەشکەوت و شوێن هەیە کە بەکار هاتووە لە خۆ پارێزیدا و بوونی چەندین گۆڕستانی کۆن و گۆڕی کۆن ئاماژەی ئەوەن سەردەمی هاتنی ئیسلام ئەو شوێنە شوێنی گەرمی تێك هەڵچوون بووە .

لەم بارەیەوە ( مامۆستا مەلا سەلام حەیدەری بێتواتی ) دەڵێ :

( دۆڵی ئەسحابان لەناوچەی خۆشناوەتی و ، لە دۆڵی سماقوڵی و ، بوونی دەیان گۆڕی کۆن لەو ناوچەیە و ، گۆڕی (مەهتاب خان) لە ناوچەی (بێتواتە) و ، چەندین گۆڕی کۆن لە بناری شاخەکانی گوندی ( بێتواتەو هەرتەل ) گوندەکانی تر بەڵگەی ئەوەیە کورد هەمیشە پەنای بردووە بۆ شاخ و ئەشکەوت لە ناوچەکانی تا بەرگری لە خۆ بکات ، هەروەها بۆنی




دەیان پاشماوەی (کەلەسەر) لە چەند ئەشکەوتەکانی گوندی (هەرتەل و بێتواتە) نیشانەی ئەوەیە کە جەنگاوەری خۆشناوەتی لە شەڕی سەختدا بوون بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن و ، پارێزگاری کردن لە ناسنامەی خۆیان و ، وە ئەشکەوتیان وەك سەنگەرێکی بە هێز بەرامبەری دوژمن بە کار هێناوەو دواجار گەرچی زۆر جاریش شکاون بەڵام هەمیشە خۆڕاگریان پێشانی نەیارەکان داوەو ، دواجار چۆکیان بە دوژمن داداوە و ، ناسنامەی خۆیان پاراستووە ) .

هەروەها ( مامۆستا مەلا سەلام حەیدەری بێتواتی ) جارێکی تر دەڵێ : ( کەڵەکی کچە کافر ) کە شوێنێکە لە نێوان گوندی ( (بێتواتە و بێکێل) کە لە زەمەنی ڕابردوودا خەڵك بە ( کچە کافر) ناوەزەدیان دەکرد و هەرکەسێك بە تەنیشت ئەو گۆڕەدا ڕۆیشتبایە دەبوایە حەوت بەردی بخاتە سەر بە بیانووی ئەوە ئەوە گۆڕی ( کچە کافرە ) وەك کارێکی ئاینی ئەوەی ئەنجامداوە ، ئەو بێئاگایە ئەوە گۆڕی کچە شۆخ و شەنگێکی کوردی ڕەسەنە بە ناو ( مەهتاب خان ) کە دەیان سوارو پاسەوان و شەڕ کەری هەبووە و شەڕی مان و نەمانی ناسنامەی خۆی کردووەو ئەشکەوتەکانی چیایی ( شنەو سیاوان و ماکۆك و نۆزانی ) لە ناوچە بەکار هێناوە بۆ شەڕکردن لە سەردەمی فتووحات و ، خۆی سەرپەرشتی ئەو جەنگانەی کردووە مەیلی شاخی بەر نەداوەو ئەشکەتی وەك سەرنگەری مانەوەو شاخی وەك سەنگەری بەرزی هەمیشەیی بە کار هێناوە تا دواجا دەکوژرێت و گۆڕەکەی دەبێتە ( کەڵەکی کچە کافر ) و ، دواجار خەڵك بە مردوویی بەرد بارانی دەکەن لە کاتێکا ئەو شەڕی مانەوەی کوردی کردووە بۆ ئەوەی ناسنامەی وون نەبێت و ، سەنگەرەکانی خۆی پاراستووە و چۆکی دانەداوە بەرامبەر بە دوژمنەکانی کە ئەمە مێژووە پێمان دەڵێ دوور لە مەسائیلی ئاینی کە حەقیقەتێکە دەبێت بخرێتە ڕوو وەك مێژوویەکی تاڵی گەلەکەمان ) .

هەروەها ( مامۆستا مەلا سەلام حەیدەری بێتواتی ) جارێکی تر دەڵێ : ( ئەگەر گوزەر بکەی بە ئەشکەوتەکانی (شێخاڵ) لە گوندی (ئاندێك و ئانگۆز) بناری شاخی ماکۆك کە درێژ دەبێتەوە بەرەو گوندی (هەرتەل و زێوە ) بۆت دەر دەکەوێت لە ناو هەر ئەشکەوتێك پاشماوەیەکی مێژووی دێرین بەرچاو دەکەوێت لە کەلە سەری مرۆڤ و ، قولە و قەلعەو میل و گۆڕی گەورە گەورەو سەدان پاشماوەی مێژووی بەرگری و خۆڕاگری جەنگاوەرە کوردەکان کە بۆ مانەوەی ناسنامەو بەرگریکردن لە خۆیان بووە کە هەر هەمووی بە هۆی شاخ و ئەشکەوتی قایم بووەو ماوەتەوە ) .

هەروەها ( مامۆستا مەلا سەلام حەیدەری بێتواتی ) جارێکی تر دەڵێ : (ناوچەی شیوە شۆر ) لە باکوری ڕۆژ ئاوای گوندی (هەرتەل ) گۆڕستانێکی فراوانی گەورەی کۆنی لێ یە کە نزیك لە چەند ئەشکەوتێکی گەورەی ناوچەکە وەك ئەشکەوتی ( کونە پڵێنگ و ئەشکەوتی شیوەشۆر و ئەشکەوتی عالیە کۆرو ئەشکەوتی کۆلکی پیرایزو ئەشکەوتی کونە بن عارد و ئەشکەوتی بن بازی خلان ) بوونی هەیە ، ئەو گۆڕستانە بەڵگەی ئەوەیە کە جەنگاوەری کورد لە

سەردەمی فتوحاتی ئیسلام و دوای فتوحاتی ئیسلام لەو شەڕانەی تووشی بووە هەمیشە لە خۆپارێزی بەردەوام دابووە پشتی بە ئەشکەوت و شاخ بەستووە ئەگینا ئەو گۆڕستانە لەو ناوچەیە کە ناوچەیەکی چۆڵەوار بووە هەروەها ناوچەیەکی سەخت و حاسێ بووە بۆ لەو ناوچەیە دەر دەکەوێت بەڵام دەرکەتنی ئەو گۆڕستانە ئەوەمان پێ دەڵێ ئەو شەڕە قورسانەی بەرۆکی گەلی کورد و ناوچەکەی گرتۆتەوە دواجار ئەوانە هەر هەموویان شەڕی مان و نەمان و بەرگری کردن لە ناسنامەو قەومیەتی خۆیان کردووە ئیتر لەوێ زۆرینەیان قەتڵ و عام کراون ، شەوانەش لە لایەن ئەو خەڵکانەی لە ئەشکەوتەکانی ناومان هێنان ، کە ماوون دابەزیوون و تەرمی ئەو کەسانەیان لەو گۆڕستانە بە خاک سپاردووە ، هەر ئەمەش وایکردووە بە هەموو ئەو زەبرو زەنگەو ئەو شەڕانەی بەرامبەر بە ئەوان کراوە لەناو نەچن و بە زیندووی مانەتەوە چونکە هەمیشە پشتیان بە ئەشکەوتی قایم و ، شاخی سەخت بەستووە ) .

هەروەها ( مامۆستا مەلا سەلام حەیدەری بێتواتی ) جارێکی تر دەڵێ : (تەرمی کچە پاشایەک لە ئە شکەتی شێخاڵ لە بناری ماکۆک و مۆمیا کردنی لە ناو ئەشکەوتێك لە لە پاڵ ، چیایەکی سەختا ئەومان پێ دەڵێ ، ئەشکەوت و بەکار هێنانی لە لایەن جەنگاوەری کورد و خەڵکەکەی لە ڕابردوویەکی دووردا ئەوە دەخاتە ڕوو ئەشکەت هەر بۆ جەنگاوەرو شەڕ کردن و مانەوە ناسنامە بەکار نەهاتووە بەڵکو بۆ هەڵگرتنی تەرمی گران بەهایی وەك ئەو کچە پاشایەو ، ئەو کانزا گران بەهایانە بەکار هاتووە تاکو هەمیشە پارێزراو بن لە دەستی دوژمن و زیان گەیاندن پێیان ، هەروەها بوونی مەرقەدی (شێخ پیریس) لە گوندی (ئانگۆز) بەڵگەیەکی تری ئەو ڕاستیەیە کە شاخ و ئەشکەوت هۆکاری خۆپارێزی و ، مانەوەی خەڵکەکەی بووە چونکە (ئەو مەرقەدە ) کە بوونی هەبووە لەو شوێنە سەختە کەسێکی بەنی ئیسرائیلیەکان بووە بە بەلاش نەهاتووە بۆ ئەو ناوچەیە ئەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەو ناوچەیە هێندە کۆنە پێش ئیسلامیش شەڕو شۆڕی سەختی تێدا ڕوودواوەو جەنگاوەری کوردیش لەو بنارانەی ئەو شاخەو ، ئەو ئەشکەوتانە شەڕی ئەوانەیان کردووە کە بە هەر بیانوویەك یان بە هەر مەبەستێك هاتوونەتە ناوچەکەو ، دواتر لە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە پیرۆزیان پێدراوەو کە لە بنچینەدا ئەو شەڕانە شەڕی نێوان گەلی کوردو دوژمنەکانیان بووە جا ئەو کات کورد بە هەر ناوێك شەڕی مانەوەی خۆی کردووە ئەوە شەڕی ناسنامە بووە ئەوانیش بە هەر ناوێك شەڕی کوردیان کردبێت ئەوانە هاتوونەتە سەر خەڵکەکەو ، خەڵکەکەش لە تاکتیك و لە خۆ پارێزیدا ئەشکەوت و ، شاخی بەکار هێناوە ) .

هەروەها لە مەجلیسێکی ساڵانی (1974) هاوڵاتی (حاجی موحەممەدی سلێمانی هەرتەلی) دەگێڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك خەڵك کە یەکێك لەو کەسانەی لەو مەجلیسەدا ئامادە بووە بەناوی (حاجی ئەحمەدە کاکەسێن) دەڵێ : (حاجی موحەممەد سلێمان هەرتەلی ) ووتی ( کاتێك ئینگلیز هەوڵی دا شەڕێك لەناوچەکەدا بەر پا بکات دژی خەڵکی گوندی (هەرتەل ) بەتایبەتی کە هەندێ شەهیدی دەستی ئینگلیزیان هێنایەوە بۆ گوندی (هەرتەل ) ئیتر خەبەر هات کە گوایە حکومەتی ئینگلیز هێرش دەکاتە سەر ناوچەکە ئەو دەڵێ پیاو و ، گەنجی گوند هەموویان لە گوند چوونە دەرەوەو شەو لە ئەشکەوتی شاخەکاندا مانەوەو گوند چۆڵ هۆڵ بوو ، دواتر ئینگلیز بە تەیارە گوندی تۆپ باران کرد ئەگەر ئەو کاتە گەر ئەشەکەوتەکان نەبوایە خەڵك زۆری لە لەسەرمان دەفەوتا بەڵام هەموو خەڵك وولاخی هەبوو ، هەر کەسەو بە وولاخی خۆی هەندێ بەڕو لێف و فەرشی لە وولاخ بار کرد بوو ، لە ناو ئەشکەوتەکانی دەورو بەری گوندی (هەرتەل) خۆیان گرتەوەو لە ئەشکەوتەکان ژیانی ماڵ منداڵیان تەئمین کردبوو ، پیاو ە گەنجەکانیش لە لەشاخەکانی دەورو بەری گوندی ( هەرتەل) سەنگەریان لێدابوو بۆ چاودێری کردنی دوژمن کە ئەو کاتە دوژمن نەیدەتوانی بە هێزی چەکداری سەربازەکانی زەفەر بە خەڵك ببات تا بیانگرێت یان بیان کوژێت بۆیە ئەو کاتە ئەشکەوتەکان و شاخەکانی دەورو

بەری گوندی ( هەرتەل) سەنگەری قایمی خەڵکەکە بوون و ، دواجار ئینگلیز کە بە هێزی سەربازی پیادە هیچی پێ نەکرا ، بۆیە بە فرۆکە هێرشی کردە سەر گوندەکەو ، کاتێك دووژمن ئومێدی نامێنێت ، ئەو بۆمبا بارانەی دەست پێکرد کە دواجار نەیتوانی نەگەنجێك نە پیاوێك دەست گیر بکات یان بکوژێ ، ئەشکەوتەکان قایم بوون هەموو خەڵك ماڵی تەواوی تێدا دانابوو شاخەکانیش بڵندو حاسێ بوون نەیانتوانی مەرامی خۆیان بپێکن بۆیە ئەشکەوت لە لای خەڵکی گوند و ناوچەی خۆشناوەتی نیشانەی خۆڕاگری و ، خۆپاراستن و مانەوەی هەمیشەیی خەڵکەکەی بووە ، ئەو بەردەوام بوو ووتی : ئەشکەوت هەبوو چوار ماڵی تێدا بووە وەك ئەشکەوتی ( کونە بن عارد و ئەشکەوتی کۆنێ ماماتان و ئەشکەوتی نۆزان و ، ئەشکەوتی کونە پێلێنگ و ئەشکەوتە شن و ، ئەشکەوتی بن ئەسکوردێ ) ، هەر بەو شەوەش کاتێك دوژمن غافڵ بووە شەهیدان لە گۆڕستانی سەر شەهیدان بە خاك سپێردراون لە لەلایەن خەڵکەکەیەوە ) .

هەروەها (حاجی قادربەگ هەرتەلی ) پیاوێکی بەتەمەن و دنیا دیتیەو بەشدار بووە ، لە شەڕی دژی توورك لە ناوچەکە گێڕایەتیەوە بۆ کۆمەڵێك کەس یەکێك لەو کەسانەی لەو مەجلیسە ئامادە بووە (حاجی حەمەد مام مەحمودی هەرتەلی بووە کە ئەوبیش بۆمنی گێڕایەوە ووتی حاجی قادر بەگ ووتی ) کاتێك تورکە




عوسمانیەکان هێرشیان کردە سەر گوندی (هەرتەل) و گەنج و پیریان لە ناو مزگەوت کۆکردەوەو ویستیان خەڵك بخەن ژێر سوغرەو تەعدا کردنەوە ، لە لایەن چەند ژنێك لە دەرەوە دەرگای مزگەوت کرایەوە چونکە دەرگا لەسەر خەڵکەکە قەپات کرابوو ئەو کات گەنج و پیری گوندی ( هەرتەل) ڕاپەڕین لە عوسمانیەکان و ، تەقە دەستی پێکردو شەڕ دامەزرا ئەفسەری توورکەکان ( عیلمی بەگ ) کوژرا ، گەنج و پیاوی گوندی ( هەرتەل ) یەکەمجا لەسەر خانووی بەرزی گوندەکان دابەش بوون و ، دامەزران و زۆرینە سەربازە

توورکەکانیان چەك کردو ئەفسەرەکەشیان کوژرا ، ئەو کاتە بیر لەوە کرایەوە ئەو گەنجانە بۆ خۆپارێزی پاراستنی گوند ڕوو بکەنە شاخەکان و ئەشکەوتەکانی دەورو بەری گوندی ( هەرتەل) چونکە دەیانزانی تورك کاردانەوەی دەبێت ، بۆیە هەموو گەنج پیاوەکان لە شاخەکانی دەورو بەری گوندو ، ئەشکەوتەکان خۆیان قایم کرد ئەو کاتە دوژمنی هیچی پێ لەگەڵ ئەو خەڵکانە نەکراو ، ئەوان بە چەك کراوی و بە ماشۆڕی و ، بە بریندار بە کوژراوی ئەفسەرەکەیان بەرەو (بێتواتە) هەڵاتن و پیاوە

شەڕەکەرەکانیش لە ئەشکەوتو شاخی دەرو بەری گوند خۆیان قایم کردو ماڵی سەفەریان دانا و ، ئەو کات تورکە عوسمانیەکان هیچیان پێنەکرا دواتر بە گفتۆ گۆو دانووساندن چەکەکانیان بۆ گەڕایەوەو دوای نزیکەی هەفتەیەك بە دانووساندن ئینجا توانیان تەرمی ئەفسەرە گوژراوەکەی خۆیان ( عیلمی بەگ ) ببنەوەو گوندی (بێتواتە) و دواتر بیگێرنەوە ناوچەی خۆیان ) .

ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێ : ( تورکە عوسمانیەکان زۆر ترسنۆك بوون بە هیچ شێوەیەك تخوونی شاخ و ئەشکەوتەکان نەدەکەوتن و هەموو لووتکە شاخێکیان لێ دەبووە جەنگاورێکی کورد وە ، سڵیان لە ئەشکەوت و بەردی گەورەو لووتکە شاخ دەکردووە ئەوان لە ئاستی ئەو شوێنانە بێ وورە بوون ) .

لە شۆڕشی ئەیلوول کاتێك شەڕ هەڵگیراسەوە لە نێوان حکومەتی عێراق و پێشمەرگە جارێکی تر ئەشکەوتەکان بوونەوە پەناو پێگەی هێزی پێشمەرگە چ وەك سەنگەرو خۆ قایمکردن ، چ وەك کردنیان بە بارەگاو شوێنی ئیدارەدانی شەڕو ، چ وەك کۆگاو مەشجەب و ، شوێنی پشووداان لەم بارەیەوە کاتێك هێزی ( بێتواتە) ی ئەو کاتە بارەگای سەرەکی خۆی دامەزراند یەکەم شوێن کە بیری لێکردووە وەك سەنگەرێکی بە هێزی بەکار بهێنێت ئەشکەوتەکانی ناوچەکە بوو ، چونکە وەك ئاشکرایە ناوچەکەش بە ناو بانگە بە ئەشکەوتی گەورە و بە هێزو فراوانی مەحکەم کە تا دوا ساتەکانی نسکۆی شۆڕش ئەو ئەشکەوتانە هەم بارەگایەکی بە هێزی پێشمەرگە بوون ، وە هەم شوێنێکی پارێزەری قایمی پێشمەرگە بوون لە بۆردوومانی فڕۆکە تۆپباران لە ناویاندا ئەشکەتی ( خەمسون و ، ئەشکەوتی گەورەی بێتواتەو ئەشکەوتی بیرێ و

ئەشکەوتی سەرکانی و ، ئەشکەوتی ڕەشکەو ئەشکەوتی سەرکان و ، ئەشکەوتی بێتڕمەو ئەشکەوتی شیوەتاوکان و ، ئەشکەوتی خمران ) و، چەندان ئەشکەوتی تر لە دەورو بەری گوندی (بێتواتە) کە هەر هەموویان لە بارەگای هێزی بێتواتەوە زۆر نزیك بوون هەر یەکەیان بە مەبەستێك بەکار دەهاتن و هەر یەکەیان ئیشی خۆی هەبوو .

وا لە خوارەوە ئاماژە بە چەند ئەشکەوتێك دەکەین لە سنووری ئەو کاتی دەورو بەری هێزی بێتواتە لە دەورو بەری گوندەکەو تەواوی ئەو چیایەیی بەسەر گوندەکەدا دەنواڕێت .

★ یەکەم ئەشکەوتی (خەمسوون) .

★ ئەشکەوتی خەمسون : ئەشکەوتێکی گەورەی فراوانی بە هێزە لە باکوری گوندی (بێتواتە) ئەو ئەشکەوتە هەر لە کۆنەوە بەکار هاتووە لە لایەن خەڵکی ناوچەکە ، وە ك شوێنێکی ئامین و ، شوێنێکی خۆ پارێزی بووە لە بۆردوومانی فڕۆکەو تۆپ و ، ئەو شەڕو شۆڕەی لە ناوچەکە ڕوویداوە .

هەروەها ( مامۆستا مەلا سەلام حەیدەری بێتواتی ) لە بارەی ئەو ئەشکەوتەوە دەڵێ : ( ئەو ئەشکەوتە مێژوویەکی کۆنی زۆری هەیە ، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش ئیسلام و خەڵکی ناوچەکە هەر لە کۆنەوە بەمەبەستی جۆراو جۆر بەکاری هێناوە بەتایبەتی وەك سەنگەرێکی بەرگری و ، خۆپاراستن و ، شوێنی حەوانەوە لەکاتی شەڕی بەرگریکاریدا ئەو ووتی : لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول کاتێك بارەگای هێزی بێتواتە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتە ناوچەکە ئەو کات کاربەدەستانی ناوچەکە بە گرنگیەوە تەماشایی ئەو ئەشکەوتەیان دەکردوو ، چەندین جار لەسەر ئاستی باڵای بەر پرسانی شۆڕشی ئەو کات سەردانی ئەو ئەشکەوتەیان کرد وەك ( عەلی شەعبان و ، مەلاماتۆڕو ، عومەر دەبابەو ، مستەفا خۆشناو و ، مەحمود کاوانی ) ، مەبەست لە سەردانیکرنی ئەو ئەشکەوتە هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە بووە لەسەر گرنگی ئەو ئەشکەوتە و ئامادەکردنی بۆ کاتی پێویست و ئەو کاتەی شەڕ هەڵدەگیرسێ .

بەڵێ کاتێك نێوانی شۆڕش و حکومەتی عێراق تێك چوو پاش ئەوەی حکومەتی ئەو کاتی عێراق داواکاری

مەرجەکانی شۆڕشی جێ بە جێ نەکرد کە لە بەیانامەی یانزەی ئازاردا خرابووە ڕوو ، شەڕ هەڵگیراسەوە و جارێکی تر ، حکومەتی

عێراق بە ئاگرو ئاسن بەربووە گیانی خەڵکی کوردستان هەر زوو هێزی بێتواتە ئەشکەوتی (خەمسوونی ) کردە شوێنێی ستراتیجی گرنگ بۆ ئەوەی لەوێوە پاڵشتی لۆجیستی و خواردن و سەربازی پێشکەش بە شۆرش بکات لە بەرکانی شەڕی پێشەوە .

لەیەکەم جاردا بارەگایەکی بەتالیۆنی هێزێکی لێجێگیر کرا ، دواتر فڕنیخانەی شۆڕش لەناو ئەشکەوتەکە دامەزرا ، چەند خانوویەکیش لە ناو ئەشکەوتەکەو دەورو بەری درستکران بە هۆی ئەوەی ئەشکەوتەکە ئاویشی هەیە کارەکان زۆر باش دەرۆیشتن و کارەکانی گونجاو بوون ئەمە جگە لەوەی رێگای وڵاخ و سەڵتە زەلامیشی بۆ دەچێت بۆیە کاتێك شەرو بەرەی شەڕ لە هاوینی ساڵی (1974) نزیك بووەوە لە بارەگای ( هێزی بێتواتە) ئەو کاتە هێزی بێتواتە لە شەرەکانی چیایی (ماکۆك ) و (دەشتی بیتوێن ) بەرەی شەرِی چیایی (شیشار) بۆ چرکەیەکیش روبەرووی کەمی نان و خواردن نەبووەوە بە هۆی ئەو نانەواخانەی کە نانی بۆ سەرجەم شەرگەکان ئامادە دەکردو بە شێوەیەکی رێکخراویش دەگوازرایەوە بەرەکانی شەڕ ئەوە جگە لەوەی بەشێکی بچووکی بنکەیەکی تەندروستی و شوێنی پشوودانی ئەو پێشمەرگانەش بوو ، کە بەرەی شەڕ دەگەڕانەوە بۆ پشوودان و ، شوێنی پلاندانان و سەرپەرشتی شەرگەکانیش بوو ، وە بەشێکی بچووکی سجنی



تۆمەتباران و تا دادگا کێشەکانی یەکلا دەکرنەوە هەر لەوێ بوو ، لەگەڵ ئامێری بێتەلی گشتیشی لێبوو لەگەڵ چەندین بەشی تر .

بۆیە دەتوانین بڵێن ئەشکەوتی (خەمسوون) لە بێتواتە بارەگای دووەمی هێزی (بێتواتە) بوو ، بۆ بەرگری خۆپاراستن و پشوودان و چارەسەی بریندارانی شەرو سەرپەرشتی کردنی بەرەکانی شەڕ لە لایەن بەرپرسە سەربازیەکانی شەر تاکو شۆڕشی کورد ئەو کات فەشەلی هێنا ، وێرای ئەوەی دواجار ئەو ئەشکەوتە کەوتە نزیك بەرەی شەرِی ماکۆك بەلأم ئەو ئەشکەوتە لە لایەن دوژمنەوە هەر نەگیراو فرۆکەو تۆپی دووژمن نەیتوانی بەسەر ئەو ئەشکەوتەدا زاڵ بێت ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلێنێت کە ئەشکەوت لە لای کورد و شۆڕشەکانی رۆڵێکی گرنگی هەبووە بۆ خۆپاراستن و بەرگری لە هەموو سەردەم و زەمانێك و ، وەك ناسنامەیەکی بەرگری و خۆپاراستن چاوی لێکراوە .

* دووەم : ئەشکەوتی (بێتواتە) : ئەو ئەشکەوتە لە رۆژ هەلأتی گوندی بێتواتەیەو دەکەوێتە ژێرەوەی سەر ئەشکەوتانی ئێستا بە یەکێك لە ئەشکەوتە گرنگ و پر بەهاکانی ناوچەکە دادەنرێت و لە هەموو سەردەم زەمانێك شوێنی خۆ حەشاردان و خۆپاراستنی خەڵك بووە لە هەرِشەی دوژمن و تۆپ و تەیارەی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەر لەو بارەیەوە هاولأتی ( عوسمان حمد مام خەلیفە) ووتی : ( کاتێك شەرِی نێوان حکومەتی عێراق و پێشمەرگە لە ساڵی (1974) دروست بووە دەتوانم بڵێم خەڵکی گوندی (دواوەو بێتواتە) زۆرینەیان ماڵیان گواستەوە ئەو ئەشکەوتە گەورورەیە کە زۆر درێژو پان و پۆرە نزیکە دووسەدت ماڵ بە هۆی ئەو ئەشکەوتەوە خۆی دەپاراست لە

بۆردوومانی فڕۆکەی دوژمن ئەمە وێڕای ئەوەی تەنانەت قوتابخانەی تێدا دانرابوو من لە پۆلی سێ یەمی سەرەتایم لەوێ خوێندووە کە مامۆستا (خدری هەرتەل و مامۆستا یوسفێك ) کە ئاینی مەسیحی بوو دەرسیان پێ ووتوین .

ئەشکەوتی بێتواتە تاکە ئەشکەوت بوو کە خەڵکی گوندی (بێتواتەو دواوە ) وەك بەرگریەك لە خۆیان و شوێنی هێمن و خۆپارێزی بەکاریان دەهێنا ئەگەر ئەو ئەشکەوتە نەبوایە ڕۆژانە دەیان کەس بە بۆردوومانی تۆپ و فڕۆکە شەهید دەبوون چونکە قەسفی دووژمن هێندە سەخت بوو بەرامبەر بە گوندی (بێتواتە) بە هۆی ئەوەی یەکمجار ناوچەکە بەشی پشتەوەی شەڕ بوو ، لە هەمان کاتا بارەگایەکی گەورەی هێزی لێبوو ، دواتریش ئەو ناوچەیە گۆڕدرا بۆ بە بەشێك لە هێڵی پێشەوەی شەڕ ، بۆیە دوژمن لە بۆردوومانی چڕی ناوچەکە دەستی نەدەپاراست بەمەش دەبوایە خەڵکەکە بۆ خۆپارێزی شاخ و ئەشکەوت بەکار بهێنێت گونجانی ئەو ئەشکەوتەش بە هۆی نزیکی لە هەردوو گوندو بوونی ڕێگایەکی باش بۆ خەڵکەکەی گونجاوترین شوێن بوو کە خەڵك ڕوی تێ بکات .

دواتر کاتێك شۆڕش تێك چوو جارێکی تر ئەو ئەشکەوتە بووە جێگای خۆپارێزی خەڵك چونکە دیسان تا ماوەیە ك حکومەت بە هەلی کۆبتەرو فڕۆکەو تۆپی دوور هاوێژ خەڵکی دەکردە ئامانج بەهۆی ئەوەی گومانی هەبوو کە جموجۆڵی پێشمەرگە لەناوچەکەدا هەیە ، واتا ئەو ئەشکەوتە لە چەندین قۆناغ مەلجەئێکی ئامین بووە بۆ خەڵکەکەو خەڵك هەمیشە خۆی پاراستووە لە شەڕو شۆڕی ناوچەکە بەهۆی ئەو ئەشکەوتەوە ).

هەروەها مامۆستا (مەلاسەلام حەیدەریش) لەبارەی ئەو ئەشکەوتەوە ووتی ( ئەو ئەشکەوتە هێندە کۆنە بە بۆچوونی ئەو لە قۆناغەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی و سەردەمی شەڕی ئینگلیزو عوسمانیەکان و بەعس ، تاکە شوێن کە خەڵك بەکاری هێناوە بۆ خۆ پارێزی ئەو ئەشکەوتە بووە ، چونکە مێژووی دروستبوونی ئەو ئەشکەوتە هێندە کۆنە بۆ دەیان ساڵ پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە ، هەروەها بوونی هەندێ بەڵگەی مێژوویی لە دەورو بەری ئەشکەوتەکە وەك (تەختی خاوەر زەمین و کەڵەکی کچەکافر) ئەوەمان پێ دەڵێ ئەو ئەشکەوتە شوێنی ماڵ و شوێنی شەڕو شوێنی خۆپارێزی شوێنی بڕیار دان و شوێنی کێشانی نەخشەی سەربازی ئەو ناوچەیە بووە بۆیە ئەشکەوتی (بێتواتە) بە مەڵبەندێکی خۆپارێزی و بەرگری مانەوەی ناسنامەی ناوچەکە دادەنرێت ) .

⋆ ئەشکەوتی بیرێ .

⋆ ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە باشووری گوندی (بێتواتە) بە ئەشکەوتی (بیرێ) بەناو بانگە لە زەمەنی ڕابردوودا پێش ئەوەی جادە بۆ گوندی (بێتواتە) ڕابکێشرێت دار توویەکی گەورەی لە پێش هەبوو ، وە ئاویشی تێدا بوو ، وە ڕێگایەکی خۆشی بە بەردەمیدا دەڕوات بەڵام کاتێك جادەی ئوتومبێل بۆ گوند بە تەواوی ڕاکێشرا ئەو دار (تووە) نەما وە پێش ئەشکەوتەکەش فراونتر بوو ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە ژێر پاشماوەی مێژوویی تەختی (خاوەر زەمین) لە (بێتواتە) کە پانتایەکی جوانی مێژووی زووڕ کۆنی سەردەمی مەلیکی (خاوەر زەمین) کە وا باس دەکرێت لە زەمەنی کۆن پاشایەکی ناوچەکە بوویێت بە هۆی بوونی چەندین پاشماوەی مێژووی لە دەورو بەری ئەشکەوتەکەدا .

هەر لەو بارەیەوە هاوڵاتی ( عوسمان حمد مام خەلیفە) ووتی : ( لەسەردەمی شەڕی نێوان حکومەتی عێراق شۆڕشی کوردیدا لە ساڵی (1974) ئەو ئەشکەوتە بووە پەناگەیەکی چاکی خەڵکی بێتواتە کە نزیکەی شەش ماڵ خۆیان دەپاراست لە هێرشی تۆپ و تەیارەی دووژمن بەهۆی ئەو ئەشکەوتەوە ، کە لە لایەك لە سەنتەری گوندی بێتواتە نزیك بوو ، لە لایەکی تر ، شوێنی گەیشتن بە ئەشکەوتەکەوە لە گوندەی (بێتواتە) زۆر ئاسان بوو ، بۆیە بە باشترین شوێنی بەرگری و خۆ پارێزی ناوچەکە دادەنرا ، وە ئەگەر ئەو ئەشکەوتەش نەبوایە بۆ ئەو گەرەکەی

ئەو گوندە کە نزیك بوو لێ ی ئەشکەوتەکانی تر زۆر دوور بوون بۆیە ، خەڵکی گوندی بێتواتە قەرزداری ئەو ئەشکەوتە گرنگن ) .

هەروەها مامۆستا (مەلا سەلام حەیدەریش) لەبارەی ئەو ئەشکەوتەوە ووتی ( ئەو ئەشکەوتە هێندە کۆنە بە بۆچوونی خۆم زۆر لە پێش ئیسلام هەبووە ، لە کۆنیشەوە چەندین پاشماوەی کەلەسەری مرۆڤ و پاشماوەی خشڵی لێ دۆزراوەتەوە ، وەك ئەوەی شوێنی کۆگای خەزینەی پاشای (خاوەر زەمین) بێت ، بۆیە ئەگەر بگەڕێنەوە مێژوو ئەشکەوتی ناوچەکە بەم ئەشکەوتەشەوە باشترین شوێنی بەرگری و خۆپارێزی مانەوەی ناسنامەی گەلەکەمان بووە ) .

⋆ ئەشکەوتەکانی سەری کانی .

هەر لەو بارەیەوە هاولاتی ( عوسمان حمد مام خەلیفە) ووتی : ( ئەو ئەشکەوتانەی دەکەونە باکوری گوندی بێتواتە لە شوێنێکی سەخت و ، لە بناری شاخی (بێتواتە) کە ئاوێکی باش و کەشێکی فێنکی هاوینی خۆشی هەیە هەر چوار دەوریان بە دار لە پشتەوە بە شاخ دا پۆشراوە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول ئەو ئەشکەوتانە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەو شوێنی خۆپارێزی خەڵکی ناوچکەو شوێنی عەمبارکردنی خواردەمەنی هێزی بێتواتەی ئەو کات شوێنی نەخشە دانانی هێرشی سەر رژێم بوون ، ئەو ئەشکەوتانە کۆمەڵێك ئەشکەوتن لە پاڵ یەك زۆر گەورە نین بەڵام شوێنی باشبوون بۆ مانەوەی خەڵك لە کەشێکی خۆپارێزیدا لە کاتی تۆپباران و هێرشی دووژمن بۆیە دەبینین ئەو ریزە ئەشکەوتە پاڵپشتی مانەوەی سەدان پێشمەرگەو چەندین ماڵ بووە لە کاتی هێرشی بەعس لە شەرو ئاڵۆزی ساڵانی (1974) دوای تێکچوونی مفاوەزاتی نێوان بەعس و شۆڕشی کورد ، هەروەها ئەو ئەشکەوتانە نەخۆشخانەو ئامێری بێتەل و هەندێ جار سجنیشی لێ بووە ، وە شوێنی پشوودانی پێشمەرگەو فەرماندە سەربازیەکانیش بووە لە کاتی پشوودا و ، تا ئێستاش هەرماون ) .

باشی ئەو ئەشکەوتانە لەوەدا بوو کە ئاوی لێنزیك بوو ، ڕێگای باشی هەبوو ، شوێنێکی دیار نەبوو کاتێك شەڕ لە نزیك ئەو ئەشکەوتە هەبوو لە چیایی ماکۆك بەڵام حکومەت نەیدەتوانی زەفەر بە شوێنە ببات بۆیە تا دوای تێکچوونی شۆڕش ئەو شوێنە بە پارێزراوی مایەوە بۆ پێشمەرگە .

هەروەها مامۆستا (مەلا سەلام حەیدەریش) لەبارەی ئەو ئەشکەوتەوە ووتی ( ئەو ئەشکەوتە هێندە کۆنە بە بۆچوونی خۆم زۆر لە پێش ئیسلام هەبوون و ، دیسانیش لە دەورو بەری ئەو ئەشکەوتانە چەندین پاشماوەی کۆن و بەدی دەکرێت کە ئەوە نیشانەی کۆنی ئەو ئەشکەوتانەیە کە لەسەدەمی هەموو ئەو شەڕانەی یەك بە دوای یەك بەسەر خەڵکی ناوچەکەو گەلی کوردا هاتوون خەڵکی ناوچەکە وەك خۆ پارێزی سوودی لەو ئەشکەوتانە بینیوە ، بۆ مانەوەی خۆیان و بەرگریکرن لە خۆیان روو بەڕووبوونەوەی دوژمن ، لەسەردەمی پاشای (خورشیدی خاوەر زەمین) کە کورد بوو ، چەندین جار دوژمنان هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەکە ئەوەی کە ئەوانی پاراستووە بەرامبەر بە دوژمن ئەو ڕیزە ئەشکەوتە قایمە بە هێزیە چونکە ئەو ئەشکەوتانە لە بناری چیایی (شنە و بێتواتەن ) کە شوێنێکی ستراتیجی و قایم بووە بە هۆی ئەوەی کەوتونەتە باکوری گوندەکەو لە شوێنێکی بەرزو باشدان بۆیە دەتوانین بڵێن ئەو ئەشکەوتانەش پاشماوەی ئازایەتی و خۆڕاگری خەڵکی ناوچەکەن و ، وە بە هۆی ئەو ئەشکەوت و شاخانە ناسنامەی خۆیان پاراستووە و هەمیشەش سەنگەری بەرگری و مانەوە بوون ) .

⋆ ئەشکەوتەکانی خمران .

ئەوەش ئەشکەوتێکی ترە لە باکوری گوندی (بێتواتە) کە ئاوی هەیە شوێنی گەیشتن بە پێ بۆی ئاسانە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق جێگای هەندی ماڵ بوو بۆ خۆپاراستن و خۆ حەشاردان لە بۆردوومانی فڕۆکە و تۆپباران تا ئێستاش ئەو ئەشکەوتە بوونی هەیەو بە ووتەی (مامۆستا مەلا سەلام

حەیدەری ) ئەو شوێنە وێرای ئەوە شوێنی خۆپارێزی و شوێنی شەڕکردن




بووە کە دەڵێم شەڕکردن بەو مانایە شوێنێکی باشی هەیەو بەسەر گوندی (بێتواتە )دا ، دەنواڕێ وەك چاودێری کردنی دەورو بەر لە کۆنەوەو لە سەردەمی جەنگەکاندا جەنگاوەری کورد سوودی باشی لێ بینوە هەم بۆ چاودێری دوژمن هەم بۆ بەرگری کردن لە مانەوەی خۆی ، ئەمە سەرە ڕای ئەوەی کە ئەو ئەشکەوتە شوێنێکی جوان و دلگیری هەیەو خاوەنی ئاوی تایبەتی خۆیەتی بۆیە بۆ بەرگری کردن و مانەوە شوێنێکی

لەبار بووە ، کە هەمیشە لە کۆنیشەوە خەڵکی کورد بە گشتی و خەڵکی

ناوچەکە بە هۆی شۆڕشگێڕیەوە مەترسی سڕینەوەی لەسەر بووە ) .

هەروەها چەند ئەشکەوتێکی تریش لە دەورو بەر بۆ پاڵپشتی ئەو ئەشکەوتە بوونیان هەبووە کە لە کاتی نۆبەت داریدا هاوکارو پشتیوانی یەکتر بوون وەك ئەشکەوتەکانی ( شیوەی تاوکان) کە ئەشکەوتی قایم خۆڕاگری بوون وەك ناسنامەی خەڵکی ناوچەکە کە لە شۆڕشکاندا جێگای مانەوەی جەنگاوەرانی کورد بوون .

★ هەروەها گوندی ( ئاندێك ) کە بە یەکێك لە میدانی شەڕەکان دانراوە لە کاتی کۆن و ئێستادا بە هۆی نزیکی لە گوندی (بێتواتە ) کە هەمیشە لە گوندی (بێتواتە ) دەستەلأتدار هەبووە لە هەموو سەردەمەکاندا هەر لەسەردەمی مادەکان و پاشای (خاوەر زەمین) و دواتر لە هەموو شۆڕشەکان وەك شۆڕشی ئەیلول و سەردەمی حکومەت و سەردەمی دوای ڕاپەڕینیش کاریگەری گوندی (بێتواتە) بەسەر خۆی و گوندەکانی دەورو بەریدا هەبووە لە هەموو ناخۆشی خۆشیەکاندا بۆیە زۆر جار گوندەکانی دەورو بەری ئەو گوندە تووشی کارەسات بووونەوتەوە هەندێ لە ئەشکەوتەکانی گوندی (ئاندێك) بریتین لە .

★ ئەشکەتی شێخاڵ .

ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە گوندی (ئاندێکی) نزیك لە گوندی (بێتواتە) بە یەکێك لە ئەشکەوتە گرنگەکانی گوندی

( ئاندێك ) دادەنرێت بۆ خەڵکی گوندەکەو ، دەورو بەری بە مەبەستی خۆ پارێزی و ، خۆ حەشاردان لە شەڕی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی کە هەمیشە خەریکی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردو ناوچەکە بوون .

لە بارەی ئەو ئەشکەوتەوە هاوڵاتی (حاجی موحەمەد ئاندێکی) ووتی ( لە شۆڕشی ساڵی (1974) زۆرینەی

خەڵکی گوندی کەم تا زۆر لەو ئەشکەوتە سوود مەند بوون کە ئەو کات چەندێن ماڵ لەو ئەشکەوتەدا گیرسابوونەوە ، تۆپ و فڕۆکەی دوژمن هیچ کات نەیدەتوانی زیان بە خەڵکەکەی بگەیێنێ بە هۆی قایمی ئەشکەوتەکەو قایمی شوێنەکەی بەمەش بوو بووە سەنگەرێکی قایمی بەرگری و مانەوە ناوی ئەشکەوتەکەش لەوە وە هاتووە کە گۆڕی کەسێك لەو ناوچەیە هەبوو ، بەناوی ( شێخاڵ) و ، ئەمە ئەو ئەشکەوتە زۆر کۆنە ) و ، مامۆستا (مەلا سەلام حەیدەری) دەڵێ لە دێر زەمانەوە ئەو ئەشکەوتە هەر هەبووە لە هەموو سەردەم و زەمانێك شەڕ لەو ناوچەیە هەبووە بەڵام خۆڕاگری کورد و خەڵکی ئەو گوندە هەمیشە تەسلیمی دوژمن نەبوون ، بۆیەش ئەو ناوچەیە بە هۆی ئەو ئەشکەوتە گرنگە بایەخی خۆی پەیدا کردووە و ، دواجاریش دەنگۆی ئەوە پەیدابوو لە نەوەدەکان کە تەرمێکی مۆمیاکراوی کچە پاشایەك لەو شوێنە دۆزرابێتەوەو ، وا بلاۆ بووە دزراوە ئەمەش بەڵگەی کۆنی ئەشکەوتەکەو بوونی ئاوەدانی و شارستانی ئەشکەوتەکە دەخاتە روو ، سەر دەمی شۆڕشی ئەیلوولیش چەندین بەرپرسی باڵای شۆڕش سەردانی ئەو ئەشکەوتەیان کرد و ، ئەگەر شۆڕش تێك نەچووبا بڕیار بوو چەندین کاری خزمەت گوزاری بۆ بکرێت وەك شوێنێکی مێژوویی و ، دێرین ) .

⋆ ئەشکەوتی ومرتکە .

ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە گوندی (ئاندێکی) نزیك لە گوندی (بێتواتە) بە یەکێك لە ئەشکەوتە گرنگەکانی گوندی

( ئاندێك ) دادەنرێت بۆ خەڵکی گوندەکەو دەورو بەری بە مەبەستی خۆ پارێزی و ، خۆ حەشاردان لە شەڕی روو بەڕوو بوونەوە بە کار هاتووە لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی کە هەمیشە خەریکی سەرکوتکردن بوون لە بارەی ئەو ئەشکەوتەوە هاوڵاتی (حاجی موحەمەد ئاندێکی) ووتی ( لە شۆرشی ساڵی (1974) هەندێ خەڵکی گوندی (ئاندێك) کەم تا زۆر لەو ئەشکەوتە سوود مەند بوون کە ئەو کات چەندێن ماڵ لەو ئەشکەوتەدا گیرسابوونەوە ، تۆپ و ، فڕۆکەی دوژمن هیچ کات نەیدەتوانی زیان بە خەڵکەکەی بگەیێنێ بە هۆی قایمی ئەشکەوتەکەو قایمی شوێنەکەی بەمەش بوو بووە سەنگەرێکی قایمی و بەر گری ، بەڵام هێندەی ئەشکەوتی (شێخاڵ ) گەورە نیە ، لە کاتێکا ڕێگای ئاسانترە لە ئەشکەوتی ( شێخاڵ) ، هەروەها ئەو ئەشکەوتە جگە لە کاری خۆ پارێزی لە لایەن زۆرێك لە مەڕدارەکان بەکار هاتووەو ، تا ئێستاش خەڵك لە زۆر بواردا لێ ی سوود مەندن ، ئەو ئەشکەوتەش زۆر کۆنەو، مێژووییەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە ) .

⋆ ئەشکەوتی ئۆمەری .

ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە گوندی (ئاندێکی) نزیك لە گوندی (بێتواتە) بە یەکێك لە ئەشکەوتە گرنگەکانی گوندی

( ئاندێك ) دادەنرێت بۆ خەڵکی گوندەکەو دەورو بەری بە مەبەستی خۆ پارێزی و ، خۆ حەشاردان لە شەڕی روو بەڕوو بوونەوە بە کار هاتووە لە کاتی هاتنە پێشەوەی شەڕو شۆڕو بۆمبارانی فڕۆکە ، لە بارەی ئەو ئەشکەوتەوە هاوڵاتی (حاجی موحەمەد ئاندێکی) ووتی ( لە شۆڕشی ساڵی (1974) کە شەڕ دروست بووە هەندێ ماڵی گوندی ( ئاندێك) ماڵیان لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا دانابوو ، لەبەر مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکەکە بە تایبەتی بە هۆی ئەوەی ڕۆژ نەبوو ، فڕۆکە هێرش نەکاتە سەر گوندەکەمان بە هۆی نزیکی لە بارەگای هێزی بێتواتە و ، نزیکی لە بەرەی شەڕی چیایی ماکۆك ) .

⋆ ئەشکەوتی بێرمۆنان

ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە بناری شاخی ماکۆك لە گوندی (ئاندێکی) بە یەکێك لە ئەشکەوتە گرنگەکانی گوندی

( ئاندێك ) دادەنرێت بۆ خەڵکی گوندەکەو دەورو بەری بە مەبەستی خۆ پارێزی و ئاژەڵداری و ، خۆ حەشاردان لە شەڕی روو بەڕوو بوونەوە بە کار هاتووە لە کاتی هاتنە پێشەوەی شەڕو شۆڕو بۆمبارانی فڕۆکە ، لە بارەی ئەو

ئەشکەوتەوە هاوڵاتی (حاجی موحەممەد ئاندێکی) ووتی ( لە شۆڕشی ساڵی (1974) هەندێ ماڵی گوندی ( ئاندێك) ماڵیان لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا دانابوو ، لەبەر مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکەکە بە تایبەتی بە هۆی ئەوەی ڕۆژ نەبوو ، فڕۆکە هێرش نەکاتە سەر گوندەکەمان ، ئەو ئەشکەوتە زۆر گەورە نیە بەڵام زۆر قایمە و ، ئێستاش لە لایەن خەڵکی ئاژەڵدارەوە بەکار دێت و لە بەهاران و پایزانیش شوێنێکی باشە بۆ باران و بەفر کاتێك شوانەکان ڕووی تێدەکەن ) .

★ ئەشکەوتی باریك .

ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە گوندی (ئاندێکی) نزیك لە گوندی (بێتواتە) ئەشکەوتەکە هی خەڵکی گوندی گوندی

( ئاندێکە ) ئەو ئەشکەوتە گرنگی خۆی هەیە بۆ خەڵکی گوندەکەو دەورو بەری بە مەبەستی خۆ پارێزی و ، خۆ حەشاردان لە شەڕی ڕوو بەڕوو بوونەوە بە کار هاتووە لە کاتی هاتنە پێشەوەی شەڕو شۆڕو بۆمبارانی فڕۆکە ، لە بارەی ئەو ئەشکەوتەوە (مەلا سەلام حەیدەری ) ووتی ( لە شۆڕشی ساڵی (1974) هەندێ ماڵی گوندی ( ئاندێك) ماڵیان لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا دانابوو ، بەڵام زۆر جاریش لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە بەکار هاتووە بە هۆی ئەوەی نزیك بوو لە بەرەی شەڕی ماکۆك ، حکومەتی عێراقی زۆر هەوڵی دا بیگرێت بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت بە زیندووی و سەر بەرزی مایەوە .

ئەشکەوتەکە ناوی لەوە وە هاتووە بارێك و درێژەو جێگای زۆر خەڵکی تێدا دەبێتەوە چ بۆ خۆ پارێزی لە بۆردوومانی فڕۆکەو تۆپ ، چ وەك شوێنێك لە کاتی باران و بە فردا بەکار هاتووە ، مێژووەکەشی زۆر کۆنەو هەر لەسەردەمی شەڕەکانی فتوحاتی ئیسلامیش جەنگاوەرە کوردەکان سوودیان لەو ئەشکەوتەو ئەو شاخەی نزیکی دیتووە ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئەو دووژمنانەی کە نیازی داگیرکردنی ناوچەکەیان هەبووە ) .

ئەشکەوتی کونا غولان .

ئەو ئەشکەوتە لە نێوانی گوندی ( هەرتەل و دواوەیە) بە کۆنترین ئەشکەوتی ئەو گوندە واتە گوندی (دواوە ) دادەنرێت ، تا ساڵی (1980) ئەو ئەشکەوتە دەگای چوونە ژوورەوەی بچووك بوو ، بەڵام ئەو کاتە جادە بۆ گوندی هەرتەل) لێدرا بەشێکی ئەشکەتەکە تێکدراو دەمی ئەشکەوتەکە گەورە بوو ، بە بۆچوونی خەڵکی گوندەکەو ، پیاوە بەتەمەنەکان کە دەماو دەم هاتووە ، ئەو ئەشکەوتە هەر هەبووەو ، وە بە هۆی شارستانی ناوچەکەو بوونی پادشایی (خاوەر زەمین) بە بۆچوونی ما مۆستا ( مەلا سەلام حەیدەری) کە بۆی باس کردین لە ساڵی (1994) بەڕێزیان ووتی ( ئەو ئەشکەوتە وەك قەڵایەکی بە هێزی پشتەوەی پارێزگاری کردنی پاشاو میرنشینی (خاوەر زەمین) بەکار هاتووە کە نێوانیانی ئەو تەختەی پاشاو ئەشکەوتەکە دە خولەکە بۆیە لە ڕێگای ئەشکەوتی ( کونا غولان) پارێزگاری لە میرنشینەکە کراوە کە هەمیشە مەترسی دوژمنانی کوردی لەسەر بووە ، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەشکەوتی (کونا غولان) سەنگەرێکی بەهێزی مانەوەی کورد بووە لە ڕوو بەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی ، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلول ماوەیەك دۆشکایەکی هێزی بێتواتەی تێدا دانرا کە بەرگریەکی بێ وێنەی دەکرد لە ناوچەکەو ، هەر ئەو کاتیش کە شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو ، حکومەتی عێراق لەساڵی (1974) گەیشتە لووتکە و بەعس هێرشی بۆ سەر چیایی شیشار دەست پێکرد ئەو ئەشکەوتە بووە بەرەی پشتەوەی بەرەی شەڕو شەوانە بارەگایەکی بە هێزی پێشمەرگە بوو بۆ پشوودان و خۆ ڕێکخستنەوە و ، هەستانەوە ، ئەشکەوتەکە لەناوەدا شێوەی خانووی هەیەو گەورەیەو ، بۆ پارێزگاری کردن لە تۆپ و بۆردومانی فڕۆکە زۆر قایمەو ، شوێنێکی مەحکەمی هەیە ، هەروەها ئەو دەڵێ (لەسەر ناوەکەی هیچ بەڵگەیەك لەبەر دەستدا نیە بزانین ناوی لە چیەوە هاتووە ، بەڵام وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێدا لە کاتی بوونی پاشای (خورشیدی خاوەر زەمین) لە (بێتواتە) ئەو ئەشکەوتە بارەی پشتەوەی پارێزگاری کردن بووە لە پاشاو تەختە کە

نۆبەدارەکان (پاسەوان) خولیان بەدەورەی ئەشکەتەکەدا لێداوە خولانەوە بوومتە (غولان) بەمەش ناوەکەی جێگیر بووە ، باشی ئەوە ئەشکەتە ئەوەیە ڕێگای ئوتومبێلی لەبەردەما تێدەپەڕێ ، گرنگی ئەوە ئەشکەوتەش تا ئێستاش هەرماوەو شێوەکەشی بە جوانی ماوەتەوە ) .

★ ناوی ئەشکەوتەکانی گوندی هەرتەل : لە گوندی هەرتەل چەندین ئەشکەوتی زۆر کۆن و دیارو بەسوود هەیە کە تا ئێستاش هەرماون وەک ئەشکەوتی (ئەشکەوتی کونە بن عارد ، ئەشکەوتی کونەپلینگ ، ئەشکەوتی عالیەکوێری، ئەشکەوتی گۆمەشینێ ، ئەشکەوتی کۆراوی ، ئەشکەوتی خلانێ ، ئەشکەوتی دەرەداری ، ئەشکەوتی خاوەلیسکێ ، ئەشکەوتی لێڕی ، ئەشکەوتی ماماجی ، ئەشکەوتی کۆلکی پیرایزی ، ئەشکەوتی کەلێسێ ، ئەشکەوتی پەلۆلێ ، ئەشکەوتی سەری کلیلەی ، ئەشکەوتی نۆزان ، ئەشکەوتی سێقەلاتان ، ئەشکەوتی مزگەوتۆلێ ، ئەشکەوتی سۆر، ئەشکەوتی کۆختەی ، ئەشکەوتی نزاری ، ئەشکەوتی حوجرانێ ، ئەشکەوتی زێروان ، ئەشکەوتی گاوریان ) لەگەڵ چەندین ئەشکەتی تری بچوک بچوک کە هەرهەموویان لەکاتەکانی کۆن بەکار هاتوون بە تایبەتی بۆ سەردەمی شەڕەکان و، خۆحەشاردان لە ترسی بۆردوومانی فڕۆکە ، وا لە خوارەوە باسی هەندێ ئەشکەوتی بەناو بانگی گوندی هەرتەل دەکەین .

★ ئەشکەوتێ سۆر : یەکێکە لە ئەشکەوتەکانی کۆنی گوندی هەرتەل و مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە و، ئەو ئەشکەوتە وەک زووڕێك وایە سوودی هەیە بۆ خۆ حەشاردان و باران بارین لە دوورەوە بە شێوەیەکی مەیلەو سوور دیارە بۆیە ئەو ناوەی لێ نراوە ، ئەو ئەشکەوتە لە هەموو شۆڕشەکان بۆ بەرگری خۆپارێزی بەکار هاتووە چونکە کەوتۆتە شوێنێکی ستراتیجی باش کە بەسەر گوندی بەرۆژەی (هەرتەل) دەنواڕێ لە شەڕو پێکدا دانەکانی نێوان پێشمەرگەو سوپایی بەعس ئەو ئەشکەوتە بەدەست چ لایەنێکەوە بووە ئەو لایەنە براوە بووە بۆیە لە ساڵی (1978) حکومەتی عێراقی ڕەبایەکی سوپای عێراقی لەسەر دانا وەك ستراتیجی ترین شوێن کە هەردوو گوندی بەرۆژە و زێوە) ی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و تەنانەت ساڵی (1978) حکومەتی عێراقی شوانێکی لە پێش ئەو ئەشکەوتە بە ناوی (یوسف عەلی حەمەد) شەهید کرد بە بیانووی ئەوەی ئەوە پێشمەرگەیە ، بۆیە ئەو ئەشکەوتە هەمیشە سەنگەری بەرگری و خۆڕاگری و مانەوەو ناسنامەی ناوچەکەو کوردایەتی بووە .

★ ئەشکەوتی شیوەشۆڕ: ئەشکەوتی شیوەشۆڕ یەکێکە لە ئەشکەوتەکانی زۆر کۆنی گوندی هەرتەل و، دەکەوێتە ناوەڕاستی شاخێك و تەنها ڕێگای سەڵتە زەلامی بۆ دەچێت و مەگەر



کەسێك خەڵكی ئەو شوێنە بێت و، شارەزایی هەبێت ئەگینا ڕێگای دۆزینەوەی زۆر زەحمەتە ، بەڵام هەمیشە شوێنی خۆ حەشار دان و بەرگری كردن و خۆ پارێزی بووە لە ساڵانی سەردەمی شەڕی نێوان و عێراق و پێشمەرگە لە ساڵی (1974) ئاوەدان بوو چەند ماڵێكی تێدا بوو ، چونكە فرۆكە زەفەری بەو ئەشكەوتەدا نەدەبرد ئەمە جگە لەوە كاتێك شۆڕشی ئەیلوول شكستی هێنا ئەو ئەشكەوتە لە لایەن خەڵك بەكار دەهات بۆ شاردنەوەی چەك و ، لە هەمان كاتیشا ئەگەر كەسانێك ویستبیان تەسلیم بە ڕژێم نەبنەوەو لە كاتی هێرشی حكومەت بۆ سەر ناوچەكە شوێنی خۆ پارێزی خەڵك بوو ، چونكە ئاشكرابوونی زۆر زەحمەتە ، هەروەها شوێنێكی ستراتیجی سەختی هەیە ، هەر لەبەر ئەو شوێنەو بوونی چەند گۆڕستانێكی زۆر كۆن لە ناوچەكە كە دەگەڕێنەوە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی ماموستا (مەلا سەلام حەیدەری) ووتی ( چەندین شەڕی گەورە لەو شوێنە ڕووی داوە لە نێوان جەنگاوەرانی كورد و جەنگاوەرانی ئیسلام ئەو كات بەڵام كوردەكان لەبەر سەختی شوێنەكەو بوونی ئەو ئەشكەوتە قایمە لە شەرەكەدا براوە بوون بەڵام زۆر جاریش لەبەر سەختی ژیان و سەختی ڕێگا جەنگاوەرە كوردەكان كوژراون و ئەو گۆڕستانە كۆنەش ڕاستی ئەوە بۆچوونەمانە ) .

★ ئەشكەوتی كۆلكی پیرایزی : لەناوچەیەكە پێ ی دەڵێن (كۆلكی پیرایزی) ، ئەو ئەشكەوتە لە ناوەڕاستی شاخێكدایە پێ ی دەڵێن شاخی ( بازی دەرەدار) من گوێم لە ڕیش سپیەكی كۆنی گوندی هەرتەل بووەو ، ووتی (لە ڕابردووی كۆندا قاپ و كوپەو پاشماوەی زۆر كۆن لەو ئەشكەوتەدا دۆزراوەتەوەو ئەمەش بەڵگەی كۆنی ئەو ئەشكەوتەیە ) ، هەندێ بۆچوونیش لەناو خەڵك ئەوەیە لەسەردەمی شەڕی نێوان كافرو موسڵمان كافرەكان واتا كوردەكان لەو ئەشكەوتەدا بەرگریان كردووەو ماونەتەوەو تەسلیم نەبوون ، بۆیە ئەو ئەشكەوتەش وەك ئەشكەوتەكانی تر ، ڕەمزی بەرگری و فیدا كاری بووە چونكە ئەشكەوتەكە لە شاخێكی سەختی بەرزدایەو گرتنی زۆر بەزەحمەتە .

★ ئەشكەوتی ماماجی : ئەو ئەشكەوتە دەكەوێتە هاوینە هەواری گەشتیاری (ماماجی) لە گوندی هەرتەل و ، سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەردەمی ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكانی حكومەتی عێراقی خەڵك لە ترسی بۆردوومانی تۆپ و فرۆكە بە كاریان هێناوە ، خەڵك خۆیان تێدا حەشار داوە ، جاران ئەو شوێنە شوێنی فەقێ مەلاو دەرس خوێندن بووە ، ئەو كاتە لەناو ئەو ئەشكەوتەدا كتێب و قورئان و جل و بەرگی فەقێیان لە هاوین و پایزاندا هەڵدەگیرا ، بەڵام لە كاتی شۆڕشی ئەیلوول شوێنی چەندین ماڵ و خەڵك بوو بۆ خۆ پارێزی بەكار دەهات گرنگی ئەو ئەشكەوتە ئەوەیە لە شوێنێكی سازگارو فێنك و خۆشە دایەو ئاوێكی سارد بە بەردەمیدا تێپەڕ دەبێت و ، بۆ دۆزینەوەی فرۆكە قورسە هەر لەبەر ئەوەشە وەك شوێنێكی خۆ پارێزی و بەرگری كردن لە ئاسنامەی كوردایەتیدا ماوەتەوە .

★ ئەشكەوتی سەر ئەسكوردێ : لە شوێنێكە پێ ی دەڵێن (سەرئەسكورد) بە دووری چەند كیلۆمەترێك لە سەنتەری گوندی (هەرتەل و زێوە ) دوورە ، زۆر كۆنەوە و ، شوێنی پشوودانی ڕێبواران بووە چونكە ئەو ڕێگایەیی بەبەر دەمیدا دەڕوات ناوچەی خۆشناوەتی بە سۆران دەبەستێتەوە و ، ساڵانە چەندین كۆچەری و خاوەن مەڕدار بە بەردەم ئەو ئەشكەوتەدا تێدەپەڕون و ، ئەمە وێڕای ئەوەی شوێنی شایی كردنی گەنجانی گوندی هەرتەل بووە لە شایی و ڕەشبەڵەكیدا كاتێك گەنجی كچ و كوڕی هەرتەل بەهاران بۆ كەنگرو ڕێواس و عامیە بە بەردەمی ئەشكەوتەكەدا ڕۆیشتوون ، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلوول شوێنێكی گرنگی پێشمەرگە بوو بۆ خۆپارێزی و ، پشوودان چونكە هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە ناوچەی (ومرتێ و حاجی ئۆمەران ) دەهاتنە ناوچەكە لەو ئەشكەوتەدا پشوویان دەدات بۆ ماوەیەك چونكە هەردوو ناوچەی سۆران و بیتوێن و خۆشناوەتی بەیەكەوە دەبەستەوە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە شوێنێكی ستراتیجی گرنگ

دابوو ، مێژووی ئەشکەوتەکە زۆر کۆنەو دەماو دەم کە دەگێردرێتەوە هەر هەبووە .

★ ئەشکەوتی کەڵێسێ : لە ناو شاخی سۆرکی کەڵێسێدایە و ، ئەشکەوتێکی دەرگا کراوەو درێژەوە لەو سۆرکە شاخە دایە کە ناوی (سۆرکی کەڵێسێیە) و، ئەم ئەشکەوتە بە بۆچوونی مامۆستا (مەلا سەلام بێتواتی) زۆر زۆر کونەو پێش ئیسلام کەنیسەی دینی مەسیحیەکانی لێ بووەو ئەو کەڵێسەش هەر لە کەنیسەوە هاتووە بۆ پشت ڕاستکردنی ئەو قسەیەش بەڵێ چەندین شوێنەواری جۆراو جۆرو شوێنی دەرگاو شوێنی دانیشتنی تێدایە ئەمەش وا پیشان دەدا کە ئەو ئەشکەوتە شوێنێکی گرنگی پاشماوەیی زۆر کۆنەو شوێنی دانیشتنی پاشاو گەورە بەرپرسانی ئاینی مەسیحی بووە بەڵام وەك شوێنی خۆ پارێزی و ، بەرگری شوێنی پێشمەرگەو شوێنی خۆپاراستن بووە لە دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ چەندین جار حکومەتی عێراقی ویستی ئەو ناوچەیە بگرێت بەڵام نەیتوانیوە چونکە ئەو ئەشکەوتە لە شوێنێکی سەختدایە نە فرۆکە نە هەلی کۆبتەر ناتوانی ئەو شوێنە بۆردمان بکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئاوی خواردنەوەی لێ نزیکە و کاتێك فیراری سوپایی عێراق کە کورد بوون خەڵکی ناوچەکە بوون بە بەردەوامی لەو ئەشکەوتەدا دەمانەوەو خۆیان حەشار دەدا و تەسلیم نەدەبوون .

★ ئەشکەوتی نۆزان : ئەشکەوتی نۆزان یەکێکە لە ئەشکەوتە جوانەکانی گوندی هەرتەل بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی کە لە شوێنێکی بەرزو شوێنێکی فێنك و شوێنێك کە کێل و لووتکەی نۆزانی لە پێشەوەیە هەروەها ئاوێکی سازگاری جوان لە نزیك ئەو شوێنەیە هەیە ، ئەو ئەشکەوتە هەمیشە ڕەمزی بەرگری و مانەوە بووە لە کاتە سەختەکاندا چونکە ئاوی تایبەت و ڕێگای تایبەت و شوێنی مانەوەی تایبەتی هەیە ، لە سەردەمی شەڕی ساڵی (1974) ئەو ئەشکەوتە بارەگای پشتەوەی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ بەرەی جەنگی شەڕی ماکۆك و هەمیشە جمەی دەهات و چەندین چەکی گەورەش لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا بوونیان هەبوو ، چەندین جار فڕۆکە بۆردوومانی کردوە بەڵام نەیتوانی پێشمەرگە لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا دەرپەڕێنێ ، لەبەر سەختی شوێنەکەی ، دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێش هەمیشە ئەو ئەشکەوتە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەو ، شوێنی فێراو موتەخەلیف بووە کە لە سەربازی زۆرە ملێ ڕایان دەکرد ، مێژووی ئەشکەوتەکە زۆر کۆنەوە و بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە بە بۆچوونی شارەزایانی شوێنەوار ، زۆر دەستی ڕەش گەیشتۆتە ئەو ئەشکەوتە بە مەبەستی گەڕان بە دوای شوێنەواردا ویستوویانە زەرپە لەو ئەشکەوتە بدەن بەڵام دواجار هیچیان پێ نەکراوە و ئێستاش وەك شوێنێکی بەرگری و خۆ پارێزی وەك ناسنامەی کوردایەتی ماوەتەوە .

★ ئەشکەوتی قەڵاتە جوێ : مێژووی دروستبوونی زۆر کۆنە ئەم ئەشکەوتەش وەك هەر ئەشکەوتێکی تر بە لایەنێکی گرنگی مێژوویی دادەنرێت لە گوندی هەرتەل بە بۆچوونی مامۆستا ( مەلا سەلام حەیدەری ) ئەو ئەشکەوتە لایەنێکی مێژووی شەڕی نێوان جەنگاوەرانی کوردو نەیارەکانی بووە ، وەك بەرمیەکی دواوەی شەڕ بۆ مانەوەو پارێزگاری کردن لە میرنشینی خورشیدی خاوەر زەمین لە (بێتواتە) بەکار هاتووە ) .

★ ئەشکەتێ قەڵاتێ گاوران مێژووی دروستبوونی زۆر کۆنە ئەم ئەشکەوتەش بە قەڵایەکی زۆر بە هێزی سەردەمی گاورەکانی گوندی هەرتەل دادەنرێت کاتێك ئەو گاورانە کوردبوون و لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا شەڕی سەخت لەو ناوچەیە ڕوویداوە ، ئەوەش لە ووتەکانی (مامۆستا سەلام بێتواتی) ی بۆی پشت ڕاستکردینەوە .

هەر چەندە هەندێ شوێن یان هەندێ ئەشکەوت لە گوندی هەرتەل بەناوی (کونەوە) بەناو بانگن کە ئەوەش فراوانی و دەوڵەمەندی شوێنەکە یان دەرکەوتنیانە بە شێوەی (کون) وەك (کونێ ماماتان ، کونێ عالیە کۆرێ ، کونە بن عارد ،کونی کێلی ، کونە سیخوڕ) لەگەڵ چەندین کونی تر کە



لە بنچینەدا ئەو کونانەش هەر جۆرێکی تری ئەشکەوتن وەك بۆ خۆ پارێزی بەکار هاتوون ڕمزی و خۆپارێزی مقاوەمەت بوون ، وەك لەخوارە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین .

★ ئەشکەوتی کونێ ماماتان : ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە باکوری گوندی هەرتەل لەناوچەیەکە پێ ی دەڵێن بن ڕەوازی شاخی ماماتان ، ئەو ئەشکەوتەیە زۆر کۆنەو بە یەکێك لە ئەشکەوتە گرنگ و کۆنەکانی گوندی (هەرتەل) دادەنرێت چونکە بە بۆچوونی مێژووناسان و ووتەی مامۆستا (مەلا سەلامی بێتواتە) ئەو ئەشکەوتە وەك شوێنێکی مێژوویی دێرینی گوندی هەرتەل دێتە هەژماردن و ، وەك سەنگەرێکی بەرگری مانەوەی کۆنی ئەو ناوچەیەیی شەڕکەرەکانی کورد ماوەتەوەو ئەو ئەشکەوتە سەنگەری مقاوەمات و ، بەرخوردان بووە وە (ماماتیش) سەرکردەیەکی کوردی ئەو کات بووەو لەو ناوچەیە کوژراوەو ئەو ئەشکەوتەش بۆیە ئەو ناوەی هەڵگرتووە ، هەروەها لە هەردو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ هەر کاتێك خەڵکی ناوچەکە ڕوو بەڕووی مەترسی تۆپباران و ترسی فڕۆکەو تۆپی لەسەر بووبێت ئەوا ئەشکەوتی ( کونی ماماتان ) سەنگەری خۆ پارێزی و مانەوەو تەسلیم نەبوون بووە ، بە دوژمن ، ئەو ئەشکەوتە هەموو سەردەم و کاتێك سوودی مانەوەو خۆ ڕاگری بووە .

★ ئەشکەوتی کونە بن عاردی : دەکەوێتە شوێنێك پێ ی دەڵێن (مزگەوتۆڵ) ، ئەو ئەشکەوتە لەناوەوەدا زۆر گەورەو فراوانەو جێگای چەند ماڵی تێدا دەبێتەوە لە ژێر زەویدایە بۆیە ناو نراوە کونە بن عارد لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول چوار ماڵ لەناو ئەو ئەشکەوتەدا گوزەرانیان دەکرد بە مەبەستی خۆ پارێزی و دوور کەوتنەوە لە بۆردوومانی فڕۆکە ، ئەو ئەشکەوتە ئاوی خواردنەوەو ڕێگای سەڵتە زەلام و وولاخی بار بەری لێ نزیکە و ، لە شۆڕشی نوێش شوێنی پێشمەرگەو هەلاتوکانی سوپایی عێراق بوو .

★ ئەشکەوتی کوناوێ : ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە ڕۆژئاوی باکوری گوندی هەرتەل و لە دۆلایەکی قوڵدایە پێ ی دەڵێن گەلی (مزگەوتۆڵ) و ئەو ئەشکەوتە شوێنێکە کەسەرچاوە ی هەڵقولانی ئاوی گوندی (هەرتەلە ) و ، شوێنەکەی تا بلێ تەسك و دژوارو بەزەحمەتەو تەنها ڕێگای سەڵتە زەلامی بۆ دەچێ ،ئەو ئەشکەوتە مێژووەکەی زۆر زۆر کۆنەو ، وەك شوێنێکی مێژوویی حیسابی بۆ دەکرێ و، مێژووی ئەو ئەشکەوتە بە بۆچوونی مامۆستا (مەلا سەلامی بێتواتە) کۆنترین ئەشکەوتی ئەو گوندەیەو بە هۆی ئەوەی ئاویشی هەبووە ژیان ماڵ و ، ئاژەڵداری لەو شوێنە بوونی هەبووە لە شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (1974) شوێنی

پشوودانی پێشمەرگە بووە بە هۆی ئەوەی دەکەوێتە ناو ڕێگای (دەرە هەرتەل) کە ئەو دەرەیە خۆشناوەتی بە بالاەکایەتیەوە دەبەستێتەوە .

★ ئەشکەتی کونە پڵێنگ : لە ڕۆژئاوای گوندی هەرتەل لە (گەڵی شیوە شۆرە) لە بناری شاخی (خلان) دایەوە ، دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیە ، بە هۆی بوونی پڵێنگێك لەو شوێنە لە کۆنەوە ئەو ناوەی بەسەردا براوە لە کاتی شەڕی (1974) لە نێوان حکومەت و هێزی پێشمەرگە دوو ماڵ لەو ئەشکەوتەدا دەژیان ئەمە وێرای ئەوەی لە کاتی هێرشی بەعس بۆ سەر ناوچەکە شوێنی خۆ حەشاردان و ، خۆ پارێزی و تەسلیم بوون نەبوو شوێنی مانەوە بوو بۆ کاتێکی درێژ.

★ ئەشکەوتی کونێ عالیە کۆر : دەکەوێتە بەشی گوندی (بەرۆژە) ی ناوچەی (مێلان) لە ژێر شاخی (پەلۆلێ) دایە و ، ئەشکەوتێکی درێژ و باریك و تەسکەو تا ڕادەیەك تاریکەو ، بەیەکێك لە ئەشکەوتە مێژووییەکانی گوندی هەرتەل دادەنرێت و، مێژووی ئەو ئەشکەوتە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە بە ووتەی خوالێخۆشبوو (ماموستا مەلا سەلام بێتواتی) کە دەڵێ کاتی خۆی لەم ئەشکەوتەدا ئێسك و پروسکی مرۆڤ و پاشماوەی کوپەو گۆزە دۆزراوەتەوەو لەسەردەمی شەڕی ئیسلام و فتوحاتیدا شەڕێکی گەورە لەو ناوچەیە قەوماوەو دەیان کەسی لێ کوژراوەو ، چەندین گۆڕستانی مێژوویی کۆن لە نزیك ئەو ئەشکەوتەدا بوونیان هەیە کە پێ دەچێ بۆ پێش ئیسلام و سەردەمی هاتنی ئیسلام بگەڕێنەوە ئەو گۆڕستانە کۆنانەی کە لەو ناوچەیەن و مێژوویان کۆنە بەناوی گۆڕستانەکانی (مێلانی سەرو مێلانی خوارو خوێریزان) دەناسرێنەوەو تا ئێشتاش هەرماوەن .

★ ئەشکەوتە شن .

ئەو ئەشکەوتە کەو تۆتە لێرەواری ناوچەی کوێستانەکانی (کەپرە) لە نزیك گوندی زێوەو نێوانی (زێوەو) دۆڵی (مەلەکان) بە ئەشکەوتێکی کۆن و بە شوێنێکی ستراتیجی دادەنرێت چونکە نزیکیشە لە کوێستانی (ساو سێۆکە) و شاخی ( کارۆخ) لە سەر دەمی شۆڕشی ئەیلول هەمیشە ئاوەدان بوو ، وە جێگای پشوودانی پێشمەرگە بوو ، بە هۆی ئەوەی لە شوێنێکی تەختدایەو ، ڕێگایەکی باشی بە پێشدا دەڕوات و ، کانی ئاوی لێ نزیکە بەناوی (کانیا کەپرەی) وە هەر چوار دەوریشی لێرەوارێکی فراوانی داری گەورە گەورەیە ،

لە شۆڕشی نوێدا چەندین جار بارەگای پێشمەرگەی لێبووە ، وەچەندین شەو ڕۆژ ڕەوانشاد (مام جەلال ) بارەگا و مانەوەی لەو ئەشکەوتەدا داناوەو ماوەتەوە ، لە شەڕە گەورەکانی ناوچەکەدا شوێنی دانانی نەخشەی سەربازی و ، خۆڕێکخستنەوە بووە هەروەها هەم لە ساڵی (1974 و هەم لە ساڵی 1983 ) ئامێری بێ تەل و جیهازی گەورەی شۆرشی لێبووە ، بە ئەشکەوتی شۆڕش و موقاوەت و ناسنامەی کوردایەتی دادەنرێت و ، سەر دەمی ئەنفالەکانیش مەفەرزەی پێشمەرگە بە بەردەوامی لەو ناوچەیەدا ماونەتەوە ، ئێستاش ئەشکەوتەکە هەر ماوەتەوەو ئاژەڵدارەکان و سەفرەچیەکان لە بەهاران و هاوینان بەکاری دەهێنن .

لە هەموو گوندێکی خۆشناوەتی دەیان ئەشکەوتی گەورەو موحەکەم هەیە کە هەمیشە شوێنی مانەوەی بەرگری و خۆڕاگری و ، خەڵکەکەی بووە لە کاتی سەخت و ڕوو بەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دوژمنەکانیدا .

ئەشکەوت نەخۆشخانە .

خوا لێخۆشبوو ( دکتۆر حەمەدەمینی مام حەمی) گێرایەوەو ووتی ساڵی (1974) کاتێ شەڕی نێوان حکومەتی عێراق و ، هێزی پێشمەرگە هەڵگیراسەوەو ، بەیاننامەی ئازار جێ بە جێ نەکرا ، شەڕێکی قورس لە چیای (سەفین) ڕوویدا سەربازی عێراقی زۆر کوژران وە لە بەرامبەریشدا پێشمەرگە زۆری شەهید و بریندار بوو ئەو ووتی لە ئەشکەوتێکی چیایی سەفین نەخۆشخانەیەکمان دامەزراند کە هەموو بریندارەکان لەوێ تەداوی دەکران و ، چارەسەری سەرتاییات بۆ ئەکرا و ئەوەی برینەکەشی قورس

بووایە ڕەوانەی ئێران دەکرا ، ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێ ئەو ئەشکەوتە بۆ ئێمە ئەو کات لە قەسرێکی گەورە لە شووشە دروستکراو باشتر بوو ، بە هۆی ئەو ئە ئەشکەوتەوە دەیان پێشمەرگە و خەڵك کە بنکەیەکی تەندروستی بە هێزمان تێدا دانابوو چارسەری پێویستی وەردەگرت و ، دەرمان و چارسەری پێویستیشی بۆ دابیندەکرا وە دەرمانی چەند مانگێکمان دانابوو ، کە دەزگای تەندروستی شۆرش کە (د. مەحمود عوسمان ) سەرپەرشتی دەکرد بۆی دابین دەکردین و هیچ کاتێك نەمان دەهێشت پێشمەرگە بە ئازارەوە بەرێبکرێ بۆ شوێنی پێشکەووتووتر ، هەروەها ووتی جارێکیش مەفرەزەیەکی تەندروستی چووین لە شاخەکانی (بەنی حەریر) بنکەی تەندروستی سەفەریمان لە ناو ئەشکەوتێکا دانا بۆ چارەسەری ئەو پێشمەگانەی بریندار دەبوون و ، ئەو پێشمەرگانەی نەخۆش دەبوون لەو شەرانەدا ئەوەش کارێکی قورس بوو لەو شاخەدا بەڵام بە هۆی بوونی ئەشکەوتێك کارەکانمان ئاسانتر بوو کە ئەشکەوتەکە وەك خانوو بە کار دەهات و ، ئەو ئەشکەوتە سوودی گرنگی لە باران و گەرماش لێ دەدیترا ) .

هەروەها بەرێزیان دەڵێ بنکەی تەندروستی لە زۆر شوێن لە ئەشکەوتدا دانرابوو وەك ئەشکەوتی ( خەمسوون لە بێتواتە و ئەشکەوتە شن و ئەشکەوتێك لە دۆڵی مەلەکان و ، لە ئەشکەوتێکی گوندی شێرەو ، ئەشکەوتێك لەناوچەی نازەنین و چیایی سەفین ، جا ئەشکەوت هەر بۆ بنکەی تەندروستی سوودی لێوەرنەدەگیرا بەڵکو بۆ دانانی ئامێری بێ تەل و میوان داری و ، کۆبوونەوەو پشوودان ) .

دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ، دروستبوونەی شەڕ لەگەڵ حکومەتدا دیسان ئەشکەوتەکانی خۆشناوەتی کەوتنەوە خزمەتی مرۆڤایەتی و ، شۆڕش و خەڵکەکەی بەتایبەتی لە کاتی کیمابارانکردنی شێخ وەسان و ، مەلەکان چەندین ئەشکەوت کرانەوە شوێنی حەوانەوە بریندارەکان و ، پشوودانی پێشمەرگەو دانانی بنکەی تەندروستی لەناویانداو چارسەری برینداو زامدارەکان کە گەورەترین ڕۆڵیان دەگێرا لە خزمەتکرد ن و خۆپارێزیدا ، بۆیە ئەشکەوت و کوردو شۆڕش و ، کوردایەتی هەمیشە ئاوێتەی یەکتر بوون و ئەشکەوت لای خەڵکی کوردستان پیروزەو هەموومان قەرزاری ئەشکەوتەکانی کوردستانین ، هەروەها ئەشکەوتەکان لە دوای شۆڕشی ئەیلول و هێرشی حکومەتی عێراقی بۆ سەر گوندەکانی کوردستان و ، گەڕان بە دوای چەك و تەقەمەنی بوونەتە شوێنی شاردنەوەی چەك و لە دەست بەسەراگرتنیان لە لایەن جکومەتەوە ، بۆیە باشترین شوێنی پارێزراو دەست نەگەیشتن بە چەکی خەڵك ئەشکەوتە سەختەکان بوون ، هەروەها کاتێك شۆڕشی نوێ هەڵگیرسایەوە حکومەتی عێراقی ڕاوە ژنە پێشمەرگەیان دەکرد لە پێناوی سەلامەتی خۆیان خێزان و خانەوادەی پێشمەرگە لە ئەشکەوتەکانی کوردستان خۆیان حەشار دەداو ، بەعس نەیدەتوانی دەستیان بگاتێ ، هەروەها خاوەن ئاژەڵدارەکان لە بارانی بەهاران و سەرمایی پایزان هەمیشە ئەشکەوتیان بەکار هێناوە ، لە ناوچەی خۆشناوەتی بۆیە ئەشکەوت و کونە شاخ و بن بەردەکان هەمیشە شوێنی حەوانەوەی خەڵکەکەی بووە لە کاتە ترسناکەکان و کاتە مەترسیدارەکان و کاتە پێویستیەکاندا .

★ سەرچاوەکان .

بۆ ئەم بابەتە سوود وەرگیراوە لە .

کتێبی (شنەی باڵان) لە نووسینی کەریم عەبدوڵلا هەرتەل .

چاوپێکەوتنەکانی خۆم لەگەڵ ئەو ناوانەی لە نووسینەکدا ئاماژەیان پێداروە .

سوودیش وەرگیراوە لەم کەسایەتیانە ( م. سەلام حەیدەری ، حاجی قادری سۆی عەولای ، حاجی ئەحمەد کاکەسێن ، باوکی ڕەحمەتیم ، عوسمانی مەلای ، حاجی قادر بەگ و کوێخا حەسەنی زێوە ) .

# هەڵتەکاندنی شوێنەوارەکان، شێواندنی رابردووی نەتەوەیەکە

محەممەد جەمال توتمەیی

شوێنەوار، واتا مێژوو، رابردووی نەتەوە، بەشێکی هەرە گرنگی مێژوو لە پاشماوەو شوێنەوارەوە سەرچاوەی گرتووە.

شوێنەوار دووجۆری هەیە:

١-گواستراوە : بریتیە لەو پارچە شوێنەوارانەی کەوا دۆزراونەتەوە و هەڵگیراونەتەوە، بۆ گواستنەوە ئاسانن و قورس نین،بەسانای دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی ئەمین و دوور لە دزین و تالانی، لەژێر دەستی دەستەڵات دایە، لەمۆزەخانەکان داندراون، کەمتر مەترسیان لەسەر بە لەناوچوون، تەنها لەکاتەکانی گۆڕانی دەستەڵات و رووخانی حکوومەت ئەو مەترسیان لەسەر کەوا بەتاڵان ببردرێن.

٢-نەگواستراوە: یان جێگیر،ئەو جۆرەیان بریتین لە لەو پاشماوەو شوێنەوارانەی کەلە شاخ و تاشەبەردی گەورەو یان لەناو ئەشکەوتدا نەخشێندراون، لەبەر سەختی هۆی قورسی پارچەکە، ناتواندرێ بگوازرێتەوە، بۆیە ئەو جۆرەیان زیاتر مەترسی شێواندن و بنکۆڵکردن و تێکدانیان لەسەر هەیە.

هەندێ جاریش بەهۆی کارەساتە سروشتیەکانی وەکوو لافاو و چەنەو بوومەلەرزە، مەترسیان دەکەوێتە سەر.

ئەوەی لەسەر حکومەتە پاراستنی تەواوی شوێنەوارەکانە، بە تەڵبەندکردن نووسینی ئاگادار کردنەوەی هاوڵاتیان کە دەستکاری ئەو شوێنە نەکەن، چونکە شوێنێکی ئەسەریەو تکایە بی پارێزن، ئەوەیان زیاتر بۆ گردە ئەسەریەکانە یان گومان هەیە کەوا شوێنەواربێ، هەروەها ئاگادار هاونیشتمانیان بکرێتەوە کەوا کەس بۆی نیە ئەو شوێنە بکاتە شوێنی نیشتەجێ بوون و یان کاری چاندن و کشتوکاڵی لەسەر بکات، چونکە دەبێتە هۆی تێک چوونی سروشتی شوێنەوارەکە.



بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانیە، کۆمەڵە کەسێکی نەفس نزم هەڵدەستن بە لێدان و هەڵکەندنی هەر شوێنێک کە گومانی شوێنەواری لێبکرێ، وەشێواندنی شوێنە ئەسەریەکان، بەتایبەتی شوێنەوارەکانی دەڤەری خۆشناوەتی کەبەشێکی زۆریان وێران کردوون، وەکوو (ئەشکەوتی نیشاو، ئەشکەوتی ساریج، ئەشکەوتی بالوکاوە، ئەشکەوتی کونەبا، ئەشکەوتی رازووکان، تەختی ساریج، بیری ساریج، قەراتە کافر،کوپکی زیندان، قەبرەجوو، گابرە......هتد).بەمەش بەشێکی زۆر ئەو شوێنەوارانەیان هەڵتەکاندوون و شوێنەوارێکی زۆرمان لەدەست چوو.

دوا وتەم بۆ گرووپی شاخەوانیەکانە:

هەروەک ئاگادارن و بەتایبەتی لە سۆشیال میدیا، کۆمەڵێکی زۆری گەنجان لەزۆر ناوچەو دەڤەر گرووپیان پێک هێناون، دەچنە سەر چیاکان و سەر شوێنە سەختەکان، تابڵێی کارێکی باشە بۆ تەندروستیتان و هەم بۆ بینینی ئەو سروشتە جوانەی وڵاتەکەمان،بەڵام خۆ دەشتوانن لەگەڵ رۆیشتنتان بۆسەر هەر شاخێک چاو بگێڕن لە تاشەبەردەکان، بۆ دۆزینەوەی پاشماوەو نووسین و هەڵکەندراو و نەخش و نیگار، ئەوا وێنەی بگرن و هەرزووش فەرمانگەی تایبەت بە شوێنەوار لێ ئاگادار بکەنەوە، بەڵام (ئاممان) نەکەن لە سۆشیال میدیا بڵاوی بکەنەوەو شوێنەکەی دیاری بکەن، چونکە دڵنیام هەرزوو ئەو کۆمەڵە دزو جەردەیە خۆیان دەگەیەننێ..

# جارانی دۆڵی بالیسان و تاوانی شازدەی چوار و لێکەوتەکانی...



**بەختیار حەمەدەمین بێتواتی**

شانزەی چوار تاوانێکی لەبیرنەکراوە لای ئێمەی گەلی کورد، بەتایبەتی خەڵکی دەڤەری خۆشناوەتی، زوربەی کاتەکان ئەم ڕێککەوتە لە بیر و هۆشماندایە و زۆر بە ئازار و بە سۆیە، تاوانێك بوو زیانی زۆری پێ گەیاندین، ئێمە لێرەدا باسی دەڤەرەکە دەکەین پێش تاوانەکە و کاتی تاوانەکە و دوای تاوانەکە...

ژیان و گوزەرانی خەڵکی دۆڵی بالیسان پێش تاوانەکە وەکو:

1ـ دۆڵی بالیسان پتر لە سی گوندی لەخۆگرتبوو و ئاوەدانیەکی زۆری پێوەدیار بوو و خەڵکەکە بە دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیانەوە خەریك بوون.

2ـ تەندروستی خەڵکەکە لە ئاستێکی باشدابوو، تەمەنێکی درێژ و تەندروستییەکی باشیان هەبوو، زۆربوون ئەوانەی کە تەمەنیان دەگەیشتە سەد ساڵ.

3ـ خێزانەکان تۆکمە و بەیەکەوە بوون و ئەندامانی هەرخێزانێك بەیەکەوە لە خانویەکدا دەژیان و سەرۆك خێزان سەرپەرشتی هەموویانی دەکرد، جاروابوو دووسێ خێزان لەیەك خانودا دەژیان.

4 ـ خانوەکانی هەرگوندێك کە سیمایەکی کوردەواریيان پێوە دیار بوو، لەلایەن وەستا (بەننا) کانی دەڤەرەکەوە لە بەرد و خشت دروستکرابوون و سەرپۆشیان دارەڕێ و گڵ بوو.

5ـ خوێندن و خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە برەودابوو و حوجرە و خوێندنگاکان جمەیان دەهات و خەڵکێکی زۆر بە تامەزرۆ و پەرۆشەوە بە خوێندن و خوێندنەوەوە سەرقاڵ بوون.

6ـ لاوك و بەستە و بەند و گۆرانی و حەیران گوتن و شمشاڵ ژەنین و دەف لێدان و چیرۆك و بەیت گوتن و...هیتد، لە برەو سەندن دابوو و ڕەسەنایەتی کوردی تەواوی لەخۆگرتبوو، ئەوکات هونەر و وێژە تام و چێژی کوردەواری شێوە ئاخاوتنی دەڤەرەکەی لە باوەش گرتبوو.

7 ـ خەڵکی دەڤەرەکە بە زمانی پاراوی کوردی دەئاخاوتن و هەرگوندێك شێوە ئاخاوتنی خۆی هەبوو، کە بە چەند وشەیەك و چەند دەربڕینێك لە ئاخاوتنی گوندەکەی دراوسێی جیادەکرایەوە، لە وتە و مەتەڵ و بەیت و هۆنراوە و لاوك و بەندەکاندا هەستی پێدەکەین کە ئەم بەرهەمە خەڵکی کامە گوند دایناوە.

8 ـ زۆر بوون ئەو دەستنوسانەی کە لەلایەن مەلا و خوێندەوارەکانی تری دەڤەرەکەوە نوسرابوون، وە زوربەیان تایبەت بوون بە بواری ئاینی، ئەوانی تریش لە بواری هونەر و وێژە و مێژوو و زۆر بابەتی تر نوسرابوون.

9 ـ خەڵکی دەڤەرەکە گەورە و بچوك منداڵ و ژن و پیاو هەموویان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردییان دەپۆشی، گەر کەسێك لە خەڵکی دەڤەرەکە جلوبەرگی بێگانەی پۆشیبایە گاڵتەی پێ دەکرا.

10 ـ زوربەی کەلوپەل و پێداویستیەکانی نێوماڵ و کارکردن لەلایەن چەند پیشەساز و دەست ڕەنگینی دەڤەرەکەوە دروست دەکران، ئەوەی پێیان دروستنەکرابایە، دەچوون لە شارەکانی دەوروبەر بەتایبەتی شاری (کۆیە) دەیانکڕی و دەیانهێنایەوە گوندەکانیان.

11 ـ بەروبومی کشتوکاڵ و ئاژەڵەکانیان دەبرد لە شارەکانی دەوروبەر دەیانفرۆشت و پێداویستیەکانی تری خۆیان پێ دەکڕی، یان بازرگانەکانی شارەکان دەهاتن و لە گوندەکانی دەڤەرەکە بەروبوومی خەڵکی گوندەکانیان دەکڕی و بە وولاغ بەرزە یان ئۆتۆمبێل دەیان بردەوە بازارەکانی شارەکان و لەوێ دەیانفرۆشت.

12 ـ گیانی هاوکاری لەناو خەڵکی گوندەکان لە ئاستێکی بەرزدابوو، تا ئەو ئاستەی بەهەرەوەز (زبارە) کارەکانیان ڕادەپەڕاندن، لەکاتی کارەهەرەوەزیەکانیاندا، هونەر دەورێکی گرنگی هەبوو، بەندگوتن و شمشاڵ ژەنین و قسە و گاڵتەوگەپی خۆش جێی خۆی کردبووەوە و گرۆتینی بەهەرەوەزەکان بەخشی بوو، لە هەندێك هەرەوەزدا، بەتایبەتی گەنم درون و توتن پێوەکردن، ژن و

پیاوو کوڕو کچ بەیەکەوە کاریان دەکرد.

13 ـ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی بەرز دابوون، خەڵکەکە لە پرسە و بۆنە و ئاهەنگ و زەماوەندەکاندا لەگەڵ یەکتریدا بوون و شەوانەش گەڕان و سەردانی یەکتریان دەکرد و شەوی واهەبووە کە خەڵکی گەڕەکێك یان گوندێك زوربەیان لە یەك ماڵ دانیشتوون و یاری و قسەی خۆشیان کردون و چیرۆکیان گێڕاونەتەوە.

14 ـ خەڵکی دەڤەرەکە زوربەیان باروگوزەرانیان لە ئاستێکی باشدابوو و پشتیان بە دەست و بازووی خۆیان بەستبوو و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی دەستییان دەکرد و جەستەیەکی چالاکیان هەبوو.

15. لەڕووی نەتەوە و ئاینەوە، هەتاکو (1950) لە دۆڵی بالیسان (جوو و موسڵمان) دەژیان، جووەکان بەنەتەوە ئیسرائیلی بوون و موسڵمانەکانیش کورد بوون، دوای کۆچکردنی جووەکان، تەنها کوردە موسڵمانەکان لە دەڤەرەکەدا مانەوە.

16. ئەو دەڤەرە شوێن و پەناگای چەند پارتێکی کوردی بوو، وەکو (شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و شۆڕشی گولان)، کە چەندین بنکەیان لە دەڤەرەکە بوون، خەڵکی ئەو گوندانە هاوکاری زۆری پێشمەرگەیان کرد و زوربەی کاتەکان لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان لە ترسی تۆپباران و بۆمببارانی فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق.

هەموو ئەو بوارانەی لێرەدا باسمان کردن، وە چەند بوارێکی تریش، هەوڵدەدەین لە پەرتوکێکدا بەناوی (خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەمدا ـ بەرگی سێهەم) بە دوور و دێژی باسبکەین، کە لە ئێستادا لە بەچاپکەیاندن نزیك بووەتەوە...

تاوانی شانزەی چواری هەزار و نۆسەد و هەشتاو حەوت، کە لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی حکومەتی عێراقەوە خەڵکی (دۆڵی بالیسان) بە بۆمبی کیمیاوی بۆمب باران کران ، چەندین لێکەوتی خراپی بۆ خەڵکی دەڤەرەکە لێکەوتەوە وەکو:

1 ـ خەڵکێکی زۆر گیانیان لە دەستدا و ژمارەی دانیشتوان ڕووی لە کەمی کرد.

وە خەڵکێکی زۆر زامدار و پەککەوتەبوون و زۆرن ئەوانەی هەتاکو ئێستاکەش کاریگەری ئەم کارەساتەیان لەسەرماوە، وە کەمن ئەوانەی تەمەنیان دەگاتە سەد ساڵ، ئەم تاوانە بووە هۆی ئەوەی دۆڵی بالیسان دوای تاوانەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەتاکو ڕاپەڕینەکەی بەهاری (1991) بە چۆڵەوانی بمێنێتەوە، بەجۆرێك بەبینینی هەرگوندێك مرۆڤ دەتاسا.



2. ئەوانەی لە ژیاندا مابوون کەوتنە شار و کۆمەڵگا زۆرەملێکان، لەوێ لە دۆخێکی بێکاری و هەژاری و بێ پارە و داهات و پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی ڕوویدا و خێزانەکان پەرت و بلاّو بوون و زوربەیان لە غەریبی و دوور لەیەکتری بە کولەمەرگی دەژیان.

3. ژمارەیەکی زۆر باڵندەو ئاژەڵ و زیندەوەرانی تری کێوی و ماڵی کە لە دەڤەرەکەدا دەژیان و دیمەنێکی جوانیان بە دەڤەرەکە بەخشی بوو، بوونە قوربانی ئەم تاوانە.

4. سروشتی جوانی دەڤەرەکە کە گژوگیا و چەندین جۆر درەختی سروشتی و چنراوی لەخۆگرتبوو، بۆماوەی چەند ساڵێك شێواو جوانی خۆی لەدەست دا.

5. بۆن و گازی خنکێنەری تاوانەکە، لەگەڵ هەواوی پاك و ئاوی کانیاوە سازگارەکان تێکەڵ بوو و بۆ ماوەی چەند ساڵێك کاریگەریەکی خراپی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت و ژینگەکە لەبارنەبوو بۆ ژیانکردن تیایدا.

6. خانوەکان بە حوجرە و خوێندنگاکانیشەوە، بە هۆی چۆڵبوون و خزمەت نەکردنیان تەپین و وێران بوون، کە دەکرێ هەر یەکێکیان دەستنوس و کەلەپورێکی زۆریان لەناودابووبێت و ئەوانیش لەناوچوون، گەر ئەم تاوانە ڕووی نەدابایە و هەتاکو ئێستاکە بمابان سودێکی زۆر و بەبایەخی بۆ دەڤەرەکەمان دەبوو.

7. دوای تاوانەکە بە دەگمەن نەبێ، خەڵکەکە ئەوانەی لە ژیاندا مابوون بەرهەمێکی فۆلکلۆری هاوشێوەی پێشویان نەهێناوەتە بوون.

ئێمە لێرەدا بە کورتی باسی لێکەوتەکانی ئەم تاوانەمان کرد، گەربێت و هەموو لێکەوتەکان بە دوور و درێژی باس بکەین، ئەوا پێویستە پەرتوکێك تەرخان بکەین بۆ ئەو باسە...

# هەورێ پرێس وەک یەکەمین دیجیتاڵ میدیا لە سنووری خۆشناوەتی




ئامادەکردنی
گۆڤاری 4/16




نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر کۆمەڵێک گەنجی خەمخۆری سنووری خۆشناوەتی یەکەمین دیجیتاڵ میدیاییان لە سنووری خۆشناوەتی بە ناوی (هەورێ پرێس) دامەزراند. بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون گۆڤاری 4/16 بە پێویستی زانی راپۆرتێک سەبارەت بەم دیجیتاڵ میدیاییە ئامادە بکات. لەم بارەوەیەوە هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی بەرپرسی دیجیتاڵ میدیایی هەورێ پرێس ئاماژەی بەوە دا کە کۆمەڵێک گەنجی خۆشناوەتی بە هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر سنووری خۆشناوەتی لە 2023/5/14 یەکەمین دیجیتاڵ میدیاییان دروستکرد بە ناوی (هەورێ پرێس)، بۆ زیاتر خزمەتکردنی خۆشناوەتی بە گشتی و رووماڵکردن و بە ئەرشیفکردنی هەموو ئەو باس و خواسانەی کە راگەیاندنی کوردی لای لەم دەڤەرە نەکردووەتەوە هەروەک ووتیشی بۆ زیاتر ناساندن و دەرخستنی ئەو جوانیانەی لە دەڤەرەکەدا هەن.

لە بارەی ئەوەی پێتان وایە لە نێو ئەو هەموو جەنجاڵی میدیاییەی هەیە لە کوردستان ئێوە دەتوانن کارێکی جیاواز بکەن؟

ناوبراو ووتی: بەڵێ دەتوانین و کاری جیاوازیشمان کردووە، کاری هەورێ پرێس خزمەتکردنی خۆشناوەتییە بە هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان، ئێمە چەندان کارمان کردووە دواتر دەزگا راگەیاندنە گەورەکان لاسایی کاری ئێمەیان کردووەتەوە و کارەکەیان گەورەتر کردووە، بۆ نموونە (مەلا ئەبووبەکر –سیساوەیی – خۆشناو) دە مانگ بەر لەوەی لە کوردستان قسە لەسەر ئەم زانایە بکرێت و چۆنیەتی چوونیان بۆ باشووری ئەفریقیا روونبکرێتەوە ئێمە لە هەورێ پرێس راپۆرتێکی تێروتەسەلمان لەم بارەوە بڵاوکردووەتەوە. بەشێک لە کارەکانمان دوای چەند رۆژێک نموونەی دەبنین لە میدیایی کوردی.

لەبارەی سپۆنسەری دیجیتال میدیای هەورێ پرێس هاوکار عەبدوڵلا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد

که هیچ کەس پاڵپشتی ماددیان ناکات، وە ئەوانیش تا ئێستا داوایان لە هیچ لایەن و کەسایەتی نەکردووە بۆ ئەوەی سپۆنسەری کارەکانیان بکات, هەروەک ووتیشی: داوامان نەکردووە بە مانای ئەوە نایەت ئێمە پاڵپشتی ماددیمان پێویست نییە، بەڵێ زۆریش پێویستمانە، چونکە نزیکەی 10 گەنجی خۆ بەخش لە زۆربەی سنووری خۆشناوەتی ئینجا کارەکەیان زۆر یان کەم بێت بۆ هەوری پریس کاردەکەن. ئەو گەنجانەش کاتێک کارێکی میدیایی دەکەن و ماندووبوون و مەسروفییان پێویستە بۆ ئەوەی کارێکی جوان ئەنجام بدرێت، هەندێکجار دوورە و ئۆتۆمبێل بەکاردێت، بە داخەوە ئێمە نەمانتوانیوە تەنانەت مەسروفی بەنزینەکەشیان بدەینەوە. لێرەدا ڕەنگە نەتوانین هەموو ئەو کارانەی حەزت لێیە و پێت باشە بۆ خزمەتکردنی خۆشناوەتی بیکەین چونکە بە خۆبەخشی هەموو شتێک ناکرێت. ئەوەندەی هەیە ئێمە لەسەر ئەرکی خۆمان کارەکانمان ڕاپەڕاندووە، ئەو ئامێرە سادانەمان کریوە کە کاری دیجیتاڵ میدیایی پێ ئەنجام دەدرێت.

بۆیە لێرەوە ڕادەیدەگەیەنین هەرکەسێک ئامادەیە بێ مەرج پاڵپشتی ماددیمان بکات بە سوپاسەوە ڕەتی ناکەینەوە و دیجیتاڵ میدیایی هەوری پریس بەهێزتر دەکەین.

لەبارەی پرۆژەی داهاتوویان باسی لەوە کرد کە دەیانەوێت ئەرشیفکردنی میدیایی بۆ هەموو ئەو شتانە بکەن کە تا ئێستا لە سنووری خۆشناوەتی کاری لەسەر نەکراوە. هەروەک ئاماژەی بەوە دا کە ئەوە تاقەت و وزەی زۆری دەوێت بەڵام هیچ شتێک محاڵ نییە و دەتوانن ئەنجامی بدەن. ووتیشی لە داهاتوودا کار لەسەر هەندێک بەرنامە دەکەین کە لایەنە ونەکانی خۆشناوەتی دەربخات. خەڵکی بازرگانیشمان زۆرە هیوادارین بێنە ژێر بار و سپۆنسەری کارەکانمان بکەن،چونکە هەروەک خۆتان دەزانن بینەری بڵاوکراوەن گەلێک زۆرن، تەنانەت فیدیۆ هەبووە 500 هەزار بینەری تێپەڕاندووە.

جێ ی ئاماژەیە ئێستا دیجیتاڵ میدیا و سۆشیال میدیا پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە، وەرزێکی گرنگ دەگێڕن لە ناساندن و بە دۆکیۆمێنت کردنی مێژوو و کەلتورو ڕووداوەکانی ڕۆژ... هەوری پریس جگە لە گواستنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژی خۆشناوەتی گرنگیەکی زۆریشی داوە بە ناساندن و بە ئەرشیفکردنی مێژوو و کەلتوری خۆشناوەتی، هەروەک کاری زۆر باشیش لەسەر نوسەرو شاعیرانی سەردەمی زووی ئەم ناوچـــــــــــــــــــــەیە کراوە.









# ژینگە

با ئیکۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسێنین.......................................ل106

ژن و ژینگە.............................................................................................ل108.

تێکدانی ژینگەی کوردستان بەناوی جەنگەوە لە ڕوانگەی یاسایی نێودەڵەتی.............................................................................................ل110

سیاسەتی حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر ژینگەی باشووری کوردستان..........ل111

لە وەرزی بەهارەوە بۆ وەرزی مەرگ.........................................................ل115

16ی14 ئەو ڕۆژەی خۆشناوەتی مرۆڤ و ئاژەڵی کۆمەڵکوژ کرا...............................................ل118

ژیان لەگەڵ چەکی کیمیاوی..........................................................................ل119

# با ئیکۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسێنین



عەبدولڕەحمان سدیق*

**لەم ڕۆژەو لەم یادەدا باشترین وەڵام ئەوەیە هەموومان لەپاراستنی ژینگەو چاککردنی وەک ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆیی**

بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی (16)ی نیسانی هەموو ساڵێک کرایە ڕۆژی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی کیمیابارانکردنی (بالیسان) و (شێخ وەسانان) لە (1987/4/16)دا.

تەنها وەک بیرخستنەوە زۆربەمان ئاگاداری جۆری ئەو تاوانانەین کە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندوون، وەک: تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، تاوانی پەلاماردان و هەڵگیرساندنی ناڕەوایانەی جەنگ و تاوانەکانی دژ بـــــــــــه مرۆڤایەتی. ئەم تاوانانە ئەگەر لێیان ورد ببینەوە، دەبینین ئەو تاوانانەن کە دژ بە خودی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کراون، یان دەکرێن، بەڵام زۆر گرنگە ئاگاداری جۆرێکی دیکە لە تاوان بین، کە دژ بە ژینگەی مرۆڤ دەکرێت، ئەویش تاوانی ئیکۆسایدە واتە قڕکردن و لەنێوبردنی خودی ژینـــــــگە و پێکهێنەرەکانی.

سێزدە ساڵ لەمەوبەر بە کورتی لە گۆشە تایبەتەکەی خۆم لە لاپەڕە حەوتی ژمارە (164)ی هەفتەنامەی ڕووداو، لە ڕێکەوتی (2011/5/30) ئاماژەیەکی خێرام بەم باسە کرد، ئێستاش لە یادی سی و حەوت ساڵەی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان کە بۆ یەکەم جار ڕژێمی بەعس چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دژ بەخەڵک و دانیشتوانی کورد بەکارهێناو بەهۆیەوە سەدان هاووڵاتی بێ تاوان شەهیدوبریندار بوون ، پێم باشە لێرەدا جارێکی دیکەش هەندێ زانیاری لەسەر چەمکی ئیکۆساید بنووسم.

چالاکوانانی بواری ژینگە لە بەریتانیا لە هەوڵی ئەوەدان کە گوشار بخەنە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی وێرانکردنی سیستمی ژینگە و بەکارهێنانی لە ڕادەبەدری هێز و توندوتیژی دژ بە پێکهێنەرەکانی ژینگە بە تاوانی نێودەوڵەتی بێنە ژمار، بە ئیکۆسایدیش بێنە ناولێنان، یەکسانیش بکرێت لەگەڵ جینۆساید و ، تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ و، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، ئەوساش لە دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا دەبێت کە لەم تاوانە ژینگەییانە بکۆڵێتەوە، زیانلێکەوتووانیش لەتوانایاندا دەبێت کە داوای یاسایی بەرز بکەنەوە.

ساڵانێکی زۆر خانمی مافناس پۆلی هیگینز لە پێشەنگی ئەم هەڵمەتەدا بوو ، لەو باوەڕەشدا بوو کە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم هەنگاوە گرنگە بنێت ، ئەوا کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر ئەو کۆمپانیا پیشەسازییانەی کە بە

وێرانکردنی ژینگە لە زۆر وڵاتدا تۆمەتبارن.

کورتەی ئەم هەنگاوەش ئەوەیە کە ئیکۆساید وەک جۆری پێنجەم لە جۆرەکانی تاوانی دژ بە ئاشتی بێتە ژماردن لەپاڵ ئەو چوار جۆرە تاوانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندوون، کە ئەوانیش تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، تاوانی پەلاماردان و هەڵگیرسانی ناڕەوایانەی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتین.

ئەم پێشنیارەش کە پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، داوای قەرەبووکردنەوە بۆ رووەک و زیندەوەران دەکات کە لە حاڵەتی لەناوچوونیان بەهۆی چالاکییە وێرانکارییەکانی مرۆڤەوە دوچاری زیان بوونەتەوە ، کە بۆ پەسەنکردنی لەداهاتوودا پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی ئەندام هەیە، ئەوساش ئەم برگە یاساییە رۆڵی دەبێت لە دانانی سنوورێک بۆ ئەو تاوانبارانەی کە دەڵێن لە کارەکانی ئێمەدا مرۆڤ زیانی پێ نەگەیشتووە، بەڵکو تەنیا رووەک و زیندەوەر و ژینگە زیانی لێکەوتووە.

رووەک و زیندەوەرەکان رۆڵێکی گەورەیان لە راگرتنی هاوسەنگیی ژینگەییدا هەیە، لە حاڵەتی تێکچوونی ئەم هاوسەنگییەشدا ژیان و ژینگە رووبەڕووی هەڕەشە و کارەساتی گەورە دەبنەوە.

دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان رێکخراوێکی هەمیشەیییە و کار دەکات بۆ دانانی سنوورێک و رێگرتن لەو بۆچوونەی کە پێیوایە، دەکرێت مرۆڤی تاوانبار لە سزاوەرگرتن دەرباز بێت.

هەروەها دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان تاکە دەستەیەکی سەربەخۆی دادوەرییە کە پاڵپشتییەکی جیهانییانەی لێ دەکرێت، بۆ بە سزاگەیاندنی تاوانباران، لە رووی کارمەند و بودجەشەوە سەربەخۆیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە رێگەی رێککەوتنێکی یاساییشەوە هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا هەیە. بۆیە لەم رۆژەو لەم یادەدا باشترین وەڵام ئەوەیە هەموومان لەپاراستنی ژینگەو چاککردنی وەک ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆیی بڕوانین ، لە هەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەک ئەرکی تاک و کۆمەڵگەشە لە هەمان کاتدا.

ئێمەش کە بەشێکین لەم دنیایەو لەسەر یەک خاک دەژین و یەک چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەریەکێکمانە لە پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیداو لەبەرنامەی ژیانیدا جێگەی شیاو بۆ ژینگە تەرخان بکات.

بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە دەوڵەت و هەرێمەکانی جیهان دەکات کە رۆژی نیشتمانی و هەرێمایەتیش دیار بکەن بۆ ژینگە لەپاڵ هەبوونی رۆژی جیهانی بۆ ژینگە ، بۆ ئەوەی تیایدا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نیشتمانی، لە پێناوی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن.

*سەرۆکی دەستەی پاراستن و ژینگە



# ژن و ژینگە



نەرمین عوسمان

لە ئێستادا جیهان لەبەردەم گەورەترین مەترسی ژینگەییدایە، ئەویش پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوایە. کاتی ئەوە هاتووە هەر شتێک بە هەند وەربگیرێت کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی پیسبوونی. هێشتا دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی نەوەیەکی هۆشیارتر پەیدا ببێت کە خاوەن ئیرادە بێت بۆ پاراستنی ژینگە، هێشتا باشترین ڕێگەیە و دەرفەت لەبەردەستە بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی تەندروست و دوور لە پیسبوونی ژینگە. بۆ هەموومان گرنگە لە تەمەنێکی بچووکەوە لە ڕێگەی دایک و مامۆستاوە دەست بکەین بە فێرکردنی منداڵ، گەنج و گەورەکان، بەتایبەتییش ژنان، دەربارەی سروشت و ژینگە و چۆنێتی پاراستنیان.

بەهێزکردنی تواناکانی ژنان و پاڵپشتییان بە مەبەستی پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو لەسەر پراکتیزەکردنی شێواز و بەرنامەیەک بەرەو ژینگەیەکی تەندروست و پاراستنی و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی سامانە سروشتییەکان؛ کارێکی زۆر پێویستە.

ژن و ژینگە، بۆ ماوەیەکی زۆر بە دوو بابەتی جیاواز مانەوە، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێکەڵکردنی ژنی بە پرسە ژینگەییەکان و کەشوهەوا بەپێویست زانی، کە گرنگییەکی بێسنووری هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی پیسبوون و گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان لەسەر تەندروستی و ئابووری دروستیان کردووە، کە بەربەستێکی سەرەکی پێک دەهێنن لەبەردەم ئامانج و گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام.

ژن و ژینگە، دووانەیەکی دانەبڕاون لە یەک، چونکە ژن سەرپەرشتیاری خێزانە، بەڕێوەبەری کاروباری ماڵە، دایکە و مامۆستای نیوەی کۆمەڵگایە، ئەمەش وای لێ دەکات ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە ئاراستەکردنی ڕای گشتی و



**هۆشیاریی ژینگەیی ژنان، بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ کۆمەڵگەیەك کە پراکتیزەی ژینگەیی تەندروست بگرێتەبەر و ئارەزووی گۆڕینی رەفتاری تاکەکان دەکات**

کۆمەڵگەدا. ژنان کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پرسەکانی ژینگە، رۆڵی بنەڕەتی و گرنگیان هەیە لە پاراستنی ژینگەیەکی تەندروست و پاراستنی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی، هەم لە زیانەکانی پیسبوونی ژینگە، هەم لە پاراستنی ژینگەدا.

ژنان بەرپرسیارن لە کەمبوونەوەی بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکانی وەک: وزە و ئاو، هەروەها رۆڵێکی پەروەردەیی ژینگەیی گرنگتر دەگێڕن، کە بریتییە لە رێنماییکردنی منداڵان و ئەندامانی خێزان لە بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو، هەروەها ئاراستەکردنیان بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی دروست بۆ سوودوەرگرتن لە ئاو و وزە و بەفیڕۆنەدانیان، ئەمە جگە لە رۆڵیان لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی خۆراکی لەنێو ئەندامانی خێزان و کاردانەوەکانی ئەو هۆشیارییە لەسەر تەندروستیی کۆمەڵگە و تاک و خود و راستکردنەوەی بارە لارەکەی و هەڵبژاردنی رێگە راستەکەی ژینگەیەکی تەندروست، بەڵام ئەم رۆڵە گرنگەی ژنان کە دەتوانن و دەبێت بیگێڕن؛ ئەگەر تواناکانی خودی ژنان بەرز نەکرێتەوە و هۆشیاریی تەواویان نەبێت دەربارەی پرسەکانی ژینگە و چۆنێتی پاراستنی، ئەوا ناتوانن پێی هەستن. بەهێزکردنی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان، وایان لێ دەکات رۆڵێکی بنەڕەتی لە پرسە ژینگەییەکاندا بگێڕن. هۆشیاریی ژینگەیی ژنان، بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ کۆمەڵگەیەک کە پراکتیزەی ژینگەیی تەندروست بگرێتەبەر و ئارەزووی گۆڕینی رەفتاری تاکەکان دەکات، بەو پێیەی گۆڕینی رەفتاری تاک لە شێوازی مامەڵەکردنی خێزان لەگەڵ ئەو سامانە سروشتییانەی کە لە ماڵەوە بەردەستن، وەک: ئاو، خۆراک، وزە و هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگە، ئەویش بە کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانیان، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خاشاک و بەم شێوەیەش پیسبوونی ژینگە کەم دەبێتەوە.

# تێکدانی ژینگەی کوردستان بەناوی جەنگەوە لە ڕوانگەی یاسایی نێودەڵەتی



دارا موحەمەد*

**ژینگەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی وێرانکاری گەورە بۆتەوە بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ دوای ڕاپەڕین ئەوەی پێویست بو بکرێ تۆمارکردنی سکاڵا بو لەسەر حکومەتی عیراق و ئەو کۆمپانیایانەی کە چەکیان داوە بە ڕژێم کە تا ئیستا نەکراوە!**

جەنگەکان بە درێژایی مێژوو ژینگەیان وێران کردوە، هەر ئەو کارەش بوە کە ئاینە ئاسمانیەکان و وە بەبەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وە دواتریش یاسا نێودەوڵەتیەکان ڕێگر بوون لە تێکدانی ژینگە و سنووریان بۆ جەنگەکان داناوە.

لە یاسای نێودەوڵەتی سەرەتا لە جاڕنامەی (سان پیتەر بورگ) لە ساڵی ١٨٦٨ باس لە پاراستنی خەڵکی سڤیل و ڕێگرتن لە بەکار هێنانی چەکی کۆمەڵکوژ کراوە.

دواتر ڕێکەوتننامەی لاهای بۆ جەنگی وشکانی لە ساڵی ١٩٠٧ بەرونی چەکی کۆمەڵکوژو وێرانکەری قەدەغە کردوە، دواتریش دەیان ڕێککەوتنناموەو بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان وئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە قەدەغەکرنی چەکی ئەتۆمی و بایولوجی و کیمیاوی و کۆمەڵکوژ دەرچوە.

هەرچەندە ئەو بڕیارانە نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە بەکارهێنانی بەڵام زۆر جاریش سنورێکی بۆ داناوە.

بۆ یەکەم جار ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی عیراقی ناچارکرد کە قەرەبوی کوێت بکاتەوە لەپای پیسبونی ژینگەکەی کە بە هۆی سوتانی سەدان بیری نەوتەوە بو لە ساڵی ١٩٩٠_١٩٩١

کەتا دوای ڕوخانی ڕژێمیش حکومەتی عیراق ناچار کرابو کە ئەو پارانە بدات بە کوێت.

ژینگەی هەرێمی کوردستان ڕوبەڕووی وێرانکاری گەورە بۆتەوە بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ لە زۆربەی ناوچەکان بە هۆی شەڕی ئیران - عێراق و پەلاماری ڕژێم بۆ سەر گوندەکانی کوردستان بە ناوی لێدانی پێشمەرگە، وەک نمونەی کیمیا بارانی هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان و ناوچەکانی تر، کە تا ئێستا مەترسیەکانی هەر ماون وە دەیان تیمی نێودەوڵەتی ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەوەی پێویست بو بکرێ تۆمارکردنی سکاڵا بو لەسەر حکومەتی عیراق و ئەو کۆمپانیایانەی کە چەکیان داوە بە ڕژێم کە تا ئێستا نەکراوە!

پێویستە تیمێکی تایبەت بە پشتیوانی حکومەتی هەرێم ئەو کارە بکات تا ناوچە زیان لێکەوتوەکان قەرەبو بکرێنەوە، بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان کە ئەوە جگە لە قەرەبوی ئابوری و ژینگەیی دانپانانێکی ڕەسمی دەبو بۆ ناسندنی ئەو تاوانە کۆمەڵکوژیەی بەرامبەر بە ژینگەو خەڵکی کوردستان کراوە.

*وەزیری پێشوتری ژینگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

# سیاسەتی حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر ژینگەی باشووری کوردستان





ئەحمەد محەمەد مەولود

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک یاسای نێودەوڵەتی هەن و، عێراق تیایاندا ئەندامە و باس لە پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان و ژینگەو سروشت و شوێنەوارەکان دەکەن لە کاتی شەڕدا، بەڵام هیچ کاتێک حکومەتەکانی عێراقی، ڕەچاوی ئەم بابەتانەیان نەکردووە و چەندین جار ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیان بۆردومان کردووە، بە هۆیەوە جگە لەزیانی گیانی زیانی زۆر بە ژینگە و سرووست و شوێنەوارەکانی ناوچەکە کەوتووە، ئەوەتا لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەریەک لە(ڕانیە، قەڵادزێ، کۆیە، ڕەواندز)یان بۆردومان کرد، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ تێکدانی خاک و ژینگەی ناوچەکە، هەروەها بونەتە هۆی تێکدانی گوندو ماڵ و خانوی خەڵکی ناوچەکەو زەویەکشتوکاڵیەکانیان سوتاندندن، لەوکاتەدا شارۆچکەیەکی وەکو ڕەواندز وەک چۆڵەوانیەک دەهاتە بەرچاو، لە باروودۆخێکی پرمەترسی و برسیەتی دابوو، لەکاتێدا ناوشاری ڕەواندز، لە کۆی(2000) خانوو، تەنها(60) خانوی بە پێوە مابوو، کشتوکاڵ بەتەواوی پەکی کەوتبوو، دانیشتوانەکەی بەڕێژەی (70%)کەمی کردبوو، ڕەوشەکە ئەوەندە خراپبوو، بەڕادەیەک دانیشتوانەکەی لەسەر گژوگیا دەژیان.

هەروەها چەندین سەنگەر لەسەر چیاو گردۆلکە و شوێنە پیرۆزەکان دروست کران، کە هەر یەک لەمانە شوێنەواری دێرینی مێژوویی بوون، بەڵام سوپا بێ گوێدانە ئەو شوێنانە سەنگەری دادەمەزراند، وەکو ئەوەی ئینگلیز لەسەر چیای (ئاسۆس) دروستی کردبوو لە ناوچەی پشدەر لە پارێزگای سلێمانی، یان هەندێک کات خۆیان لەناو قەڵا دێرینەکان حەشار دەدا، لەوکاتەدا قەڵای (بۆسکێن)لە قەزای ڕانیە لە شاری سلێمانی، کەوتە بەر ئەو هێرشانەو زیانی زۆری بەرکەوت، زەوی و زاری ناوچەکەیان سوتاندو سروشت و ژینگەکەی وێرانکرا، تەنانەت ناوچەی (پشدەر) وێران دەبێت، بۆیە بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە ڕوو لە ئەشکەوتەکان دەکەن، فڕۆکەکان بۆردومانی ئەشکەوتەکانیش دەکەن.

لەلایەکی ترو بە هۆی ململانێی پیاوانی دەوڵەتی عێراق، خەڵکی ئەو ناوچانە، لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری، گوندەکانی سەر سنور دەسوتێن و تاڵان و کاولکاری ڕوودەدەن، ئەمەش سیاسەتی حکومەتی

عێراق دەردەخات، بۆ تێکدانی ئارامی ناوچەکە و شێواندنی ژینگەکەیی و لەناوبردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی.
بەدرێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، ڕەوشی ژینگەیی و شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان لەمەترسی دابوون، گوندەکان چۆڵو وێرانکران کراو بوون، لەسەردەمە جیاجیاکان لەسەرتاسەری ناوچەکە شوێنەواری کشتوکاڵ بەدی نەدەکرا، برسیەتیەکی لە ڕاددەبەدەر دروست بوو، ڕێگاوبانەکان زۆر خراپبوونە، ئەمەش ئەوەمان پیدەڵێت: حکومەتی عێراق پێشکەوتوترین چەکی ئەوکاتەیان بەکارهێناوە، بۆردومانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیان پێکردووە، پێکهاتەی ئەو چەکانەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر ژینگەی ناوچەکە، دارستانەکان و باخچە و گوندە کشتوکاڵیەکانی سوتاندووە، بەتایبەت بەشێک لەو ناوچانە کەوتونەتە ناوچە چیایی و شاخاویەکان، بۆیە زیانی زۆری بۆ ژینگەی ناوچەکە جێهێشتووە، بۆنموونە: لەناوبردنی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرەکانی ناوچەکە و ئاوارەبوونی بەشێکیان بۆ ناوچەی تر، لەبەشێک لەو ناوچانە چەندین ئاژەڵی وەکو پڵنگ و گورگ و ئاسک بەدی کراون، بەڵام بەهۆی ئەو شەڕو وێرانکاریانە، یان کەم بوون یان هەر نەماون.
لەلایەکی تر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، وای کردووە خاکەکەی ژەهراوی بێت، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر کشتوکاڵ و ئاودێری و دارستانەکان هەبوو، بە پێی بەدواداچوونی تیمێکی زانستی (بەریتانی)، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، دەبێتە هۆی لەناوبردنی بازنەکانی خولی سوڕانەوەی سروشتی( خۆڵ، ئاو، گژوگیا، ئاژەڵ، مرۆڤ)، چوونی ئەو پێکهاتە کیمیاویانە بۆ نێو یەکێک لەو بازنانە لەوانەیە ببێتە هۆی خوڵقاندنی نارێکیەک لەسەر پێکهاتەکانی ئەو بازنەیە، دواتر دروستکردنی نائارامی بۆ بازنەکانی تر، لەئەنجامیشدا گازە ژەهراویەکان لەسەر گژوگیا کۆدەبنەوە، لەدوای هەڵمژینیان دەبن بەبەشێک لەپێکهاتەی ناوخۆیان، ئەمە لەکاتی ڕوداندا نائارامی بۆ ئەو ئاژەڵ و باڵندانە دروست دەکات، کەئەو گژوگیایە دەخۆن، مرۆڤیش بەهەمان شێوە دوچاری ئەو بارودۆخە دەبێت، لەڕێگەی خواردن و خواردنەوەی بەرهەمە ئاژەڵیەکان، هەمان ئەو گازە ژەهراویانە لەسەر خۆڵ و ئاوو شتەکانی دیکەی ناوبازنەکانی خولی ژیان دەنیشنەوەو هەمان دەرئەنجامیان لێدەکەوێتەوە
هەندێک کاتیش حکومەت، بەمەبەست پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ کردووە لە ناوچەی ستراتیجی و گەشت و گوزاری، وەکو دروستکردنی پرۆژەیەکی ئاودێری یاخود کردنەوەی ڕێگاوبان و گەیشتن بە شوێنی کار لە شاخ و گردەکان، گوێیان بە گرنگی ناوچەکان نەداوە لەڕووی ژینگەیی و شوێنەواریەوە، جا لەکاتی کارکردندا، ئەگەر گردۆلکەیەک یاخود گوندێکی کۆنی مێژوویی یان ناوچەیەکی گەشتیاری کەوتبێتە پێشیان، ئەوا بەپێی پێویستی خۆیان بڕیویانە و هەندیک کات گردۆلکەکانیان تێکداوە، شوێنەوارەکانی ناویشی لەناوچوون، لەساڵی 1956دەست بە دروستکردنی بەنداوی (دوکان) کرا، بەهۆیەوە چەندین ناوچەی شوێنەواری

**دوای ڕوخانی لادێکان و سوتانی ڕەز و باخەکان و پڕکردنەوەی کانیاو و سەرچاوە ئاوییەکان، کارەساتێکی مرۆیی و ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان هێنایە ئاراوە**

کۆن، لەوانە نزیکەی(40)گردی کۆن، و رووبەرێکی زۆری دەشتی بەپیت، گوندی مێژوویی ناوچەکانی پشدەرو بیتوێن لە پارێزگای سلێمانی کەوتنە ژێر ئاوەوە، کە شوێنەواری مێژووی گرنگ بوون.

دروستکردنی ئەو بەنداوانە کاریگەری سلبیان هەبوو بۆ شوێنەوارەکان، چونکە لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی شوێنی بەنداوەکانیان لەسەر ئەو زەویانە دیاری دەکرد، کە زەوی بە پیت بوونە، بۆنمونە لەکاتی دروستکردنی بەنداوی (دەربەندیخان)، بەشێکی زۆری دەشتی شارەزوور، بە باشترین زەوی کشتوکاڵی دەژمێردرێت کەوتە ژێر ئاوەوە، جگە لە نقوم بونی ئەو گردو شوێنەوارییانەی کە بەڵگەی راستی دەرخستنی ئاوەدانی ناوچەکە بوون لەسەردەمەکانی زوو، لەوکاتەی کە هێشتا ئادەمیزاد نەگەیشتبووە عێراقی کۆن، دروستکردنی ئەو بەنداوانەش مەبەستی سیاسی لەدواوە بوو، هەروەها بۆئەوەی زۆرترین سودیشی بۆ ناوەراست و باشوری عێراق هەبێت، بەتایبەت شاری بەغداد.

ئەگەر سەیربکەین دەبینین لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، ئینگلیزەکان زۆرترین لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن، ژمارەیەکی زۆری شوێنەواری گرنگ دەدۆزنەوە، دەگوازنەوە بۆ مۆزەخانەکانی وڵاتی خۆیان، بەشێکی زۆری ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان کردوە، ئامانجی زانستیان نەبووە، بەڵکو پاڵنەری ئابووری و سیاسی ئامانجی سەرەکیان بووە، هەندێک جاریش دوای ئەوەی کاری خۆیان تەواودەکرد شوێنەکەیان وێران کردووە، بەمەش زیانی زۆر بە ژینگەی ناوچەکەو شوێنەوارە مێژووییەکان کەوتووە، بێ ئەوەی حکومەتی عێراقی رێگریان لێبکات، ئەمە سیاسەتی ئەوروپییەکان بوو بۆ بردنی پارچە شوێنەوارەکان و پیشاندانیان بە گەشتیاران لەولاتانی خۆیان، لەو رێگەیەوە پارەیان پێ کۆدەکردەوە، پاش بڵاوبونەوەی زانیاری دەربارەی شوێنەوارەکان و هەڵکۆڵینەکان لەم ناوچەیەدا، هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا وئەمریکا و فەرەنساش دێن و دەست بە گەڕانو پشکنین دەکەن، ئەوەتا چەندین پارچە شوێنەواری گرنگ و بەبایەخ لەسەردەمی ئەورۆ لە مۆزەخانەکانی (بەریتانیا)و (فەرەنسا)و (ئەمریکا) دانراون.

حکومەتی عێراق خاک و ژینگە و شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستانی بە موڵکی خۆی زانیوە، بۆیە بەهەمان شێوەی رۆژئاواییەکان، هەر لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری لەلایەن حکومەتی ناوەندی ئەنجام درابێت، حکومەت بە بیانوی جۆراوجۆر بردوونی بۆ مۆزەخانەکانی بەغداد، هەروەها حکومەت بەمەبەستی قایم کردنی پێگەی خۆی، لە کوردستان بەشێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی، کردووە بە بنکەی پۆلیس، بۆ نمونە لەساڵی 1956 پۆلیسی لە قەڵای (شێروانە)، جێگیرکرد، بەمەش زیانی زۆر بەر قەڵاکە کەوتووە. هەر لەو سەردەمەدا بەهۆی دواکەتوی دەزگاکانی دەوڵەت، کەم هۆشیاری خەڵکی، چەندین پارچە شوێنەوار، لەلایەن کاربەدەستانی حکومەت، کە دەهاتنە شاروشارۆچکەکانی کوردستان، قاچاغچیەتیان پێوەدەکرد.

لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراقی، هەر لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفالدا، هەڵسا بەدانانی هەزارن مین لە کێڵگەکان و زەووی کشتوکاڵیەکان و لەسەر رێگاکانی گوندەکان، کەئەمەش کاری کردە سەر ژینگەی ناوچەکەو بۆتە هۆی بەرکەوتنی مرۆڤ و ئاژەڵ، خەڵکی گوندەکان دوای گەڕانەویان لە ساڵی1991دا، مین بوە گەورەترین هەڕەشە، چونکە رێگاو رەزو باخ و مەزارەکانیان بە مین داپۆشتبوو، نەیاندەتوانی کشتوکاڵ بکەن و زەویەکانیا بکێڵن، نەیاندەتوانی مەروماڵاتیان لە لەوەرگاکان بلەوەرێنن، بۆیە



مینیش بە یەکێک لە پیسکەرە سەرەکییەکانی ژینگەی خاک دادەنرێت، هۆکارێکیشە بۆ پەکخستنی کاری ڕۆژانەی مرۆڤ، زیان و مەترسییەکانی بێ ئەندازەیەو لە ساڵانی رابردوودا بەهۆیەوە سەدان هاوڵاتی بوونەتە قوربانی.

لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دوای لکاندنی هەرێمی کوردستان، بەدەوڵەتی عێراقەوە، نەک هەر خزمەتی ژینگەو ناوچە شوێنەواری و گەشتایریەکان نەکردووە، بگرە زۆرترین زیانی پێگەییوە، زۆربەی کات کارەساتو وێرانکاری بەسەرخاک ونەتەوەو ئاوو هەواکەی هێناوە، ئەوە لە کاتێکدایە، ئەم ناوچەیە خاوەنی شارستانیەتو ژینگەیەکی گرنگ و جوانە، چەندین دەشتی بە پیتی وەکو(شارەزوور، قەراج، کەندیناوە، بیتوێن)ە، کە بەهۆی فراوانی و بەپیتی خاکەکەیان، وایکردووە هەندێک لە نوسەران دەشتێکی وەکو شارەزوور بە دۆڵی نیلی وڵاتی میسر بچوێنن، بەهۆی زۆری سەرچاوەکانی ئاوو، گرنگی جوگرافیای ئەو دەشتانە، وایکردووە کەشێکی لەبار برەخسێت، بۆ بەرهەم هێنانی چەندین بەروبومی جۆراوجۆری، وەکو گەنم وجۆو برنج و لۆکەو توتن...هتد، ژینگەیەکی جوانیش بەناوچەکە ببەخشێت، بەڵام حکومەت هیچ کاتێک پلانی نەبووە بۆ ئەم ناوچانە، لەهیچ ڕوویێکەوە بایەخی پێنەداون.

ئەوەتا دوای روخانی لادێکان و سوتانی رەز و باخەکان و پڕکردنەوەی کانیاو و سەرچاوە ئاوییەکان، کارەساتێکی مرۆیی و ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان هێنایە ئاراوە، ئەویش سوتانی روبەرێکی بەرفراوانی باخ و دارستانەکان بوو، کەبووە مایەی کەمبونەوەی پانتایی سەوزای لە ناوچەکە، ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ڕەوشی ژینگەی ناوچەکە دروست کرد، کاری کردە سەر کەش وهەوا و سروشتی جوانی ناوچەکە، لە سوتاندنی باخ و دارستانەکان و کەمبوونەوەو نەمانی جۆرە دەگمەنەکانی ڕووەک و ئاژەڵ و باڵندە، هەروەها باڵندە کۆچەرەکـــــــــان هێڵەکانی کۆچکردنیان دەگۆڕی، کاتێک دەیانبینی ناوچەکە وێرانەو داروودارستانەکانی سوتاون، لەلایەکی تر هەرێمی کوردستان ڕووەکی پزیشکی زۆری هەبوو، بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفال زۆربەی لەناوچوون.

*بریاردەری ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم



# لە وەرزی بەهارەوە بۆ وەرزی مەرگ

## ناساندنی ئەو گازانەی کە بەسەر شێخوەسان و بالیساندا بارین لە ١٩٨٧/٤/١٦



ئامادە کردنی : شازاد خۆشناو

لە نێوەندی بەهاری خۆشناوەتیدا لەکاتێکدا پەپولەکان تێر نەبوبوون لە نیشتنەوە لەسەر پەڕەی گوڵەکان و بولبول تازە بە تازە چێژی دەبینی لە خوێندن لەسەر چڵی ئەو دار چەقەلانەی کە فەریکەکانیان مژدانەی ساڵێکی بەرەکەتداریان بۆ قەومی گوند هێنابوو . وەختێک فەرشی سەوزی گیا هەموو وڵاتی داپۆشیبوو و منالان بۆ یاریکردن ناو سروشتە جوانەکەی گوندیان هەڵدەبژارد . ئامادەکاری بۆ ڕێکخستنی کشتوکاڵی ساڵی نوێ لەبیری خەڵکی بردبویەوە کە حوکومەتێکی بێ باک و خوێن مژ خەریکی داڕشتنی پلانێکی بێزراو و قێزەونە بۆ وێرانکردنی ژیان و ژینگەیان . لە ئێوارەیەک وەک بڵێی ئاسمان غەمێکی قوڵ دایگرتبێ خەریک بوو ڕەش هەڵدەگەڕا دوانزە قەلەڕەشی پیسی بیابانی بە هەزاران کیلۆی بۆمبی کیمیایی قەدەغەکراو وەک فریشتەی ڕۆحکێشان دەگەنە سەر دۆڵی بالیسان و هەموو پیسی ناخی خۆیان و خاوەنەکانیان بەسەر خەڵک و گیاندار و ژینگەی گوندەکاندا دەڕێژن و ئاودیوی سنورە گڵاوەکانیان دەبنەوە .

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی لەساڵی ١٨٩٩ەوە بەپێی جاڕنامەی لاهای بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکانیان قەدەغە کرد ، بەڵام بێ ویژدانی ئەو حوکومەتە گەیشتە ئاستێکی یەکجار مەترسیدار و چەندان گازی ژەهراوی و بکوژی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا ڕشت .

نمونەی ئەو گازانەی بەسەر ناوچەکەدا ڕێژران لەو ئێوارەیەدا بۆ ماوەی چەندان ساڵ کاریگەریان لەسەر ژینگە و خەڵکی ماوەتەوە لێرە دەمەوێ بە وردی ئەو گازانە پێناسە بکەم و کاریگەریە خراپەکانیان لەسەر گیانداران و زەوی و ڕوەکەکان بخەمە ڕوو .

ئەوەی تا ئێستا دەست کەوتووە

بە پێی بەڵگە بەردەستەکان گازەکانی ( خەردەل و سارین و هایدرۆجین سیانید و تابون ) لەو هێرشە دڕندانەیە بەکارهاتون .

گازی خەردەل (mustard gas) : گازی خەردەل یان خەردەلی گۆگرد مادەیەکی کیمیایی دروستکراوی مرۆڤە بۆ جەنگ بەکاردێت و لە کاتی بەرکەوتندا دەبێتە هۆی دروستبوونی بڵق و پەڵەی سەر دەم و چاو. خەردەلی گۆگرد دەکرێت ڕەنگەکەی زەردێکی ڕوون بێت یان قاوەیی ڕوون کاتێک لە شێوەی شل یان ڕەقدا بێت.خەردەلی گۆگرد هەندێک جار بۆنی سیر یان پیاز یان خەرتەلەی لێدێت، یان لەوانەیە هیچ بۆنێکی هەستپێکراوی نەبێت. خەردەلی گۆگرد گازە یان شلەیەکی چەور یان ڕەقە . لە پلەی گەرمی ژووردا بەزۆری شلە.

کاریگەری گازی خەردەل لەسەر مرۆڤ

بەرکەوتن بە بڕێکی زۆر لە خەردەلی گۆگرد لەوانەیە ئەم کاریگەرییە زیانبەخشە تەندروستیانەی خوارەوەی لێبکەوێتەوە:

سووتانی پلە دوو و سێیەم و پەڵەی پێست و شێرپەنجەی پێست .

تەشەنوجی ماسولکەکان .

هەستیاری بە ڕووناکی .

نەخەوتن .

کوێربوونی هەمیشەیی یان کاتی .

لەکارکەوتنی هەناسەدان کە دەبێتە هۆی مردن.

کاریگەری گازی خەردەل لەسەر ژینگە

ئەم ماددانە چەندین کاریگەری ژەهراوییان لەسەر وردە زیندەوەرانی خاک هەیە. ئەوان گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ژمارە و پێکهاتەی تایبەتی وردە زیندەوەرەکان (مایکرۆبایۆتیکی) خاکدا دەکەن و چالاکیی ئەنزیمەکانی خاکەکە ناهێڵن.

کاریگەریەکەشی درێژخایەن دەبێ لەسەر ئەو خاکەی کە لەسەری بڵاو بۆتەوە واتا بۆ ماوەی چەندین ساڵ خاکەکە بە ژەهراوی بوویی دەمێنێتەوە .

گازی سارین ( sarin )

: گازی سارین یەکێکە لە ژەهراویترین ماددە ناسراوەکانی شەڕی کیمیایی کە کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار دەبێت . بە گشتی بێ بۆن و بێ تامە. بەرکەوتنی سارین دەبێتە هۆی مردن لە چەند خولەکێکدا . (١ بۆ ١٠ مللیلتر) سارین لەسەر پێست دەتوانێت ببێتە هۆی کاریگەری کوشندە.

کاریگەری گازی سارین لەسەر مرۆڤ

بەرکەوتن بە ژەمە زۆرەکانی سارین بە هەر ڕێگایەک بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەم کاریگەرییە زیانبەخشانەی خوارەوەی تەندروستی بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

- لەدەست دانی ئاگایی مێشک
- وەستانی دڵ لەوانەیە ببێتە هۆی مردن
- کۆما (لەهۆش چوون)

تەشەنوج و گرژبوونی ماسولکەکان

ئیفلیجی

لەکارکەوتنی هەناسەدان

> **کاریگەری چەکی کیمیاوی درێژخایەن دەبێ لەسەر ئەو خاکەی کە لەسەری بڵاو بۆتەوە**

لەوانەیە ببێتە هۆی مردن

چرچ و لۆچی دەم و چاو

کاریگەری گازی سارین لەسەر ژینگە

دەکرێت کاریگەری گازی سارین درێژخایەن بێت لەسەر هەوا و خاک و ئاو وە هەروەها دەبێتە هۆی وێرانکردنی مادە کشتوکاڵیەکان .

هایدرۆجین سیانید ( hydrogen

cyanide) : شلەیەکی بێ ڕەنگ یان شینی کاڵە یان دەکرێ گاز بێت کە بۆنێکی تاڵ و هاوشێوەی چەقەلە(بادەم)ی هەیە. هایدرۆجین سیانید لەکاتی بەرکەوتن کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی ئۆکسجین لە جەستەدا هەیە و لەوانەیە زیان بە مێشک و دڵ و خوێنبەرەکان و سییەکان بگەیەنێت.بەرکەوتن بە خەستی ۲۰۰-۵۰۰ بەش لە ملیۆن بۆ ماوەی ۳۰ خولەک کوشندە دەبێت وەک شێوازێک بۆ سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بەکاردەهێندرێت

<u>کاریگەری لەسەر مرۆڤ</u>

هەناسەدانی زۆر لەدەست دانی ئاگایی مێشک تەشەنوج

- هەستکردن بە تەسکبوونەوەی قورگ
- سەرگێژخواردن
- شێوان
- تێکچوونی بینین
- هەستکردن بە گرژبونی سەر
- ئازار لە پشتی مل و سنگدا

<u>کاریگەری لەسەر ژینگە و ئاژەڵان</u>

هایدرۆجین سانید دەبێتە هۆی ژەهراوییوونی ژینگە و گیاندارە ئاویەکان .کاریگەریەکەی لەسەر ژینگە بۆ ماوەی سێ ساڵ یان زیاتر دەمێنێتەوە . ئاژەڵە تووشبووەکان بە دەگمەن زیاتر لە یەک کاتژمێر دوای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گازەکە لە ژیان دەمێننەوە و بەزۆری لە ماوەی ٥-١٥ خولەکدا دوای پەرەسەندنی نیشانە پزیشکیەکانی ژەهراوییوون دەمرن.

نیشانەکانی لەوانەیە بریتی بن لە :

هەناسەدانی خێرا و ماندووبوون نارێکی سووری خوێن کەف لە دەم فراوانبوونی بیلبیلەی چاو لەرزینی ماسولکەکان .

تابوون ( tabun) : مادەیەکی جەنگی فۆسفاتی ئۆرگانیکی ژەهراوی دروستکراوی مرۆڤە. بۆ دروستکردنی پێویستی بە شارەزاییەکی کەم هەیە. تابون لە پلەی گەرمی ژووردا شلە بەڵام کاتێک دەفرەکە دەکرێتەوە بە خێرایی بەهەڵم دەبێت. لە ڕێگەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی پێستەوە هەڵدەمژرێت. بەزۆری بێ ڕەنگ و بێ بۆنە بەڵام لەوانەیە بۆنێکی میوەیی هەبێت بۆ نمونە سێو کە لە ڕۆژی کارەساتەکە لەناو خەڵکدا هەستی پێکراوە کاریگەری لەسەر مرۆڤ تابون بە خێرایی لە ڕێگەی پێست و چاو و ماسولکەکان هەڵدەمژرێت. لە کاتێکدا کاریگەرییەکانی لەسەر سیستەمەکان لەوانەیە تا ١٨ کاتژمێر بخایەنێت تا دەردەکەون.

<u>کاریگەری لەسەر ژینگە</u>

بەو پێیەی تابون جۆرێکە لە جۆرەکانی سارین کاریگەریەکەی لەسەر ژینگە نزیکە لە کاریگەری سارین کە پیسکردنی خۆراک و ئاو و هەوا و مادە کشتوکاڵیەکانە

دوای تێپەڕینی ۳۷ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا دروود دەنێرین بۆ گیانی قوربانیان کە بە دەستی ڕژێمێکی دیکتاتۆری نەگریس شەهید کران و بوونە بەشێکی تر لەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کورد هات بە درێژایی مێژوی جیهانی . بە پێویستیشی دەزانین کە لێکۆڵینەوەی زیاتری زانستی لەسەر ئەو قوربانیانەی کە لە ژیاندا ماون وە خاک و ئاوی ناوچەکە بکرێ کە بەشێکی زۆری تا ئێستاش کاریگەری ئەو گازە ژەهراویانەی لەسەر ماوە .


سەرچاوەکان

https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/tabun-nerve-agent

https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/

https://www.cdc.gov/niosh/ershdb/emergencyresponsecard

https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/17537425

# 16ی14 ئەو ڕۆژەی خۆشناوەتی مرۆڤ و ئاژەڵی کۆمەڵکوژ کراو و سروشت و جوانیەکانی شێوێندرا

حەمە ڕەش مێرگەسەری

ئەو یادەی هەموو ساڵێک دەیان و سەدان یادگاری تاڵ و چیرۆکی تراژیدی و نەهامەتیمان بیر دێنێتەوە، ئەو چیرۆکانەی کە هەر یەکەیان دەشێ بکرێتە ڕۆمان یا فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو، بەڵێ ئەو کارەساتە ئەوەندە جەرگ بڕ و ئازار بەخشە بە یادکردنەوەی کۆنە برینی دەیان ساڵەمان سەرلەنوێ دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێ دەتکێ، ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە دوای ئەو هەموو ساڵە وا خەریکە گوندەکان ئاوەدانتر و مرۆڤەکان زۆرتر و سروشتمان جوانتر دەبێ، گوندەکان سیمای شاریان گرتوە و مرۆڤەکان سەردەمیانە تر دەردەکەون و بە هەوڵی خەڵکی دڵسۆزی گوندەکان چەند پرۆژەیەکی پەرەپێدانی سروشت جێبەجێکراوە وەک(چاندنی سەدان نەمام و موتربەکردنیان، پاککردنەوەی چەندین کانی و سەرچاوەی ئاو،بڵاکردنەوەی وشیاری ژینگەیی).

بیریشمان نەچێ ئەو یادە ڕۆژی ژینگەی کوردستانیشە، واتا سەرەڕای هەوڵدان بۆ ساڕێژکردنی برینی مرۆڤەکان دەبێ هەوڵی ساڕێژکردنی برینی ژینگەش بدرێ بەڵام بەداخەوە کە وەک پێویست گرنگی بە ژینگە پارێزی نەدراوە و بگرە زیانی گەورەش بەر ژینگەی ناوچەکە گەیشتوە بەهۆی؛

1_ لێدانی سەدان بیر و دانانی سەدان باخ کە هیچ بەرهەم و سودێکیان نە بۆ ژینگەی ناوچەکە نە بە خودی خاوەنەکانیان هەیە و ڕۆژانە ملیۆنان لتر ئاوی سازگاری ژێر زەوی کە سامانێکی نەتەوەییە و خەریکە ببێتە جێگرەوەی نەوت بەفیرۆ دەدرێ، لەکاتێکدا لەوەرزی هاویندا خەڵکی ئاسایی دانیشتووی گوندەکان زۆر بە زەحمەت ئاوی خواردنەوەیان دەست دەکەوێ کەچی هەندێ کەس هەر لە شارەوە وله ڕێگەی مۆبایلەوە کار بە بیرەکان دەکەن و ئاوێکی یەکجار زۆر بەفیرۆ دەدەن تەنهای بۆ ئەوەی پێی بڵێن فلانە کەس (مەزرەعەی هەیە).

2_ بەجێهێشتنی زبڵ و خاشاک بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا لەلایەن گەشتیاران کەبەداخەوە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکە و نیشتەجێی شارەکانن، گەر سەیری شوێنی دانیشتنی ئەو گەشتیارانە بکەین دوای تەواو بوونی گەشتەکەیان ناشیرینترین دیمەن دەبینین کە بەزەییت بەو سروشتە جوانەدا دێتەوە، ئەوە سەرەڕای پیسکردنی سەرچاوەی ئاو و کانی ڕووبارەکان.

3_ دروستکرنی خانوو و پرۆژە لەسەر زەوی بە پیتی کشتوکاڵی کە ئەوکارە لە هیچ یاسا و عورفێکدا ڕێگە پێدراو نیە.

4_بەکارهێنانی نا زانستیانەی دەرمانی کشتوکاڵی لەلایەن جوتیارانەوە و ڕانەگرتنی هاوسەنگی کشتوکاڵکردن و نەبوونی پلان بۆ چاندن و گرنگیدان بە بەرهەمێک کەلەگەڵ ئاو هەواو سروشتی ناوچەکەمان دا بگونجێ.

5_ کەمبوونی ژمارەی ئاژەڵ و پشتگوێخستنی ئاژەڵداری کە بێ ئەوەی بیرمان لێ کردبێتەوە بەهۆی زۆری لەوەرگا و گیا لە چیا و دەشتەکان و نەبوونی ژمارەی پێویستی ئاژەڵ ئەو گیا و لەوەرە ساڵانە دەسوتێ و دەبێتە هۆی لەناوچوونی سەدان دار و دەوەن و ئاژەڵ

# ژیان لەگەڵ چەکی کیمیاوی!

توانا موسلیح

بەکار هێنانی چەکی کیمیایی بۆ یەکلایی کردنەوەی جەنگەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە، دڕندەیی مرۆڤ دەمێکە سنورەکانی سروشتی بەزاندووەو دەستی بۆ هەموو فیعلەکانی شەیتان بردووە....

گومان لەوەدانیە ئەو دەمەی ناوی چەکی کیمیایی دێت سەدان و هەزاران جۆر بوونەوەری هەمەچەشن خۆیان قووت دەکەنەوەو هاواری سرینەوەی ناوو پێکهاتەو دروست کەران و بەکارهێنەرانیشی دەکەن.

چەکی کیمیایی بریتیە لەو هۆکارە سەرسەختەو کوشندەیەی لەجەنگدا بۆ مەبەستی تۆقاندن و بەچۆکداهێنانی دوژمن بـــــــەکار دەهێنرا.

جینۆساید لەرێگەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی تەنها لەبەرەکانی جەنگدا تۆمار کرابوو، بۆیە مێژووش هاوێنەی چاوەکانی تەنها لە مەیدانەکانی جەنگدا چر کردبۆوەو هێواش هێواش ناوی ئەو دڕندانەی تۆمار دەکرد کە دەمێك بوو لەمرۆڤایەتی شۆردرابوونەوە، لێ هەرگیز لەمەو پێش مێژوو رووداوگەلی لەم شێوەیەی تۆمار نەکردبوو، رەنگە مێژوونووسان هەرگیز بیریان لەوە نەکردبێـەوە کە میلی چرکەی کاتە مەرگ هێنەرەکان بەسەر درندەیی لەو شێوەیەی مرۆڤ دا ووشکی نەکاتەوە گوزەر بکەن و زەمەن بۆیەکەم جار لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتی و ژینگەی جیهان دا وولاتێك لەرێگەی چەکی کیمیاییەوە هاوڵاتیە سڤیلەکانی خۆی و بەرۆژی رووناك و بەبەرچای هەموو جیهان و لە قوولایی وولاتدا جینۆساید کردنی پیرە مێرد و پیرە پەپولەکان، هەڵوەراندنی کیژۆڵەو گوڵە وەنەوشەییەکان، ژەهراوی کردنی کانیاوو و چۆلەکەو منداڵەکان دەکات بەسەر دێری مێژوو، قەڵەمی حەپەساوی مێژوو لەو رۆژەدا نەیدەزانی فریای نوسینەوەی کامە ناڵە بکەوێت، کامە پێشتر بکات بە دەسپێك، پەلەقاژەی رۆح دەرچوونی مرۆڤەکان، یان خنکانی باڵندەکان، سوتان و کوێر بوونی دایکان، یان کروزانەوەی هەناوی خاك و قورگ ووشکی کانیاوەکان...

لە 1987/4/16 لە رێگەی ئەو (عتاد خاصە) نەگریسەوە ژینگەی کوردستان ژەهراوی کرا، کاریگەری ئەم چەکەو ئەو ئاوێتە کیمیایە ئاڵۆزانەی تییدا بەکار هێنرابوون بەتایبەتی گازی کوژەنگ (خەردەل) هەتا ئەمرۆش بەرۆکی بەرکەوتوانی



بەرنەداوەو رۆژبرۆژ زێتر لە لێواری مەرگ نزیتریان دەکاتەوە، تاوەکو ئێستاش برینداران بەدەست شوێنەوارە نەگریسەکانی ئەم چەکەوە دەناڵێنن، دەیان نەخۆشی فسیۆلۆژی و دەروونی بوونەتە سێبەری ژیانیان و لێیان جیانابنەوە، برینداران بەدەست نەخۆشیەکانی سینگ و هەناسەتەنگی و دڵ و پێست و چاوەکانەوە دەناڵێنن، ئێستاش ئەوان شەوانە خەو بە فرۆکەی سیخۆو کونە تەیارەو هات و هاواری ئەو رۆژەوە دەبیننەوە...

چەکی کیمیایی کاریگەریەکی زۆر کوشندەو ترسناکی هەیە بۆسەر ژینگەو ژینی بوونەوەران بەشێوەیەکی گشتی، ئەو ماددانەی لە دروست کردنی ئەم چەکە بەکار هێنراون کاریگەری درێژخایەن لەسەر ژیانی بوونەوەران بەجێ دەهێڵن و بەرەو ئاقاری بازدانی بوماوەیی و شێواندن و لەناو بردنی جۆرەکانیان دەبەن، زیندەوەران

**پێویستە توێژینەوەی زانستی پێمان بڵێ ئەم چەکە چی بەسەر کشت و کاڵ و مرۆڤ و بوونەوەران هێناو چارەسەری گونجاو کامەیە؟**



بەدرێژایی مێژووی ژیانیان لەهەوڵی ئەوەدان پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆیان بکەن و بەرگەی بارە ناهەموارەکانی ژینگە بگرن، لێ ئاوێتەکانی ناو ئەم چەکە زۆر بەئاڵۆزی دروست کراون و توانای کارلێکردنی دەسبەجێ و درێژخایەنیشان هەیە، بەپێی ئەوەی لەهەندێ لە ژیدەرە بیانیەکان دا ئاماژەیان بۆکراوە .

گازی خەردەل توانای هەیە بۆ ماوە بازدان بۆ خانە بەرکەوتوەکان دروست بکات و بوونەوەر دووچاری دەیان تەنگژەی جیا جیا بکاتەوە. ئەو زیندەوەرانەی سیستەمی بەرگری لەشیان لاوازە نێچیرێکی ئاسانی ئەم گازەو گازەکانی تری بەکارهێنراون لەم چەکەدا، چونکە کە زیندەوەرە وردەکان دەبنە خۆراکی زۆر لە باڵندەکان، واتە گەر بێت و ئەو زیندەرۆچکانەی وەکو شێوازە هەمەجۆرەکانی مێرولەکان لەناو بچن ئەوا خۆراکی باڵندەکانیش کەم دەبێت و ئەوانیش ناتوانن لەم سیستەمە ژینگەییەدا بگوزەرێن، بەوەش کار لە زنجیرەی خۆراك دەکرێت و پچران تیایدا دروست دەبێت، لەبەرئەوەی سیستەمی ژینگەیی بریتیە لە لە تێکئالانی دەیان زنجیرەی خۆراك و دروست بوونی تۆرە خۆراکی هەمەجۆر، واتە تۆرە خۆراکیەکان و سیستەمی ژینگەییش دەشێوێن، کە لەدەنجامدا لاسەنگ بوونی سیستەمی ئەو شوێنگەیە بەروونی بەرچاو دەکەوێت.. ئەو کاتەی ماددەیەکی باز پێدەر یان هەرماددەیەکی کیمیایی تر بەسەر رووبەرێکی ژینگەیی دا بڵاو دەکرێتەوە رووەکەکان بە پێی خەسڵەتی خۆیان هەوڵ دەدەن، زۆرترین رێژەی گازەکانی ناو ئەو هەوایە بمژن بەم شێوەیە ژەهراوی بوونی رووەکەکانیش دێتە کایەوە، یان رەنگە رووەکەکان لەرێگەی ئەو ئاوەیش ژەهراوی ببن کە ئەم گازانەی

لەگەڵ تێکەڵ بووە، کە رووەکیش ژەهراوی بکرێت کارەساتی مەزنتری ژینگەیی باڵ بەسەر ئەو شوێنگەیەدا دەکێشێ، چونکە هەموومان ئەوەدەزانین کە رووەکەکان سەرچاوەی سەرەکی دروست کردنی خۆراکی زۆربەی هەرزۆری زیندەوەرانن، ئەو کاتەی ئەم خۆراکە بە ماددە کیمیاییەکان پیس دەبێت، یان ئەم کیمیاییانە دەچنە پێکهاتەی ئەو خۆراکە ماددانەوەو دواتریش بۆ زیندەوەرانی تری بەکار هێنەری ئەو رووەکانە دەگوازرێنەوە کەوەکو سەرچاوەیەکی خۆراك بەکاری دەهێنن، ئافاتەکە بۆ ئەوانیش دەگوێزرێتەوە، بەو پێیە رووبەرێکی فراوان لە رووەك و گیانەوەران ئەم ماددە کیمیاییانەیان پێدەگات، رێژەیەکی زۆریان دووچاری دەمیان نەخۆشی دەبنەوەو شێوان لە ماددە بۆماوەییەکەیان روودەدات، رەنگە ئەو شێوان و ناوازەییەش بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و هێواش هێواش بوونەوەران لەسەر شێوازە بنچینەییەکەی خۆیان لاچن.

دەبێ توێژینەوە پێمان بێژێ ئەم چەکە چی بەسەر کشت و کاڵ و مرۆڤ و بوونەوەران هێناو چارەسەری گونجاو کامەیەخاکیش بەردەر نیە لە پیس بوون بەو چەکەو ماددە کیمیاییەکانی ناو ئەم چەکە، چونکە چ لە رێگای ئاوی ژەهراوییەوە بێت یان لە ئەنجامی بەرکەوتنی راستەخۆی بەر بۆمبە بە کیمیا ئاخنراوەکانەوە بێت، یان لە رێگەی دارزین و شیبوونەوەی جەستەی بوونەوەرە مردووەکان بێت کە پێشتر ژەهراوی کراون یان بەکاریگەری ئەم ژەهرە گیانیان سپاردووە، خاك زیاتر بەر تەوژمی پیس بوون بەم چەکە دەکەوێت، کە ئەویش دووبارە بەرێگایەکی تر کار لە گەشەی رووەکەکان دەکات و ژەهراویان دەکاتەوە، چونکە هەروەك ووتمان ژینگە یان سیستەمی ژینگەیی کۆمەڵێك سیستەم و پێکهاتەی بەکداچووی ئاڵۆزە کە هەموویان بەیەکەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار لەیەکتری دەکەن و تێرمی پرمانای ژینگەو پەیوەستی بەژیانەوە بەرز دەکەنەوە.

بۆ ئەوەی هەر سیستەمێکی ژینگەیی بەپێی رێساکانی خۆی بەرێوە بروات و هاوسەنگی تێدا بەدی بکرێت پێویستە هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی بەرهەم هێنەرو (واتا رووەکان بەشێوەیەکی گشتی) بەکارهێنەرو (گیانەوەران) وە زیندەوەری بچوکی شیکەرەوەیشی تێدا بێت، بۆ ئەوەی لەم ژینگەیەدا لەدایك بوون و دووبارە گەرانەوە بۆ سروشت بەردەوام لە سووڕی خۆی دابێت، ئەگەر هەریەکێك لەم سێ کۆڵەگە سەرەکیەی ژینگە کەم بێ یان زیانێکیان بەربکەوێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو ژینگەیە لاسەنگ دەبێت و کاتێکی زیادی دەوێ بۆ دووبارە چاك بوونەوەی. چەکی کیمیایی و جەنگ بە گشتی ژینگەو سیستەمی ژینگەیی لاسەنگ دەکەن بەوەی کەوا بەخێرایی کار لە یەکێك لەو بنەماسەرەکیانە دەکەن، چونکە "ژینگە کۆمەڵێك پەراسووی بەیکداچووی ئاڵۆزن لەکوێ ئەو پوکانەوەیەك یان بەرگری کەم بێت لەوێ زەفەری پێ دەبردرێت" پێویستە وەزارەتی ژینگەو وەزارەتە پەیوەستەکانی تر بەئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵسن و گرنگی بە بوژاندنەوەو بنیات نانەوەی گوندەکان بدەن، بۆئەوەی ژینگەو سروشتی لادێکان جارێکی تر ببنەوە بە هەوێنی دەیان شیعرو هۆنراوەی رەنگین.

پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەڵسێ بە ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و شیکردنەوەی کاریگەریەکانی ئەم چەکە لەسەر ژینگەو رووەك و مرۆڤ و بوونەوەرانی تر، چونکە ئێمە ئەوەندەی پێویستمان بە زمانی بەڵگەنامەو زمانی زانستی هەیە هێندە پێویستمان بەلاڵانەوە نیە بۆ ئەوەی جیهان باوەرمان پێبکات. دەبێ توێژینەوە پێمان بێژێ ئەم چەکە چی بەسەر کشت و کاڵ و مرۆڤ و بوونەوەران هێناو چارەسەری گونجاو کامەیە بۆ ئەوەی کاریگەریەکانی کەم بکەینەوە.. .

دوای ئەوەی 4/16ی هەموو ساڵێك کرا بەرۆژی ژینگەی کوردستان، پێویستە لە رۆژی ژینگەی کوردستان دا پلانێکی درێژخایەنی تایبەت بە پاراستی ژینگەو گرنگی دان بە ژینگە لەلایەن حکومەتەوە ئاشکرا بکرێت، پێویستە رۆژی ژینگە تەنها بۆ یاد کردنەوە نەبێت بەڵکو بۆ ژینگەو پاراستنی ژینگە بێت.

**مێژوو ناتوانێ لە بیرتان بکا...**
**فەقێ شێخوەسانی، نوسەرو رۆشنبیری دیاری خۆشناوەتی و کەسایەتی ماندووی بە ئەرشیف کردنی تاوانەکانی جینۆساید و غەم خۆری برینداران...**



# şazdey çwar

NO.10 APRIL2024



